به‌شێک له‌ په‌یامه‌ کانی نور

په‌یامی موعجیزاتی قورئانی

بدیع الزمان

سه‌عیدی نورسی

داینا وه‌

فاروق رسول یحیی

کردویه‌ به‌ کوردی

له‌ بلاوکراوه‌کانی نووسینگه‌ی ته‌فسیر هه‌ولێر

ناوی کتێب: پەیامی موعجیزاتی قورئانی

دانانی: سەعیدی نورسی

وەرگێڕی عەرەبی: احسان قاسم الصالحي

ژمارە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم/١٤١٠ك-١٩٩٠ز

وەرگێڕانی بۆ کوردی: فاروق رسول یحیی

ژمارە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم/١٤٢٣ك-٢٠٠٢ز

چاپ و بڵاوکردنەوەی: نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر

چاپکردنی: چاپخانەی تازە

ژمارەی سپاردنی: (٦٩) ساڵی ٢٠٠٢

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

مەبەست لەم زنجیرەیە

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

١. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی‌یە بە گرنگترین وکاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرڕێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین.

٢. ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسوڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ رۆشنبیری ئیسلامیی‌و سازێنەری بێداری‌و قیامەتی ئیسلامیی پیرۆزن.

٣. شارەزاکردنی راستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت وبەندو بۆچونی تەسکی حزبایەتی‌و تاکرەوی‌و رەوتگەرایی.

٤. بناغەیەك بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتیەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەر تاکێکی موسوڵمانی کورد تا توانای ئەنجامدانی ئەو گۆرانکاریانەی هەبێ کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە.

دەگەڵ رێزو تەقدیرمان بۆ بیروڕای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە، مەرجیش نیە ئێمە پابەندی هەمو بیروبۆچونەکانیان بین.

با دەستوریشمان لەوەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت.

﴿ الذِّينَ يَستَمعونَ القَولَ فَيَتَّبعونَ أَحسَنَهُ؛ أولَئِكَ الذّينَ هَداهُمُ اللهُ وَأولَئِكَ هُمْ أولُوا الألباب ﴾ الزمر- ١٨

نوسینگەی تەفسیر

موعجیزاتی قورئانی

وتەی بیست‌وپێنجەم
لە کتێبی (وتەکان)

پەیامی موعجیزاتی قورئانی

مادەم موعجیزەیەکی هەمیشەیی وەك قورئانمان بە دەستەوەیە،
ئەوا گەران بە دوای بەڵگەدا کارێکی زیاد لە پێویستە!
ئایا وا دەزانیت لە دەمکوت کردنی کەسانی مونکیردا پەکم دەکەوێت،
لە کاتێکدا کە قورئانمان بەدەستەوەیە کە هەر خۆیشی بەڵگەی حەقیقەتە؟!

بێدارکردنەوەیەك

(لە سەرەتای دانانی ئەم وتەیەدا نیازمان وابوو پێنج "ڕۆشنایی"(شعلة) بنووسین. بەڵام لە کۆتایی ڕۆشنایی یەکەمدا - واتە دوو مانگ پێش دانانی پیتە تازەکان[1] - ناچاری پەلەکردن بووین لە نووسینیدا، تاکو ئەم پەیامە بە پیتە کۆنەکان چاپ بکەین. تەنانەت هەندێ لەو ڕۆژانە بیست یان سی لاپەڕەمان لە ماوەی دوو سێ سەعاتدا دەنووسی! لەبەر ئەوە، تەنها سێ "ڕۆشنایی"مان بە کورتی و پوختی نووسی و، وازمان لە دوانەکەی تر هێنا.
هیوادارم کە برا بەڕێزەکانم بە چاوی ویژدان و چاوپۆشییەوە بڕواننە قسوور و ناتەواوی و گرفت و هەڵەکانم).

هەموو یەکێك لەو ئایەتە پیرۆزانەی قورئان کە لەم پەیامی "موعجیزاتی قورئانی"یەدا هێنراون، یان ئەوەیە لە لایەن مولحیدانەوە ڕەخنەیان ئاراستە کراوە.. یان لە لایەن ئەهلی زانستە نوێیەکانەوە ئیعتیرازیان لێ گیراوە.. یاخود دەستی شوبهە و گومانی شەیتانەکانی جینی و ئینسیان بەرکەوتووە.

جا ئەم وتەی بیست‌وپێنجەمە هەموو ئەو ئایەتانەی هێناوە و، بە جوانترین شێوە و باشترین ڕوو، حەقیقەتەکان و سەرنج و لایەنە وردەکانی ڕوون کردوونەتەوە، بە ڕادەیەك کە ئەو شتانەی ئەهلی ئیلحاد بە خاڵی لاوازی و مایەی ناتەواوییان دادەنا، ئەم پەیامە بە دەستوورە

---

(١) ئەم ڕستەیە زیادکردنی دانەر خۆیەتی لە نوسخەیەکی دەستنووسدا و، کاتی دانانی ئەم پەیامە دەستنیشان دەکات. چونکە بڕیاری بەکارهێنانی پیتی لاتینی و قەدەغەکردنی پیتە ئیسلامییەکان لە تورکیادا لە بەرواری ١٩٢٨/١١/٢٣زدا بووە. (وەرگێڕ لە چاپە عەرەبییەکەوە).

زانستی‌یەکانی خۆی چەسپاندوویەتی کە هەموو یەکێك لەوانە بریتین لە بریسکانەوەی ئیعجاز و سەرچاوەی کەمالی ڕەوانبێژیی قورئان!

هەرچی گومانەکانیشە ئەوا وەڵامی بەهێز و گومانبڕیان لە بەرامبەرەوە دراوەتەوە، بێ ئەوەی بە ڕاشکاوی ناوی گومانەکە بهێنرێت، تاکو بە ناوهێنانی، زەینەکان لێڵ نەبن، وەك ئەوەی لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿والشَّمْسُ تَجري﴾ و ﴿والجِبالَ اَوتـــاداً﴾دا بەرچاو دەکەوێت. مەگەر ئەو گومانەی کە سەبارەت بە چەند ئایەتێك دەریانبڕیوە و، لە مەقامی یەکەمی وتەی بیستەمدا باسمان کردوون.

پاشان ئەم پەیامی "موعجیزاتی قورئانی"یە هەرچەند زۆر بە پوختی و بەوپەڕی خێرایی نووسراوە، بەڵام لایەنی ڕەوانبێژی و زانستەکانی زمانی عەرەبیی هێندە بە تێر و پڕی و بە شێوازێکی زانستی‌یانەی ڕەسەن و قووڵ دەرخستووە کە زانایان تووشی سەرسووڕمان دەکات.

ئنجا هەرچەند هەموو ئەو کەسانەی کە بایەخ بەم پەیامە دەدەن، بە تێروتەسەلی لە گشت باسەکانی ناگەن و سوودی تەواوەتیی لێ نابەن، بەڵام هەموو یەکێکی ئەوان بەرچنیی بەشی گرنگی خۆی لەو باخچە ڕەنگین و خەملاوە دەکات.

ئنجا سەرباری ئەوەی کە ئەم پەیامە لە چەند بارودۆخێکی نائارامدا و بە پەلە نووسراوەو، لە سوودگەیاندن و دەربڕینی مەبەستەکانی‌دا قسوور و ناتەواویی پێوە دیارە، کەچی لە ڕوانگەی زانستەوە، ڕاستی و حەقیقەتەکانی گەلێ مەسەلە و بابەتی گرنگی ڕوون کردووەتەوە.

* * *

پەیامی موعجیزاتی قورئانی

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنْسُ والْجِنُّ عَلَى اَنْ يَأتُوا بِمِثْلِ هذا القُرْآنِ لا يَأتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيراً﴾(الإسراء:٨٨).

لە نامیلکە عەرەبی‌یەکانم و، پەیامە عەرەبی‌یەکانی نوور و، تەفسیرەکەمدا کە ناوی: "إشـــــارات الإعجاز في مظان الإيجاز"ە و لە بیست‌وچوار وتەکانی پێشووش‌دا، ئاماژەمان بۆ نزیکـــەی چـل ڕووی ئیعجازی نێوان ڕووە ئیعجازی‌یە لە ســنووربەدەرەکانی قورئـانی حـەکیم کـردووە. لـەم پەیامـەش‌دا ئاماژە بۆ پێنج دانە لەو ڕووە ئیعجازی‌یانە دەکەین و هەندێ بە درێژی لێیان دەدوێین و، بە پوختی و کورتی ڕووەکانی تریشیان لەگەڵدا تێهەڵکێش دەکەین.

وا لە پێشەکی‌دا ئاماژە بۆ پێناسە و ماهییەتی قورئانی پیرۆز دەکەین.

پێشەکی

"کە لە سێ بەش پێك‌هاتووە"

بەشی یەکەم:

"قورئان" چی‌یە و، پێناسەکەی چۆنە؟

لە "وتەی نۆزدەهەم"دا ڕوون کراوەتەوە و لە چەند پەیامێکی تریش‌دا چەسپێنراوە کە:

قورئان: سەرگوزەشتەی ئـەزەلیی کتێبی مـەزنی گـەردوون و.. تـەرجومانی ئەبەدیی ئـەو زمانە جۆراوجۆرانـەی بوونەوەرانـە کـە ئایەتـە تەکوینی‌یـەکان دەخوێننـەوە و.. موفەسسـیری کتێبی هەردوو جیهانی پەنـهان و ئاشکرایە و... دەرخـەر و پیشـاندەری گەنجینـە مەعنەوی و پەنهانـەکانی ئـەو ناوانـەی خواوەنـدە کـە لـــە توێـی لاپـەڕەکانی ئاسمانـەکان و زەوی‌دا شارراونەتەوە و.. کلیلێکـە بـۆ کردنـەوەی حەقیقەتـەکانی ئـەو کاروبارانـەی کـە لـە نـاوەند دێڕەکانی ڕووداوەکـان‌دا حەشـار دراون و... زمانی جیـهانی پەنـهان(غیـــب)ە لـە جیـهانی بینـراو(شـــــهادة)دا و.. گەنجینـەی گفت‌وگـۆ ئەزەلی‌یـە پـاك و بێ گـەرد و، ئاوڕدانــەوە ئەبەدی‌یەکانی خوای میهرەبانە کە لە جیـهانی پەنـهانی پشـت پـەردەی ئـەم جیهانـە بینـراوەوە هاتووە و.. خۆر و بناغە و نەخشە و ئـەندازەی جیـهانی مەعنـەویی ئیسـلامە و.. نەخشـەیەکی خـاوێن و موقەددەسی جیهانـەکانی ئەودنیایە و.. تەفسیری ئاشـکرا و بەڵگـەی مەحکـەم و تـــەرجومانی ڕوونـــاکی زات و ســـیفات و کاروبـــار و ناوەکـــانی خواوەنــــدە و..

پەروەردەکار(مُربّي)ی ئەم جیهانی مرۆڤایەتیەیەو.. بەویّنەی "ئاو" و "ڕووناکی"ش وایە بۆ مرۆڤایەتیی مەزن کە ئیسلامەتیەو.. دانایی ڕاستەقینەیە بۆ ڕەگەزی مرۆڤ و.. ڕێپیشاندەری گرۆی ئادەمیزادیشە بۆ لای ئەو شتانەی کە بەختەوەرییان تێدایە و.. هەروەك بۆ مرۆڤ کتێبی شەریعەتە، کتێبی دانستیشە.. هەروەك کتێبی دوعا و بەندایەتییە، کتێبی فەرمان و بانگەوازیشە.. هەروەك کتێبی ذیکرە، کتێبی فیکریشە و.. تاقانە کتێبی موقەددەسی پیرۆزە کە هەموو ئەو کتێبانەی تێدا جەم بوویێت کە پێداویستییە مەعنەوییەکانی مرۆڤ دەهێننەدی. تەنانەت ئەم قورئانە بۆ مەشرەبی هەر یەکە لە ئەهلی مەشرەبە جۆراوجۆرەکان و ڕێبازی هەموو یەکێ لە خاوەن ڕێبازە جیاجیاکانی: ئەولیا و صیددیقان و خواناسان و زانا لێکۆڵەرەکان، بۆ هەریەك لەمانە، نامەیەکی پیشان داوە کە شیاوی چێژ و ڕووناك کردنەوەی مەشرەبەکەی ئەو بێت و لەگەڵ ڕوون کردنەوە و ڕێڕەوی ئەو ڕێبازەدا بگونجێت. کەواتە ئەم کتێبە ئاسمانییە دەڵێی کتێبخانەیەکی موقەددەسی پڕ لە کتێبە!

بەشی دووەم و تەواوکەری پێناسەکە:

لە وتەی دوازدەهەمدا ڕوون کراوەتەوە و چەسپێنراوە کە:

قورئانی پیرۆز: لە عەرشی هەرەمەزن و، لە (ناوی هەرە مەزن) و، لە پلەی هەرە گەورەی هەموو یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەوە نازڵ بووە. کەواتە قورئانی پیرۆز بریتییە لە:

"گوفتاری خواوەند" بەو سیفەتەی کە "پەروەردگاری هەموو جیهانەکان"ە و.. "فەرمانی خوای گەورە" بەو سیفەتەی کە خوای گەورە "خوای هەموو بوونەوەران"ە و.. "فەرمایشتی ئەو" بەو سیفەتەی کە "بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکان"ە و.. "فەرموودەی پیرۆزی ئەو" بەو سیفەتەی کە پەروەردگاری ڕەهایە لە بوونەوەردا و.. "فەرمایشتی ئەزەلیی ئەو" کە بە ناوی پادشایەتی و دەستەڵاتداریی هەمەلایەنە و مەزنەوە فەرموویەتی و.. "تۆماری ڕێزلێنانی خواوەندی میهرەبان" کە لەو بەزەییە فراوانەوە هەڵقوڵاوە کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە و.. "کۆمەڵە نامەیەکی پەروەردگارییانە"ی ئەوتۆیە کە مەزنیی خوایەتیی ئەو ڕوون دەکەنەوە، چونکە لە سەرەتای هەندێ لەم نامانەدا چەند هێما و پەرلە(شـفرة)یەك بەکارهێنراوە کە ئەمە دەگەیەنن و.. ئەو کتێبە پیرۆزەیە کە دانایی لێ دەبارێت و.. قورئانی پیرۆز لە موحیتی ئیسمی ئەعظەمەوە نازڵ بووە و دەڕوانێتە هەموو ئەو شتانەی کە عەرشی ئەعظەم دەورەی داون و، لەم نهێنییەوەیە کە قورئانی پیرۆز، بە هەمیشە و بەردەوامی، ناوێکی شایستە و شایانی خۆی لێ نراوە و پێی وتراوە: "كلام الله" واتە: فەرمایشتی خوای گەورە.

پلەی کتێب و صوحوفە پیرۆزەکانی پێغەمبەرانی تر - علیهم السلام - لە دوای پلەی قورئانی پیرۆزەوە دێت. بەڵام فەرموودەکانی تری خواوەند - کە هەرگیز تەواو نابن - هەندێکیان گفتوگۆیەکە لە شێوەی ئیلهامدا و، لە ڕوویەکی تایبەتی‌یەوە و بە ناونیشانێکی هەندەکی و درەوشانەوەیەکی تایبەتیی ناوێکی تایبەت و پەروەردگاری و دەستەڵاتێکی تایبەتی و بە میهرەبانی‌یەکی تایبەت، ئاراستە کراوە. جا ئیلهامەکانی: مەلائیکەت و، مرۆڤ و، گیانلەبەران، بەپێی: "هەمەکێتی" و "تایبەت"بوونیان، گەلێ زۆر و جۆراوجۆرن.

بەشی سێ‌هەم:

قورئانی پیرۆز: کتێبێکی ئاسمانی‌یە و، بە کورتی و پوختی کتێبەکانی گشت ئەو پێغەمبەرانەی کە سەردەمەکانیان لە یەکتر جیاوازە و، پەیام و نامیلکەکانی هەموو ئەولیاکان کە مەشرەبیان جۆراوجۆرە و، ئاسەواری هەموو ئەصفیاکان کە ڕێبازەکانیان لە یەکتر جیایە، هەموو ئەمانەی بە پوختی لەخۆ گرتووە و.. هەر شەش لاکەی ڕووناك و درەخشانە و لە تاریکیی وەهم و چڵکی گومان خاوێنە، چونکە خالّی پشت‌پێ‌بەستنی: "وەحی"ی ئاسمان و گوفتاری ئەزەلی‌یە، بە دڵنیایی و.. مەبەست و ئامانجیشی: بەختەوەریی هەمیشەیی‌یە، وەك بە چاو دەبینرێت و.. ناوەرۆکیشی: ڕێنمایی‌یەکی پاك و بێ گەردە، کە ئەمەش بە بەداهەت دەزانرێت و.. لە لای سەرەوەشی، بە ئاشکرا: نوورەکانی ئیمانە و.. لای خوارەوەشی: بەڵگەیە، بە "علم اليقـين" و.. لای ڕاستی: تەسلیمبوونی دڵ و هەناوە، وەك بە تاقی کردنەوە چەسپاوە و.. لای چەپیشی: ڕام کردن و مل پێ کەچ کردنی ژیری‌یە، بە "عين اليقـين" و.. بەروبوومیشی: میهرەبانیی خواوەندی ڕەحمان و، خانەی بەهەشتە، بە "حـق اليقـين" و.. پلەوپایەشی: قبووڵبوونیەتی لە لایەن مەلائیکەت و ئادەمیزاد و جیننی‌یەوە، کە ئەمەش بە "حَدْس"ێکی ڕاست زانراوە و هەستی پێ کراوە.

* * *

هەموو یەکێك لەم سیفەتانەی کە لە هەر سێ بەشەکەی پێناسەی قورئانی پیرۆزدا باس کران، لە چەند جێگایەکی تردا بە چەشنێکی بێ گومان چەسپێنراوە، یان لەمەولا دەچەسپێنرێت. کەواتە ئەو دەعوایەمان ئیددیعایەکی بێ بەڵگە و بێ پشت‌وپەنا نی‌یە، بەڵکو هەموو یەکێ لەو سیفەتانە بەڵگەی چەسپێنەر و بێ گومانی لەسەر هەیە.

* * *

ڕۆشنایی یەکەم

ئەم ڕۆشنایی‌یە سێ تیشکی لـێ بووەتەوە

تیشکی یەکەم

ڕەوانبێژیی قورئان موعجیزەیە

ئـەم ڕەوانبێژی‌یـە خـاوەن ئیعجـازەی قورئـان لـە: پـاراوی و جوانـی و پتـەویی هۆنـین و.. ناوازەیی و نامۆیی و باشیی شێوازەکان و.. تـەواوی و بـەرزی و خـاوێنیی ڕوونکردنـەوە و.. هێز و ڕاستیی واتاکان و.. زمانپاراوی و ڕەوانیی وشەکانیەوە، هەڵقوڵاوە.

وا هـەزار و سێ‌سـەد سـاڵە قورئـانی پـیرۆز، بـەم ڕەوانبێژی‌یـە دەراسـایەی، تەحـەددای زیرەکترین ڕەوانگۆ و کارامەترین وتارخوێن و مەزنترین زانای نـەوەی ئادەمیزادی کـردووە، کـەچی تـا ئێسـتا نەچوونەتـە مـەیدانێ و نـەیان‌توانیوە لـە ئاستی‌دا دەم بکەنـەوە، هەرچـەندەش قورئان بە توندوتیژی پەیتا پەیتا تەحـەددای کـردوون. بـەڵکو تێکـڕا بە زەلیلی‌یـەوە ملیـان بـۆ کەچ کرد و سەریان بۆ دانەواند، لە کاتێك‌دا کە ڕەوانگۆی وەهایان تێدایە سـەری غـرووری لە هەور دەخشێنێت!

وا بە دوو "شێوە" ئاماژە بۆ ڕووی ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی قورئان‌دا دەکەین:

شێوەی یەکەم:

زۆربەی دانیشتووانی دوورگەی عەرەب نەخوێندەوار بوون، بۆیە ئەو شتانەی کە مایـەی شانازی‌یان بووە و، ڕووداوە مێژوویی‌یەکان و، پەند و دانایی و، ڕەوشت‌جوانیی خۆیـان، لـە شـیعر و گوفتـارە ڕەوانـەکانیان‌دا دەپاراسـت کـە دەماودەمیـان پـێ دەکـرا، لـە بریـی نووسینەوەیان. ئەوەبوو گوفتاری پڕ واتا و دانایی لـە زەینـەکان‌دا جێـی خۆیـان دەگـرت و لـە پێشینانەوە بۆ ئەوانەی دوای خۆیان دەمـاودەم دەمایـەوە. ئـەم پێویسـتی‌یە سروشـتی‌یەی ئـەوان وای لـێ کردبوون کە باشترین و بە برەوتریـن کـاڵای بـازاڕی ڕۆژگارەکـەیان "ڕەوانبێـژی" و "زمانپاراوی" بێـت، بە ڕادەیەك کە ڕەوانگۆی هەر تیرە و هۆزێـك بـە ڕەمزێکـی سـەربەرزی و پاڵەوانێکی شانازی پێوەکراوی هۆز دادەنرا.

بەڵێ، ئەو نەتەوەیەی کە دوای موسڵمان‌بوونیان، بە زیرەکـی و وریـایی خۆیـان، جڵـەوی سیاسـەت و حوکمڕانیـی جیـهانیان گرتـە دەسـت، لـەناو گشـت نەتـەوەکانی جیـهان‌دا لـە چڵەپۆپەی بـواری ڕەوانبێـژی‌دا بـوون و، ڕەوانبێـژی لـە لایـان گەلـێ بـرەوی پـێ دەدرا و پێویستی‌یەکی زۆریشیان پێی هـەبوو، تەنانـەت بـە مایـەی شـانازیی خۆیانیـان دەژمـارد، بگـرە

تەنها بە گوفتارێك كە لە زاری ڕەوانگۆیەكیانەوە دەربچوایە یان جەنگ لە نێوان دوو تیرەدا هەڵ دەگیرسا یان ئاشتی دەكەوتە نێوانیانەوە! تەنانەت حەوت پارچە شیعری ڕەوانگۆترین شاعیرانی خۆیان بە ئاوی زێڕ نووسیبووەوە و، بە دیواری كەعبەدا هەڵیانواسیبوو، كە پێیان دەوت: "المعلقات السبعة" و ڕەمزی شانازی‌یان بوو.

ئا لەم كاتەدا قورئانی پیرۆز نازڵ بوو كە "ڕەوانبێژی" گەیشتبووە چڵەپۆپەی بایەخ و برەو پێدان. بە وێنەی موعجیزەی حەزرەتی مووسا و عیسا - دروودیان لەسەر بێت - كە لە شێوە و جۆری شتانی بایەخ‌پێ‌دراوی زەمانی خۆیان بوون، كە بریتی بوون لە "سیحر" لە زەمانی حەزرەتی مووسادا و "پزیشكی"ش لە زەمانی حەزرەتی عیسادا!

بەڵێ، قورئان ئا لەم كاتەدا هاتەخوار و، بە ڕەوانبێژی‌یەكەی خۆی تەحەددای بۆ سەرجەم ڕەوانگۆیانی سەردەمەكەی خۆی و گشت سەردەمەكانی دواتریش ڕاگەیاند و، داوای لە ڕەوانگۆ عەرەبەكان كرد كە بەرەنگاری ببنەوە و لاسایی بكەنەوە و بێنە مەیدانی و شتێكی هاووێنەی قورئان بهێنن با وەك بچووكترین سوورەتیشی وابێت! ئەوەبوو لە پێش‌دا بەم ئایەتە تەحەددای كردن: ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنا على عَبْدِنا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ﴾(البقرة:٢٣) پاشان ئەم تەحەددی‌یەی لەسەر توند كردن و فەرمووی: ﴿فَإِن لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ﴾(البقرة:٢٤) واتە: بەرەو دۆزەخ - كە خراپترین ئەنجامە - دەدرێنەبەر. ئەم شێوازەش غروور و كەش‌وفشی ئەوانی دەشكاند و گاڵتەی بە بیر و ژیریی ئەوان دەكرد و حوكمی ئیعدامی هەر لە دنیادا - چ جای قیامەت - بۆ دەردەكردن. واتە: یان دەبێ شتێك بڵێن وەكو قورئان وابێت، یان مادەم سوورن لەسەر كوفر و باوەڕنەهێنان ئەوا گیان و سامانتان لە مەترسی‌دایە!

جا ئەگەر بەرەنگاربوونەوەی قورئانیان بە هێنانی چەند دێڕێكی وەك ئەو لە توانادا بوایەو، ئەو ڕێگایەیان بە ئاسانی بۆ بگیرایەتەبەر و بیانتوانیایە بەمە دەعوا و تەحەددی‌یەكەی قورئان بەتاڵ بكەنەوە، ئایا ڕێگای جەنگ و كاولكاری‌یان هەڵدەبژارد كە وەك ئاشكرایە مەترسی‌یەكانی ئەم ڕێ‌یە گەلێ زیاترە و ئەرك و گیروگرفتەكانیشی یەكجار زۆرن؟ —

بەڵێ، ئایا دەگونجێ ئەو مرۆڤە زیرەكانەی كە لە دوایی‌دا بە سیاسەت و زیرەكیی خۆیان هەموو جیهانیان بەڕێوەبرد، ئاسانترین و بێ‌وەی‌ترین ڕێ پشت گوێ بخەن و ئەو ڕێگا هەڵەت و سەختە هەڵبژێرن كە گیان و سامانیان لەناو دەبات؟

خۆ ئەگەر ڕەوانگۆكانیان بیانتوانیایە بە چەند پیتێك بەرەنگاری قورئان ببنەوە، ئەوا قورئان وازی لە دەعواكەی خۆی دەهێنا و، ئەوانیش لە كاولكاریی ماددی و مەعنەوی ڕزگاریان دەبوو، كەچی ڕێگای ترسناك و دوور و درێژی جەنگیان هەڵبژارد. بەو واتایەی

کە بەرەنگاربوونەوەی قورئان بە پیت و گوفتار و دارشتنی هاووێنەی ئەو، کارێکی مەحاڵەو لە توانای کەسیاندا نی‌یە. بۆیە لە ناچاری‌دا دەستیان دایە شمشێر و رێی جەنگیان گرتەبەر!

پاشان دوو هاندەری یەکجار بەهێز هەن بۆ بەرەنگاری کردنی قورئان و هێنانی گوفتاری وەك ئەو، کە بریتین لە:

یەکەم: سووربوونی دوژمنانی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی.

دووەم: حەزی دۆستان و شوێن‌کەوتووانی بۆ چاولێکەری و لاسایی کردنەوەی.

ئەوەتا لە ژێر تین و تەوژمی ئەم دوو ئارەزووە توندەی هەردوو لادا ملیۆنەها کتێبی عەرەبی دانراون، بێ ئەوەی هیچ کام لەو کتێبانە بە هیچ جۆرێك لە قورئان بچێت! چونکە هەر کەسێك ئەو کتێبانە دەبینێت - چ زانا بێت و چ نەزان - ناچارە کە بلێت: قورئان لە هیچ کامی ئەم کتێبانە ناچێت و هیچ کامیشیان هەرگیز بەرەنگاریی قورئانی پێ ناکرێت. جا یان ئەوەیە رەوانبێژیی قورئان لە هی هەموویان نزمترە، کە ئەمەش بە یەکدەنگیی دۆست و دوژمنانی مەحاڵ و بەتاڵە، یان قورئان لە سەرووی هەموویانەوەیە و پلەی لەوان بەرز و بلندترە.

ئەگەر دەڵێیت:

چۆن دەزانین تا ئێستا هیچ کەسێك بەرەنگاریی قورئانی پێ نەکراوە؟ ئایا تا ئێستا کەس پشتی بە خۆی و توانا و بەهرەکانی نەبەستووە تاکو برواتە گۆرەپانی تەحەددیی قورئانەوە: ئایا هاوکاری و پشتگیری‌یان بۆ یەکتری هیچ سوودێکی لەم بوارەدا پێ نەگەیاندوون؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

ئەگەر بەرەنگاری کردنی قورئان لە تواناد بوایە ئەوا بێ هیچ گومانێك هەوڵیان بۆ دەداو سستی‌یان تێدا نەدەکرد، چونکە کێشەی شەرەف و عیززەت و لەناوچوونی گیان و سامانی پێوە بەسترابوو. خۆ ئەگەر لە راستی‌دا ئەم بەرەنگاری‌یە رووی بدایە ئەوا کەسانێکی زۆر پشتیان دەگرت و دەیاندایە پاڵی، چونکە کەسانی سەرسەخت و نەیارانی حەق لە هەموو کاتێك‌دا بە زۆری هەن. ئنجا گەر کەسێك ببوایە پشتی ئەم بەرەنگاری‌یەی بگرتایە ئەوا پێی دەناسرا و ناوبانگی پێ دەردەکرد. ئەوەبوو لە رووودانی مشت‌ومرێکی بچووك‌دا دەچوون شیعریان دەهۆنی‌یەوە و بە مایەی شانازی و ئازایەتی‌یان لە قەڵەم دەدا، ئەی ئەگەر ململانێ‌یەکی سەرسوورهێنی ئاوا رووی بدایە چۆن دەشاررایەوە و بە پەنهانی لە مێژوودا دەمایەوە؟ خۆ ئەوان ناشیرین‌ترین تانە و تەشەریان بەرامبەر بە ئیسلام بڵاوکردەوە، کەچی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی قورئان‌دا هیچ شتێك لە مێژوودا باس نەکراوە، جگە لە چەند وشەیەکی دەم‌هەڵبەستی "موسەیلەمەی درۆزن" کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵی بەستبوون.

ئەم موسەیلەمەیەش هەرچەندە خاوەنی رەوانبێژی‌یەکی گاڵتەپێنەکراو بووە، کەچی کاتێ رەوانبێژی‌یەکەی بەراورد کراوە لەگەڵ رەوانبێژیی ئەو قورئانەدا کە لە سەرووی

هەموو جوانی‌یەکەوەیە، بە ورێنە لە قەڵەم دراوە و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا بەو ناوە تۆمار کراوە!

بەم جۆرە، ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی قورئاندا یەقینێکە وەك دڵنیابوون وایە لەوەی کە دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار. هەر بۆیە دەبێ ئەو ئیعجازە وابێت.

شێوەی دووەمم:

وا بە پێنج خاڵ "**حیکمەتی ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی قورئاندا**" ڕوون دەکەینەوە.

●**خاڵی یی‌کی:**

پاراوی‌یەکی دەراسا لە "هۆنین"ی قورئاندا هەیە.

کتێبی "إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز" هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ئەم پاراوی و مەحکەمی‌یەی هۆنینی قورئانی ڕوون کردووەتەوە. چونکە هەروەك میلەکانی چرکە و خولەك و کاتژمێری سەعات هەریەکەیان ڕێسای ئەوی تر تەواو دەکات، هۆنینی شێوە و ڕوخساری هەموو یەکێ لە: ڕستەکانی قورئان و، ڕێسای نێوان وشەکانی و، ڕێکیی موناسەبەتی ڕستەکانی لە ئاستی یەکتری‌دا، بە هەمان جۆرە. هەموو ئەمانەش لەو تەفسیرە ناوبراوەدا بە تەواوی ڕوون کراونەتەوە. هەر کەس دەیەوێت با سەری لێ بدات و بیخوێنێتەوە، تاکو بتوانێت ئەم پاراوی‌یە دەراسایەی هۆنینی ڕستە و وشەکانی قورئان لە جوانترین شێوەی‌دا ببینێت. بەڵام لێرەدا تەنها دوو نموونە بۆ هۆنینی وشە دەستلەملانەکانی ڕستەکانی قورئان، دەهێنینەوە. (کە دەری‌دەخەن: جگە لەو وشانە چ وشەیەکی تر ئاوا بە ڕێکی و وردی و تەواوی جێگەیان ناگرێتەوە).

○ نموونەی یەکەم:

﴿وَلَئِنْ مَسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِنْ عَذَابِ رَبِّكَ﴾(الأنبياء...

ئەم ڕستەیە بۆ دەرخستنی سام و گەورەیی سزای دۆزەخ هێنراوە، بەڵام بە دەرخستنی کاریگەریی یەکجار سەختی کەمترینی ئەو سزایە! (تاکو دەری‌بخات کە ئەگەر کەمترینی ئەو سزایە هێندە سەخت بێت، دەبێ زۆرەکەی چۆن بێت)؟! لەبەر ئەوە، هەموو یەکێ لە سیماو ڕوخسارە پێکهێنەرەکانی ئەم ڕستەیەی کە بۆ "تەقلیل"(کەمپیشاندان) هێنراوە، بۆ ئەم تەقلیلە دەڕوانێت و بەهێزی دەکات، تاکو سام و گەورەیی ئەو سزایە دەربخات.

ئەوەتا وشەی ﴿لَئِنْ﴾ بۆ گومان دروست کردنە! خۆ گومانیش "کەمی"ی ئەو شتە بە گوێی مرۆڤدا دەدات.

وشەی ﴿مَسٌّ﴾ کە بەرکەوتنێکی کەمە، ئەویش "کەمی" دەگەیەنێت.

ئنجا ماددەی وشەی ﴿نَفْحَةٌ﴾ بۆن و بەرامەیەکی کەم دەگەیەنێت، کە ئەویش بە هەمان جۆر واتای "کەمی" بە دەستەوە دەدات. هەروەك صیغە و وەزنی وشەکەش، کە مەصدەری

"المرّة"یە، بۆ یەك دانەی بچووك بەكار دێت، بەپێی "عیلمی صەرف". کە ئەمەش، بە هەمان جۆر، "کەمی" دەگەیەنێت.

تەنوینی تەنکیریش لە وشەی ﴿نَفْحَةٌ﴾دا بۆ مەبەستی "کەمی"ی نەفحەکەیە. بەو واتایەی کە شتێکی هێندە بچووکە وەختە هەر هەستی پێ نەکرێت، بۆیە ناناسرێت و بە "نەکیرە" ناوی دەبرێت!

وشەی ﴿مِنْ﴾یش بۆ "تبعیض"ە. واتە بەشێکی کەم، کە ئەمەش بە هەمان جۆر "کەمی" دەگەیەنێت.

وشەی ﴿عَذاب﴾یش کە لە چاو "نکال" و "عقـــــاب"دا جۆرێکی سووکەڵە و تەنکی سزایە، ئاماژە بۆ ئەو "کەمی"یە دەکات.

بەکارهێنانی وشەی ﴿رَبِّكَ﴾یش لە بریی: "القـــهّار، الجبّـــار، المنتقـــم" بە هەمان جۆر "کەمی"ی ئەو سزایە دەگەیەنێت، چونکە واتای سۆز و میهرەبانی بە گوێی هەستی مرۆڤدا دەدات!

بەم جۆرە، ئەم ڕستەیە ئەوە دەگەیەنێت کە:

ئەگەر لەگەڵ ئەم هەموو "کەمی"یەدا سزاکە تا ئەم ڕادەیە سەخت و کاریگەر و توند و تیژ بێت، دەبێ سام و مەترسیی عیقاب و تۆڵەی خوا چەندە گەورە بێت؟!

سەرنج لەم "ڕستە"یە بدە با بە چاوی خۆت ببینیت کە چۆن: وشە و سیما و ڕوخسارە پێکهێنەرەکانی، هاوکاریی یەکتر دەکەن و بەدەم خواستی یەکەوە دەڕۆن و، هەریەکەیان لە لایەنی خۆیەوە یارمەتیی هاتنەدیی مەبەستەکە دەدات.

ئەم نموونەیەی کە هێنامانەوە، "وشە" و "ئامانج"یشی ڕەچاو کردووە.

○ نموونەی دووهەم:

﴿وَمِمَّا رَزَقْناهُمْ يُنفِقُونَ﴾(البقرة:٣).

ڕوخسارە پێکهێنەرەکانی ئەم ڕستەیە، ئاماژە بۆ پێنج مەرجی قبووڵبوونی "صەدەقە" دەکات:

مەرجی یەکەم: ئەوەیە کە لە (مِن)ی (تبعیضیـــة)ی وشەی ﴿مِمَّـــا﴾ وەردەگیرێت. واتە خێرەومەند هەرچییەکی هەیە نەیبەخشێت، تاکو خۆیشی موحتاجی وەرگرتنی صەدەقە نەبێت!

مەرجی دووهەم: ئەوەیە کە لە وشـــەی ﴿رَزَقْناهُمْ﴾ وەردەگیرێت. واتە لە "ئەحـمەد"ی وەرنەگرێت و بیدات بە "مەحموود"! بەڵکو دەبێ لە ماڵ و سامانی خۆی بێت. بەو واتایەی کە: لەو ماڵ و سامانە ببەخشن کە ڕۆزیی خۆتانە.

مەرجی سێهەم: ئەوەیە کە لە ڕاناوی "نـــا"ی وشەی ﴿رَزَقْنَـــا﴾ وەردەگیرێت. واتە: بەخشەرەکە منەت نەکات و ئەو ماڵەی کە دەیبەخشێت بە لایەوە زۆر نەبێت. بەو واتایەی

صەدەقەکانتان منەتی تێدا نی‌یە، چونکە من ڕۆزیتان دەدەم و لە ماڵ و سامانی من بە بەندەکانم دەبەخشن.

مەرجی چوارەم: ئەوەیە کە لە وشەی ﴿يُنْفِقُــونَ﴾ وەردەگیرێت. واتە: بەو کەسەی ببەخشێت کە لە پێویستی و نەفەقەی ناچارەکیی خۆیدا خەرجی بکات. دەنا ئەو صەدەقەیە قبووڵ نابێت گەر بدرێت بە کەسێك لە هەرزەییدا خەرجی بکات.

مەرجی پێنجەم: ئەوەیە کە ئەویش لە وشەی ﴿رَزَقْنَــاهُمْ﴾ وەردەگیرێت. واتە دەبێ خێرکردن بە ناوی خواوە بێت. بەو واتایەی کە: ئەو سەروەت و سامانەی لە لاتانە هی منە، کەواتە دەبێ بە ناوی منەوە لێی ببەخشن..

سەرەڕای ئەم هەموو مەرجانەش، ئایەتەکە "تەعمیم"ی تێدایە بۆ هەموو خێر و چاکە و صەدەقەیەك. چونکە هەروەك صەدەقە و خێر بە ماڵ و سامان دەکرێت، بە: زانست و گوفتارو کردار و ئامۆژگاریش دەکرێت. هەموو ئەم بەشانەش وشەی: "ما"ی ﴿مِمَّــا﴾ بەو عومومییەتەی کە تیایدایە، ئاماژەی بۆ دەکات، بە تایبەتی لەم ڕستەیەدا. چونکە "مـــا" لێرەدا بە شێوازی "موتلەق" هاتووە کە عوموموم و گشتی‌بوون دەگەیەنێت.

بەم جۆرە، ئەم ڕستە کورت و پوختەی کە لە صەدەقە دەدوێت، پێنج مەرجی صەدەقە و خێر بە "ژیری"ی مرۆڤ دەبەخشێت و، مەیدانە فراوانەکەی بۆ دەردەخات و، شێوەی بەخشینیشی فێر دەکات.

سیما و ڕوخسارە پێکهێنەرەکانی ڕستەکانی قورئانی پیرۆز، گەلێ ڕێسای هۆنینی وەك ئەمەیان تێدایە. هەروەك هۆنینی وشەکانیشی لە بەرامبەر یەکترەوە بوارێکی فراوانی وەك ئەمەیان هەیە و، سەرجەم گوفتار و ڕستەکانیشی دارای بازنەی هۆنینی وەك ئەمانەن.

○ بۆ نموونە:

﴿قُلْ هُوَ اللهُ اَحَدٌ ۞ اللهُ الصَّمَدُ ۞ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يولَدْ ۞ وَلَمْ يَكُن لَهُ كُفواً أحَدٌ﴾.

ئەم ئایەتە مەزنانە شەش ڕستەیان تێدایە: سیانی موثبەت و سیانی مەنفی، کە شەش پلەی "تەوحید" دەچەسپێنن و بەرپەرچی شەش جۆری "شیرك"یش دەدەنەوە. جا هەموو یەکێك لەم ڕستانە، لە لایەکەوە "بەڵگە"یە بۆ ڕستەکەی تر و لە لایەکی تریشەوە دەبێت بە "ئەنجام"ی ئەو. چونکە یەك بە یەکی ئەو ڕستانە دوو واتایان تێدایە، ڕستەکە بەپێی یەکێکیان ئەنجامە و بەپێی ئەوی تریشیان بەڵگەیە..

واتە سوورەتی "ئیخلاص" سی دانە سوورەتی ڕێك‌وپێکی "ئیخـــلاص"ی تێدایە کە لە چەندین بەڵگەی یەکتر چەسپێن پێك‌هاتوون! ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

قُلْ هُوَ الله: لأنه أحد، لأنه صمد، لأنه لم يلد، لأنه لم يولد، لأنّه لم يكن له كفواً أحد.

هەروەها: وَلَمْ يَكُن لَهُ كُفواً أحَدٌ: لأنّه لم يولد، لأنه لم يلد، لأنه أحد، لأنه هو الله.

هەروەها: هُوَ اللّٰه: فهو أحد، فهو صمد، فإذاً لم يلد، فإذاً لم يولد، فإذاً لم يكن له كفـواً أحد.

ئیتر لەسەر ئەم شێوەیە بۆ خۆت بڕۆ و قیاس بکە!

○ نموونەیەکی تر:

﴿الم ۞ ذٰلِكَ الْكِتابُ لا رَيْبَ فيه هُدَىً لِلْمُتَّقين﴾(البقرة:١-٢).

هەموو یەکێکی ئەم چوار ڕستەیە دوو واتای تێدایـە، چونکە ڕستەکە بەپێی یەکێك لەو دوو واتایە "بەڵگە"یە بۆ ڕستەکانی تر و، بەپێی واتاکەی تریشی "ئەنجام"ی ئـەو ڕستانەیە. جا بەم پێیە و بە شـازدە هێڵـی موناسـەبە و پەیوەندی، نـەخش و نیگـارێکی هۆنینـی ئیعجـاز دروست دەبێت. ئەمەش کتێبی "إشارات الإعجـــاز" ڕوونـی کردووەتـەوە، بـە ڕادەیەك کە دەڵێیـت هـەموو یـەکێکی زۆربـەی ئایەتـەکانی قورئـان چاوێکی تێدایـە و دەڕوانێتـە زۆربـەی ئایەتەکان و، ڕوویەکیشی هەیە پێی دەڕوانێتە ئەوان و، چەندین هێڵـی مەعنـەوی و موناسـەبەو پەیوەندییان لـە نێواندا دەنووسێت و، بەم کارەشـی نیگـارێکی "ئیعجاز" دەکێشـێت. وەك لە وتەی سیازدەهەمدا باس کراوە. باشترین شایەت لەسەر ئەمە "إشارات الإعجـاز"ە چونکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ئەم "پاراویی هۆنین"ەی قورئان ڕوون دەکاتەوە.

● خاڵی دووهەم:

ڕەوانبێژیی دەراسا لە "واتاکانی" قورئاندا.

ئەگەر حەز دەکەیت تامی ڕەوانبێژیی واتای ئەم ئایەتە پیرۆزە بچێژیت:

﴿سَبَّحَ للّٰه مَا فِي السَّموات وَالأَرْضِ وَهُوَ العَزِيْزُ الحَكيمُ﴾(الحديد:١).

ئەوا سەیری ئەم نموونەیە بکە کە لە وتەی سیازدەهەمدا ڕوون کراوەتەوە:

خۆت وا دابنێ کە لـە پێش هـاتنی نـووری قورئـان و لـە سـەردەمی جاهیلییـەت و بیابـانی ژیـانی دەشتەکی و نـەزانیدا دەژییـت. دەبینیـت لـەو کاتـەدا کـە هـەموو شتێك بـە پـەردەی بێئاگـایی و، تـاریکیی نـەزانی و، بـەرگی سروشـت و، بیری و شـك داپۆشـراوە.. یەکسـەر زایەڵەی دەنگی ئایەتی: ﴿سَبَّحَ للّٰه ما فِي السَّمواتِ والأَرضِ﴾ یان ﴿تُسَبِّحُ لَـــهُ السَّـــمواتُ والأَرضُ وَمَنْ فيـــهِنَّ﴾(الإسـراء:٤٤) دەبیسـتیت و، دەبینیـت کـە ئـەو بوونـەوەرە بێهەسـت و مردووانە، لە زەینی گوێبیستاندا دەبووژێنەوە و بە زایەڵەی دەنگی ﴿سَبَّحَ﴾ و ﴿تُسـبِّحُ﴾ ژیانیان بە بـەردا دەچێـت و بـۆ تەسبیح و یـادی خـواوەنـد ڕادەپـەڕن و لـێ دەبڕێـن. هـەروەها ڕووی تـاریکی ئاسمـانیش کـە چـەند ئەسـتێرەیەکی بێ گیـانی تێـدا بڵێسـە دەدات و، ڕووی زەویش کە چەند بوونەوەرێکی زەبوون و دەستەوسـانی لەسـەر دەژیـن، بە زایەڵـە و نـووری: ﴿تُسَبِّحُ﴾ لە بەرچاوی گوێبیستاندا دەگۆڕێـت بـە "دەم و زمـان"ێکـی دەمپـاراو بـە ذیکـر و تەسـبیحی خـواوەنـد و، هـەموو ئەسـتێرەیەکیش تیشـکی نـووری حەقیقـەت دەپرژێنێـت و

حیكمەتێكی لەوپەڕی دانایی‌دا پەخش دەكاتەوە. ڕووی زەویش، بەو ڕووناكی و زایەڵە ئاسمانی‌یەی قورئان، لەبەر چاودا دەبێت بە "سەر"ێكی مەزن بۆ جەستەیەك كە دەریا و وشكایی لەو سەرەدا دوو زمانی دەمپاراون بە ذیكر و تەسبیح و تەقدیس و، سەرجەم ڕووەك و گیانلەبەرانیش بە وێنەی چەند "وشە"یەكی ذیكر و تەسبیح لە بەرچاودا دەنوێنن، دەڵێیت سەرتاسەری زەوی گیانی بە بەردا كراوە و زیندەوەرێكی خاوەن ژیانە!

○ نموونەیەكی تر:

سەیری ئەم نموونەیە بكە كە لە وتەی پازدەهەمدا چەسپێنراوە:

﴿يا مَعْشَرَ الجِنِّ والإِنْسِ اِنِ اسْتَطَعْتُمْ اَنْ تَنفُذُوا مِنْ اَقطارِ السَّموات والاَرضِ فـانفُذُوا لا تَنفُذُونَ الاّ بسُلْطان ۞ فَبأيِّ آلاء رَبِّكُما تُكَذِّبان ۞ يُرْسَلُ عَلَيْكُما شُواظٌ مِنْ نَارٍ ونُحاسٌ فَلا تَنْتَصِران ۞ فَبأيِّ آلاء ربِّكُما تُكَذِّبان﴾(الرحمن:٣٣-٣٦).

﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّماءَ الدُّنيا بِمَصابيحَ وَجَعَلْناها رُجُوماً للشَّياطِين﴾(الملك:٥).

گوێ لەم ئایەتانە ڕابگرە و بیریان لێ بكەرەوە و بزانە چی دەڵێن؟

ئەوەتا دەڵێن:

(ئەی گرۆی جینی و ئادەمیزاد!

ئەی لەخۆبایی و هەڵگەڕاوەكان!

ئەی ئەوانەی لەناو قوڕی كۆڵەواری و لاوازی‌دا چەقیون!

ئەی سەرسەختانی لاسار كە لەناو هەژاری و لاوازی‌دا دەتلێنەوە!

ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەكانم نابن، ئەوا - گەر لە توانایاتاندایە - لە سنووری موڵك و دەسەڵاتی من دەربچن! خۆ كە ناشتوانن ئەو سنوورە بشكێنن و لێی دەربچن، ئەدی چۆن پڕكێشی دەكەن فەرمانی پادشایەكی هێندە مەزن پشت گوێ دەخەن كە ئەستێرە و مانگ و خۆرەكانی لەدەستدایە و، هەموو ئەوانە - بە وێنەی سەربازی ئامادە و ملكەچ - گوێڕایەڵی فەرمانی ئەو دەبن؟ ئێوە بەم سنوورشكاندن و یاخی‌بوونەتان سنگ لە فەرمانڕەوایەكی ئەوەندە گەورە دەردەپەڕێنن كە خاوەنی چەندەها سەربازی گوێڕایەڵی سامداری وەهایە كە دەتوانن چەندین بۆمبی گەورە گەورەی بە ئەندازەی چیاكان بگرنە شەیتانەكانیشتان، گەر بتوانن خۆیانی لە بەردەمدا ڕابگرن!

هەروەها ئێوە بەم كافری و ناشوكری‌یەتان، لە وڵاتی خاوەن موڵكێكی هێندە مەزن و شكۆداردا هەڵدەگەڕێنەوە كە چەندان سەربازی گەورە گەورەی وای هەیە دەتوانن بە چەندین بۆمبای گڕگرتوو و پارچە ئاگر و پزیسكی بە قەدەر زەوی و چیاكان بۆمبارانی دوژمنە كافرەكان بكەن، با هەریەكە لەو دوژمنانەش بە ئەندازەی زەوی و چیا سەختەكان گەورە و زەبەلاح بن و، دەتوانن لەم ڕێیەوە لەت‌وپەت و پەرتەوازەیان بكەن، چ جای بەدیهاتووانێكی لاوازی وەك ئێوە؟

هەروەها ئێوە سەرپێچی لە یاسایەکی جێبەجێکراوی ئەوتۆ دەکەن کە کەسانێك پەیوەستی بوون دەتوانن بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە بۆمب و ڕاجیمەی بە ئەندازەی ئەستێرەکانتان تێبگرن).

لە بەر تیشکی ڕووناکیی ئەم نموونەیەدا: بەهێزیی واتا و، ڕەسەنیی ڕەوانبێژی و، بەرزیی سوودگەیاندنەکانی تر، لێك‌بدەرەوە.

● **خاڵی سێهەم:**

ناوازەیی دەراسای "شێوازی" قورئان.

بەڵێ، شێوازەکانی قورئانی پیرۆز هەروەك سەرسوورهێن و قەناعەت‌بەخشن، نامۆ و ناوازەشن! قورئانی پیرۆز هەرگیز لاسایی کەسی نەکردووەتەوە و هیچ کەسیش ناتوانێت لاسایی بکاتەوە. ئەوەتا هەر لە سەرەتای نازڵ‌بوونیەوە و تا ئێستاش، وەکو یەکەم جاری، پارێزگاریی پاراویی شێواز و لاوی و ناوازەیی خۆی کردووە!

○ بۆ نموونە:

پیتە پچڕپچڕەکانی چەشنی: "الم. الر. طه. يس. حمعسق" وەکو چەند پەرلە(شفرە)یەك وان کە لە سەرەتای چەند سوورەتێکدا دانراون. لە "إشارات الإعجاز"دا شەش بریسکانەوەی ئیعجازمان لە بارەیانەوە نووسیوە، وا لێرەدا هەندێکیان لێ باس دەکەین:

ئەو پیتە ناوبراوانەی سەرەتای سوورەتەکان، "نیوە"ی هەموو "جووت"ێکی سیفەت و سروشتی پیتە هیجائی‌یەکانیان بەکار هێناوە، لەو پیتانەی کە پێیان دەوترێت: "المهموسة، المجهورة، الشديدة، الرخوة"[1] و بەشە زۆرەکانی تری سیفەت و سروشتی پیتەکان.. سەبارەت بە "تاك"ەکانیش کە ناکرێن بە دوو بەشی وەك یەکەوە ئەوا لەو بەشەیان کە لەسەر زمان قورسن وەکو پیتەکانی "قلقلة" نیوە کەمەکەیان و، لەوانەشیان کە لەسەر زمان سووکن وەکو "ذلاقة" نیوە زۆرەکەیانی بەکار هێناوە!

ڕێبازی قورئان لە هەڵبژاردنی نیوەی ئەو جۆرە حەرفانە و.. گرتنەبەری ئەم ڕێگا پەنهانەی کە ژیری ناتوانێت لە نێوان ئەم ڕێ تێهەڵکێشانەی کە خۆیان لە دووسەد ئیحتیمال دەدەن، پەیی پێ ببات و.. پاشان هێنانی ئەو گوفتارە لە ناوەندی ئەو مەیدانە

(١) فذكر من (المهموسة) وهي ما يضعف الاعتماد على مخرجه، ويجمعها (ستشحثك خصفه) نصفها وهي الحاء والهاء والصاد والسين والكاف. ومن البواقي (المجهورة) نصفها يجمعه (لن يقطع أمر) ومن (الشديدة) الثمانية المجموعة في (اجدت طبقك) اربعة يجمعها (أقطك). ومن البواقي (الرخوة) عشرة يجمعها (حمس على نصره) ومن المطبقة التي هي الصاد والضاد والطاء والظاء نصفها. ومن البواقي (المنفتحة) نصفها. ومن (القلقلة) وهي حروف تضطرب عند خروجها ويجمعها (قد طبج) نصفها الاقل لقلتها. ومن (الليتين) الياء لأنها أقل ثقلاً، ومن (المستعلية) وهي التي يتصعد الصوت بها في الحنك الاعلى وهي سبعة: القاف والصاد والطاء والخاء والغين والضاد والظاء نصفها الاقل، ومن البواقي (المنخفضة) نصفها... (وەرگێڕ لە "تفسير البيضاوي"یەوە هێناویەتی ج١/ص٦٠).

فراوانەی کە جێی لێ ئاڵۆزبوونە.. هەرگیز بە "ڕێکەوت" ڕوو نادات و لە توانای مرۆڤدا نی یە!

جا ئەم پیتە پچڕپچڕانەی کە لە سەرەتای سوورەتەکاندان و چەند پەرلە(شـــفرة) و ڕەمزێکی خوایین، پێنج شەش نهێنیی بریسکانەوەی ئیعجازی تریان تێدایە[1]. تەنانەت زانایانی زانیاریی "نهێنیی پیتەکان" و ئەولیا لێکۆڵەرەکان گەلێ نهێنیی زۆریان لەم پیتە پچڕپچڕانە دەرهێناوە و، هێندە حەقیقەتی مەزنیان تێدا دیوە کە لە لایان چەسپاوە ئەم پیتە پچڕپچڕانە لە خۆیاندا موعجیزەیەکی درەخشانی قورئانی پیرۆزن! بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو دەرگایە ناخەینە سەرپشت، چونکە شایانی نهێنییەکانی ئەوان نیین، وێڕای ئەوەی کە ناشتوانین بە جۆرێکی وا بی چەسپێنین کە هەموان بتوانن ببینن. بەڵکو خوێنەر ڕەوانەی ئەو پێنج شەش بریسکانەوەی ئیعجازە دەکەین کە تایبەتن بەم پیتانەوە و لە "إشارات الإعجـــاز"دا باس کراون.

* * *

ئێستاش چەند ئاماژەیەك بۆ شێوازەکانی قورئانی پیرۆز دەکەین لە ڕووی: (سوورەت و، ئامانج و، ئایەت و، گوفتار و، وشەکانیەوە):

○ بۆ نموونە:

گەر بە وردی سەرنج لە سوورەتی "النبأ": ﴿عَـــمَّ يَتَســـاءلُونَ﴾ تا کۆتایی سوورەتەکە بدرێت، ئەوا دەردەکەوێت کە: وەصفی ئەحواڵی دواڕۆژ و حەشر و بەهەشت و دۆزەخ دەکات و، بە شێوازێك دەیانچەسپێنێت کە دڵنیایی و قەناعەت بە دڵان ببەخشێت. چونکە دەریدەخات کە هەرچی کاروباری خوایی و ئاسەواری پەروەردگاری لەم دنیایەدا هەن، ڕوویان لە حاڵەت و بارودۆخەکانی ئەودنیایە.

جا لەبەر ئەوەی ڕوونکردنەوەی شێوازی سەرانسەری سوورەتەکە درێژە دەکێشێت، ئەوا تەنها ئاماژە بۆ یەك دوو خاڵی دەکەین:

ئەم سوورەتە لە سەرەتاوە بۆ مەبەستی چەسپاندنی ڕۆژی قیامەت دەفەرموێ:

زەویمان بۆ کردوون بە لانك و وەك ڕایەخێکی جوان و ڕەنگین بۆمان ڕاخستوون و.. چیاکانیشمان بە وێنەی ستوون و مێخ بۆ داکوتاون و پڕمان کردوون لە چەندەها گەنجینەی پێویست بۆ ژیان و خانە و لانە و نیشتەجێ کانتان.. ئێوەشمان بە نێر و مێ و هاوسەری یەکتر بەدی هێناوە بە چەشنێ کە یەکترتان خۆش دەوێت و دڵتان بە یەکتری دەکرێتەوە..

---

(١) نووسەر باسێکی گەلێ ورد و ناوازەی لەم بارەیەوە نووسیوە. بڕوانە بۆ کتێبی: "اشارات الاعجـــاز" ص ٥٠-٥٥ی چاپەکەی بەغدا، ص٤١-٤٤ی چاپە تازەکەی ئەستەمبووڵ و قاهیرە، ص ٣١-٣٦ی چاپە تازەکانی تری پێش ئەم دوو چاپە. (وەرگێڕ)

شەویشمان وەك پەردە بەسەرتاندا داداوەتەوە تاكو تیایدا بحەوێنەوە و.. ڕۆژیشمان بۆ كردوون بە مەیدانی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆزی و گوزەرانتان و.. خۆریشمان بە وێنەی چرایەكی ڕووناكیبەخش و ئاگردانێكی گەرموگوڕ بۆ داگیرساندوون و.. لە هەورەكانیشەوە وەك كانیاو ئاوێكی ژیانبەخشمان بۆ باراندوون و.. لە ئاوێكی سادەش - بەوپەڕی ئاسانی - چەندین گوڵ و بەروبوومی جۆراوجۆرتان بۆ دروست دەكەین كە ڕزق و ڕۆزیی ئێوەیان هەڵگرتووە..

كەواتە ڕۆژی "فصل" - كە قیامەتە - چاوەڕێتانە و، هێنانی ئەو ڕۆژە بۆ توانستی ئێمە كە ئەم كارانە دەكەین، كارێكی گەلێ ئاسانە.

دوای ئەمە، ئاماژەیەكی پەنهانیش بۆ چەسپاندنی ئەو كارانە دەكات كە لە قیامەتدا ڕوو دەدەن، وەك:

ڕۆشتن و وردوخاشبوونی چیاكان و.. درزتێبوون و لەتبوونی ئاسمانەكان و.. خۆ ئامادەكردنی دۆزەخ و.. بەخشینی باخچە ڕەنگینەكانی بەهەشتیش بە دانیشتووانی. وەك ئەوەی بڵێت: ئەو كەسەی لە بەرچاوی خۆتاندا ئەم هەموو كارانە لە چیاكان و گۆی زەویدا ڕادەپەڕێنێت، بە هەمان جۆر لە دواڕۆژیشدا كاری ئاوا ئەنجام دەدات.

ئەوەتا باس كردنی چیاكان لە سەرەتای سوورەتەكەدا ئاماژە بۆ بارودۆخی چیاكان دەكات لە دواڕۆژدا و، ئەو باخچانەش كە لە پێشەكیی سوورەتەكەدا هەن ئاماژە بۆ باخچەكانی بەهەشت دەكەن لەو دنیادا.

بۆ خۆت خاڵەكانی تر لەسەر ئەمەی باس كرا قیاس بكە، تاكو بەرزی و مەودای ناسك و نیانیی شێوازی قورئانت بۆ دەربكەوێت.

○ نموونەیەكی تر:

﴿قُلِ اللَّهُمَّ مالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتـي الْمُلْكَ مَنْ تَشاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ انَّكَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ ۞ تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهارِ وَتُولِجُ النَّهارَ في اللَّيلِ وَتُخرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَنْ تَشاءُ بِغَيْرِ حِسابٍ﴾(آل‌عمران:٢٦-٢٧).

ئەم ئایەتە بە شێوازێكی بەرز و بڵند: كاروبارەكانی خواوەند لە گرۆی ئادەمیزاددا و.. درەوشانەوە خواییەكان لە بەدوای یەكدا هاتنی شەو و ڕۆژدا و.. تەسەرروفاتە پەروەردگارییەكان لە وەرزەكانی ساڵدا و.. كاربەڕێكردنەكانی پەروەردگار لە: ژیان و مردن و حەشر و نەشری دنیایی ڕووی زەویدا، دەردەخات.

ئەم شێوازە هێندە بەرز و ناوازەیە كە ژیریی كەسانی هۆشمەند و زیرەك بۆ تێرامان و بیركردنەوە ڕاپێچ دەكات.

جا لەبەر ئـەوەی ئـەم شێوازە بەرزە هێـندە ڕوون و درەخشانە کە بە کەمترین ڕوانین و سەرنجدان دەردەکەوێت، ئەوا ئێستا دەرگای ئەو گەنجینەیە ناکەینەوە.

○ نموونەیەکی تر:

﴿اذا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ ۞ وَاَذِنَتْ لِرَبِّها وَحُقَّتْ ۞ وَاذا الأرْضُ مُدَّتْ ۞ وَاَلْقَتْ ما فيـــها وَتَخَلَّتْ ۞ وَاَذِنَتْ لِرَبِّها وَحُقَّتْ﴾(الإنشقاق:١-٥).

ئەم ئایەتانە بە شێوازێکی بەرز و بڵند مەودای گوێڕایەڵی و ملکەچیی ئاسمانەکان و زەوی بۆ فەرمانەکانی خواوەند دەردەخەن..

چونکە هــەروەك سـەرکردەیەکی مـەزن بـۆ ڕاپـەڕاندنی داخوازییـەکانی کاروبـاری "جیهاد" دوو فەرمانگـەی سـەربازی دادەمـەزرێنێت، وەك فەرمانگـەکانی مەشق و جیهاد و، فەرمانگـەکانی تـەجنید و جـەم‌کردنی موجـاهیدان.. پاشـان هـەر ئـەوەندەی کـاتی مەشـق و جیهاد کۆتایی پێ دێت، ئەو دوو فەرمانگەیەی کـە ئـەرکی سەرشـانیان تـەواو بـووە لـە چـەند کـــاروبارێکی تردا دەخاتە کار. وەك بڵێی لەم کاتەدا هەریـەك لـــەم دوو جۆرە فەرمانگانـە، چ بـە زمـانی کارمـەند و خزمـەتگوزارەکانیان و، چ بـە زمـانی خۆیـان - گـەر بدوێـن - بـەو سـەرکردەیەیان دەڵێـن: (ئـەی پێشـەوای مـەزنمان! کـەمێك مۆڵـەتمان بـدە بـا خۆمـان ئامـادە بکـەین‌و بارودۆخـمان بسـازێنین و ئـەم شـوێنە لـە پاشمـاوەی کارەکـانی پێشـوومان خـاوێن بکەینەوە و ئـەم پاشماوانـە فڕێدەینـە دەرەوە.. ئنجـا بـە فـەرمانی خـۆت شـەرەفمەندمان بکـە). پاشـان هەریەکە لـەو دوو چەشنە فەرمانگانـە دەڵێـن: (وا ئێسـتا ئـەو پاشماوانـەمان فڕێدایـە دەرەوە و، ئێســـتا ئامـــادە و ملکــەچی فەرمانـــەکانتین، چ کارێکمـــان پـــێ دەســـپێریت گوێڕایەڵین، هەرکارێك تۆ بیکەیت ڕەوا و خێر و جوانە).

هەروەك ئەم نموونەیە ئاوایە، ئاسمانـەکان و زەویـش بـە هـەمان جـۆرن، دوو فەرمانگـەن بۆ "تەکلیف" و "تـاقی‌کردنەوە" دامەزرێنراون. جا هەرکات ماوەی کارەکـەیان تـەواو دەبێـت، بە فەرمانی خـوای گـەورە خۆیـان لـە هـەموو ئـەو شتانە خـاڵی و بـەتاڵ دەکـەنەوە کـە سـەر بـە فەرمانگەی "تەکلیف"ن و، دەڵێن: ئـەی پـەروەردگارمان لـە چ کـارێك‌دا دەتـەوێت فـەرموو بەکارمـان بهێنە، چونکە گوێڕایەڵی‌کردنت حەقێکی واجبە لـە سـەرمان و، هـەرکارێك کـە تۆ دەیکەیت سەرتاپا حەق و ڕەوایە.

دەسا فەرموو بە وردی سەیری ئەم شێوازە دەراسایەی ئەم ڕستانە بکە.

○ نموونەیەکی تر:

﴿يا اَرْضُ ابْلَعِي ماءكِ وَيا سَماءُ اَقْلِعِي وَغيضَ الْماءُ وَقُضِيَ الاَمْرُ واسْتَوَتْ عَلى الْجُـــودِيِّ وَقيلَ بُعْداً لِلْقَوْمِ الظَّالِمينَ﴾(هود:٤٤).

وا بەم شـێوەیەی خـوارەوە و لـە ئاوێنـەی نموونەهێنانـەوەدا ئامـاژە بـۆ دڵۆپێـك لـە دەریـای ڕەوانبێژیی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەکەین، تاکو شێوازێکی ڕوون بکەینەوە:

هەروەك سەركردەیەكی مەزن لـە جەنگێكی گشتی و جیهانیدا و پاش بەدەستهێنانی سەركەوتن، فەرمان بۆ سوپایەكی دەردەكات و دەڵێت: "چیتر تەقە مەكەن".. بە سوپاكەی دیكەی دەڵێت: (هێرش ڕابگرن). جا لـەو كاتـەدا كە تەقە و هێرش ڕادەوەستێت، ڕوویان تێدەكـات و پێیـان دەڵێـت: (هـەموو شـتێك كۆتـایی پێهـات و، بەسـەر دوژمنـاندا سەركەوتین و، ئاڵای خۆمان بەسەر لووتكەی قەڵاكانیاندا هـەڵكرد و، ئـەو ستەمكار و خراپكارانەش بە سزای خۆیان گەیشتن و ملیان شكاند)!

بە هەمان جۆر، ئەو پادشایەش كـە هـەرگیز دژ و نـەیار و هاووێنـەی نییـە، فـەرمانی لەناوبردنی قەومی نووحی بۆ ئاسمانەكان و زەوی دەركردووە. ئەوانیش كە فەرمانەكەیان جێبەجێ كـرد، ئەم پادشایە ڕووی تێكردن و فەرمووی: (ئەی زەوی! ئاوەكـەت قـووت بدەو، تۆش ئەی ئاسمان! دەست لە باران هەڵگرە و هێور بەرەوە، چونكـە ئەركی سەرشانتان كۆتایی پێ هات). یەكسەر دوای ئەم فەرمانە ئاوەكە كشایە دواوە و كەشتیی كـارگوزاری "ئیلاهی"ش بە وێنەی خێوەتـی هەڵدراو لەسەر چیایەك نیشتەوە و ستەمكارانیش بە سزای خۆیان گەیشتن!

دەسا فـەرموو سەیری بڵندیی ئەم شێوازە بكە، ئـەوەتا زەوی و ئاسمـان بـە وێنـەی دوو سەربازی گوێڕایەڵ و ملكەچی فەرمانەكان، دەردەخات!

ئەم ئایەتە پیرۆزە، بەم شێوازەی، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـات كـە بوونـەوەران و ئاسمانـەكان و زەوی ڕقیان لە بێ گوێیی و ملنەدانی مرۆڤە. بەم ئاماژەیەشی دەفەرموێ: (ئـەو كەسـەی كە ئاسمانـەكان و زەوی فەرمانبەردار و گوێڕایـەڵی فەرمانەكانی بـن، نابـێ گوێڕایـەڵیی بـۆ نەكرێ) دیارە ئەمەش سەرزەنشـتێكی توندە بۆ مرۆڤ و، ڕێنماییە بۆی، تا لـەو ملنەدانە ڕزگاری بكات.

دەبینیت ئەم ئایەتە پیرۆزە بە باس و لێدوانێكی پوختـی جوانی خـاوەن ئیعجـاز و بە چەند ڕستەیەكی كـەم، ڕووداوی ئـەو تۆفانـەی كە گشـتی و هەمەلایەنـە بـووە، هـاودەم لەگـەڵ سەرجەم ئەنجام و ڕاستییەكانیدا، كۆكردووەتەوە.

بۆ خۆت دڵۆپەكانی تری ئەم دەریایە، لەسەر ئەم دڵۆپە قیاس بكە.

ئێسـتاش بۆ ئـەو شێوازە بڕوانە كـە قورئـانی پیرۆز لـە پەنجـەرەی وشـەكانیەوە پیشـانی دەدات:

○ بۆ نموونە:

سەیری وشەی: ﴿كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ﴾ بكە لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ﴾دا (یس:٣٩) با بزانیت كە چۆن شێوازێكی لەوپەڕی ناسكیدا پێشچاو دەخات، چونكە:

"مانگ" مەنزلێكی تایبەتیی خۆی هەیە كە بازنەی "ثُرَیّـا"یـە. جـا كـاتێك كـە مـانگ لـەو مەنزلەدا وەكو دەمەداس (هلالي) دەبێت، ئەوا شێوەی لە پەلی وشكی دارخورما دەچێت كە گەڵاكانی لـێ كرابێتەوە و ڕەنگی سپی بنوێنێت..

ئەم ئایەتە پیرۆزە، بەم تەشبیهەی باس كرا، وا دەخاتە پێش‌چاوی ئەندێشەی بیسەر كـە: لـە پشـت پـەردەی ئاسمانی شینەوە درەختێـك هـەبێت یـەكێك لـە پەلـە نوورانـی و سـپی و نووك‌تیژەكانی ئەو پەردەیەی دڕیبێت و سەری لـێ هێنابێتە دەرەوە و، "ثُریـــــا"ش وەك هێشوویەكی هەڵواسـراوی ئـەو درەختـە وابێـت و، ئەسـتێرەكانی تریـش وەك بەروبوومـە نوورانییەكانی تری وابن!

بێ گومان باس كردنی "هیـلال" بـەم تەشبیهە بـۆ كەسانێك كـە سـەرچاوەی گـوزەران و زۆربـەی بژێویـان لەسـەر دارخورمـا بێـت، لەوپـەڕی جوانـی و ناســكی و گونجـاوی و بڵندی‌دایە. گەر خاوەنی چێژی ناسك و هەستیار بێت، پەی بەمە دەبەیت.

○ نموونەیەكی تر:

وشەی: ﴿تَجْرِي﴾ لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَالشَّمْسُ تَجْـرِي لِمُسْـتَقَرٍّ لَهَـــا﴾(یـس: ٣٨) پەنجـەرەی شـێوازێكی بـەرز و بڵنـد دەخاتـە سەرپشـت، وەك لـە كۆتـایی وتـەی نۆزدەهـەمدا چەسپێنراوە. چونكە:

وشـەی: ﴿تَجْـرِي﴾ كـە واتـای سـووڕانەوەی خـۆر دەگەیـەنێت، بـە یادخسـتنەوەی هەڵس‌وكەوتە ڕێك‌وپێكەكانی توانستی خواوەند لە سووڕانەوەی هاوین و زسـتان و بـەدوای یـەكدا هـاتنی شـەو و ڕۆژدا، مـەزنیی كردگـاری شكۆمەندمان تێ دەگەیـەنێت و، سـەرنجی خـەڵكیش بۆ لای ئەو نووسراوە صەمەدانی‌یانە ڕادەكێشێت كە قەڵـەمی توانسـتی خـوای گەورە لەسەر لاپەڕەی وەرزەكـاندا نووسـیونی. بەمـەش خـەڵكی لـە حیكمـەتی بەدیهێنـەری شكۆمەند شارەزا دەكات.

هەروەها كە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِراجاً﴾(نوح:١٦) واتە: (خـۆری وەك چرا لـێ كردووە)، بە دەستەواژەی ﴿سِـراجاً﴾ پەنجەرەیـەك لەسـەر ئـەم چەشـنە شـێوازە دەكاتەوە. چونكە:

ئەم شێوازە ئەوە دەخاتەوە یادی ئادەمیزاد كە ئەم جیهانە وەك كۆشـكێك وایـە و، شـمەك و خواردەمەنی و ئارایشتەكانی ناویشی بۆ مرۆڤ و گیانلەبـەران ئامـادە كـراون و، "خـۆر"یـش لەم كۆشكەدا وەك چرایەكی داگیرساوی ملكەچ و دەستەمۆ وایە..

قورئانی پیرۆز، بەم شێوازە، مرۆڤ لە گەورەیی و چاكەكاریی بەدیهێنەر تێ‌دەگەیەنێت‌و، بەڵگەیەكی لەسـەر "تـەوحید" پێش‌چاو دەخـات. چونكە ئەو خۆرەی كـە موشـریكان لـەو گومانـەدان مـەزنترین و درەوشـاوەترینی پەرسـتراوەكانیانە، لـە ڕاسـتی‌دا جگـە لـە چرایـەكی ملكەچ و بەدیهاتوویەكی بێ گیان، هیچی‌تر نی‌یە.

کەواتە بەکارهێنانی وشەی: ﴿سِرَاجاً﴾ لەم دەربڕینەدا، مرۆڤ بۆ سۆز و بەزەیی بەدیهێنەر لە نێوان گەورەیی پەروەردگارییەکەیدا بێدار دەکاتەوە و، چاکەکارییەکانی ئەو خواوەندەش لە نێوان فراوانیی میهرەبانییەکەیدا لە مرۆڤ دەگەیەنێت و، وایان لێ دەکات هەست بەو سەخاوەتمەندییەی خواوەند بکەن کە لە ناوەندی گەورەیی دەستەڵاتی ئەودا هەیە و، بەم هەستپێکردنەش "وەحدانییەت"یان تێدەگەیەنێت. وەك ئەوەی پێیان بڵێت: چرایەکی ملکەچ و بێ گیان، هەرگیزاوهەرگیز شایستەی پەرستن نییە!

پاشان باسکردنی جووڵەی "خۆر" بە دەستەواژەی: ﴿تَجْرِي﴾ گەلێ هەڵسوکەوتی ڕێكوپێك و سەرسووڕهێنی لەمەڕ: سووڕان و نوێبوونەوەی زستان و هاوین و شەو و ڕۆژ یاد دەخاتەوە و، بەم یادخستنەوەیەش گەورەیی توانستی ئەو کردگارەمان تێدەگەیەنێت کە تاك و بێهاوتایە لە پەروەردگارێتیی خۆیدا.

بەو واتایەی کە ئەم دەستەواژەیە زەینی مرۆڤ لە خۆر و مانگەوە دەگوێزێتەوە بۆ لاپەڕەکانی شەو و ڕۆژ و زستان و هاوین، لەمەشەوە سەرنجی بۆ لای دێڕەکانی ئەو ڕووداوانە ڕادەکێشێت کە لەسەر ئەو لاپەڕانەدا نووسراون.

بەڵێ، قورئان لەبەر خودی "خۆر" لە خۆر نادوێت، بەڵکو لەبەر ئەو کەسەی کە ڕووناکیی داوەتێ و کردوویەتی بە چرا، لێی دەدوێت.. هەروەها لە ماهییەتی خۆر ناکۆڵێتەوە کە مرۆڤ پێویستی پێی نییە، بەڵکو لە بارەی فەرمانبەرییەکەی دەکۆڵێتەوە کە لەوەدایە ئەرکی زەمبەلەکی خراوەتە ئەستۆ بۆ ڕێكخستنی سنعەتی پەروەردگار و، کراوە بە مەڵبەندێك بۆ ڕێسای بەدیهاتووانی و، قوڕمیشێك بۆ لەگەڵ یەكسازاندنی سنعەتەکانی، لەو شتانەدا کە وێنەکێشی ئەزەلی بە تاڵ و دەزووی شەو و ڕۆژ دەیانچنێت.

دەتوانیت بۆ خۆت وشەکانی تری قورئان بۆ سەر ئەمانە قیاس بکەیت. چونکە هەرچەند وشەکانی بە ڕواڵەت وەك وشەی لەگەڵڕاهاتووی ئاسایی لە بەرچاودا دەنوێنن، کەچی لە ڕاستیدا هەریەکەیان ئەرکی چەند کلیلێکیان خراوەتە ئەستۆ بۆ کردنەوەی گەنجینەکانی گەلێ واتای ناسك و نیان.

بەم جۆرە و لەبەر بلندیی شێوازی قورئانە وەك لە زۆربەی ئەم ڕووانەی پێشوودا دەرکەوت کە جاری وا بووە عەرەبێکی دەشتەکی شەیدای گوفتارێکی ئەم قورئانە دەبوو و، پێش ئەوەی ئیمان بهێنێت سوژدەی دەبرد! وەك دەگێڕنەوە کە یەکێك لەو دەشتەکییانە هەر کە ئایەتی پیرۆزی: ﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ﴾(الحجر:٩٤) بەرگوێی کەوتووە، یەکسەر سەری سوژدەی لە زەوی ناوە، کە لێیان پرسیوە: ئایا موسڵمان بوویت؟ وتوویەتی: نەخێر، بەڵام سوژدەم بۆ ڕەوانبێژیی ئەم گوفتارە برد!

● **خاڵی چوارەم:**

زمانپاراوی(فصاحة)ی دەراسای "وشەکانی" قورئان.

بەڵێ، هەروەك قورئانی پیرۆز لە ڕووی شێواز و دەربڕینی واتاکانیەوە دارای "ڕەوانبێژی"یەکی دەراسا و بێ وێنەیە، لە وشەکانیشیدا لەوپەڕی ڕەوانی و "زمانپاراوی"دایە. بەڵگەی گومانبڕیش لەسەر زمانپاراویی وشەکانی قورئان ئەوەیە کە هەرچەندە بیانخوێنیتەوە و لەگەڵیاندا مامەڵە بکەیت هێشتا هەر لێیان بێزار نابیت، هەروەك شایەتیی زانایانی زانستەکانی "گوزارەکاری و ڕەوانکاری"(المعاني والبیان)یش بەڵگەیەکی درەخشانن لەسەر حیکمەتی زمانپاراویی وشەکانی قورئان.

بەڵێ، گەر هەزاران جاریش قورئان دووپات بکرێتەوە، هێشتا هەر مرۆڤ بێزار ناکات، بەڵکو بەو دووپاتبوونەوەیە پتر چێژ و شیرینیی قورئان دەچێژێت. تەنانەت زەینی منداڵی بچووکیش ئەم قورئانە پیرۆزەی بەلاوە گران نییە، ئەوەتا بەوپەڕی ئاسانی دەتوانێت لەبەری بکات! خۆ ئەو کەسەش کە بە دەردێکی سەختەوە گیرۆدە بووە و لە هەموو قسە و گوفتارێکی تەنانەت سووکەڵە و کەمیش بێزار دەبێت، هەرگیز لە بیستنی ئەم قورئانە بێزار نابێت، بەڵکو لەزەتێکی تایبەتیی لێ دەچێژێت. سەبارەت بەو کەسەش کە لە سەرەمەرگدایە و لە هەموو شتێك بێزارە، ئەوا بە وێنەی سازگاریی ئاوی زەمزەم لە دەمدا، ئەم قورئانەی لە لا شیرینە و بە مێشك و گوێی ئاشنا و سازگارە.

حیکمەتی بێزار نەبوونی مرۆڤ لە قورئانی پیرۆز، لەوەدایە کە:

قورئانی پیرۆز خۆراك و بژێوی "دڵان" و.. هێز و خواستی "ژیرییەکان" و.. ڕووناکیی و ئاوی "گیانەکان" و.. دەرمان و شیفای "دەروونەکان"ە. کەواتە هەرگیز نابێزرێت و وەکو نان وایە کە ڕۆژانە دەیخۆین و لێی بێزار نابین، لە کاتێکدا کە ئەگەر ڕۆژانە خۆشترین میوە بخۆین، لە ئەنجامدا لێی بێزار دەبین و لە بەرچاومان دەکەوێت!

واتە لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز: حەق و، حەقیقەت و، ڕاستی و، هیدایەتە و، خاوەنی زمانپاراویی دەراسایە، ئەوا هەرگیز بێزاری بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو هەمیشە پارێزگاریی جوانی و لاویی خۆی دەکات بە وێنەی پارێزگاری کردنی شیرینی و پاراوییەکەی. تەنانەت کاتێ کە یەکێك لە سەرکردە و ڕەوانگۆیانی قورەیش بۆ بیستنی قورئان ڕۆشتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ویستی بزانێت ئەم قورئانە چییە، دوای بیستنی هاتەوە و، وتی: (بە خوا تامی ئەم قورئانە شیرینە و، جوانیی پێوە دیارە و، هەرگیز گوفتاری مرۆڤ نییە). پاشان بە قەومەکەی خۆی وت: (بە خوا کەستان تێدا نییە وەکو من شارەزای شیعری ئادەمیزاد و جینئی بێت، بە خوا ئەوەی ئەو دەیڵێت هەرگیز لەمانە ناچێت)! بۆیە هیچ ڕێگا چارەیەکیان لە بەردەمدا نەمایەوە مەگەر ئەوەی کە بە پێغەمبەر ﷺ بڵێن: کابرایەکی ساحیرە. تاکو بەم فێڵە شوێن کەوتووانیان لەخشتە بەرن و لە پێغەمبەر ﷺ دووریان بخەنەوە!

بەم جۆرە سەرسەختترینی دوژمنانیش لە بەردەم زمانپاراویی قورئاندا، حەپەسان و واقیان ورما و دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو!

ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی "زمانپاراوی" لە ئایەت و گوفتار و ڕستەکانی قورئانی پیرۆزدا، گەلێ درێژە دەکێشێت. جا لەبەر ئەوەی درێژەی پێنەدەین، ئەوا بۆ نموونە بریسکەیەکی ئیعجاز پیشان دەدەین کە لە بارودۆخ و چۆنێتیی پیتە هیجائیەکانی تەنها یەك ئایەتەوە دەبریسکێتەوە، کە بریتی‌یە لە ئایەتی:

﴿ثُمَّ اَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِ الْغَمِّ اَمَنَةً نُعاساً يَغْشى طائِفَةً مِنْكُمْ وَطائِفَةٌ قَدْ اَهَمَّتْهُمْ اَنْفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَنا مِنَ الاَمْرِ مِنْ شَيْءٍ قُلْ اِنَّ الاَمْرَ كُلَّهُ للهِ يُخْفُونَ في اَنْفُسِهِمْ ما لا يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كانَ لَنا مِنَ الاَمْرِ شَيْءٌ مَا قُتِلْنا هٰهُنا قُلْ لَوْ كُنْتُمْ في بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذينَ كُتِبَ عَلَيهِمُ الْقَتْلُ اِلى مَضاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللهُ ما في صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ ما في قُلُوبِكُمْ واللهُ عَليمٌ بِذاتِ الصُّدُورِ﴾(آل عمران:١٥٤).

ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو پیتەکانی "هجاء" و جۆر و ڕەگەزی پیتە قورسەکانی لە خۆدا کۆکردووەتەوە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ڕەوانیی خۆی لەدەست نەداوە! بەڵکو سەرباری جوانیی خۆی، پتر جوانیی پێبەخشیوە و ئاوازێکی زمانپاراویشی ئاوێتە کردووە کە لە چەند ژێ(أوتار)یەکی گونجاوی جۆراوجۆرەوە هەڵقوڵاوە..

فەرموو بە وردی سەیری ئەو بریسکەی ئیعجازە بکە:

"ئەلف" و "یاء" لەبەر ئەوەی سووکترینی پیتە هیجائی‌یەکانن و بە وێنەی دوو دانە برا جارجار لەگەڵ یەکتری‌دا جێ دەگۆڕنەوە، ئەوا هەریەکەیان بیست و یەك جار لەم ئایەتەدا دووپات بوونەتەوە.. ئنجا لەبەر ئەوەی "میم" و "نوون"[(١)]یش برای یەکترین و دەکرێ لە جێی یەکتردا دابنیشن، ئەوا هەر یەکەیان سی‌وسێ‌جار دووپات بوونەتەوە.. پاشان "صاد" و "سین" و "شین" بەپێی مەخرەج و سیفەت و دەنگ، برای یەکترین، دەبینی هەریەکەیان سێ‌جار لەم ئایەتەدا بەکارهێنراون.. "عەین"و "غەین"یش کە برای یەکترین دەبینی یەکەمیان کە پیتی "عەین"ە شەش‌جار دووپات بووەتەوە چونکە بەکارهێنانی لەسەر زماندا سووکە، کەچی پیتی "غەین" لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی قورسە سێ‌جار واتە نیوەی براکەی بەکار هاتووە. "تاء" و "ظاء" و "ذال" و "زای" لە ڕووی مەخرەج و سیفەت و دەنگەوە، برای یەکترین، بۆیە هەموو یەکێکیان دوو جار بەکارهێنراون.. "لام" و "ئەلف"یش کە لە شێوەی "لا"دا یەك دەگرن، بەشی "ئەلف" نیوەی بەشی "لام" دەبێت، بۆیە لەم ئایەتەدا چل و دوو جار "لام" بەکار هێنراوە، کەچی "ئەلف" بە نیوەی ئەو: بیست‌ویەك جار بەکار

---

(١) "تەنوین"یش هەر نوونە . (دانەر)

هێنـراوه.. "هـەمزه" و "هـاء"یش بەپێی مەخرەج برای یەکترن، دەبینـی "هـەمزه" سیازده جار[1] و "هاء"یش لەبەر ئەوەی بە یەك پلە لەو سـووکتره چوارده جار دووپات بوونەتەوه..
"قاف" و "فاء" و "کاف"یش بران، جا لەبەر ئەوەی "قاف" نوختەیەکی زیاتره ئەوا ده جار، کەچێ "فاء" و "کاف" یەکی نۆ جار بەکار هاتوون.. "باء"یش نۆ جار و "تاء"یش دوازده جار بەکار هاتووه چونکه سێ پلەی هەیه.. خۆ "ڕاء"یش برای "لام"ه کەچی بەپێی حسابی "ئەبجەدی"، "ڕاء" دووسەده و "لام"یش سی، واته "ڕاء" بە شەش پلـه لـه سەرووی لامەوەیه، ... ه لـێرەدا بە شەش پلە لـەو خوارتـره، هـەروەها "ڕاء" گەلـێ جار لـه قسه و گوفتـاردا وپات دەبێتەوه و ڕەزای گـران دەبێت بۆیه تەنـها شـەش جـار بەکار هـاتووه.. "خـاء" و "حاء" و "ثاء" و "ضاد" لەسەر زماندا قورسن و پەیوەندیشیان لـه نێواندا هەیه، بۆیه هـەر یەکەیان یەك جار بەکار هێنراوه.. ئنجا لەبەر ئەوەی "واو" لـه "هاء" و "هـەمزه" سـووکتر و له "یاء" و "ئەلف"یش قورس‌تره، ئەوا حەڤده جار، واته چوار پلە لـه سەرووی "هـەمزەی ئەقیله" و چوار پلەش له خوار "ئەلفی خەفیفه"وه بەکار هێنراوه.

جا ئەم پیتانه، بەم بارودۆخه ڕێك‌وپێکه دەراسا و، پەیوەندی‌یە نادیارانه و، لەگەڵ ئەو ڕێك‌وپێکی‌یە جوان و ڕێسا ورد و پێکەوه گونجانه ناسکەدا، بە دڵنیایی‌یەکی بێ گومانی چەشنی: دوو کەڕەت دوو دەکاته چوار، دەیچەسپێنێت کە کاری مرۆڤ نی‌یه و هەرگیز ئادەمیزاد ناتوانێت ئەنجامی بدات. خۆ مەحاڵیشه "ڕێکەوت" سەر لـه وردەکاریی ئاوا دەربکات و یاریی پێ بکات!

جا هـەروەك ئەم ڕێك‌وپێکی‌یە سەرسووڕهێن و ڕێسا نامۆیەی بارودۆخی ئەم پیتـانه، مایەی زمانپاراوی و ڕەوانیـی وشـەکانی ئـەم ئایەتـەن، دەگونجـێ جگـه لەمانـه، گەلـێ حیکمەتی تریشیان تێدا بێت.

جا مادەم ئەم ڕێك‌وپێکی‌یە لـەم وشانەدا هەیه، ئەوا بێ گومان ڕێك‌خستنێکی پـڕ لـه نهێنی‌و گونجاندنێکی ڕووناکی ئەوتۆ له وشه و ڕسته و واتاکانی‌دا ڕەچاو کراوه، کـه ئەگەر چاو بتوانێت بیبینێت له سەرسووڕماندا دەڵێت: "ماشـاء الله" و، گەر "عـەقڵ"یش بتوانێت پەیی پێ ببات ئەوا له حەپەساندا دەڵێت: "بارك الله"!

● **خاڵی پێنجەم:**

تەواویی ڕەوانکاری(براعة البیان).

واتـه: تەفەووق و مەحکەمی و سام و هەیبـەت. چونکـه هـەروەك پـاراوی لـه هۆنینـی قورئـاندا و، فەصاحـەتیش لـه وشـەکانی‌دا و، ڕەوانبێـژی لـه واتاکـانی‌دا و، نـاوازەیی لـه شێوازی‌دا هەیه.. به هەمان جۆر تەواوی‌یەکی له ڕادەبەدەر له "ڕەوانکاری"یشی‌دا هەیه.

---

(1) ئەو هەمزەیەی کە تەلەففوز دەکرێت و ئەوەش ناکرێت بیست و پێنج جاره و، سێ پله لە سەرووی براکەیەوەیه که "ئەلفی ساکینه"یه. چونکه "حەرەکه" سیانن. (دانەر)

بەڵێ، "بەیان"ی قورئان لە بەرزترین پلـەی چینەکانی ئاخاوتن و بەشەکانی گوفتاردایە، چەشنی: تەرغیب و تەرهیب، مەدح و ذەم، ئیثبات و ئیرشاد، ئیفهام و ئیفحام.

سوورەتی: "الإنسان" نموونەیەکی نێوان هەزارانی مەقامی "تەرغیب و تەشویق"ە، چونکە "بەیان"ی قورئان لـەم سوورەتەدا: ڕەوان و بەخورە وەك سەلسەبیل و.. بەتامە وەك میوەی بەهەشت و.. جوانە وەك پۆشاکی "حور العین"[١].

پێشەکیی سوورەتی "الغاشیة"ش یەکێکە لـە نموونە بێ‌سنوورەکانی مـەقامی "تـەرهیب و تـەهدید"! چونکـە "بـەیان"ی قورئـان لـەم سـوورەتەدا بـە وێنـەی کاریگـەریی قورقوشمـی بەکوڵـهاتوو لـە گوێـی گومڕایـان و.. بڵێسـەی ئـاگر لـەناو ژێری‌یـاندا و.. زەقـووم لـە گـەرووییاندا و.. گڕەی دۆزەخ لـە ڕوویـاندا و.. "ضَریـــع"ی دڕ کـاویش لـە سـکیاندا.. کاریگەریی هەیە!

بـەڵێ، لـە کـاتێکدا دۆزەخـی کارمـەندی سزادان، نزیـك بێ لـە ڕقدا شـــەق بـەرێت: ﴿تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ﴾.. دەبێ هەڕەشـەی ئـەو کەسـە چۆن بێـت کـە فـەرمانی سزادانی بۆ دەرکردووە؟!

هەروەها ئەو پێنج سوورەتەش کە بە ﴿اَلْحَمْـدُ لله﴾ دەسـت پێ‌دەکـەن، یـەك لـە هـەزارانی نموونەی مەقامی "مەدح"ن.

چونکـە "بــەیان"ی قورئــان لـــەم ســـوورەتانەدا: وەك خـــۆر درەخشـــــان و[٢].. وەك ئەستێرەکان ڕازاوە و.. وەك ئاسمانەکان و زەوی بەسام و.. وەك مەلائیکـەت خۆشەویست و مەئنوس و.. وەك بەزەیی‌هاتنەوەی مرۆڤ بە ساوایان لـەم دنیایـەدا ناسك و.. بە وێنـەی بەهەشتی نەرم و نیانی ئەو دنیاش.. جوان و ڕازاوەیە!

ئەم ئایەتەی خوارەوەش، یەك لە هەزارانی نموونەی مەقامی "ذەم و زەجر"ە:

﴿اَيُحِبُّ اَحَدُكُمْ اَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ اَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ﴾(الحجرات:١٢).

ئـەم ئایەتـە پیرۆزە، لـە شـەش پلـەدا، نـەهی لـە "غەیبـەت" دەکـات و، بـە سەرزەنشـتێکی توندوتیژ مرۆڤی لـێ دوور دەخاتەوە.

جا مادەم ڕووی گوفتار لـەم ئایەتـەدا ئاراستەی غەیبـەتکاران کـراوە، ئـەوا واتاکـەی بـەم جۆرە دەبێـت:

ئەو "هەمزە"یەی کە لـە سـەرەتادایە بۆ "ئیسـتیفهامی ئینکـاری"یـە، چونکـە حوکمی ئـەم ئیستیفهامە وەك لافـاو دەڕژێتـە نـاو سـەرجەم وشەکانی ئـەم ئایەتـەی کـە هـەموو یـەکێك لـە وشەکانی حوکمێکی لەخۆ گرتووە..

---

(١) ئەم شێوازە پۆشاکی واتاکانی خودی سورەتەکەی پۆشیوە! (دانەر)

(٢) ئەم دەستەواژانە ئاماژەن بۆ بابەتەکانی ئەو سوورەتانە. (دانەر)

ئەوەتا ئەم ئایەتە پیرۆزە لە وشەی یەکەمدا بە "هەمزە" ڕووی گوفتار دەکاتە ئادەمیزاد و پێیان دەفەرموێ:

ئایا ئێوە خاوەنی "ژیری" نین – کە جێی لێپرسینەوەیە تا لەم کارە چەپەڵە تێ بگات؟

لە وشەی دووهەمیش‌دا: ﴿أَيُحِبُّ﴾ بە "هەمزە" پێیان دەفەرموێ:

ئایا ئێوە "دڵ"تان – کە جێی ڕق و خۆشەویستی‌یە – سەری لێ شێواوە، کە وای لێ هاتووە بێزراوترین شتی پێ‌خۆشە و بسلّی لێ ناکاتەوە؟

هەر بە "هەمزە" لە وشەی سێ‌هەمیش‌دا: ﴿أَحَدُكُمْ﴾ پێیان دەفەرموێ:

ژیانی کۆمەڵایەتی‌تان – کە لە ژیانی کۆمەڵەوە بەهرەمەندی ژیان و حەیەوییەت دەبێت – چیی لێ قەوماوە؟ بۆچی شارستانێتی‌یەکەتان هێندە لە کاروان جێ‌ماوە کە بە شتانێك ڕازی دەبێت ژیانتان ژەهراوی و ئاسوودەییشتان لێڵ بکات!

لە وشەی چوارەم: ﴿أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ﴾یش‌دا، بە "هەمزە" پێیان دەفەرموێ:

چ تیرێك مرۆڤایەتیی ئێوەی پێکاوە، تا واتان لێ‌هاتووە بە وێنەی درندە هاوڕێ خۆشەویستەکەتان بە نێچیر دەزانن و کەولّی دەکەن؟

ئەم ئایەتە لە وشەی پێنجەمیش‌دا: ﴿أَخِيهِ﴾ بەو "هەمزەیە" ڕوویان تێ دەکات و دەفەرموێ:

ئایا بەزەیی‌تان بە هاوڕەگەزی خۆتاندا نایەتەوە؟ ئایا هیچ پەیوەندی‌یەکی سۆز و میهرەبانی نی‌یە کە بەیەکەوە بتانبەستێت؟ تا واتان لێ‌هاتووە بەردەبنە گیانی کەسێك کە لە چەند ڕوویەکەوە براتانە و، بە دڵڕەقی گۆشتی کەسی مەعنەوی و ستەم لێکراوی ئەو دەخۆن؟ گەر کەسێك گاز لە ئەندامێکی خۆی بگرێت ئایا بە مرۆڤێکی هۆشمەند و ژیر دادەنرێت؟ یان بە شێتێکی نەفام؟!

هەر بەو "هەمزە"یە لە وشەی شەشەمیش‌دا: ﴿مَيْتًا﴾ پێیان دەفەرموێ:

ویژدانتان لە کوێ‌یە؟ ئایا فیطرەتی ئێوە هێندە گەنیوە پەلاماری چەپەڵترین شتی نەفرەت لێ‌کراو بدات، کە خواردنی گۆشتی براکەتانە، لە کاتێك‌دا کە شایانی هەموو ڕێزێکە؟

لەم ئایەتە پیرۆزەوە و لەو بەڵگە جۆراوجۆرانەی وشەکانیشی کە باسمان کردن، دەردەکەوێت "غەیبەت" لە ڕووی: ژیری و، دڵ و، مرۆڤایەتی و، ویژدان و، فیطرەت و، ئایینەوە، کارێکی خراپی ناڕەوایە.

دە فەرموو بۆ خۆت بیر لەم ئایەتە پیرۆزە بکەرەوە و، بزانە کە چۆن بە ئیعجازێکی لە ڕادەبەدەر و کورت کردنەوەیەکی زۆر پوخت و لە شەش پلەدا، نەهی لە تاوانی "غەیبەت" دەکات!

ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوەش نموونەیەکە لە نێوان هەزاران نموونەی مەقامی "ئیثبات"دا..

﴿فَانْظُرْ اِلى آثارِ رَحْمَتِ اللهِ كَيْفَ يُحْيِ الاَرْضَ بَعْدَ مَوْتِها اِنَّ ذلِكَ لَمُحْيِ الْمَوْتى وَهُوَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ﴾(الروم: ٥٠).

ئـەم ئایەتـە، بـە ڕوونكردنەوەیـەكی تـیژ و تەسـەلی بێوێنـە "حەشـر" دەچەسـپێنێت و، بەدوورزانینی لـە زەیـندا لا دەبـات. چونكـە وەك لـە "ڕاسـتیی نۆهـەمی وتـەی دەهـەم" و "بریسكانەوەی پێنجەمی وتەی بیستودووهەم"دا چەسپاندوومانە:

هەر كە وەرزی بەهار دێت، دەڵێیت گۆی زەوی سـەرلەنوێ گیـانی بەبەردا دەكرێتـەوە! بـەوەی كـە سێ سـەد هـەزار جـۆری حەشـر و نشـوور، بـە ڕێكوپێكیـی ورد و لەیەك جیاكردنـەوەی تـەواوەتی، هەرچـەندەش لەوپـەڕی تێكـەڵی دان، لـە ڕووی زەوی دا، بەرجەستە دەبن. بە ڕادەیـەك كـە ئەو زیندووكردنەوەیە هەموو كەسێك بە چـاوی خـۆی دەیبینێـت! وەك ئەوەی پێی بڵێـت: ئەو كەسـەی زەویـی بـەم جـۆرە زیندووكردووەتـەوە، هەرگیز بەرپاكردنی حەشر و نەشری بەلاوە گران نییە.

پاشان نووسینی ئەم هـەزاران جۆرە زینـدەوەرە بە قەڵـەمی توانسـت لەسـەر لاپـەڕەی زەوی دا، بێ هیچ هەڵە و ناتەواوی یەك.. مۆرێكی ئاشكرای خواوەندی تاك و تەنیایە.

ئنجـا هـەروەك ئـەم ئایەتـە پیرۆزە "تـەوحید"ی چەسـپاند، "قیامـەت و حەشـر"یـش دەچەسپێنێت و، دەریدەخات كە حەشر و نەشـر سـەبارەت بـەو توانستەوە گەلـێ ئاسـانە و، وەك چەسپاوی و بێ گومانیی ئاوابوون و هەڵهاتنی خۆر وایە.

پاشان هەروەك ئەم ئایەتە پیرۆزە بە وشەی: ﴿كَيْفَ﴾ واتە لـە گۆشـەی "چۆنێتـی"یەوە ئەم ڕاستی یەی دەرخستووە، گەلـێ سـوورەتی تریـش هـەن كـە درێژەیـان بـەم چۆنێتی یە داوە. بۆ نموونە كە سوورەتی "ق" بە لێـدوان و باسێكی بـەرز و جـوان و درەخشـان حەشـر و قیامـەت دەچەسپێنێت، ئـەوا دەریدەخـات كـە: هـەروەك گومـان لـە هـاتنی بـەهاردا نی یـە، هـاتنی حەشریش بە هەمان جۆر گومانی تێدا نی یە. فەرموو بیر لەو وەڵامەی قورئانی پـیرۆز بكـەرەوە كـە بۆ كـافرانی داوەتـەوە، لەوانـەی كـە ئینكاری یـان نوانـدووە و سـەریان لـەوە سـووڕماوە ئێسكەكان زیندوو بكرێنەوە و ببنەوە بە بەدیهاتوویەكی نوێ! ئەوەتا پێیان دەفەرموێ:

﴿اَفَلَمْ يَنْظُرُوا اِلى السَّماءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْناها وَزَيَّنّاها وَما لَـها مِـنْ فُـرُوجٍ ۞ والاَرْضَ مَدَدْناها واَلْقَيْنا فيها رَواسِيَ وَاَنْبَتْنا فيها مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهيجٍ ۞ تَبْصِرَةً وَذِكْرى لِكُلِّ عَبْدٍ مُنيب ۞ وَنَزَّلْنا مِنَ السَّماءِ ماءً مُبارَكاً فَاَنْبَتْنا بِهِ جَنّاتٍ وَحَبَّ الْحَصيدِ ۞ والنَّخْلَ باسِقاتٍ لَها طَلْـعٌ نَضيدٌ ۞ رِزْقاً لِلْعِبادِ واَحْيَيْنا بِهِ بَلْدَةً مَيْتاً كذلكَ الْخُرُوجُ﴾(ق:٦-١١).

ئەم "بـەیان"ەی قورئـان، وەك ئـاوی بەخوڕ لەبـەری دەڕوات و.. بـە وێنـەی ئەسـتێرە پرشنگدارەكان درەخشانە و.. خۆراكێكی بـەتام و شـیرینی وێنـەی "خورمـا"ش دەرخـواردی "دڵ" دەدات و، هەروەك چێژە، لە هەمان كاتدا خۆراكیشە بۆ ڕۆحی مرۆڤ.

یه‌كێك له‌ نموونه‌ هه‌ره‌ ناسكه‌كانی مه‌قامی "ئیثبات" ئه‌م نموونه‌یه‌ی خواره‌وه‌یه‌:

﴿يس ۝ وَالْقُرآنِ الْحَكِيمِ ۝ انَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾(یس:١-٣).

ئه‌م سوێنده‌، به‌ یه‌قینێكی بێ گومان و حه‌قێكی ئاشكرا، ئاماژه‌ بۆ به‌ڵگه‌ و حوججییه‌تی پێغه‌مبه‌رایه‌تیی پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌كات، كه‌ هێنده‌ ڕاست و ڕه‌وایه‌ گه‌یشتووه‌ته‌ پله‌ی ته‌عزیم و شكۆمه‌ندی، بۆیه‌ سوێندی پێ ده‌خورێت!

قورئانی پیرۆز به‌م ئاماژه‌یه‌ ده‌فه‌رمویێ: تۆ پێغه‌مبه‌ری ڕه‌وانه‌كراوی خوای گه‌وره‌یت، چونكه‌ قورئانێكی حه‌كیمت له‌ده‌ستدایه‌، خۆ قورئان خۆیشی حه‌قه‌ و گوفتاری حه‌قه‌، چونكه‌ حیكمه‌تی ڕاسته‌قینه‌ و حه‌قی تێدایه‌ و مۆری ئیعجازی له‌سه‌ر دراوه‌.

هه‌روه‌ها بۆ نموونه‌كانی مه‌قامی "ئیثبات" كه‌ دارای ئیعجاز و ئیجازن، ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌ باس ده‌كه‌ین:

﴿قالَ مَنْ يُحْيِ الْعِظامَ وَهِيَ رَميمٌ ۝ قُلْ يُحْيِيها الَّذي اَنْشَاَها اَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَليمٌ﴾(یس:٧٨-٧٩).

له‌ "نموونه‌ی سێهه‌می ڕاستیی نۆهه‌می وته‌ی ده‌هه‌م"دا وێنه‌یه‌كی ناسك بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌ كێشراوه‌:

پێشه‌وایه‌كی مه‌زن ده‌توانێت له‌ به‌رچاوی خۆماندا سوپایه‌كی گه‌وره‌ له‌ ماوه‌ی یه‌ك ڕۆژدا پێك‌بهێنێت. جا ئه‌گه‌ر یه‌كێك پێت بڵێت: (ئه‌م پێشه‌وایه‌ ته‌نها به‌ فووپیاكردنێكی بووقی سه‌ربازی ده‌توانێت یه‌ك به‌ یه‌كی ئه‌و تابووره‌ سوپایه‌ كۆ بكاته‌وه‌ كه‌ بۆ حه‌وانه‌وه‌ بڵاوبوونه‌ته‌وه‌ و، یه‌كسه‌ری و به‌ ڕێك‌وپێكی له‌ شوێنی خۆیاندا ئاماده‌یان بكات) گه‌ر تۆش له‌ وه‌ڵامدا پێت‌وت: (نه‌خێر... باوه‌ڕ ناكه‌م) ئایا ئینكاری و مل‌نه‌دانه‌كه‌ت چه‌نده‌ له‌ ژیری‌یه‌وه‌ دوور ده‌بێت!

به‌ هه‌مان جۆر خوای گه‌وره‌ش - ولله المثل الأعلى - كه‌ جه‌سته‌ی سه‌رجه‌می "زینده‌وه‌ران" له‌ نه‌بوونه‌وه‌ و، وه‌ك سه‌ربازه‌كانی سوپایه‌كی گه‌وره‌ و، به‌ كه‌ماڵی ڕێك‌وپێكی و كه‌ماڵی حیكمه‌ت به‌دی‌ده‌هێنێت و، گه‌ردیله‌كان و لایه‌نه‌ ناسكه‌كانی جه‌سته‌ی یه‌ك‌به‌یه‌كیشیان به‌ فه‌رمانی "كن فیكون" له‌ هه‌موو سه‌ده‌ و به‌هارێك و له‌ ڕووی سه‌رانسه‌ری زه‌وی‌دا كۆ ده‌كاته‌وه‌ و ده‌یانپارێزێت و.. سه‌دان هه‌زار جۆری زینده‌وه‌رانی تری وه‌ك ئه‌مانه‌ به‌دی‌ده‌هێنێت.. ئایا ئه‌و خاوه‌ن توانسته‌ زانایه‌ی كه‌ هه‌موو ئه‌م كارانه‌ ئه‌نجام ده‌دات، كۆكردنه‌وه‌ی گه‌ردیله‌ بنه‌ڕه‌تی و به‌شه‌ ئه‌صڵی‌یه‌ یه‌كترناسه‌كانی له‌ ژێر ڕێسای جه‌سته‌دا و به‌ وێنه‌ی سه‌ربازه‌كانی سوپایه‌كی ڕێك‌وپێك و به‌ لێدانێكی بووقه‌كه‌ی حه‌زره‌تی ئیسرافیل، به‌لاوه‌ گران ده‌بێت؟ بێ گومان به‌دوور زانینی ئه‌م كاره‌ له‌و زانا خاوه‌ن توانسته‌وه‌، جگه‌ له‌ شێتی چیی تر نی‌یه‌!

سەبارەت بە مەقامی "ئیرشاد"یش، ئەوا "بەیان" و ڕوون کردنەوەکانی قورئان هێندە بەتین و بەرز و هاوڕاز و ناسکن کە "گیان" لە شەوق و "ژیری" لە تاسە و، "چاو"یش لە فرمێسك پڕ دەکەن! با لە نێوان هەزاران نموونەیدا ئەمەی خوارەوە بهێنینەوە:

﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُمْ مِنْ بَعْدِ ذلِكَ فَهِيَ كَالْحِجارَةِ اَوْ اَشَدُّ قَسْوَةً وَاِنَّ مِنَ الْحِجارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهارُ وَاِنَّ مِنْها لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْماءُ وَاِنَّ مِنْها لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللهِ وَما اللهُ بِغافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾(البقرة:٧٤).

هەروەك لە باسی "ئایەتی سێ‌هەمی مەقامی یەکەمی وتەی بیستەم"دا ڕوونمان کردەوە، ئەم ئایەتە لەگەڵ بەنی ئیسرائیل دەدوێت و پێیان دەڵێت:

ئەی نەوەی ئیسرائیل! ئێوە بە چ دەردێکەوە گرفتار بوون وا گوێ بەو هەموو موعجیزانەی مووسا - دروودی لەسەر بێت - نادەن؟ ئەوەتا چاوەکانتان زەق و وشك بوون و فرمێسکیان لێ نایەت، دڵانیشتان هێندە ڕەق بووە کە شەوق و تین و گەرم و گوڕی‌یان لێ بڕاوە، لە کاتێکدا کە بەردە ڕەق و تەقەکان بە تەنها یەك موعجیزەی مووسا - کە عەساکەیەتی - لە دوازدە سەرچاوەی جیاجیاوە فرمێسکی بەخوڕیان هەڵڕشت!

لێرەدا بەم ئەندازەیە واز دەهێنین و، پاشماوەی ئەم باسە بەو وتەیە دەسپێرین، کە بەپێی پێویست ئەم واتا ئیرشادی‌یەی ڕوون کردووەتەوە.

لە مەقامی: "ئیفحام و ئیلزام"یشدا، تەنها بیر لەم دوو نموونەیەی نێوان هەزاران نموونەی ئەم مەقامە بکەرەوە:

* نموونەی یەکەم:

﴿وَاِنْ كُنْتُمْ في رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنا على عَبْدِنا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَداءَكُمْ مِنْ دُونِ اللهِ اِنْ كُنْتُمْ صادِقينَ﴾(البقرة:٢٣).

واتە: گەر ئێوە دوودڵی و گومانتان سەبارەت بەم قورئانە لە دڵدایە کە بۆ بەندەکەی خۆمان نازڵمان کردووە، ئەوا - گەر ڕاست دەکەن و پێتان وایە گوفتاری مرۆڤە - بە هەمووتان تەنها یەك سوورەتی وەك قورئان بهێنن و، با لەمەشدا یارمەتیدەر و لایەنگرانتان پشتتان بگرن و یارمەتیتان بدەن.

لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی پوخت بۆ ئەمە دەکەین، چونکە لە "إشارات الإعجاز"دا ڕوونمان کردووەتەوە و چەسپاندوومانە. پوختە ئاماژەکەش بەم جۆرەیە:

قورئانی خاوەن ئیعجازی "بەیان" دەفەرموێ: ئەی کۆمەڵی جینی و ئادەمیزاد! ئەگەر گومانتان وایە کە قورئان گوفتاری خواوەند نی‌یە و پێتان وایە هی ئادەمیزادە، ئەوا مەیدانی "حەددی"تان لە بەردەمدایە، دەسا ئێوەش قورئانێکی وێنەی ئەمە لە لایەن کەسێکی نەخوێندەواری وەك ئەو "محمد"ەوە بهێنن کە خۆتان ناوی "الأمين"تان لێ ناوە..

گەر ئەمەتان نەتوانی، دەبا لای کەسێکی "ڕەوانگۆ" یان لای "زانایەك" بیهێنن نەك نەخوێندەوارێك..

خۆ ئەگەر لەمەشدا دەستەوسانن، ئەوا نەك تەنها یەکێکتان، بەڵکو هەموو مرۆڤە ڕەوانبێژەکانتان و وتارخوێنە بەتواناکانتان و ئاسەوارە باشەکانی پێشینانی ئەوان و یارمەتی و هاوکاریی کەسانی دوای خۆشیان و هیممەت و لێبڕانی ئەوانەش کە، جگە لە خوا، هاوبەش و یارمەتیدەرتانن، کۆ بکەنەوە و چیتان لەتواناکادا هەیە بەکاری بهێنن، هەتا شتێکی هاووێنەی قورئان بهێنن..

گەر ئەمەش ناکەن، ئەوا کتێبێك بهێنن کە لە ڕەوانبێژی و هۆنینیدا وەك قورئان وابێت، با لە ڕووی حەقیقەتە مەزنەکان و موعجیزە مەعنەوییەکانی قورئانیشەوە، لە قورئان نەچێت!

تەنانەت قورئان بە ئەندازەیەکی لەمەش کەمتر تەحەددای کردن، ئەوەتا دەفەرموێ:

﴿فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ﴾(هود:١٣).

واتە: پێویست ناکات ئەوەی دەیهێنن واتاکانی ڕاست بێت، دەبا درۆ و دەمهەڵبەست بێت، بە مەرجێ لە قورئان بچێت..

گەر ئەمەشتان نەتوانی، با بە ئەندازەی هەموو قورئان نەبێت، بەڵکو بە ئەندازەی "دە" سوورەتی وەك سوورەتەکانی قورئان بێت..

گەر ئەمەشتان نەتوانی ئەوا تەنها یەك سوورەتی وەك قورئان بهێنن، خۆ گەر ئەمەشتان بەلاوە گرانە، دەبا وەك سوورەتێکی کورتی قورئان وابێت..

لە کۆتاییدا پێیان دەفەرموێ: مادەم لەمەشدا دەستەوسانن، ئەوا دیارە پێتان ئەنجام نادرێت (کە هەر ناشتوانن ئەنجامی بدەن) هەرچەندەش گەلێ پێویستتان بەوە هەیە شتێکی وەك قورئان بهێنن، چونکە شەرەف و عیززەت و ئایین و دەمارگیری و سامان و گیان و ئەم دنیا و ئەودنیاشتان تەنها بەوە پارێزراو دەبێت کە شتێك بهێنن لە قورئان بچێت، دەنا هەر لە دنیادا شەرەف و ئایینتان دەکەوێتە مەترسییەوە و خۆشتان گرفتاری زەلیلی دەبن و ماڵ و سامانیشتان لەدەست دەردەچێت، لە دوارۆژیشدا خۆتان و بتەکانتان دەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ و، حوکمی بەندبوونی ئەبەدیتان لەسەر دەردەکرێت:

﴿فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾(البقرة:٢٤).

جا مادەم ئێوە بە "هەشت" پلە دەستەوسانیی خۆتان بۆ دەرکەوت، ئەوا دەبێ بزانن کە قورئان بە "هەشت" پلە دارای ئیعجازە. جا یان دەبێ ئیمانی پێ بهێنن، یاخود بەیەکجارەکی بێدەنگ بن و، لەو دنیاش با جێگەتان هەر دۆزەخ بێت، کە خراپترین جێ و ڕێ و ئەنجامە.

جا تۆش دوای ئەوەی کە ئەم بەیان و ئیلزامەی قورئانت لە مەقامی "ئیفحام"دا زانی، بڵێی: زۆر ڕاستە، هیچ "بەیان"ێك نی‌یە لە سەرووی بەیانی قورئانەوە بێت.

* نموونەی دووەهەم:

﴿فَذَكِّرْ فَما اَنْتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكاهِنٍ وَلا مَجْنُونٍ ۞ اَمْ يَقُولُونَ شاعِرٌ نَتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ ۞ قُلْ تَرَبَّصُوا فَإنّي مَعَكُمْ مِنَ الْمُتَرَبِّصينَ ۞ اَمْ تَأْمُرُهُمْ اَحْلامُهُمْ بِهذا اَمْ هُمْ قَوْمٌ طاغُونَ ۞ اَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُ بَلْ لا يُؤْمِنُونَ ۞ فَلْيَأْتُوا بِحَديثٍ مِثْلِهِ اِنْ كانُوا صادِقينَ ۞ اَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ اَمْ هُمُ الْخالِقُونَ ۞ اَمْ خَلَقُوا السَّمواتِ والاَرْضَ بَلْ لا يُوقِنُونَ ۞ اَمْ عِنْدَهُمْ خَزائِنُ رَبِّكَ اَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ ۞ اَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فيهِ فَلْيَأْتِ مُسْتَمِعُهُمْ بِسُلْطانٍ مُبينٍ ۞ اَمْ لَهُ الْبَناتُ وَلَكُمُ الْبَنُونَ ۞ اَمْ تَسْأَلُهُمْ اَجراً فَهُمْ مِنْ مَغْرَمٍ مُثْقَلُونَ ۞ اَمْ عِنْدَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ ۞ اَمْ يُريدُونَ كَيْداً فَالّذينَ كَفَرُوا هُمُ الْمَكيدُونَ ۞ اَمْ لَهُمْ اِلهٌ غَيْرُ اللهِ سُبْحانَ اللهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾(الطور:٢٩-٤٣).

وا بەم جۆرەی خوارەوە لە نێوان ئەو هەزاران حەقیقەتانەی کە لەم ئایەتانەدا هەن، تەنها یەك حەقیقەت بە نموونە دەهێنینەوە بۆ مەقامی "ئیلزام و ئیفحام":

ئەم کۆمەڵە ئایەتە پیرۆزە، هەموو دەستە و تاقمەکانی گومڕایان دەمکوت و بێ‌دەنگ دەکات و، گشت گومانەکانیان لە ڕیشەوە دەردەهێنێت و دەرگایان لەسەر دادەخات. ئەمەش تەنها بە وشەی: "أم" کە پازدە چینی ئیستیفهامی ئینکاریی یەك لە دوای یەکی لەم ئایەتانەدا پێك‌هێناوە و، تەنانەت یەك دانەش لەو کەلێن و کەلەبەرانەی شەیتان ناهێڵێتەوە کە گومڕایان خۆیانی تێدا مەڵاس دەدەن، بەڵکو هەموویان دادەخات و، گشت ئەو پەردانەش دەدڕێنێت کە خۆیانی لە پشتەوە دەشارنەوە و، سەرجەمی ئەو درۆیانەشیان پووچەڵ دەکاتەوە کە لەسەر زاریاندا دووپاتی دەکەنەوە..

کەواتە هەموو بڕگەیەکی ئەم ئایەتانە، پوختەی ناوەڕۆك و چەمکی کوفرێك بەتاڵ دەکاتەوە کە یەکێك لە پێڕ و تاقمە کافرەکان برەوی پێ دەدەن. ئیتر ئەم کارەی ئایەتەکان چ بە تەعبیرێکی پوختی کورت بێت، یان بە لێ بێ‌دەنگ‌بوون و حەواڵەکردنی بێت بۆ حوکمی "بەڵگەنەویستیی ژیری" لەبەر ئاشکرایی و ڕوونیی بەتاڵی‌یەکەی، یان بە ئاماژەیەکی پوخت بێت بۆ ئەو چەمکە کوفری‌یانەی کە لە شوێنی تردا بە درێژی پووچەڵ کراونەتەوە. وەکو: بڕگەی یەکەم کە ئاماژە بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَمَا عَلَّمْناهُ الشِّعْرَ وَما يَنْبَغي لَهُ﴾ دەکات و، بڕگەی پازدەهەمیش کە هێمایە بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿لَوْ كانَ فيهِما آلِهَةٌ اِلاّ اللهُ لَفَسَدَتا﴾. دەتوانیت بۆ خۆت بڕگەکانی تر بەم جۆرەی خوارەوە بۆ سەر ئەم بڕگەیە قیاس بکەیت:

ئەوەتا ئەم ئایەتانە لە پێشەکی‌دا دەڵێن: ئەی پێغەمبەر ﷺ! بۆ خۆت ئەحکامەکانی خواوەند ڕابگەیەنە و، بزانە کە تۆ هەرگیز "کاهین" نیت، چونکە گوفتاری کاهین:

تێکەڵو پێکەڵ و دەستهەڵبەستە و لە وەهم و گومان تێناپەڕێت، بەڵام گوفتاری تۆ: حەقی ڕاستەقینە و یەقینی بێ گومانە.. هەروەها ئەو ئەحکامانەی خواوەندیان یاد بخەرەوە و، دڵنیابە کە هەرگیز تۆ گرفتاری "شێتی" نەبوویت، چونکە تەنانەت دوژمنانیشت شایەتی لەسەر کەماڵی عەقڵت دەدەن!

﴿اَمْ يَقُولُونَ شاعِرٌ نَتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُــــونَ﴾؟ گەلێ سەیرە! ئایا ئەوان بە وێنەی ئەو عەوامانەی کە "ژیری"یان ناکەن بە دەمڕاست و تفەنگ بە تاریکی‌یەوە دەنێن، پێت دەڵێن: "شاعیر"؟ یان ئایا چاوەڕوانی مردن و نەمانی تۆن؟! دە تۆش پێیان بڵێ: "چاوەڕوان بن، وا منیش وەك ئێوە چاوەڕوانم". چونکە ئەو حەقیقەتە درەخشان و مەزنانەی کە تۆ هێناوتن گەلێ بەرز و خاوێنە لە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر و، هەرگیز پێویستی بە ئارایشتی "شیعر" نی‌یە.

﴿اَمْ تَأْمُرُهُمْ اَحْلامُهُمْ بِهذا﴾ یان ئایا ئەوان پێیان عارە شوێن تۆ بکەون و بە وێنەی ئەو فەیلەسووفانەن کە بە "ژیریی بەتاڵ"ی خۆیانەوە دەنازن و دەڵێن: "ژیریمان سەروزیادە"؟ لە کاتێكدا کە خودی ژیری داخوازی ئەوەیە شوێنت بکەون؟ چونکە هەر گوفتارێك کە تۆ دەیڵێیت بە لای ژیری‌یەوە گوفتارێکی پەسەندە، هەرچەندەش بە تەنها خۆی ناتوانێت پەیی پێ ببات و پێی بگات.

﴿اَمْ هُمْ قَوْمٌ طاغُونَ﴾ یان هۆی ئینکاری‌یان مل نەدانە بۆ "حەق" بە وێنەی ستەمکاران؟ لە کاتێكدا کە پاشەڕۆژی فیرعەون و نەمروودە سەرسەخت و ستەمکارەکان ئاشکرایە و لە کەس پەنهان نی‌یە؟!

﴿اَمْ يَقُولُـــونَ تَقَوَّلَـــهُ بَـــلْ لا يُؤْمِنُـــونَ﴾ یان بەوە تۆمەتبارت دەکەن کە قورئان دەستهەڵبەستی تۆیە و لە لایەن خۆتەوە هێناوتە، وەك وتەی ئەو مونافقە درۆزنانەی کە خاوەنی ویژدان نین؟ لە کاتێكدا کە ئەوانە هەر خۆیان تا ئێستاش لەبەر ڕاستگۆیی گوفتارەکانت پێت دەڵێن: "محمد الأمـــين"؟ کەواتە ئەوانە نیازی ئیمانهێنانیان لە دڵدا نی‌یە، دەنا با بڕۆن لەناو گوفتار و ئاسەواری مرۆڤدا شتێك بدۆزنەوە لە قورئان بچێت.

﴿اَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ﴾ یان ئایا ئەوان خۆیان بە سەربەست و بەرباد دادەنێن و، پێیان وایە بە هەڕەمەکی و بێ ئامانج بەدیهێنراون و، هیچ کارمەندی‌یەکیان لە ئەستۆدا نی‌یە و، بێخاوەن و بەدیهێنەر هاتوونەتە ئەم دنیایە و، وەك فەیلەسووفە عەبەثی‌یەکان لەو باوەڕەدان: گەردوون سەرتاپا هەڕەمەکی و بێمەبەستی‌یە؟ ئایا چاویان کوێر بووە کە نابینن گەردوون لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری بە چەندەها حیکمەت ڕازاوەتەوە و بەری چەندین مەبەست و ئامانجی گرتووە و سەرانسەری بوونەوەرانیش، هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەکان، چەندین کارمەندی و ئەرکی مەزنیان لە ئەستۆ نراوە و ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواوەندن؟

﴿أَمْ هُمُ الْخالِقُونَ﴾ یان بە وێنەی ماددی‌یە فیرعەون ئاساکان لەو گومانەدان کە شتان بۆ خۆیان پێك‌دێن و لە خۆیانەوە گەشە دەکەن و بۆ خۆشیان پێداویستی‌یەکانیان بەدی‌دەهێنن، تا وایان لێ‌هاتووە سڵ لە ئیمان دەکەنەوە و ملی بەندایەتی بۆ خوای گەورە نەوی ناکەن؟ کەواتە ئەوان - بەپێی ئەو گومانە - خۆیان بە خالیق(بەدیهێنەر) دادەنێن! لە کاتێك‌دا کە بەدیهێنەری هەر شتێك دەبێ بەدیهێنەری هەموو شتان بێت! دیارە لەخۆبایی‌بوون و سەرسەختی و مل‌نەدانیان، گرفتاری ئەوپەڕی نەفامی و نەزانیی کردوون و لەو گومانەدان کە: ئەو کەسەی لە بەردەم لاوازترین بەدیهاتووی وەك مێش و میکرۆب‌دا دەستەوسانە، خاوەنی توانستێکی ڕەها بێت! جا مادەم ئەوان تا ئەم ڕادەیە دەستیان لە ژێری داشۆردووە و لە مرۆڤایەتی داماڵراون، ئەوا لە ئاژەڵیش زیاتر سەریان لێ شێواوە، تەنانەت پلەی ئەوان لە ئاستی بێ گیانەکانیش گەلێ نزمترە. کەواتە گوێ بە ئینکاری و سەرسەختیی ئەوانە مەدەو، لە ڕیزی ئاژەڵە زیانبەخش و تەنانەت مادده و کەرەسە گەنیوەکان‌دا دایان‌بنێت و، پشت‌گوێ‌یان بخە و هەر ئاوڕیشیان لێ مەدەرەوە!

﴿أَمْ خَلَقُوا السَّموات والأَرْضَ بَلْ لا يُوقِنُونَ﴾ یان بە وێنەی تاقمی نەفامی "موعەتتیلە"(المعطلة) کە ئینکاریی بوونی بەدیهێنەریان دەکرد، ئەمانیش ئینکاریی بوونی دەکەن و گوێ بۆ قورئان ڕاناگرن؟! کەواتە یان دەبێ ئینکاریی بەدیهاتنی ئاسمانەکان و زەوی بکەن.. یان دەبێ بڵێن: خۆمان بەدیمان هێناون و، بەم پێیە خۆیان بە تەواوەتی لە ژێری داماڵن و دەست بە وڕێنەی شێتانەوە بگرن! چونکە بەڵگەکانی "تەوحید" لە هەموو شوێنێکی گەردوون‌دا بە ڕوونی دەخوێنرێنەوە و، هێندە زۆرن کە بە ئەندازەی ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان و گوڵانی سەر ڕووی زەوی دەبن و، هەر هەموویان بە ئاشکرا بەڵگەن لەسەر بوونی بەدیهێنەری مەزن. کەواتە نایانەوێت مل بۆ حەق و یەقین کەچ بکەن، دەنا چۆن لەو گومانەدا دەبن کە: ئەم کتێبە مەزنەی گەردوون کتێبێکی بێ "نووسەر" بێت، کە کتێبێکە هەموو پیتێکی هەزاران کتێبی تێدا نووسراوە؟ لە کاتێك‌دا کە زۆر بە باشی دەزانن هیچ پیتێکی نووسراو نی‌یە "نووسەر"ی نەبێت؟!

﴿أَمْ عِنْدَهُمْ خَزائِنُ رَبِّكَ﴾ یان ئەوان بە وێنەی هەندێ "فەیلەسووفی گومڕا" نەفیی "ئیرادەی خوا" دەکەن و، وەك "بەرهەمی"یەکانیش ئینکاریی خودی "پێغەمبەرایەتی" دەکەن، وا ئیمانت پێ ناهێنن؟!

کەواتە یان دەبێ: ئینکاریی هەموو ئاسەوارەکانی حیکمەت و، ئامانجە مەزنەکان و، ڕێك‌وپێکی‌یە ناوازە و، سوودە بەرهەم‌بەخشەکان و، ئاسەوارەکانی میهرەبانیی فراوان و بایەخ و چاودێریی لە ڕادەبەدەر بکەن، کە بە ئاشکرا بەسەر ڕووی سەرجەمی بوونەوەرانەوە دەبینرێن و بەڵگەن لەسەر "ویستی خوای گەورە".. هەروەها ئینکاریی سەرجەم موعجیزاتی پێغەمبەرانیش بکەن، علیهم السلام.. یان دەبێ بڵێن: گەنجینەی ئەو چاکە و ئیحسانانەی کە

بەسەر گشت بوونەوەراندا دەبارێت، لای ئێمەیە و بە دەست خۆمانە و، ئیتر بەمە ڕووی ڕاستەقینەیان دەربخەن و، لای خەڵکی ئاشکرا ببێت کە شایانی تەنانەت گفت‌وگۆ لەگەڵ کردنیش نین! کەواتە خەم بە ئینکاریی ئەوانە مەخۆ، چونکە خواوەند گەلێ ئاژەڵی سەر لێ‌شێواوی زۆری هەیە!

﴿أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ﴾ یان لەو وەهمەدان کە ئەوان چاودێر بن بەسەر کردارەکانی خواوەندەوە؟ ئایا دەیانەوێت خوای گەورە بکەن بە بەرپرسیاری کارەکانی، بە وێنەی بۆچوونی تاقمی موعتەزیلە کە "ژیری"ی مرۆڤیان کردبوو بە حاکم و دەمڕاست؟! کەواتە بایەخیان پێ مەدە، چونکە ئینکاریی ئەو لەخۆباییانە و کەسانی هاوچەشنیان هیچ ئەنجامێکی لێ ناوەشێتەوە!

﴿أَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فِيهِ فَلْيَأْتِ مُسْتَمِعُهُمْ بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ﴾ یان ئەوان لەو گومانەدان کە ڕێیەکی تریان بۆ "جیهانی غەیب" دۆزیوەتەوە، وەك لاف و گەزافی ئەو کاهینانەی کە شوێن جینێنی و شەیتان کەوتوون و، بە وێنەی درۆ و دەلەسەی جادووگەرانی "تحضير الأرواح"؟ یان ئایا لەو گومانەدان پلیکانەیەکیان لایە بۆ ئەو ئاسمانەی کە دەرگاکانی لە ڕووی شەیتانەکاندا داخراوە، هەتا باوەڕ بەو هەواڵەی ئاسمان نەکەن کە تۆ وەری دەگریت‌و ڕای‌دەگەیەنیت؟ کەواتە ئینکاریی ئەو فاجیر و درۆزنانە و هاوچەشنیان، لە حوکمی "عەدەم"دایە!

﴿أَمْ لَهُ الْبَنَاتُ وَلَكُمُ الْبَنُونَ﴾ یان ئەوان بە ناوی "دە ژیرییەکان"(العقول العشرة) و "خاوەنی جۆرەکان" هاوبەش بۆ خواوەندی تەنیای صەمەد دادەنێن، وەك ئەوەی کە هەندێ فەیلەسووفی موشریك لەو باوەڕەدان؟ یان جۆرە خوایەتی‌یەك دەدەنە پاڵ مەلائیکەت و ئەستێرەکان، بە وێنەی "صابیئی‌یەکان"؟ یان بە وێنەی موڵحیدان و گومڕایان "منداڵ"ی دەدەنە پاڵ، کە ئەمەش پێچەوانەی "پێویستی بوون"ی خواوەندی گەورە و "یەکتایی" و "صەمەدانییەت"ی ئەوە، کە خوایەکە لەوپەڕی مەزنی‌دایە و پێویستی بە هیچ شتێك نی‌یە؟ یان مەلائیکەتان بە مێیینە لە قەڵەم دەدەن کە ئەمەش پێچەوانەی بەندایەتی و عیصمەت و ڕەگەز(سروشت)یانە؟ ئایا پێیان وایە بەم گومانەیان چەند تکاکارێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە تا شوێنت نەکەون؟! خۆ مرۆڤ تەنها لەبەر "فانی‌بوون"یەتی کە وا بە دوای میراتگری جێگەداردا دەگەڕێت و، تا ڕادەی شەیدابوونیش دنیای خۆش دەوێت و، دەستەوسانە و، پێویستی بە مانەوەی هاوڕەگەزەکەی هەیە و، وەچەکەوتنەوە(التناسل) و زۆربوون و دابەش‌بوونی جیسمانیی لە باردایە، ئەو وەچەکەوتنەوەیەی کە هۆکاری مانەوەو پەیوەندی‌دەری ژیانی سەرجەمی بوونەوەرانە.. جا نیسبەت‌دانی ئەم وەچەکەوتنەوەیەی کە سیفەتی بوونەوەرە فانی‌یەکانە، لە کەسێك کە "واجب الوجود" و، باقی و، هەمیشەیی و، ئەزەلی و، ئەبەدی و، زاتی و، خاوێن لە جیسمانییەت و دابەشبوونی ماهییەتە و دەستی

کۆڵەواری هەرگیز بە داوێنی توانستی ناگات و، تاك و تەنیا و مەزن و شکۆمەندە..
هەروەها نیسبەتدانی "منداڵ" بۆ لای ئەو، بە تایبەت لاوازە دەستەوسانەکانی وەك "کچان" کە غروورى ئەوانە بۆ خۆیان پێی قایل نابێت..
دیارە هەموو ئەمانە، ئەوپەڕی سەفسەتە و شێتی و وڕێنەیەکی وەهان کە پێویست بە وەلاّمدانەوە و پووچەڵکردنەوە و دەرخستنی بەتاڵی‌یان ناکات! دەسا تۆش گوێیان لێ ڕامەگرە و بایەخیان پێ مەدە، چونکە گوێ بۆ سەفسەتەی هەموو مەستێك و وڕێنەی هەموو شێتێك ڕاناگیرێت!
﴿اَمْ تَسْأَلُهُمْ اَجراً فَهُمْ مِنْ مَّغْرَمٍ مُثْقَلُونَ﴾ یان ئەرکەکانی ئەو "بەندایەتی"یەیان بەلاوە قورسە کە تۆ داوایان لێ دەکەیت؟ بە وێنەی ئەو ستەمکارانەی کە بە هەڵپەوە دەستیان لە دنیا گیر کردووە و، لەسەر نزمایەتی ڕاهاتوون و لە هەڵگرتنی ئەرکەکان هەڵدێن؟!
ئایا نازانن کە تۆ نە لەوان و نە لە هیچ کەسێك جگە لە خوای گەورە داوای پاداشت ناکەیت؟
ئایا پێیان گرانە صەدەقە و خێر لەو ماڵ و سامانە بدەن کە خوای گەورە پێی بەخشیون بۆ ئەوەی بەرەکەت بکەوێتە ئەو ماڵەوە و پەرە بسێنێت و لە حەسوودیی هەژاران بپارێزرێت و دوعای خراپیش لە خاوەنەکەی نەکرێت؟ خۆ ئەندازەی زەکات "یەك لە دە" یان لە "یەك لە چل"ە و بە هەزارەکانی خۆیان دەدرێت، ئایا ئەم کارەیان هێندە بەلاوە قورس و گرانە تا لە ئایینی ئیسلام هەڵبێن؟
کەواتە ئەوان شایانی تەنانەت ئەوەش نین وەلاّمی بەدرۆخستنەوەکەیان بدرێتەوە، چونکە ئەو وەلاّمە تابڵێی ڕوونە و تابیشڵێی ئاسانە، بەڵکو ئەوان شایانی تەمێ کردنن نەك وەلاّمدانەوە!
﴿اَمْ عِنْدَهُمْ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ﴾ یان ئەوان حەزیان لەو هەواڵە غەیبی‌یانە نی‌یە کە بە دەستی تۆ دەگەن و، دەچن بە وێنەی "بووزی‌یەکان" ئیددعای غەیبزانی دەکەن و، وەك "عەقلاّنی‌یەکان"یش گومانەکانیان بە "یەقین" دەزانن؟!
یان کتێبێکی کراوەی غەیبیان لە لایە و لەبەری دەنووسنەوە تاکو بەرپەرچی کتێبە غەیبی‌یەکەی تۆی پێ بدەنەوە؟! خۆ پەردەی ئەو جیهانە تەنها لە ڕووی پێغەمبەرانی وەحی‌بۆهاتوودا لا دەدرێت و، کەس ناتوانێت بۆ خۆی سەری پێدا بکات!
کەواتە هەرگیزاوهەرگیز بەدرۆخستنەوەی ئەم لەخۆبایی و خۆبەگەورەزانانەی کە سنووری خۆیان شکاندووە، لە بانگەوازەکەت ساردت نەکاتەوە و پشتێنت پێ شل نەکات، چونکە بەم نزیکانە ئەو حەقیقەتانەی کە تۆ هێناوتن هەموو خەیاڵەکانی ئەوان وردو خاش دەکات و ئەندێشەیان بە با دەدات و ئاسەواری ناهێڵێت!

﴿اَمْ يُرِيدُونَ كَيْداً فَالَّذِينَ كَفَرُوا هُمُ الْمَكِيدُونَ﴾ یان دەیانەوێت وەك ئەو مونافقانە وابن کە سروشتیان تێك چووە و ویژدانیشیان گەنیوە.. یان ڕێی ڕاستی هیدایەت لە خەڵکی بگرن بە وێنەی ئەو زەندیقە فێڵبازانەی کە بە فڕوفێڵ بەربەستی ئەو هیدایەتە دەکەن کە خۆیان لێی بێ بەشن؟ بە ڕادەیەك کە ناوی "کاهین" و "شێت" و "ساحیر"یان لە تۆ ناوە، لە کاتێکدا کە نەك خەڵکی بەڵکو خۆشیان باوەڕ بە دەعواکەیان ناکەن؟ دەسا تۆش بایەخ بەو درۆزن و فێڵبازانە مەدە و، لە ڕیزی مرۆڤدا دایان مەنێ! بەڵکو هەر بۆ خۆت لە بانگەوازی خەڵکیدا بۆ لای خوای گەورە بەردەوام بە و، هیچ شتێك لەم کارەت ساردت نەکاتەوە. خۆ ئەوانە فێڵ لە تۆ ناکەن، بەڵکو لە خۆیانی دەکەن و زیانەکەی بە خۆیان دەگەیەنن. سەرکەوتنیشیان لە کاروباری فێڵ و فەسادا شتێکی کاتی و کەمخایەنە، تەنانەت تەڵە و داوێکە خوا بۆی ناونەتەوە!

﴿اَمْ لَهُمْ اِلٰهٌ غَيْرُ اللهِ سُبْحانَ اللهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ یان ئەوان بۆ ئەوە لە دژت ڕادەوەستن و پێویستیان پێت نی‌یە چونکە گومانیان وایە: جگە لە خوای گەورە خوایەکی تریان هەیە و پشتی پێدەبەستن؟ وەکو "مەجووسەکان" کە گومانیان وابوو دوو خوا هەیە: یەکێکیان بە ناوی بەدیهێنەری خێر و ئەوی تریشیان بە ناوی بەدیهێنەری شەڕ؟ یان بە وێنەی "هۆکارپەرست" و "بت پەرستان" کە جۆرە خوایەتی‌یەك بە هۆکارەکان دەبەخشن و بە مایەی پشت‌پێ‌بەستنی دادەنێن؟

کەواتە ئەوانە چاویان بە تەواوی کوێر بووە، چونکە ئایا ئەم ڕێك‌وپێکی‌یە هەرە کامڵ و لەگەڵ‌یەك گونجانە هەرە جوانەی ئەم گەردوونە مەزنە نابینن کە وەك ڕۆژ نمایانە؟!

خۆ بەپێی داخوازیی ئایەتی: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ اِلاَّ اللهُ لَفَسَدَتَا﴾ گەر دوو کوێخا لە گوندێکدا و، دوو پارێزگار لە پارێزگایەکدا و، دوو پادشا لە وڵاتێکدا هەبێت، ئەوا بە حەتمی ڕێسا و ڕێك‌وپێکیی ئەو شوێنە تێك دەچێت و پێکەوەگونجان(انسجام)یش بە تەواوی لە گۆڕێدا نامێنێت. کەچی ڕێك‌وپێکیی تابڵێی ورد لەم گەردوونەدا هەر لە باڵی مێشوولەوە تا ئەستێرەکانی ئاسمان ئاشکرا و لەبەرچاوە.

کەواتە تەنانەت بە ئەندازەی باڵی مێشوولەیەکیش جێی هاوبەش لەم گەردوونەدا نابێتەوە. جا مادەم ئەوانە لە چوارچێوەی "ژیری" دەردەچن و لە دانایی و مەنتیق هەڵدێن و بە تەواوی پێچەوانەی هەست و شعوور ڕەفتار دەکەن، ئەوا بەدرۆخستنەوەی ئەوانە ڕێگای ڕێنمایی و یادخستنەوەی خەڵکیت لێ نەگرێت!

* * *

بەم جۆرە و بە کورتی، تەنها یەك گەوهەری نێوان سەدانی ئەم ئایەتەمان ڕوون کردەوە کە زنجیرەی حەقیقەتەکانن و، گەوهەرێکی تایبەت بوو بە مەقامی "ئیلزام و ئیفحام"ەوە. خۆ ئەگەر بتوانی‌یایە چەند گەوهەرێکی ترم لێ دەربهێنانایە، ئەوا بۆ خۆت دەتوت: هەر ئەم ئایەتانە بە تەنها خۆیان موعجیزەیە ﷺ سەربەخۆ و سەروزیادن!

"بەیان"ی قورئان لە مەقامی "ئیفهام و تەعلیم"یشدا هێندە دەراسا و ناسك و ڕەوانە کە تەنانەت عەوامترین کەسی ئاساییش بەوپەڕی سووك و ئاسانی لە مەزنترین و قووڵترین حەقیقەتەکان تێدەگەیەنێت.

بەڵێ، قورئانی پیرۆز بە شێوازێکی ئاسانی ڕوون و "بەیان"ێکی تێر و تەسەل ، کە چاودێریی بیری عەوام دەکات و هەست و بیریان ئازار نادات و بێزار و ماندوویان ناکات، خەڵکی لە گەڵێ حەقیقەتی ئەوتۆ تێدەگەیەنێت کە بە ڕواڵەت قورس و تەماوی دیارن. چونکە هەروەك کەسێك کە لەگەڵ منداڵێكدا بدوێت، گوفتار و دەستەواژەی تایبەتیی بۆ بەکار دەهێنێت، شێوازەکانی قورئانیش کە پێیان دەوترێ: "التنـزلات الإلهية الى عقول البشر" بە هەمان جۆرن، چونکە گوفتارێکن دادەبەزنە ئاستی پەیبردن و تێگەیشتنی ئەوانەی لەگەڵیاندا دەدوێت، بە ڕادەیەك کە عەوامترین نەخوێندەواریش بەهۆی "تەشبیهـ و نموونەهێنانەوە" لە چەندەها حەقیقەتی تەماوی و ڕاز و نهێنیی پەروەردگاریی ئەوتۆ تێدەگەیەنێت کە چەندین دانای بلیمەت و هەڵکەوتوو نەتوانن بە "بیر"ی خۆیان لێی تێبگەن و پەیی پێ ببەن!

بۆ نموونە ئایەتی پیرۆزی: ﴿الرَّحْمنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوى﴾ پەروەردگاریتیی خواوەند و چۆنێتیی سازاندنی کاروبارەکانی جیهان لە لایەن ئەو پەروەردگارێتییەوە، بە شێوەی تەمسیل و شوبهاندنی بە پادشایەك ڕوون دەکاتەوە کە لەسەر عەرشەکەیەوە کاروباری پادشایەتیی خۆی بەڕێوە ببات.

بەڵێ، مادەم قورئان گوفتاری پەروەردگاری سەرجەمی جیهانەکانە، ئەوا:

لە پلەی هەرە مەزنی پەروەردگارێتییەوە شکۆمەندەکەیەوە نازڵ بووە و.. بەسەر پلەکانی تردا زاڵە و.. کەسانی باڵغی پێگەیشتوو بەرەو ئەو پلانە ڕێنمایی دەکات و.. حەفتا هەزار پەردەی بڕیوە و ئاوڕی لە هەموویان داوەتەوە و ڕووناکی کردوونەتەوە و.. نووری خۆی بەسەر هەزاران چین گوێبیستی جیاواز لە توانای پەیبردن و تێگەیشتندا بڵاو کردووەتەوە و.. ڕێژنەکانی خۆیشی بە درێژایی چەندین چەرخ و سەدەی ئەوتۆ پەخشاندووە کە توانا و لێهاتنی خەڵکی هەریەك لەو چەرخ و سەدانە لە هی ئەوانی تر گەلێ جیاواز بووە.. ئنجا هەرچەندەش واتاکانی خۆی بەوپەڕی ئاسانی بە هەموو شوێن و کاتێکدا بڵاوکردووەتەوە، کەچی هێشتا هەر حەیەوییەت و تەڕی و گەشیی خۆی لەدەست نەداوە و لەوپەڕی ناسکی و تازەیی و پاراویدا و بە شێوەی: "سەهلی مومتەنیع" ماوەتەوە! چونکە هەروەك بەوپەڕی ئاسانی وانەکانی خۆی بە هەر عەوامێك دەڵێتەوە، بە هەمان ئاسانی بە گەلێ چینی زۆر و زەبەندی زیرەکی و تێگەیشتنە جیاجیا و جۆراوجۆرەکانیشی

دەڵێتەوە و بۆ ڕاستەڕێی ئیمان ڕێنمایی‌یان دەکات و قەناعەت و دڵنیایی‌یان پێ‌دەبەخشێت.

خۆ گەر بە هەر لایەکی ئەم کتێبە پیرۆزەدا چاو بگێڕیت، دەتوانیت بریسکانەوەیەکی "ئیعجاز" ببینیت.

پوختەی ئەم قسانە:

هەروەك زایەڵەی خوێندنی هەر "وشە"یەکی قورئان بۆ نموونە: خوێندنی وشەی: ﴿اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ﴾ ئەو ئەشکەوتانە لە دەنگ پڕ دەکات کە دەڵێی گوێی جیاکانن و، لە هەمان کاتدا گوێی هەرە بچووکی مێشوولەیەکیش پڕ دەکات و هەمان وشەی تێدا جێگیر دەبێت..

"واتاکان"ی قورئانی پیرۆزیش بە هەمان جۆرن، چونکە هەروەك ژیری‌یە گەورەکان تێر دەکەن، هەر بەو جۆرە ژیری‌یە بچووك و تەواو سادەکانیش تێر دەکەن و، بە هەمان وشە دڵنیایی‌یان پێ دەبەخشن!

چونکە قورئانی پیرۆز هەموو چینەکانی جینني و ئادەمیزاد بۆ باوەڕهێنان بانگ دەکات و زانستەکانی ئیمانیشیان بە فێرکردن و تێ‌گەیاندنەوە بۆ دەچەسپێنێت. لەبەر ئەوە، تەمەڵترین کەسی عەوامی نێوان خەڵکی لەگەڵ تایبەت‌ترین کەسانی خەواص‌دا پێکەوە و شان‌بەشانی یەکتر گوێ بۆ دەرس و ڕێنمایی‌یەکانی قورئانی پیرۆز ڕادەگرن!

واتە قورئانی پیرۆز سفرەیەکی ئاسمانی‌یە و، لە بەردەم هەزاران چینی بیر و ژیری و دڵ و گیان‌دا ڕاخراوە و، هەریەکەیان حەز و خواستەکانی خۆراکی خۆیانی تێدا بەدی دەکەن. تەنانەت گەلێ دەرگای قورئان هێشتا هەر بە داخراوی ماونەتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بکرێنەوە! گەر نموونەشت لەسەر ئەم مەقامە دەوێ، ئەوا قورئانی پیرۆز هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، نموونەی ئەم مەقامەیە.

بەڵێ، سەرجەم قوتابییانی قورئان و گشت ئەوانەی گوێیان بۆ ڕێنمایی‌یەکانی ڕاگرتووە، لە: موجتەهیدان و، صیددیقان و، دانایانی ئیسلام و، زانا لێکۆڵەرەکان و، زانایانی ئوصوولی فیقهـ و زانستی کەلام و، ئەولیایانی خواناس و، قوتبانی شەیدا و عاشق و، زانایانی وردەکار و، گشت موسڵمانان.. هەموویان بە یەکدەنگی دەڵێن:

(ئێمە ڕێنمایی خۆمان، بە جوانترین شێوە، لە قورئانی پیرۆز وەردەگرین)!

بە پوختی:

بە وێنەی مەقامەکانی پێشوو، ئیعجازی قورئان لەم مەقامی "ئیفهام و تەعلیم"ەش‌دا دەبریسکێتەوە.

* * *

تیشكی دووهەم

جامیعییەتی دەراسای قورئان

ئەم تیشكە پێنج بریسكانەوەی پەخش كردووە

❐ **بریسكانەوەی یەكەم:**

جامیعییەتی دەراسا لە "وشەكان"ی قورئاندا.

ئەم جامیعییەتە لەو ئایەتانەی كە لە وتەكانی پێشوودا و لەم وتەیەشدا هێنراون، گەلێ ڕوون و ئاشكرایە.

بەڵێ، وشەكانی قورئان بە جۆرێكی وەهان كە هەموو گوفتارێكی، بەڵكو هەموو وشەیەكی، بگرە هەموو پیتێكی، تەنانەت هەندێ جار "سكون"ەكانیشی، گەلێ ڕووی زۆر و زەبەندەیان هەیە و، لە چەندین بابەتی جیاجیادا و لە گەنجینەی نەبڕاوەی خۆی بەشی هەموو ئەو كەسانە دەدات كە گوفتاریان ئاراستە دەكات، وەك فەرموودەی پیرۆز ئاماژەی بۆ كردووە: "لِكُلِّ آيةٍ ظَهْرٌ وَبَطْنٌ وحَدٌّ وَمَطْلَعٌ"[1] و "لِكُلٍّ شُجُونٌ وَغصونٌ وفنونٌ"[2].

○ بۆ نموونە:

﴿وَالْجِبالَ اَوْتاداً﴾؟ (النبأ:٧).

واتە: ئایا چیاكانمان وەك مێخ بە زەویدا بۆ دانەكوتاون؟

بەشی مرۆڤی عەوام لەم گوفتارەدا ئەوەیە كە:

دەبینێت چیاكان - وەك لە بەرچاویدایە - بە وێنەی مێخ بە زەویدا داكوتراون. ئیتر بیر لە نیعمەت و سوودە زۆرەكانی چیاكان دەكاتەوە و، سوپاسی بەدیهێنەری دەكات.

بەشی شاعیرێكیش لەم گوفتارەدا ئەوەیە كە:

لە ئەندێشەی خۆیدا زەوی وەك دەشتاییەكی تەخت و، گومەزی ئاسمانیش بە وێنەی خێوەتێكی مەزنی شین دەبینێت كە لەو دەشتاییەدا هەڵدرابێت و، ناو خێوەتەكەش بە

---

(١) (انزل القرآن على سبعة أحرف) رواه احمد والترمذي عن أُبي رضى الله عنه واحمد عن حذيفة، وهو عند الطبراني من حديث ابن مسعود بزيادة.. وفي رواية اخرى عنده: لكل حرف منها ظهر وبطن ولكل حرف حدّ ولكل حدّ مطْلع (باختصار عن كشف الخفاء ١/٢٠٩) واتە: هەموو "حەد"ێكی پلیكانەیەكی هەیە لە ڕێی زانینەوە مرۆڤ دەتوانێت بۆی سەربكەوێت، وەك لە "لسان العرب"دا هاتووە. (وەرگێڕ)

(٢) وفي المثل "الحديث ذو شجون" اي فنون واغراض، وقيل اي يدخل بعضه في بعض، أي: ذو شعَب وامتساك بعضه ببعض.. واصل الشجنة بالكسر والضم شعبة من غصن من غصون الشجرة (لسان العرب باختصار).

(وەرگێڕ لە چاپە عەرەبییەكەوە)

چراخان ڕازابێتەوە و ئارایشت درابێت و، چیاکانیشی بە وێنەی ستوون و مێخی ئەو خێوەتە مەزنە لێ‌دەردەکەوێت کە بازنەی ئاسۆیان لە باوەش‌دایە و لوتکەکانیشیان لە داوێنی ئاسمان گیر کردووە! ئەو شاعیرە کە ئەم دیمەنە لەم گوفتارەدا دەبینێت نوقمی سەرسامی و سەرسووڕمان دەبێت و، تەقدیسی کردگاری مەزنی دەکات.

مرۆڤی ڕەوانگۆی دەشتەکیش بەشی لەم گوفتارەدا ئەوەندەیە کە:

ڕووی زەوی بە دەشتاییەکی فراوان دەبینێت و، زنجیرەی چیاکانیش لە بەرچاویدا وەك زنجیرە خێوەتێکی دوور و درێژ دەنوێنێت کە هی گەلێ بەدیهاتووی جۆراوجۆر بن، تەنانەت چینی گڵ بەلایەوە بریتییە لە چادرێك کە بەسەر ئەو مێخ و ستوونە بڵندانەدا هەڵدراوە و ئەوانیش بە نووکە تیژەکانیان هەڵیان بڕیوە و بەرزیان کردووەتەوە و، کردوویانە بە نیشتەجێی جیاجیای گەلێ بوونەوەری زۆری جۆراوجۆر.. بەڵێ، ئەو بەم جۆرە لێی تێ‌دەگات و، لە تاوا سوژدەی سەرسامی و حەپەسان بۆ ئەو بەدیهێنەرە مەزنە دەبات کە ئەو بەدیهاتووە گەورانەی بە وێنەی خێوەتی داکوتاو لەسەر زەویدا بەدی‌هێناوە!

بەشی جوگرافیازانی ئەدیبیش لەم گوفتارەدا ئەوەیە کە:

گۆی زەوی بەلایەوە بریتییە لە کەشتییەك بەناو زەریای هەوادا دەڕوات و، چیاکانیش چەند مێخێکن بۆ مەبەستی مەحکەم‌کردن و ڕاگرتنی هاوسەنگی بەو کەشتییەدا داکوتراون.

بەڵێ، بابای جوگرافی‌زان ئاوا بیر دەکاتەوە و، ئیتر لە بەردەم گەورەیی ئەو بەتوانا خاوەن کەماڵەی کە گۆی زەبەلاحی زەویی کردووە بە کەشتییەکی ڕێك‌وپێك و ئێمەی تێدا سوارکردووە تاکو بە ئاسۆکانی جیهاندا بمانگێڕێت، دەڵێت: "سبحانك ما أعظمَ شأنَكَ"!

بەشی ئەو کەسەش کە لە کاروباری کۆمەڵدا پسپۆڕە و شارەزای داخوازییەکانی شارستانێتیی نوێیە، ئەوەیە کە:

زەوی بە "خانە و لانە"یەك دەزانێت و، ستوونی ژیانی ئەم خانەیەش ژیانی گیاندارانی ناویەتی و، مایەی ئەو ژیانەش: ئاو و گڵ و هەوایە، کە مەرجەکانی ژیانن. خۆ ستوونی ئەم سیانەش چیاکانن، چونکە چیاکان: عەمباراوی "ئاو"ەکان و.. پاڵێوگەی "هەوا"ن، ئەوەتا گازە زیانبەخشەکان دەنیشێنن و.. پارێزەری "گڵ"ی زەویشن، چونکە لە زاڵبوونی دەریاو قوڕ و لیتەکانی دەیپارێزن و.. گەنجینەی گشت داخوازییەکانی ژیانی ئادەمیزادن.. ئەم مرۆڤە بەم جۆرە لێی تێ‌دەگات و، ئیتر سوپاس و تەقدیسی ئەو کردگارە شکۆمەند و بەخشندەیە دەکات کە ئەم چیا کەتە و زەبەلاحانەی کردووە بە مێخ و گەنجینەی ڕۆزی و گوزەرانی ئێمە، لەسەر ڕووی ئەم زەوییەی کە "خانە"ی ژیانمانە.

بەشی "فەیلەسووفێکی سروشتی"ش لەم گوفتارەدا ئەوەیە کە:

دەزانێت ئەو تێکەڵبوون و ئاڵوگۆڕ و بوومەلەرزانەی لە ناخی زەوی‌دا ڕوو دەدەن، لە ڕێی قوت‌بوونەوەی شاخەکانەوە هێور دەبنەوە. کەواتە چیاکان هۆکارێکن بۆ هێمنیی زەوی و ئارام‌بوون و لەنگەرگرتنی لە دەوری تەوەرەی خۆی و لانەدانی لە خولگە سالآنەکەی. وەك بلێی زەوی لە کلاوڕۆژنەی چیاکانیەوە هەناسە دەدات و تووڕەیی و توندوتیژیی ناو ناخی کەم دەبێتەوە.. ئەم فەیلەسووفە سروشتی‌یە، بەم چەشنە لەم ئایەتە تێ‌دەگات و دڵنیا دەبێت، ئیتر دێتە ناو بازنەی ئیمانەوە و دەڵێت: "الحِکمة لله".

○ نموونەیەکی تر:

﴿... اَنَّ السَّموات والاَرْضَ كانَتَا رَتْقاً فَفَتَقْنَاهُمَا﴾(الأنبياء: ٣٠).

وشەی: "رتقـاً"ی ئەم ئایەتە، بۆ کەسێك لە کەی فەلسەفەی بەرنە کەوتبێت، ئەوە دەگەیەنێت کە:

ئاسمان لە پێش‌دا ساماڵ و بێ‌هەور و، زەویش وشك و برنگ و بێ گیان بووە. جا ئەو کەسەی کە دەرگاکانی ئاسمانی بە باران خستە سەر پشت و ڕایەخی سەوزەلانیشی بە ڕووی زەوی‌دا ڕاخست، هەر ئەوە کە سەرجەم زیندەوەرانی لەو ئاوە بەدی‌هێناوە، تەنانەت دەڵێی جۆرە جووت‌بوون و "تەلقیح"ێك لە نێوانیاندا ڕووی داوە! خۆ ئەم کارەش تەنها هی ئەو خاوەن توانستە شکۆمەندەیە کە ڕووی زەوی بەلایەوە وەك بێستانێکی بچووك وایە و، ئەو هەورانەش کە ڕووی ئاسمان دادەپۆشن ئاودێری ئەو بێستانەین.. ئەو کەسە، ئاوا لەم وشەیە تێ‌دەگات و، ئیتر لە بەردەم گەورەیی توانستی خوادا سەری سوژدە دەخاتە سەر زەوی.

هەر هەمان وشەی "رتقاً" بۆ زانای گەردووناس ئەوە دەگەیەنێت کە:

لە سەرەتای دروست‌بوونی گەردووندا ئاسمان و زەوی دوو بارستایی بێ شکڵ و شێوەو دوو هەویری تازە و تەڕی بێ‌سوود بوون. جا لەو کاتەدا کە ئەم دوو مادەیە هیچ بەدیهاتوویەکیان تێدا نەبووە و کەسێش لە سەریاندا هاتوچۆی نەکردووە، بەدیهێنەری دانا بە شێوەیەکی جوان ڕای‌خستن و، گەلێ شێوەی بەسوود و ئارایشتی ڕەنگین و بەدیهاتووی زەبەندەی پێ بەخشین.. ئەو زانایە بەم جۆرە لەم وشەیە دەگات و، ئیتر لە بەردەم فراوانیی دانستی خوای گەورەدا تووشی سەرسووڕمان دەبێت.

هەر ئەم وشەیە سەبارەت بە فەیلەسووفە هاوچەرخەکانەوە ئەوە دەگەیەنێت کە:

گۆی زەویمان و هەسارەکانی تریش، کە کۆمەڵەی خۆر پێك‌دەهێنن، لە پێش‌دا بە وێنەی هەویر لەگەڵ خۆردا تێکەڵ بوون و هێشتا ڕانەخرابوون. بەڵام پاش ئەوە، خوای گەورەی خاوەن توانست و ڕاگیرکەری گەردوون ئەو هەویرەی لە یەك جیا کردەوە و، هەر یەك لەو ئەستێرە و هەسارە گەڕۆکانەی لە شوێنی خۆی‌دا دانا، "خۆر" لەوێ و "زەوی" لێرە و... هتد.. ئنجا ڕایەخی گڵی بەسەر زەوی‌دا ڕاخست و، لە ئاسمانەوە بارانی بۆ باراند و،

ڕووناکیشی لە خۆرەوە بەسەردا پەخشاند و، مرۆڤی تێدا نیشتەجێ کرد.. ئەو فەیلەسووفە بەم جۆرە لەم وشەیە تێدەگات و، ئیتر سەری لە زۆنگاوی سروشت دەردەهێنێت و دەڵێت: "آمنت بالله الواحد الأحد"!

○ نموونەیەکی تر:

﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا﴾(یس:٣٨).

"لام"ی ﴿لِمُسْتَقَرٍّ﴾ واتای خودی "لام" و واتای "في" و واتای "إلى""ش دەگەیەنێت..

کەسانی عەوام بە واتای "إلى" لەم "لام"ە تێدەگەن، واتە:

ئەو خۆرەی کە گەرمی و ڕووناکیتان پێ دەبەخشێت، بەرەو شوێنی گیرسانەوەی خۆی دەڕوات و ڕۆژێك دێت کە دەیگاتێ و، ئەو کاتەش چ سوودێکتان پێ ناگەیەنێت.. ئەو کەسە، بەم تێگەیشتنەی خۆی، یادی ئەو نیعمەتە مەزنانە دەکاتەوە کە خوای گەورە بەستوونی بە خۆرەوە. ئیتر سوپاس و تەقدیسی پەروەردگاری خۆی دەکات و دەڵێت: "سبحان الله، الحمد لله".

هەر ئەم ئایەتە "لام"ەکەی بە واتای "إلى" پیشانی مرۆڤی زاناش دەدات، بەڵام نەك بەو واتایەی کە خۆر تەنها سەرچاوەی ڕووناکی‌یە، بەڵکو بەو واتایەی کە خۆر وەك "مەکووك"ی ئەو چنراوە پەروەردگاری‌یانە وایە کە لە کارگەی بەهار و هاویندا دەچنرێن و، مەرەکەبێکی "نوور"ە بۆ نووسراوە صەمەدانی‌یەکانی خواوەند کە لەسەر لاپەڕەی شەو و ڕۆژدا دەنووسرێن.. مرۆڤی زانا بەم جۆرە تەسەووری دەکات و، بە وردی سەرنج لە ڕێسای ناوازەی ئەو جیهانە دەدات کە جموجوولی ڕواڵەتیی خۆر ئاماژەی بۆ دەکات. ئیتر لە بەردەم حیکمەتی کردگاری دانادا سەری دەخاتە سوژدە و دەڵێت: "ماشاء الله.. تبارك الله".

سەبارەت بە گەردووونناسیش، ئەوا بە واتای "في" لەم "لام"ە تێدەگات. واتە: خۆر بە وێنەی زەمبەلەکی کاتژمێر و بە خولانەوەیەکی تەوەرەیی بە دەوری خۆیدا، جموجوولی کۆمەڵەکەی ڕێك دەخات. ئیتر لە بەردەم ئەم کردگارە شکۆمەندەی کە ئەم چەشنە سەعاتە مەزنەی بەدیهێناوە دووچاری سەرسووڕمان و حەپەسان دەبێت و لەتاوا دەڵێت: "العظمة لله والقدرة لله" و، دەست لە فەلسەفە هەڵدەگرێت و دێتە ناو مەیدانی حیکمەتی قورئانەوە!

هەر ئەم "لام"ە، زانای وردکار واتای "عیللەت"و واتای "ظرفیة"ی لێ‌دەداتەوە..

واتە: کردگاری دانا هۆکارە ڕواڵەتی‌یەکانی کردووە بە پەردە لە ڕووی کاروبارەکانی خۆیدا. ئەوەتا هەسارەکانی بە یاساکەی خۆی کە پێی دەوترێت: "جازیبییەت" بە خۆرەوە پەیوەست کردووە و، هەر بەو یاسایەش هەسارە زۆر و زەبەندەکانی بە چەندین جموجوولی جۆراوجۆری ڕێكوپێك بەگەڕ خستووە و، خولانەوەی خۆریشی بە دەوری تەوەرەکەیدا کردووە بە هۆکارێکی ڕواڵەتیی بەرهەمهێنانی ئەو جازیبییەتە. واتە: مانای ﴿لِمُسْتَقَرٍّ﴾

ئەوەیە کە خۆر: "تجري في مستقر لها لاستقرار منظومتها"! چونکە "جوولە" گەرمی بەرهەم دەهێنێت و، "گەرمی"ش هێز و، "هێز"یش جازیبییەتی ڕواڵەتی بەرهەم دەهێنێت. ئەمەش قانوونێکی پەروەردگاری و یاسایەکی خواییە.. ئیتر ئەم دانا وردەکارە، ئەم چەشنە حیکمەتە لە تەنها یەك پیتی قورئانی.حەکیم وەردەگرێت و، دەڵێت: (الحمد لله، حیکمەتی ڕاستەقینە هەر تەنها ئەوەیە کە لە قورئاندایە و، لەمەولا چیی‌تر بایەخ بە فەلسەفە نادەم)!

ئەو کەسەش کە خاوەنی دڵ و بیری شاعیرانەیە، لەم "لام"و "ئیستیقرار"ەوە ئەم واتایە تێ‌دەگات کە:

"خۆر" درەختێکی نوورانی‌یە و هەسارەکانی دەوروبەریشی بەروبوومە گەشتیارەکانی ئەون. کەواتە خۆر - بە پێچەوانەی درەختەکانی تر - ڕادەپەڕێت و دەجووڵێت تاکو بەروبوومەکانی هەڵ نەوەرێن! گەر وا نەکات، بەروبوومەکانی هەڵدەوەرن و پەرتەوازە دەبن!

دەشتوانیت بە ئەندێشە "خۆر" وەك سەرحەڵقەی ذیکرێك ببینیت کە بە وێنەی عاشقێکی شەیدا لە ناوەڕاستی ئەو حەڵقەیەدا ذیکری خوا بکات، تەنانەت دەبینیت حاڵ و جەزبەشی لەوانەی دەوری خۆی هێناوە!

هەر بەم واتایە لە پەیامێکی ترمدا وتوومە:

بەڵێ، خۆر درەختێکی بەردارە، بۆ ئەوە ڕادەپەڕێت کە بەری خۆش و بەتام و لەزەتی هەسارەکانی دانەکەون و هەڵنەوەرێن. خۆ ئەگەر لە شوێنی خۆیدا بە بێ‌دەنگی ڕاباوەستایە و نەجوولایە، ئەوا کێشی نێوان خۆی و هەسارەکان نەدەما و، ئەو هەسارە شەیدا و ڕێك‌وپێکانەش بە ناو بۆشایی فراوانی ئاسماندا پەرتەوازە دەبوون و لە تاو هەڵوەرین و زایەبوونیان هاواریان لێ‌هەڵدەسا!

○ نموونەیەکی تر:

﴿وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾(البقرة:٥).

ئەم ئایەتە "سکووت" و "ئیطلاق"ی تێدایە، چونکە دەستنیشانی نەکردووە کە ئەوانە بە چ پاداشتێك دەبن بە "موفلیح". تاکو هەموو کەسێك لەم سکووتەدا بگات بە ئامانج و ئاواتی خۆی! واتە ئەم ئایەتە گوفتارەکەی کورت دەکاتەوە تاکو واتای فراوان بە دەستەوە بدات! چونکە:

ئامانجی هەندێك لەوانەی کە ئەم گوفتارەیان ئاراستە کراوە: ڕزگار بوونە لە دۆزەخ و.. هەندێکی تر تەنها بیر لە بەهەشت دەکەنەوە و.. کۆمەڵێکی تر ئاواتەخوازی بەختەوەریی هەمیشەیین و.. بەشێکی‌تر تەنها ئومێدەواری بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوان و.. ئەوپەڕی ئاواتی هەندێکی تریش بینینی خوای گەورەیە. قورئانی پیرۆزیش ئەم گوفتارەی ئاوا بە "موتڵەق"ی هێشتەوە تاکو واتاکەی گشتی بێت و، "حەذف"ی تێدا کردووە تاکو

واتای زۆر بە دەستەوە بدات و، بە کورتی و پوختیش هێناویەتی بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بەشی خۆی تێدا ببینێت!

بەم جۆرە وشەی ﴿المفلحون﴾ لێرەدا ئەوە دەستنیشان ناکات کە بەچی دەبن بە "موفلیح" (واتە: ئەوانە چ پاداشتێکیان دراوەتەوە وا بە "موفلیح" ناو براون)؟ وەك بڵێی ئەم ئایەتە بەم بێدەنگی‌یەی پێیان بڵێت: موسڵمانان مژدەبێ!.. ئەی کاکی موتەقی! لە دۆزەخ رزگارت دەبێت.. ئەی خواپەرستی پیاوچاك! لە بەهەشتدا رزگاری و سەرفرازی بەدەست دەهێنیت.. ئەی کاکی خواناس! رەزامەندیی خوات دەستگیر دەبێت.. ئەی شەیدای جوانیی خواوەند! تۆ بە دیتنی خواوەند بەهرەمەند دەبیت... هتد.

لە نێوان هەزاران نموونەدا تەنها یەك نموونەمان لە قورئانی پیرۆز هێنایەوە بۆ هەر یەك لە: جامیعییەتی لەفظ و، گوفتار و، وشە و، پیت و، سکووت. دەسا تۆش بۆ خۆت قیاسی "ئایەت" و "چیرۆك"یش لەسەر ئەمانە بکە.

○ نموونەیەکی تر:

﴿فَاعْلَمْ اَنَّهُ لا اِلٰهَ اِلاّ الله واسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ﴾(محمد:١٩).

ئەم ئایەتە گەلێ پلە و رووی زۆر و زەبەندەی تێدایە، تەنانەت گشت چینەکانی ئەولیا، لە هەموو هۆکارە جیاجیاکانی سلووك و پلە جۆراوجۆرەکانیاندا، دابین‌بوونی پێداویستی‌یەکانی خۆیان تەنها لەم ئایەتەدا دیوەتەوە و، هەریەکەیان خۆراکێکی مەعنەویی لێ وەرگرتووە کە شایانی ئەو پلەیەی ئەو بێت. چونکە لەفظی: "الله" ناوێکی جامیعە بۆ هەموو ناوە جوانەکانی خوای گەورە و، بە ئەندازەی ژمارەی هەموو "ناوەکان" جۆرەکانی "تەوحید"یشی تێدایە، واتە: "لا رزّاق الاّ هو.. لا خالق الاّ هو.. لا رحمن الاّ هو...." هتد.

○ نموونەیەکی تر:

چیرۆك و بەسەرهاتی حەزرەتی مووسا - درووودی لەسەر بێت - کە یەکێکە لە چیرۆکەکانی قورئان، بە ئەندازەی ئەو سوودانەی لە عەساکەی حەزرەتی مووسادا هەن، دەرس و پەندی تێدایە..

چونکە ئەم چیرۆکە: دڵدانەوە و دڵنیاکردنی پێغەمبەر ﷺ و.. هەڕەشەکردن لە کافرانو.. دەرخستنی چەپەڵیی مونافیقان و.. سەرزەنشتی جوولەکە و.. چەندین مەبەستی تری وەك ئەمانەی تێدایە. کەواتە گەلێ رووی زۆری هەیە، بۆیە لە چەند سوورەتێكدا دووپات بووەتەوە. جا هەرچەند لە هەموو شوێنێکی باس‌کردنی ئەم چیرۆکەدا گشت ئامانجو مەبەستەکان رەچاو کراون و هەموویان بەدەستەوە دەدەن، لەگەڵ ئەوەش‌دا تەنها یەکێك لەو ئامانجانە لەو شوێنەدا جێی مەبەستە و ئامانجەکانی تر لەوێدا شوێن‌کەوتەی ئەو ئامانجە سەرەکی‌یەن.

ئەگەر دەڵێیت:

چۆن بزانین قورئانی پیرۆز گشت ئەو واتایانەی مەبەستە کە لە نموونەکانی پێشوودا باس کران و، بە چیدا دەزانین ئاماژەیان بۆ دەکات؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

مادەم قورئانی پیرۆز ڕێنمایی و گوفتارێکی ئەزەلییە و، خوای گەورە ئاراستەی چینە جۆراوجۆرەکانی گرۆی مرۆڤی دەکات کە لە پشتی چەرخ و سەردەمەکانەوە ڕیزیان بەستووە، ئەوا دەبێ گەلێ واتای زۆری تێدا دابنرێت، تاکو لەگەڵ ئاستە جیاجیاکانی تێگەیشتندا بگونجێت و، گەلێ نیشانەش لەسەر ئەوە دادەنێت کە ئەو واتایانە هەموویان مەبەستن.

لە کتێبی "إشارات الإعجاز"دا ئەو واتایانەی کە لێرەدا باس کران و واتا زۆرەکانی تری وشەکانی قورئانمان هێناوە و، بەپێی دەستوورەکانی عیلمی: (صەرف و نەحو و بەیان و مەعانی) و یاساکانی: ڕەوانبێژی، چەسپاندوومانن.

وێڕای ئەمەش هەموو ئەو واتا و ڕووانەی کە بەپێی زانستەکانی زمانی عەرەبی ڕاستن و، بە پێوانەی زانستی ئوصوولی دین تەواون و، لە هونەری "مەعانی"شدا مەقبوولن و، لە زانستی "بەیان"دا شیاون و، ڕەوانبێژیش بە لایەوە پەسندن، هەموو ئەوانە، بە یەك دەنگیی: موجتەهیدان و تەفسیرنووسان و زانایانی ئوصوولی دین و ئوصوولی فیقهـ و، بە شایەتیی جیاوازیی ئیجتهاد و بۆچوونەکانیان.. بەشێکن لە واتاکانی قورئانی پیرۆز. ئەوەتا قورئان بۆ هەموو یەکێك لەو واتایانە و هەریەکەشیان بەپێی پلەی خۆی نیشانەیەکی داناوە. ئەم نیشانەیەش یان "لەفظی"یە یان "مەعنەوی". نیشانە مەعنەوییەکەش یان "سیاق"ی ڕستەکەیە، یان "سیباق"ی گوفتارەکەیە، یان نیشانەیەکی ترە کە ئاماژە بۆ ئەو واتایە دەکات.

ئەو سەدان هەزار کتێبی تەفسیرەی کە هەندێکیان گەیشتوونەتە هەشتا بەرگ[1] و، چەندین زانای لێکۆڵەر دایانناون، بەڵگەیەکی گومانبڕی درەخشانن لەسەر جامیعییەت و دەراسایی وشەکانی قورئان!

بە هەرحاڵ.. گەر ئێمە لەم وتەیەدا بە درێژی لە نیشانەکانی هەموو یەکێك لەو واتایانەی قورئان – بە دەستوور و یاساکانیەوە – بکۆڵینەوە، ئەوا ئەم وتەیە درێژە دەکێشێت. بۆیە لێرەدا بە پوختی لێی دواین و، درێژەی ئەم باسە بە "إشارات الإعجاز" دەسپێرین.

---

(١) تەنانەت "تەفسیری ئەدەنەوی" کە ناوی "الاستغناء في علم القرآن"ە و، لە لایەن محمدی کوڕی عەلیی کوڕی ئەحمەدی موقریئی نەحوی کە لە ساڵی (٣٨٨ك)دا کۆچی دوایی کردووە دانراوە، لە سەد و بیست بەرگدایە، کە بە ماوەی دوازدە ساڵ دایناوە! بڕوانە: "کشف الظنون"ی حاجی خەلیفە ١/٤٤١. (وەرگێڕ لە چاپە عەرەبییەکەوە)

بریسکانەوەی دووهەم:

جامیعییەتی دەراسا لە "واتاکان"ی قورئاندا.

بەڵێ، قورئانی پیرۆز لە گەنجینەی "واتا" مەزنەکانیەوە: سەرچاوەی گشت موجتەهیدان و.. چێژی هەموو خواناسان و.. مەشرەبی هەموو بەخواگەیشتووان و.. ڕێبازی گشت کاملان و.. ڕێڕەوی سەرجەم لێکۆڵەرانی بەخشیوە! جگە لەوەش هەموو کاتێك هەر قورئان ڕێنما و ڕابەری بەرزبوونەوە و پێگەیشتنیان بووە و، لە گەنجینە نەبڕاوەکەشیەوە نووره درەخشانەکانی خۆی ئاراستە کردوون. هەروەك هەموویان لەسەر ئەمە یەکیان گرتووە و دانیان پێدا ناوە و تێکڕا تەصدیقیان کردووە!

❑ **بریسکانەوەی سێهەم:**

جامیعییەتی دەراسا لە "زانیاری"ی قورئاندا.

بەڵێ، هەروەك زانیارییە زۆر و زەبەندەکانی "شەریعەت" و، زانستە جۆراوجۆر و زۆرەکانی "حەقیقەت"و، زانیارییە جیاجیا و بێسنوورەکانی "تەریقەت" بە خوڕی و لێشاو لە دەریای زانستەکانی قورئانەوە جۆگەلەیان بەستووە.. بە هەمان جۆر: حیکمەتی ڕاستەقینەی بازنەی "مومکینات" و، زانستە حەقیقییەکانی بازنەی "وجووب" و، زانیارییە تەماوییەکانی بازنەی "ئاخیرەت"یش، بەوپەڕی سەخاوەت و ڕێكوپێکی و خوڕی، لە هەمان دەریاوە سەرچاوەیان گرتووە.

خۆ ئەگەر بمانەوێت نموونەیەك بۆ ئەم بریسکانەوەیە بهێنینەوە ئەوا پێویستمان بە نووسینی بەرگێکی تەواو دەبێت! بۆیە تەنها "بیستوپێنج وتەکانی پێشوو" لەسەر ئەمە بە نموونە دەهێنینەوە. بەڵێ، حەقیقەتە ڕاستەکانی هەر بیستوپێنج وتەکان، تەنها بیستوپێنج دڵۆپی دەریای زانیاریی قورئانن. خۆ ئەگەر هەر ناتەواوییەك لەو وتانەدا ببێت، ئەوا دڵنیابە کە تەنها هی تێگەیشتنی کەم و کورتا و ناتەواوی خۆمە.

❑ **بریسکانەوەی چوارەم:**

جامیعییەتی دەراسا لە "باسەکان"ی قورئاندا.

بەڵێ، قورئانی پیرۆز گشت ئەو باس و بابەتە هەمەکییانەی لەخۆدا کۆکردووەتەوە کە تایبەتن بە: مرۆڤ و ئەرکی سەرشانی و، گەردوون و بەدیهێنەری و، زەوی و، ئاسمان و، دنیا و، قیامەت و، ڕابوردوو و، داهاتوو و، ئەزەل و، ئەبەدەوە..

جگە لەمانەش، گەلێ باسی بنەڕەتی و گرنگی تری لەخۆ گرتووە: هەر لە باسی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ و قۆناغی "نوتفە"وە تا دەڕواتە ناو گۆڕ و.. لە ئادابی خەو و خواردنیەوە تا دەگاتە باسەکانی قەزا و قەدەر و.. لە بەدیهێنانی جیهانەوە بە ماوەی شەش ڕۆژ تا دەگاتە کارمەندییەکانی هەڵکردنی (با) کە سوێندەکانی "والمرسلات" و

"والذاريات" ئاماژەیان بۆ دەکەن و.. هەر لە دەستتێوەردانی خواوەندەوە لە دڵ و ویست و ئیرادەی مرۆڤ، کە ئەمەش ئایەتە پیرۆزەکانی: ﴿وَمَا تَشاؤُنَ الاّ اَن يَشاءَ اللهُ﴾(التكوير:٢٩) و ﴿يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ﴾(الأنفال:٢٤) ئاماژەی بۆ دەکەن، تا دەگاتە: ﴿وَالسَّموات مَطويَّاتٌ بِيَمينِهِ﴾(الزمر:٦٧) و.. هەر لە ﴿وَجَعَلْنا فيها جَنَّات مِنْ نَخيلٍ وَاَعْناب﴾(يس:٣٤)ەوە تا ئەو حەقیقەتە سەرسوورهێنەی کە ئەم ئایەتە دەریدەبڕێت: ﴿اذا زُلْزِلَتِ الاَرْضُ زِلْزالَها﴾(الزلزلة:١) و.. لەو حاڵەتەی ئاسمانەوە کە: ﴿ثُمَّ اسْتَوى اِلى السَّماءِ وَهِي دُخانٌ﴾(فصلت:١١) تا دەگاتە شەقوپەق بوونی ئاسمان و کەوتن و پەرتەوازەبوونی ئەستێرەکانی لە بۆشایی بێسنووردا و.. هەر لە کردنەوەی دەرگای دنیا بۆ تاقیکردنەوە تا تەواوبوونی ماوەی ئیمتیحان و.. هەر لە گۆڕەوە کە یەکەم مەنزڵی ئاخیرەت و بەرزەخ و حەشر و سیراتە، تا دەگاتە بەهەشت و بەختەوەریی هەمیشەیی و.. لە ڕووداوە دێرینەکانی سەردەمی بەدیهاتنی حەزرەتی ئادەم – علیه السلام – و ململانێی نێوان دوو کوڕەکانیەوە، تا دەگاتە تۆفان و، لەناوچوونی قەومی فیرعەون و، بەسەرهات و ڕووداوە مەزنەکانی زۆربەی پێغەمبەران، درووديان لەسەر بێت و.. هەر لەو بەسەرهاتە ئەزەلیەی: ﴿اَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾(الأعراف:١٧٢)ەوە تا دەگاتە ئەو ڕووداوە ئەبەدییەی: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ ناضِرَةٌ ۞ اِلى رَبِّها ناظِرَةٌ﴾(القيامة:٢٢-٢٣)!

قورئانی پیرۆز هەموو ئەم بابەت و باسە گرنگانە بە شێوەیەك ڕوون دەکاتەوە شایستەی زاتی مەزنی ئەو پەروەردگارە شکۆمەندە بێت کە ئەم گەردوونە هێندە بە ئاسانی بەڕێوە دەبات وەك بڵێی کۆشکێك بێت و.. دنیا و ئاخیرەتیشی بەلاوە وەك دوو ژوور وان بە ئاسانی دەرگای یەکێکیان دەکاتەوە و هی ئەوی تریشیان دادەخات و.. بە وێنەی دەستکاری کردنی بێستانێکی بچووك دەستکاریی گۆی زەوی دەکات و.. بە وێنەی بنمیچێکی چراخانیش دەست لە ئاسمانەکان وەردەدات و.. وەك دوو لاپەڕەی ئامادە و پێشچاو بەسەر "ڕابوردوو" و "داهاتوو"دا دەڕوانێت و وەکو شەو و ڕۆژ وان لە بەردەمیداو.. "ئەزەل" و "ئەبەد"یش بە وێنەی ئەمڕۆ و دوێنێ دەبینێت و، وەك کاتی "ئێستا" وان بەلایەوە کە کاتێکە پەیوەستەی هەردوو سەری زنجیرەی کاروبارە خواییەکانە..

هەروەك ئەندازیارێك، کە دوو کۆشکی بنیات نابێت، لە بارەی ئەو دوو کۆشکە و بەڕێوەبردنیانەوە دەدوێت و، لاپەڕەیەکی کارنامە و پێڕستێك بۆ سیستەمەکەیان دادەنێت.. بە هەمان جۆر، قورئانی پیرۆزیش گوفتارێکی ڕوونی وەهایە کە شایستەی کەسێکە ئەم گەردوونەی بەدیهێناوە و بەڕێوەی دەبات و لاپەڕەی کارنامە و پێڕستی پرۆگرامەکانی نووسیوە و دەریخستووە، گەر ئەم تەعبیرە دروست بێت..

ئەوەتا لـە هیچ لایەکەوە هیچ شوێنەوار و جێدەستێکی تەصەنوع و تەکەللوفی تێـدا نابینرێت، هەروەك هیچ نیشـانەیەکی ئەوتۆشـی تێدا نی‌یـە کـە دەری‌بخات لاسایی گوفتـاری کەسێکی تری کردبێتەوە، یان خۆی لە غەیری شوێنی خۆیدا دەربخات و هیـچ فێڵێکـی تـری وەك ئەمانەی هەرگیز تێدا نی‌یە. کەواتە قورئانی پیرۆز لەوپەڕی جیددی و بێ‌گەردی‌دایـە و ساف و بریسـکاوە و ڕوون و درەخشـانە. چونکـە هـەروەك ڕوونـاکیی خـۆر بـە زمـانی حـاڵ دەڵێت: "من لەو خۆرەوە پەیدا بووم". قورئانیش بـە هـەمان جۆر دەفـەرموێ: "مـن گوفتـار و بەیانی بەدیهێنەری جیهانم".

بەڵێ، جگە لەو کردگارە شـکۆمەند و نیعمەت‌بەخشـە چاکـەکارەی کـە ئـەم دنیایـەی بـە سنعەتە بەنرخەکانی ڕازاندووەتەوە و لـە نیعمەتە خۆش و بەلەزەتەکانی خۆی پڕی کـردووەو، بەوپـەڕی نـاوازەیی و چاکـەکاری و ڕێك‌وپێکـی، بەدیـهاتووە ناوازەکـانی و نیعمەتـە بەنرخەکانی خۆی بەسەر ڕووی زەویدا بڵاو کردووەتەوە.. کێ هەیە - جگە لەو - خـاوەنی "بەیـان"ی ئـەم قورئانـە پیرۆزە بێـت کـە دنیـای لـە تـەقدیر و تـەعزیم و ئیستیحسـان و سەرسووڕمان و سوپاس و ستایش پڕ کردووە، تەنانـەت گۆی زەویشـی کـردووە بـە تەکیـەی ذیکـر و مزگـەوتێك کـە نـاوی خـوای تێـدا بـەرز دەکرێتـەوە و پیشـانگایەکیش بـۆ پێش‌چاوخستنی سنعەتە ناوازەکانی ناوەکـانی خـوای گـەورە؟! دەبێ کـێ بێـت جگـە لـەو خاوەنی ئەم گوفتارە بێت؟! یان کێ دەتوانێـت لافی خـاوەنێتیی ئـەم گوفتـارە لـێ‌بدات؟ ئایـا دەگونجێت ئەو "ڕووناکی"یەی کە دنیای لە نوور پڕ کردووە هی شتێکی تری غەیری "خـۆر" بێت؟! یان ئایا دەبێ نووری "بەیان"ی قورئان، کە مەتەڵی جیهانی شیتەڵ کرد و ڕووناکیشـی بە گەردوون بەخشی، گوفتاری کێ بێت جگە لە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی؟ یـان کـێ پڕکێشی دەکات لاسایی بکاتەوە و دەتوانێت شتێکی هاووێنەی قورئان بهێنێـت؟

بەڵێ، ئەو کردگارەی کە ئەم دنیایەی بە داهێنانی ناوازەی سنعەتی خۆی ئارایشـت داوە، مەحاڵە لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا نـەدوێت کـە لـە بـەردەم سـنعەت و داهێنانـەکـەی ئـەودا گرفتـاری سەرسامی بووە!

جا مادەم ئـەو کردگـارە خـاوەنی: "کـار" و "زانین"ە، ئەوا بێ‌گومـان خـاوەنی: "دوان و قسەکردن"یشە. خۆ مادەم دەدوێت، ئەوا جگە لە قورئان هیـچ شتێکی تـر شایانی ئـەوە نی‌یـە کە گوفتاری ئەو بێت! ئایا ئەو خاوەن موڵکەی کە بایەخ بە ڕێکخستنی گوڵێکی بچـووك لـە موڵکی خـۆیدا دەدات، چۆن بایـەخ بـە گوفتـارێك نـادات کـە سەرانسـەری موڵکـی ئـەوی کـردووە بـە کـۆڕی تـەهلیل و جەزبـەی ذیکـر و دەم‌پاراو بـە یـادو ستایشـی ئـەو؟ یـان ئایـا دەگونجێت لە شان و شکۆی ئەم گوفتارە بڵندە بهێنێتە خـوار و بـە هـی یـەکێکی تـری غـەیری خۆی دابنێت؟!

❐ بریسکانەوەی پێنجەم:

جامیعییەتی دەراسا لـە "شێواز و کورتکردنەوەکانی" قورئاندا.

"ئەم بریسکەیە پێنج ڕووناکیی لێبووەتەوە":

ڕووناکیی یەکەم:

شێوازی قورئـان جامیعییەتێکی سەرسوورهێنی تێدایە، تەنانـەت تەنـها یـەك سـوورەتی، دەریـای مـەزنی هـەموو قورئـانی لـەخۆ گرتـووە، کـە ئـەویش جێـی ئـەم گەردوونـەی تێـدا بووەتـەوەو.. تەنـها یـەك ئایـەتیش گەنجینـەی ئـەو سـوورەتەی لـە ئـامێز گرتـووە و.. زۆربـەی ئایەتەکانیش هەریەکەیان وەك سوورەتێکی بچووك و.. زۆربەی سوورەتەکانیش هەریەکەیان وەك قورئانێکی بچووك وان..

جـا لـەم "ئیجـاز"ە خـاوەن ئیعجـازەوە نەرمونیانییـەکی یـەکجار مـەزن و ئاسـانییەکی جوانو فراوان بۆ "ڕێنمایی و ئیرشاد" سەر هەڵدەدات، چونکە هەرچەند هـەموو مرۆڤێـك لـە هەموو کاتێكدا پێویستی بە خوێندنی قورئانە، کەچی هەموو کاتێك چ لەبەر کەودەنی، یان کەم تێگەیشتن، یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر، ئەمەی بۆ نارەخسێت. جا لەبەر ئەوەی کە هیچ کەسێك لە گشت قورئان مەحرووم نەبێت، ئەوا هەموو سوورەتێکی قورئان لە حوکمی قورئـانێکی بچووکدایە، بگـرە هـەموو ئایـەتێکی درێـژی قورئـان لـە شـوێنی سـوورەتێکی بچووکدایە. تەنانەت هەموو ئەهلی کەشف لەوەدا یەکیان گرتووە کە "قورئان" لە سـوورەی "فاتیحە"دا و فاتیحەش لە ﴿بسم الله الرحـــمن الرحیم﴾دا جەم بووە! بەڵگـەش لەسـەر ئەمـە: یەکدەنگیی زانایانی ئەهلی تەحقیقە.

ڕووناکیی دووهەم:

ئایەتـەکانی قورئـان بـە: "دەلالـەت و ئامـاژە"کانیـان، گەلـێ جۆری گوفتـار و، زانسـتی ڕاستەقینە و، پێداویستیی مرۆڤیـان تێدا جـەم بـووە، وەك ئـەمر و نـەهی.. وەعـد و وەعیـد.. تەرغیب و تەرهیب.. سەرزەنشت و ڕێنمایی.. چیرۆك و نموونەهێنانـەوە.. ئـەحکام و زانسـتە خواییەکان.. زانستە گەردوونییە‌ەکان و یاسا و مەرجەکانی ژیانی: کەسی و کۆمەڵایـەتیو قەلبی و مەعنەوی و قیامەتی. بە ڕادەیـەك کە ئەو پەندە باوەی نێوان ئـەهلی حەقیقـەتی تێدا دیتەدی کە دەڵێت: "خُذْ ما شِئْتَ لِمَـــا شِـــئْتَ". بـەو واتایەی: ئایەتـەکانی قورئـان هێنـدە جامیعییـەتیان تێدایـە کـە دەکرێـت دەرمـانی هـەموو دەردێـك و خـواسـت و خۆراکـی هـەموو پێویستییەکیان تێدا بێت..

بەڵێ، دەبێ وابێت، چونکە ئەو قورئانە مەزنەی کە پێشڕەوێکی کـامڵ و موتڵـەقی گشت چینەکانی ئەهلی کەماڵە، لەوانەی کە هەمیشە پلەکانی بەرزبوونـەوە و کـەماڵ دەبڕن، دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتکارییە دەراسا و ئاوازەیە بێت!

ڕووناکیی سێهەم:

کە بریتی‌یە لە "ئیجاز"ی خاوەن ئیعجازی قورئان. ئەوەتا قورئان هەندێ جار سەرەتا و کۆتایی زنجیرەیەك هێندە بە ناسك و نیانی باس دەكات كە هەموو زنجیرەكەی تێدا پیشان دەدات. هەندێ جاری تریش لەناو یەك وشەدا بەڵگە زۆرەكانی دەعوایەك، چ بە ڕاشكاوی‌و چ بە ئاماژە و چ بە ڕەمز و هێما، ڕیز دەكات.

○ بۆ نموونە:

﴿وَمِنْ آياتِهِ خَلْقُ السَّمواتِ والأَرْضِ واخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوانِكُمْ﴾(الروم:٢٢).

ئەم ئایەتە پیرۆزە باسی سەرەتا و كۆتایی بەدیهاتنی گەردوون دەكات، كە زنجیرەی نیشانە و بەڵگەكانی تەوحیدە، ئنجا دوای ئەوە زنجیرەی دووهەم ڕوون دەكاتەوە. بەمەش وا لە خوێنەر دەكات كە هەر بۆ خۆی و بەم جۆرەی خوارەوە زنجیرەی یەكەم بخوێنێتەوە:

یەكەم لاپەڕەكانی جیهان كە شایەتن لەسەر كردگاری دانا بریتین لە: بەدیهێنانی ئاسمانەكان و زەوی و، پاشان ڕازاندنەوەی ئاسمانەكان بە ئەستێرەكان و ئاوەدان كردنەوەی زەویش بە زیندەوەران و، ئنجا گۆڕینی وەرزەكان لە ڕێی بەكارهێنان و ڕام كردنی خۆر و مانگ و، پاشان زنجیرەی كاروبارە خوایی‌یەكانی لەمەڕ جیاوازی و بەدوای یەكداهاتنی شەو و ڕۆژ و.. هەروا بەم جۆرە تا دەگاتە: تایبەتمەندی و جیاوازیی هەریەك لە زمان و دەنگ‌و ڕوخسارەكان، كە زۆربەی شوێنەكانی بڵاوبوونەوەی "زۆری"(كثرة)ن..

جا ئەگەر لەم شوێنانەی كە لە چاو هەموو شوێنەكانی تردا پتر لە ڕێك‌وپێكی‌یەوە دوورن‌و بە ڕواڵەت زیاتر دەستی ڕێكەوتیان لێ گیر دەبێت، كە ڕەنگ و ڕوخساری مرۆڤە، ڕێك‌وپێكی‌یەكی ناوازە و دانایانەی ئەوتۆ هەبێت كە مرۆڤی ژێر سەرسام بكات و، كار و جێ‌دەستی وەستایەكی خاوەن حیكمەت بەو جۆرە دەربكەوێت.. ئەوا دەبێ لاپەڕەكانی تر، كە بە ئاشكرا ڕێك‌وپێكی‌یان پێوە دیارە، بەڵگەیەكی گەلێ ڕوون و ئاشكراتر بن لەسەر نەخشەكێشی ناوازەی خۆیان!

پاشان لەبەر ئەوەی ئاسەواری "داهێنان" و "حیكمەت" لە خودی بەدیهێنانی ئاسمانەكان‌و زەوی‌دا دەبینرێت كە بەدیهێنەری دانا كردوونی بە بەردی بناغەی گەردوون، ئەوا دەبێ نەخشی "حیكمەت" و ئاسەواری "داهێنان" لە بەشەكانی تری گەردووندا گەلێ ئاشكرا و لەبەرچاوتر بێت.

كەواتە ئەم ئایەتە "ئیجاز"ێكی ناسكی خاوەن ئیعجازی تێدا بوو لە: دەرخستنی شتی پەنهان و، پەنهان كردنی شتی ئاشكرادا، بەمەش ئامانج و مەبەستەكانی خۆی بە كورتی و پوختی دا بە دەستەوە!

بەڵێ ڕاستە، زنجیرەی ئەو بەڵگانەی كە بە: ﴿فَسُبْحانَ اللهِ حينَ تُمْسُونَ...﴾ دەست پێ دەكات تا دەگاتە: ﴿وَلَهُ الْمَثَلُ الأَعْلى في السَّمواتِ والأَرْضِ وَهُوَ الْعَزيزُ الْحَكيمُ﴾ و كە

شەش جار "ومن آیاته... ومن آیاتـه"ی تێدا دووپات بووەتەوە، لـە ڕاستیدا: زنجیرەیەکی گەوهەرن.. زنجیرەیەکی نوورن.. زنجیرەیەکی ئیعجازن.. زنجیرەیەکی ئیجازی ئیعجاز بەخشن. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد گەوهەرەکانی ئەم گەنجینانەم ڕوون بکردنایەتەوە، بەڵام چارم چییە؟ ئەم مەقامە درێژە پێدانی وا هەڵناگرێت، بۆیە لێرەدا دەرگای لەسەر ناکەمەوە و، پشت بەخوا بۆ کاتێکی تری هەڵ دەگرم.

○ نموونەیەکی تر: ﴿فَأَرْسِلُونِ ۞ يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ﴾(یوسف:٤٥-٤٦).

لە نێوان وشەی ﴿فَأَرْسِلُونِ﴾ و وشەی ﴿يُوسُفُ﴾دا ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە حەشار دراوە:

"إلى يوسفَ، لأستعبرَ منه الرؤيا، فأرسلوه، فذهب الى السجن، وقال:"!

بەو واتایەی کە چەند ڕستەیەکی لەناو تەنها یەك ڕستەدا کورت کردووەتەوە، بێ ئەوەی زیان لە ڕوونی و ئاشکرایی ئایەتەکە بدات، یان هیچ گرێ و ئیشکالێك لـە تێگەیشتنیدا دروست بکات!

○ نموونەیەکی تر:

﴿الَّذِي جَعَلَ لَكُمْ مِنَ الشَّجَرِ الأَخْضَرِ نَاراً﴾(یس:٨٠).

قورئان لـە بواری بەرپەرچدانەوەی ئەو مرۆڤە ملنەدەرە سەرسەختەی کە سنگی لـە بەدیهێنەر دەرپەڕاندووە و، وتوویەتی: ﴿مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ﴾(یس:٧٨) وەڵام دەداتەوە و دەفەرموێ: ﴿قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنْشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ﴾(یس:٧٩) هەروەها دەشفەرموێ: ئەو کەسەی کە لە درەختی سەوز ئاگرتان بۆ بەرهەم دەهێنێت، دەتوانێت ئێسکی پرتووکاویش زیندوو بکاتەوە.

ئەم گوفتارە لە چەند لایەکەوە ڕووی لـە دەعوای زیندوو کردنەوەیە و بە چەند ڕوویەك دەیچەسپێنێت. چونکە لە زنجیرەی ئەو چاکەکارییانەوە دەست پێ دەکات کـە خواوەند بە مەرحەمەت و چاکەی خۆی بـە مرۆڤی بەخشیون، ئەوەتا هەموو ئەمانەی یاد دەخاتەوە و هەستی دەبزوێنێت، پاشان گوفتارەکەی لێرەدا کورت دەکاتەوە، چونکـە هەروەك لـە چەند ئایەتێکی تـردا درێژەی پێ داوە، لەگەڵ ئەوەشدا درێژەی ئەم گوفتارە حەواڵەی "ژیری" دەکات و بەوی دەسپێرێت، واتە:

ئەو کەسەی لە درەخت بەروبووم و ئاگر و، لە گژوگیاش ڕۆزی و دانەوێڵە و، لە گڵیش دەغڵ ودان و ڕووەکی پێبەخشیون، هەر ئـەو زەویشـی وەك لانـك لـێ کردووە بۆتان و ڕۆزییەکانی ئێوەی تێدا جەم کردووە و جیهانیشی بۆ کردوون بە کۆشکێکی ئەوتۆ کە گشت پێداویستییەکانی ژیانتانی تێدا ئامادە کراوە..

جا ئایا دەگونجێت ئەو کەسە پشت گوێتان بخات و وازتان لێ بهێنێت تا لە دەستی دەربچن و لە "عەدەم"دا خۆتانی لێ بشارنەوە؟ نەخێر، هەرگیز ناکرێت ئێوە ئاوا هەرەمەکی و بەرباد بن و، لەناو گۆڕەکانتاندا بخەون و بحەوێنەوە، بێ ئەوەی زیندوو بکرێنەوە و پرسیاری کردەوەکانتان لێ بکرێت!

پاشان "ئاماژە" بۆ تەنها یەك بەڵگەی ئەو دەعوایە دەکات و، بە هێمای وشەی (الشجر الأخضر) دەفەرموێ:

ئەی ئەو کەسەی ئینکاریی حەشر دەکات! سەیری درەختەکان بکە! ئەو کەسەی کە لە وەرزی بەهاردا چەندەها درەختی لە ژمارەبەدەر زیندوو دەکاتەوە، پاش ئەوەی کە لە زستاندا مردبوون و وەك ئێسکیان لێ‌هاتبوو.. ئەو کەسەی کە ئەو درەختانە سەوز دەکاتەوە، تەنانەت لە هەموو درەختێكدا سێ نموونەی حەشر لە: گەڵا و گوڵ و بەرەکانیدا پیشان دەدات.. هەرگیز نابێ سنگی ئینکاری لەم خاوەن توانایە دەربپەڕێنرێت و بەدیهێنانی حەشری لێوە بە دوور بزانرێت.

پاشان "ئاماژە" بۆ بەڵگەیەکی تر دەکات و دەفەرموێ:

ئەو کەسەی کە ماددەیەکی سووکەڵە و نوورانیی وەك ئاگری لە درەختێکی چڕ و قورس و تاریك بۆ دەرهێناون، چۆن بەلاتانەوە دوورە ژیانێکی ناسکی وەك ئاگر و هەستێکی وەك نوور بەو ئێسکانە ببەخشێت کە وەك تەختەدار وان؟

پاشان بە "ڕاشکاوی" بەڵگەیەکی تر دەهێنێت و دەفەرموێ:

ئەو کەسەی کە بە "لێك‌خشاندنی دوو لق"ی دارێك ئاگر لەو چەشنە درەختە بەردەدات کە لای دەشتەکی‌یەکان ناسراوە و، دوو دژە سیفەتی وەك شێ و گەرمی لەو دارەدا کۆ دەکاتەوە و یەکێکیان دەکات بە مایەی سەرهەڵدانی ئەوی تر.. ئەم کارەی، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەموو شتێك، تەنانەت توخمە ئەسڵی و شوێن‌کەوتەکانیشیان، تەنها بە هێزی خواوەند دەجووڵێنەوە و فەرمانەکانی ئەو جێ‌بەجێ دەکەن و، هیچ‌کامیان بە سەربەخۆیی و هەرەمەکی کار ناکەن..

جا بەدیهێنەری مەزنی ئاوا، هەرگیز نابێ ئەوەی لێوە بە دوور بزانرێت کە: ئەم مرۆڤە لە گڵەوە زیندوو بکاتەوە، لە کاتێکدا کە هەر خۆی لە گڵ بەدیی هێناوە و کردوویەتیەوە بە گڵ.. بەدیهێنەری ئاوا مەزن نابێ بە "مل بۆنەدان" و "سەرسەختی" تەحەددا بکرێت!

پاشان بە وشەی (الشجر الأخضر) درەختە بەناوبانگەکەی حەزرەتی مووسا یاد دەخاتەوە و، هێمایەکی ناسك بۆ یەکگرتنی گشت پێغەمبەران - علیهم السلام - دەکات. وەك بڵێی دەعوای ئەم پێغەمبەرە ﷺ هەمان دەعواکەی حەزرەتی مووسایە -علیه السلام - کە ئەمەش جوانی و نیانی‌یەکی تر دەهاوێتە سەر جوانیی ئیجازی ئەم وشەیە.

ڕووناکیی چوارەم:

"ئیجاز"ی قورئان جامیعییەت و ئیعجازی تێدایە، خۆ ئەگەر بە وردی سەیر بکرێت ئەوا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە قورئانی پیرۆز لە ناوەندی نموونەیەکی جوزئی و ڕووداوێکی تایبەتی‌دا، گەلێ دەستووری فراوانی کوللی و یاسای دوور و درێژی گشتی دەردەخات، وەك بڵێیت لە یەك لەوێچ ئاودا دەریایەکی فراوان پیشان بدات!

لە نێوان هەزاران نموونەی ئەمەدا ئاماژە بۆ تەنها دوو نموونە دەکەین:

○ نموونەی یەکەم:

ئەم نموونەیە بریتی‌یە لەو سێ ئایەتەی کە لە مەقامی یەکەمی وتەی بیستەمدا بە درێژی لێیان دواین و، بە کورتی بەم جۆرەیە:

بە فێرکردنی حەزرەتی ئادەم و شارەزاکردنی لە هەموو ناوەکان، ئایەتەکە فێربوونی سەرجەم هونەر و زانستەکانیش دەگەیەنێت کە ئیلهامی ئادەمیزاد کراون..

هەروەها بە ڕووداوی سوژدەبردنی مەلائیکەتان و سوژدەنەبردنی شەیتان بۆ حەزرەتی ئادەم - درووودی لەسەر بێت - ئایەتەکە دەری‌دەخات کە: زۆربەی بوونەوەران هەر لە ماسیی دەریاکانەوە تا دەگاتە مەلائیکەتان، هەموویان ئامادە و ڕام‌کراون بۆ سوودگەیاندن بە نەوەی ئادەم، هەروەك بەدیهاتووە زیانبەخشەکانیش، هەر لە "مار"ەوە تا دەگاتە "شەیتان" ملی بۆ نادەن، تەنانەت دوژمنایەتیشی دەکەن..

هەروەها بە ڕووداوی سەربڕینی مانگاکە لە لایەن قەومی حەزرەتی مووساوە، ئایەتەکە دەری‌دەبڕێت کە چەمکی "گاپەرستی" بە چەقۆکەی حەزرەتی مووسا - درووودی لەسەر بێت - سەربڕرا، کە بیر و بۆچوونێك بوو لەو ڕۆژگارانەی میسردا برەوی پێ دەدرا، بە ڕادەیەك کە ڕۆڵی ڕاستەوخۆشی لە ڕووداوی بەناوبانگی "گوێرەکە"کەدا هەبووە.

هەروەها بە هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان بەردەکان و لەت‌بوونی ئەو بەردانە و تەقینەوەی ئاو لە نێوانیانەوە، ئایەتەکە دەری‌دەخات کە: ئەو چینە بەردینەی لە ژێر "گڵ"دان، چەند گەنجینە و عەمباراوێکن ئاوی مایەی ژیان بە "گڵ"ی ڕووی زەوی دەبەخشن.

○ نموونەی دووهەم:

گەلێ جار چیرۆکی حەزرەتی مووسا درووودی لەسەر بێت لە قورئانی پیرۆزدا دووپات بووەتەوە، چونکە هەموو ڕستەیەکی ئەم چیرۆکە تەنانەت هەموو یەکێك لە بەشەکانی، چەمکی دەستوورێکی کوللی دەردەخات و ئەو دەستوورە دەردەبڕێت..

یەکێك لەوانە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێ:

﴿يا هامانُ ابْنِ لي صَرْحاً﴾(غافر:٣٦).

فیرعەون فەرمان بە وەزیرەکەی دەدات کە: بورجێکی بڵندم بۆ بنیات بنێ تاکو سەیری بارودۆخی ئاسمانەکان بکەم و بە چاوی خۆم ببینم کە ئایا خوایەکی تێدا هەیە کاروباریان بەڕێوە ببات، وەك ئەوەی مووسا ئیدیعای دەکات؟!

ئەم ئایەتە پیرۆزە بە وشەی: ﴿صَرْحاً﴾ و بە ڕووداوێکی جوزئی: دەستوورێکی سەیر و نەریتێکی نامۆ پێش‌چاو دەخات کە لە ناو بنەماڵەی فیرعەونەکانی میسردا باو بووە. ئەوەبوو فیرعەونەکانی میسر لەبەر ئینکاری کردنی بوونی بەدیهێنەر و باوەڕبوونیان بە سروشت، لافی پەروەردگاریتی‌یان لێ‌دەدا و، بە ستەم و زەبروزەنگیش ناوی خۆیان بە تۆمارکراوی هێشتەوە و، ئەو "هەرەم"ە بەناوبانگانەیان بنیات نا کە دەڵێی چیان لە ناوەندی دەشتایی‌یەکی بێ شاخ و چیادا! تاکو بەم کارەیانەوە ناوبانگ دەربکەن و ناویان بمێنێتەوە. جگە لەمەش لەبەر باوەڕ بوونیان بە: "تناسخ الأرواح" و سیحربازی، تەرمەکانی خۆیان لە شێوەی مۆمیا(تحنیط)دا پاراستووە و، لەو گۆڕستانە بڵندانەدا دایان ناون!

یەکێکی تر لەوانە ئەم ئایەتەیە:

﴿فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ﴾(یونس:٩٢).

ڕووی گوفتار لێرەدا لەو فیرعەونەیە کە لەناو دەریادا خنکا. لە هەمان کاتدا ئەو دەستوورە پڕ لە پەند و ئامۆژگاری‌یەی ژیانی فیرعەونەکانیش دەردەخات کە مردن یادی مرۆڤ دەخاتەوە و، بریتی‌بووە لەوەی کە: لەبەر باوەڕ بوونیان بە "تناسخ الأرواح": جەستەی مردووەکانیان بە "مۆمیاکراوی" لە پێشینانەوە بۆ نەوەکانی داهاتوویان گواستووەتەوە، تاکو تەرمی فیرعەونەکانیان پیشانی ئەوانیش بدرێن. هەروەك ئەم ئایەتە پیرۆزە، بە شێوازێکی ئیعجازبەخش، ئاماژەیەکی غەیبیش دەکات بۆ ئەوەی کە: ئەو تەرمەی لەم چەرخەی دوایی‌دا دۆزرایەوە، تەرمی خودی ئەو فیرعەونەیە کە لە دەریادا خنکا. جا هەروەك ئەو تەرمە لەو شوێنەی تیای‌دا خنکا فڕێ‌درایە کەناری دەریا، بە هەمان جۆر لە دەریای "زەمان"ەوە و بەسەر شەپۆلی سەردەمەکاندا فڕێ‌درایە سەر کەناری ئەم سەردەمەی خۆشمان!

یەکێکی تر لەوانە ئەم ئایەتەیە:

﴿يُذَبِّحُونَ اَبْنَاءكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِساءكُمْ﴾(البقرة:٤٩).

ئەم ئایەتە بە ڕووداوی سەربڕینی نێرینەی نەوەی ئیسرائیل و هێشتنەوەی ئافرەتان و کچانیان لە سەردەمی فیرعەونداو، ئەو قەڵاچۆکردنە بەکۆمەڵە دەردەخات کە لە زۆربەی وڵاتان و لە هەموو سەردەمێکدا جوولەکەکان گرفتاری دەبن، هەروەها ئەو ڕۆڵە گرنگەش دەخاتە ڕوو کە ئافرەتانیان لە ژیانی هەرزەیی گرۆی ئادەمیزاد و تێکچوونی خووڕەوشتی مرۆڤدا، دەیبینن!

هەر لەو ئایەتانە:

﴿وَلَتَجِدَنَّهُمْ اَحْرَصَ النَّاسِ علىٰ حَيَاةٍ﴾(البقرة:٩٦).

﴿وَتَرَى كَثِيراً مِنهُمْ يُسارِعُونَ فِي الإِثْمِ وَالْعُدوانِ وَاَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾(المائدة:٦٢).

﴿وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَساداً وَاللهُ لا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾(المائدة:٦٤).
﴿وَقَضَيْنَا الى بَنِي اسْرائيلَ فِي الْكِتابِ لَتُفْسِدُنَّ فِي الأَرْضِ مرَّتين﴾(الإسراء:٤).
﴿وَلا تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾(البقرة:٦٠).

ئەم دوو حوکمەی کە ئەم ئایەتانە دەرحەق بە جوولەکە دەریان کردووە، واتە هەڵپەکاری‌و خراپکاری(الحرص والفساد)، لە ڕاستی‌دا دوو دەستووری گشتی و گرنگیان لەخۆ گرتووە کە ئەو جوولەکانە بە فڕوفێڵ و ساختەکاری لە ژیانی کۆمەڵگای ئادەمیزاددا گرتوویانەتە ئەستۆ، چونکە ئەم ئایەتانە دەری‌دەخەن کە:

هەر جوولەکەکان بوون لەرزەیان بە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ خست و، بە: هاندانی کرێکارەکان لە دژی سەرمایەداران، جەنگیان لە نێوان دەوڵەمەندان و هەژاراندا نایەوەو.. هەر ئەوانیش هۆکاری دامەزراندنی بانکەکان بوون و ڕێژەی سوود و ڕیبایان چەند بارە بەرز کردەوە و، بە هەموو هۆکارێکی نزم و بە گشت فڕوفێڵێك سەروەت و سامانی زۆریان بەیەکەوە نا.. هەر خودی ئەوان بوون کە ڕۆشتنە ناو هەموو جۆرە ڕێکخراوە خراپکارەکانو.. دەستیشیان لە نانەوەی هەموو جۆرە ئاشووب و شۆڕشێك‌دا هەبوو، تاکو تۆڵەی خۆیان لەو گەل و حکوومەتە زاڵ و دەست ڕۆشتووانە بسێننەوە، کە پێشتر مەحروومی و سزایان لەسەر دەست چەشتبوون!

یەکێکی تر لەوانە ئەم ئایەتەیە:

﴿فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ انْ كُنْتُمْ صادِقِينَ ۝ وَلَنْ يَتَمَنَّوْهُ اَبَداً﴾(البقرة:٩٤-٩٥).

ئەم ئایەتە لە ژێر ناونیشانی ڕووداوێکی جوزئی کە لە کۆڕێکی بچووکی خزمەت پێغەمبەردا ﷺ ڕووی دا، دەری‌دەخات کە: جوولەکە لە هەموو کەس زیاتر دەست لە داوێنی ژیان -هەر ژیانێك بێت- گیر دەکەن و، لە هەموو خەڵکیش زیاتر لە مردن دەترسن‌و، هەرگیز ئاواتی مردن ناخوازن و، تا ڕۆژی قیامەتیش دەست لە هەڵپەکردن هەڵناگرن بۆ ژیان!

یەکێکی تر لەوانە ئەم ئایەتەیە:

﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ والْمَسْكَنَةُ﴾(البقرة:٦١).

ئەم ئایەتە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا و بە شێوەیەکی گشتی چارەنووسی ڕۆژانی ئایندەی جوولەکەکان ڕوون دەکاتەوە. جا لەبەر ئەوەی "هەڵپەکردن بۆ دنیا" و "خراپکاری" بە قووڵی لە ناخی ڕەوشتیاندا ڕۆچووە و تێکەڵی سروشتیان بووە، ئەوا قورئانی پیرۆز لەم گوفتارەدا زبری و توندوتیژی‌یان لە ڕوودا دەنوێنێت و، بۆ مەبەستی تەمێ کردنیان زلـلەی سەرزەنشت لە سەروگوێلاکیان دەسرەوێنێت!

تیشکی سێهەم

ئیعجازی قورئانی پیرۆز لەمەڕ:

هەواڵدانی لە شتانی غەیبی و، بەردەوامیی لاوییەکەی و، ئاراستەکردنی گوفتاری بۆ هەموو چینەکانی مرۆڤ

ئەم تیشکە سێ "جیلوە"ی پەخشاندووە

جیلوەی یەکەم

هەواڵدانی قورئان لە شتانی غەیبی

ئەم جیلوەیەش سێ "شەوق"ی داوەتەوە

❑ **شەوقی یەکەم:**

هەواڵدانی قورئان لە "غەیبی ڕابوردوو".

ئەم قورئانە حەکیمە لەسەر زمانی پێغەمبەرێك، کە بە یەکدەنگیی هەموان نەخوێندەوار و ئەمین بووە، گەلێ ڕووداو دەگێڕێتەوە، هەر لە ڕووداوەکانی سەردەمی ئادەمەوە دروودی لەسەر بێت تا سەردەمی نازڵبوونی، کە باشترین سەدە و سەردەم بووە. هەروەها بەوپەڕی هێز و جیددییەتەوە: گرنگترینی حاڵەت و بەسەرهاتەکانی پێغەمبەران دروودیان لەسەر بێت باس دەکات و، لەمەشدا کتێبە پێشووەکانی وەك تەورات و ئینجیل پشتی دەگرن و تەسدیقی دەکەن و، قورئان لەو شتانەدا کە وەك کتێبەکانی پێشوو وایە پشتیان دەگرێت و، لەو باس و بابەتانەشدا کە لەوان ناچێت و مایەی ئیختیلافی نێوانیانە، حەقیقەتی ڕووداوەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە!

بەو واتایەی کە "ڕوانینی غەیببینی قورئان" ڕووداوەکانی ڕابوردوو باشتر دەبینێت لە چاو ئەو کتێبانە، بە چەشنێك کە لەو بابەتانەی قسەی هەموویانی تێدا یەکگیر بووە، تەسدیق و تەزکیەی ئەوان دەکات و، لەو باس و بابەتانەشدا کە ئیختیلافیان لە نێواندایە، قورئان ڕووداوەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە!

دەبێ بیشزانین کە حاڵەت و ڕووداوەکانی ڕابوردوو کارێکی "عەقلی" نین تا بە "ژیری" بزانرێن و هەواڵیان لە بارەوە بدرێت! بەڵکو شتێکی "نەقلی"ن و پشت بە بیستن و گێڕانەوەی دەماودەم دەبەستن، یان بە گواستنەوە و گێڕانەوەیان لە ڕێی تۆمارکردن و نووسینیانەوە، کە دیارە ئەمەش کارێکە تایبەتە بە کەسانی خوێندەوارەوە..

بەڵام خۆ دۆستان و دوژمنان قسەیان لەسەر ئەوە یەکی گرتووە کە: قورئان بۆ کەسێك نازڵ بووە کە هیچ شارەزاییەکی لە نووسین و خوێندنەوەدا نەبووە و بە "دەستپاکی" و سیفەتی "نەخوێندەواری" ناسراو بووە. ئنجا بە شێوەیەك لەو حاڵەتانەی ڕابووردووش دەدوێت و هەواڵیان ڕادەگەیەنێت کە دەڵێی هەموویان بە چاو دەبینێت! چونکە گیان و دەماری بزواوی ڕووداوێکی درێژ دەگرێت و لە بارەیەوە دەدوێت و دەیکات بە پێشەکیی مەبەست و ئامانجەکەی! واتە ئەو کورتە و پوختە هەواڵانەی لە قورئاندا باس کراون، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی ئەم هەواڵانەی دەرخستووە، هەموو حاڵەتەکانی ڕابووردوو دەبینێت. ئەوەتا بە وێنەی کەسێك کە لە "هونەر"ێك یان "سنعەت"ێکدا پسپۆڕ بێت و، پوختەیەکی ئەو هونەرە، یان نموونەیەکی ئەو سنعەتە دروست بکات و پێشچاوی بخات و، ئەم کارەی بکات بە بەڵگە لەسەر سەلیقە و کارامەیی خۆی لەو بوارەدا. بە هەمان جۆر، ئەو پوختە و گیانی ڕووداوانەش کە لە قورئانی پیرۆزدا باس کراون، دەریدەخەن کە:

ئەو هەواڵدەرەی دەیانگێڕێتەوە، گشت لایەنەکانی ئەو ڕووداوە ئاگادارە و چاوی لێیەتی، بۆیە وا بە کارامەییەکی نائاسایی و لەڕادەبەدەر (گەر ئەم تەعبیرە دروست بێت) لێیان دەدوێت و هەواڵیان ڕادەگەیەنێت.

❑ **شەوقی دووهەم:**

هەواڵدانی قورئان لە "غەیبی داهاتوو".

ئەم بەشە گەلێ جۆری زۆری هەیە.

یەکەم بەش تایبەتە بە ئەهلی کەشف و ویلایەتەوە.

○ بۆ نموونە:

"محي‌الدینی کوڕی عەرەبی" گەلێ هەواڵدانی غەیبیی لە سوورەتی "روم": ﴿الـــم ۞ غُلِبَتِ الرُّومُ﴾دا دۆزیوەتەوە..

ئیمامی ڕەببانیش (ئەحمەدی فاروقیی سەرهەندی) - خوا لێی ڕازی بێت - گەلێ ئاماژەی مامەڵە غەیبییەکانی لە پیتە پچڕپچڕەکانی سەرەتای سوورەتەکاندا دیوەتەوە.

خۆ سەبارەت بە زانایانی "باطن"یش، ئەوا قورئانی حەکیم هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، جۆرێکی هەواڵدانە لە غەیب!

بەڵام ئێمە ئاماژە تەنها بۆ بەشێك لەوانە دەکەین کە تایبەتە بە عامەی خەڵکەوە و ڕووی لە هەموانە. ئەم بەشەش گەلێ چینی زۆری تێدایە و، تەنها لە یەك چینیان دەدوێین.

قورئانی پیرۆز بە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموێ[1]:

---

(١) گەلێ کتێبی تەفسیر هەن ئەم ئایەتانەیان ڕوون کردووەتەوە کە هەواڵیان لە غەیب داوە. بۆیە لێرەشدا ڕوون نەکرانەوە، چونکە نیازی چاپکردنی ئەم کتێبە بە پیتە کۆنەکان(واتە، پیت عەرەبی) دانەری تووشی هەڵەی پەلەکردن کرد. بەو هۆیەوە، ئەو گەنجینە بەنرخانە لێرەدا بە داخراوی مانەوە! (دانەر)

﴿فَاصْبِرْ انَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ﴾(الروم:٦٠).

﴿لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرامَ انْ شاءَ اللهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لا تَخافُونَ﴾(الفتح:٢٧).

﴿هُوَ الّذي ارْسَلَ رَسُولَهُ بالْهُدى وَدينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلى الدّينِ كُلِّهِ...﴾(الفتح:٢٨).

﴿وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ۞ في بِضْعِ سِنِينَ للهِ الأمْرُ...﴾(الروم:٣-٤).

﴿فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ ۞ بأيِّكُمُ الْمَفْتُونُ﴾(القلم:٥-٦).

﴿امْ يَقُولُونَ شاعِرٌ نَتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ﴾(الطور:٣٠).

﴿قُلْ تَرَبَّصُوا فَإنّي مَعَكُمْ مِنَ الْمُتَرَبِّصينَ﴾(الطور:٣١).

﴿وَاللهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النّاسِ﴾(المائده:٦٧).

﴿فَإنْ لَمْ تَفعَلُوا وَلَنْ تَفعَلُوا...﴾(البقرة:٢٤).

﴿وَلَنْ يَتَمَنَّوْنَهُ ابَداً﴾(البقرة:٩٥).

﴿سَنُريهِمْ آياتِنا في الآفاقِ وَفِي انْفُسِهِمْ حَتّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ انَّهُ الْحَقُّ﴾(فصلت:٥٣).

﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإنْسُ والْجِنُّ عَلَى انْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هذا القُرْآنِ لا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهيراً﴾(الإسراء:٨٨).

﴿يَأْتِي اللهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ اذِلَّةٍ على الْمُؤْمِنينَ اعِزَّةٍ على الْكافِرِينَ يُجاهِدُونَ في سَبيلِ اللهِ وَلا يَخافُونَ لَوْمَةَ لائِمٍ﴾(المائدة:٥٤).

﴿وَقُلِ الْحَمْدُ للهِ سَيُريكُمْ آياتِهِ فَتَعْرِفُونَها﴾(النمل:٩٣).

﴿قُلْ هُوَ الرَّحْمنُ آمَنّا بِهِ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنا فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ في ضَلالٍ مُبينٍ﴾(الملك:٢٩).

﴿وَعَدَ اللهُ الّذينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصّالِحاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ في الأرْضِ كَما اسْتَخْلَفَ الّذينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دينَهُمُ الّذي ارْتَضى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ امْناً﴾(النور:٥٥).

ئەمانە و ئایەتەکانی تری وەك ئەمانە، گەلێ زۆرن کە هەواڵیان لە غەیب داوە و، پاشان بەو جۆرەی کە هەواڵیان دا هەموو ئەو ڕووداوانە هاتنەدی!

جا هەواڵدان لە غەیب، بێ هیچ دوودڵی‌یەك و.. بە کەماڵی جیددی‌یەت و دڵنیایی و.. بە جۆرێك کە دەری‌بخات ئەوپەڕی باوەڕی بە خۆی هەیە و.. لەسەر زمانی کەسێك کە گیرۆدەی ڕەخنە و ئیعتیرازی ڕەخنەگران دەبێت و، لەوانەیە تەنها لەبەر هەڵەیەکی بچووك سەرجەمی دەعواکەی بدۆڕێنێت..

ئەم هەواڵدانە بەم جۆرە، بەڵگەیەکی گومانبڕە لەسەر ئەوەی کە: ئەو هەواڵدەرە دەرسەکانی لە لای مامۆستای ئەزەلی دەخوێنێت، ئنجا بە خەڵکیان ڕادەگەیەنێت!

❑ **شەوقی سێهەم:**

هەواڵدانی قورئان لە "غەیبی: حەقیقەتە خوایی و گەردوونی و قیامەتی‌یەکان".

بەڵێ، ئەو ڕوونکردنەوانەی قورئان کە تایبەتن بە حەقیقەتـە خوایی‌یـەکان و.. ئەوانەشـیان کە لـە بـارەی بوونەوەرانـەوەن و تەلیسـمی گـەردوونیان کردووەتـەوە و مەتـەڵی بەدیـهاتنی جیهانیان حەل کردووە.. گرنگترین و گەورەترینی ڕوونکردنـەوەکانی قورئـانن. چونکـە ئـەم کارە هەرگیز لە کێشی "عەقڵ"دا نی‌یە و "ژیری"ی مرۆڤ ناتوانێت لە نێوان چەندین ڕێگای چەوتی گومڕایی‌دا ڕێگایەکی ڕاست بگرێتەبەر و ئەو حەقیقەتە غەیبی‌یانە بدۆزێتەوە!

خۆ ئاشکرایشـە کـە گـەورە بلیمـەتانی دانایـانی گـرۆی مـرۆڤ نـەیانتوانیوە لـە ڕێـی ژیری‌یەوە بە بچووکترین و سادەترینی ئەو ڕاستی‌یانە بگەن!

پاشان بێ هیچ گومانێك خودی ژیری‌یـەکانی مرۆڤ لـە بەردەم ئـەو حەقیقەتـە ئیلاهـی و گەردوونی‌یانەی کە قورئان ئاشکرای کردوون، بەچۆکدا دێن و پێی دەڵێن: "صدقـــت"!..

خۆ پاش ئـەوەی کـە بـە دڵێکـی ساف و دەروونێکـی خـاوێن گوێیـان لـە "بـەیان"ی قورئـان ڕاگرت و دوای بەرزبوونەوەی ڕۆح و کامڵبوونی "ژیـری"یـان، سـەرجەم ئـەو حەقیقەتانـەی قورئان وەردەگرن و، بە وتنی: "بارك الله" پیرۆزبایی لە قورئانی پیرۆز دەکەن!

جـا لەبـەر ئـەوەی "وتـەی یازدەهـەم" چەردەیـەکی لـەم بەشـە چەسپاندووە و ڕوونـی کردووەتەوە، ئەوا لێرەدا دووپات کردنەوەمان بە پێویست نەزانی.

سەبارەت بە هەواڵدانی قورئانیش لە غەیبی "ئاخیرەت"، ئەوا لـەو کاتـەدا کـە "ژیـری"ی مرۆڤ – بە تەنها خۆی – پەی بە هیچ کام لە حاڵەتەکانی ئاخیرەت و بەرزەخ نابـات و نایـان بینێـت، دەبینیت قورئان تا ئەندازەی پلەی "شهود" ئەو حەقیقەتانە دەبینێت و بە بێ گومـانی دەیانچەسپێنێت!

فەرموو سـەر لـە وتـەی دەهـەم (پەیامی حەشر) بدە، با بۆ خـۆت ڕاسـتیی ئـەو هەواڵـە غەیبییانەت بۆ دەربکەوێت کـە قورئـان لـە بـارەی ئاخیرەتـەوە ڕایاندەگەیـەنێت. چونکـە ئـەو پەیامە لە ڕادەبەدەر ئەو هەواڵانەی قورئانیان ڕوون کردووەتەوە.

جیلوەی دووهەم

لاوێتیی قورئان

قورئـانی پیرۆز هێنـــدە پارێزگـاریی گـەنجی و لاوێتیـی خـۆی کـردووە کـە لـە هـەموو سەردەمێکدا دەڵێی بە تازەیی و لاوی و پاراوی نازڵ بووە!

بەڵێ، لەبەر ئـەوەی قورئـانی پیرۆز گوفتـارێکی ئەزەلی‌یە و ڕاستەوخۆ ئاراستەی مرۆڤـی هەموو چینەکانی گشت سەردەمێك کراوە، ئەوا دەبێ خـاوەنی "لاوی"یـەکی ئـاوا بـەردەوام

بێت، ئەوەتا بە "لاوی" پەیدا بووە و هەر وەهاش ماوەتەوە. تەنانەت بە ڕوانینێکی وەك بلێی تایبەت دەڕوانێتە هەموو یەکێك لەو سەردەمانەی کە سروشت و بیر و ڕا و بۆچوونیان جیاوازە و، بەپێی داخوازی‌یەکانی یەك بە یەکیان دەدوێت و، وانەکانی دەڵێتەوە و، سەرنجی خەڵکی ئەو ڕۆژگار و سەردەمانەشیان بۆ لا ڕادەکێشێت.

گەر سەیری ئاسەوار و یاساکانی گرۆی مرۆڤ بکەین، دەبینین ئەوانیش وەك مرۆڤەکان "پیر" دەبن و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، کەچی ئەحکام و یاساکانی قورئان: ڕاگیر و مەحکەم و ڕەگداکوتاون، بە ڕادەیەك کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قایمی و مەحکەمی‌یان پتر دەردەکەوێت.

بەڵێ، ئەم چەرخ و سەردەمەی ئێمە کە زۆر لە خۆی بایی بووە و زیاتر لە چەرخەکانی پێشین گوێی لە بیستنی قورئان ئاخنیوە، بە تایبەت ئەهلی کیتابی سەردەم کە لە هەموو چەرخەکانی ڕابوردوو پتر پێویستیان بە ڕێنمایی ئەو قورئانە هەیە کە بە: ﴿**يا اَهْلَ الْكِتـابِ**﴾.. ﴿**يا اَهْلَ الْكِتابِ**﴾.. ڕووی گوفتاریان تێ‌دەکات، تەنانەت دەڵێی ئەم گوفتارە بە تایبەتی و ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئەم چەرخەی ئێمە کراوە، چونکە وشەی ﴿**يا اَهْلَ الْكِتابِ**﴾، "یا أهـلَ المكتبِ" واتە "ئەی ئەهلی ڕۆشنبیریی نوێ"ش دەگرێتەوە!

ئەوەتا قورئان بە هێز و توندوتۆڵیی خۆی و، بە هەموو تازەیی و پاراوی‌یەکی و، بە دەنگێکی زوڵاڵی هێندە بەرز کە زەوی و ئاسمانەکان پڕ دەکات و لە ئاسۆدا دەزرنگێتەوە، بانگیان لێ دەکات و پێیان دەفەرموێ:

﴿**يا اَهْلَ الْكِتابِ تَعَالَوْا اِلى كَلِمَةٍ سَواءٍ بَيْنَنا وَبَيْنَكُمْ...**﴾(آل عمران:٦٤).

بۆ نموونە:

لە کاتێکدا کە دانە دانە و کۆمەڵەکانی گرۆی مرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەی قورئاندا دەستەوسان مان، کەچی وا لەم سەردەمەدا ئەم شارستانێتی‌یە نوێ‌یەی ئێستا، کە بەرهەمی بیروڕا و بۆچوونی ئادەمیزاد بەڵکو گرۆی جیننی‌شە، شێوەی نەیارێکی قورئانی لەخۆ گرتووە و، بە شێوازە ساحیرانە و سەرنجڕاکێشەکانی دەیەوێت بەرەنگاریی قورئان بکات.

جا بۆ ئەوەی ئیعجازی قورئان بەپێی دەعوای ئایەتی پیرۆزی: ﴿**قُلْ لَئِـنِ اجْتَمَعَـتِ الإِنْـسُ وَالْجِـــنُّ..**﴾ بۆ ئەم بەرەنگاربووە سامناك و نوێ‌یەش بچەسپێنین، ئەوا ئەو بناغە و دەستوورانەی کە شارستانێتیی نوێ هێناونی، لە بەرامبەر بناغەکانی قورئانی پیرۆزدا ڕادەگرین..

لە پلەی یەکەمدا: گشت ئەو بەراوردکاری و تەرازووانە پێش‌چاو دەخەین کە لە وتەکانی پێشوودا هێناومانن، هەر لە وتەی یەکەمەوە تا وتەی بیست‌وپێنجەم.. هەروەها ئەو

ئایەتە پیرۆزانەش دەخەینە ڕوو کە لە سەرەتای ئەو وتانەدان و حەقیقەتەکانیان دەردەخەن..
چونکە هەموو ئەمانە، بە یەقین و دڵنیایی‌یەکی ئەوتۆ کە هەرگیز گومان و دوودڵی توخنیان ناکەوێت، ئیعجاز و سەرکەوتنی قورئانیان بەسەر شارستانێتیی سەردەمدا، چەسپاندووە!

لە پلەی دووهەمیشدا: بە پوختی بەشێك لەو دەستوورانەی "شارستانێتی" و "قورئان" دەهێنین کە وتەی دوازدەهەم چەسپاندوونی و ڕوونی کردوونەتەوە:

ئەوەتا فەلسەفەی شارستانێتیی نوێ باوەڕی وایە کە: ستوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بریتی‌یە لە "هێز" و.. لە هەموو شتێکدا "بەرژەوەندی و سوود"ی مەبەستە و.. "مشتومڕ" دەکات بە دەستووری ژیان و.. "ڕەگەز پەرستی" و "قەومییەتی سەلبی" دەکات بە پەیوەندیدەری نێوان کۆمەڵانی مرۆڤ و.. ئامانجیشی "گاڵتەوگەپێکی بەربادی بێ‌مەبەستو ئامانجە" بۆ تێرکردنی ئەو مەیل و خواست و هەوا و ئارەزووانەی کە پتر ئارەزووی دەروون دەورووژێنن و پەتی پێ دەبچڕن و بەرەڵای دەکەن!

خۆ ئاشکرایشە کە هێز ئەنجامەکەی "لەسنوور دەرچوون" دەبێت و.. سوودیش سروشتی وایە "پاڵپاڵێن"ی لێ پەیدا دەبێت، چونکە بەشی دابین کردنی پێداویستی و ئارەزووەکانی هەموان ناکات و.. مشتومڕیش "ململانێ" و "زۆرانکاری"ی لێ دەبێتەوە و.. ڕەگەزپەرستیش "لەسنوور دەرچوون"ی لێ پەیدا دەبێت، چونکە ڕەگەزایەتی‌یەکە گەشە دەکات و بە هەڵلووشینی ڕەگەزەکانی دی، فراوان دەبێت.

شارستانێتیی نوێ، هەرچەند لایەنی چاکەشی تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر ئەم بناغانە بنیات نراوە و پاڵی بەم دەستوورانەوە داوە، ئەوا نەیتوانی بەختەوەری‌یەکی تەنانەت ڕواڵەتیش بە لەسەدا بیستی خەڵکی زیاتر بدات و، هەموو ئەوانی تری گیرۆدەی نیگەرانیو بەدبەختی کرد و بە دەردی‌سەریی زۆرەوە تلاندنیەوە.

بەڵام حیکمەتی قورئانی پیرۆز لە بریی: هێز، "حەق" دادەنێت بە ستوون و خاڵی پشت‌پێ‌بەستن لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا و.. لە بریی سوودیش "ڕەزامەندیی خوای گەورە" و "بەدەست هێنانی ڕەفتار و خووی بەرز" دەکات بە ئامانج و.. لە جیاتی مشتومڕیش "یارمەتی و هاوکاری" دەکات بە دەستوور و بناغە لە ژیاندا و.. لە بریی ڕەگەزپەرستی و قەومییەتی سەلبی، دەست بە "ئایین" و پیشە و نیشتمانەوە دەگرێت، تاکو بیانکات بە پەیوەندیدەری کۆمەڵانی مرۆڤ و.. ئنجا سنووردانان بۆ دەستدرێژیی لەسنوور دەرچوونەکانی "دەروون" و، هاندانی "گیان" بۆ ڕۆیشتن و بەرزبوونەوە بەرەو کار و ئاقارو ئامانجە بڵندەکان و.. دڵنیاکردنی هەستە بەرزەکانی گیان، دەکات بە ئامانجی خۆی تاکو مرۆڤ بەرەو کەماڵ و ڕەوشتە بەرزەکان سەربخات و بیکات بە مرۆڤی ڕاستەقینە. خۆ ئاشکرایە کە ئەنجامی "حەق"، یەکگرتنە و، هی "ڕەوشت بەرزی"ش پشتگیریی یەکترە و،

"هاوکاری"ش ئەنجامەکەی فریاکەوتنی یەکتری دەبێت و، "ئایین"یش برایەتی و پشتگیریی یەکتری لێ پەیدا دەبێت و، ئنجا "لەغاوکردنی نەفس و هەڵپەکاری‌یەکانی" هاودەم لەگەڵ "سەربەستکردنی گیان و هاندانی بۆ ڕۆشتن بەرەو کەماڵ" دەبن بەهۆی (بەختەوەریی هەردوو دنیای مرۆڤ)!

بەم جۆرە، شارستانێتیی نوێ سەرباری ئەو لایەنی جوانی و چاکەکاری‌یانەی کە لە ئایینەکانی پێشوو بە تایبەت لە قورئانی پیرۆز وەری گرتوون، کەچی لە بەردەم قورئانی حەکیم‌دا ڕووخا و شکستی هێنا!

لە پلەی سێ‌هەمیش‌دا: تەنها سێ‌چوار دانە بناغە - لە نێوان هەزاران مەسەلەدا - بۆ نموونە دەهێنینەوە:

**مەسەلەی یەکەم:*

لەبەر ئەوەی یاسا و دەستوورەکانی قورئانی پیرۆز لە "ئەزەل"ەوە هاتوون، ئەوا هەر دەشمێننەوە و بەرەو "ئەبەد" دەڕۆن و، هەرگیز چەشنی یاسا شارستانی‌یەکان تووشی "پیری"و گرفتاری "مردن" نابن، بەڵکو هەمیشە لە هەموو کاتێك‌دا هەر بەهێزن و بە "لاوێتی" دەمێننەوە!

بۆ نموونە: شارستانێتیی نوێ، بە هەموو کۆمەڵە خێرخوازی و ڕێکخراوە چوست و چالاکەکانی و گشت ڕژێمە بەزەبروزەنگ و دەزگا پەروەردەیی و ڕەوشتی‌یەکانی خۆیەوە، نەیتوانی بەرەنگاریی دوو مەسەلەی قورئانی پیرۆز بکات، بەڵکو لە بەردەم ئەو دوو مەسەلەیەی قورئان‌دا پەکی کەوت و شکستی هێنا. ئەو دوانەش بریتین لە ئایەتی:

﴿وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾(البقرة:٤٣) و ئایەتی: ﴿وَأَحَلَّ اللهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾(البقرة:٢٧٥).

وا بە "پێشەکی"یەك ئەم سەرکەوتنە ئیعجازبەخشەی قورئان ڕوون دەکەینەوە:

وەك لە "إشارات الإعجاز"دا چەسپێنراوە: بناغەی هەموو پشێوی و شۆڕش و ئاشووبێك لە کۆمەڵگای مرۆڤ‌دا تەنها یەك وشەیە، هەروەك سەرچاوەی سەرجەم ڕەوشتە نزمەکانیش تەنها یەك وشەی ترە..

وشەی یەکەم: (گەر من بۆ خۆم تێر بم چیم لە خەڵکی داوە؟ با لە برسان‌دا بمرن)!

وشەی دووهەم: (تۆ کار بکە با من بەری ڕەنجت بخۆم و، ماندوو ببە با من بحەوێمەوە)!

بەڵێ، بە پارێزگاری‌کردنی هاوسەنگیی نێوان چینی خەواص و عەوام، واتە "دەوڵەمەندان" و "هەژاران" نەبێ، هەرگیز ئاشتی و ژیانی ئاسوودە و تەبایی لە هیچ کۆمەڵێك‌دا نایەتە دی. بناغەی ئەم هاوسەنگی‌یەش: سۆز و بەزەیی‌هاتنەوەی خەواصە بە چینی عەوام‌دا و، گوێڕایەڵی و ڕێزنواندنی عەوامیشە بۆ چینی خەواص.

وا ئێستا وشەی یەکەم چینی خەواصی بەرەو خراپکاری و ستەم داوەتە بەر و، وشەی دووهەمیش چینی عەوامی گرفتاری ڕق و قین و حەسوودی و مشتومڕ کردووە. بەم

جۆرەو هەر لە ماوەی چەندین چەرخی پێشترەوە تا دەگاتە ئەم چەرخ و سەردەمەی خۆمان، حەوانەوە و ئاسایش لە گرۆی مرۆڤ سەندراوەتەوە و لێی بێبەش کراوە، ئەوەبوو یەکەم جار، وەك لای هەموان ئاشکرایە، رووداوە گەورەکانی مشتومڕی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران لە ئەوروپادا سەری هەڵدا.

خۆ شارستانێتیی نوێش، بە هەموو کۆمەڵە خێرخوازی و دەزگا ڕەوشتی‌یەکانی و گشت هۆکارە توند و تیژەکانی سەپاندنی ڕێسا، نەیتوانی ئەو دوو چینەی گرۆی مرۆڤ پێكبهێنێت و تەبایی و ئاشتی‌یان بخاتە نێوانەوە، هەروەك لە تیمار و ساڕێژکردنی دوو برینە قووڵەکەی ژیانی مرۆڤایەتیش‌دا دەستەوسان ما.

بەڵام قورئانی پیرۆز، بە "واجب کردنی زەکات" وشەی یەکەم لە ڕیشەدا دەردەهێنێت و برینەکەی ساڕێژ دەکات.. هەروەك بە "حەرام کردنی ڕیبا" وشەی دووهەمیش لە بناغەدا هەڵدەتەکێنێت و شیفا و ساڕێژیش بە زامەکەی دەبەخشێت.

بەڵێ، ئایەتەکانی قورئان لە دەرگای "جیهان"دا ڕاوەستاون و بە "ڕیبا"(سوو) دەڵێن: "هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە"! هەروەها فەرمان بۆ گرۆی مرۆڤیش دەردەکەن کە: (دەرگاکانی ڕیبا لە خۆتان دابخەن، با گشت دەرگاکانی جەنگ و ئاشووبتان لە بەردەمدا دابخرێت)! هەروەك قورئان مەترسی‌یەکانی چوونە ژوورەوە لەو دەرگایەوە بۆ قوتابی‌یە ئیماندارەکانیش ڕوون دەکاتەوە، تاکو خۆیانی لێ بپارێزن.

*** بناغەی دووهەم:***

شارستانێتیی نوێ "فرەژنی" قبووڵ ناکات و، پێی وایە ئەو حوکمەی قورئان پێچەوانەی "حیکمەت" و "بەرژەوەندی"ی مرۆڤە!

بەڵێ، گەر "حیکمەت" لە ژنهێناندا: "هێنانەدیی خواستی ئارەزوو" بێت، ئەوا دەبوو حوکمەکەی قورئان پێچەوانە بوایە. بەڵام خۆ بە شایەتیی سەرجەم گیانلەبەران و تەسدیقی گشت ڕووەکە نێر و مێ هاوسەرەکان چەسپاوە کە:

حیکمەت و ئامانجی ژنهێنان: "وەچەخستنەوە" و "زیادبوونی ڕەگەز"ە. چێژ و لەزەتی بەرهەمی ئەنجامدانی خواستی ئارەزووش، کرێ و پاداشتێکی جوزئی‌یە کە میهرەبانیی خوای گەورە بەرامبەر بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە دەیبەخشێت!

جا مادەم ژنهێنان لە ڕووی "حیکمەت" و "حەقیقەتەوە" بۆ: زیادبوونی ڕەگەز و وەچەخستنەوەیە، ئەوا ئەو ئافرەتەی کە لە ماوەی ساڵێکی تەواودا تەنها یەك جار دەتوانێت منالی ببێت و، ماوەی پیتاندنیشی لە یەك مانگ‌دا تەنها نیوەی ڕۆژەکانی مانگە و، لە تەمەنی پەنجا ساڵیش‌دا لە سك و زا دەکەوێت، هەرگیز سەروزیادی "پیاو" نی‌یە کە لە زۆربەی کاتەکان‌دا تەنانەت لە تەمەنی سەد ساڵیش‌دا توانای پیتاندنی هەیە. لەبەر ئەوە، شارستانێتیی نوێ ناچار دەبێت مەڵبەندەکانی داوێن‌پیسی بکاتەوە و شوێنەکانی بەدڕەوشتی دابمەزرێنێت!

*بناغەی سێهەم:

ئەو شارستانێتی‌یەی کە پرس و ڕا بە مەنتیقی "ژیری" ناکات، ڕەخنە لەم ئایەتە پیرۆزە دەگرێت: ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾(النساء:١١) کە سێ‌یەکی میرات (واتە نیوەی ئەو ئەندازەیەی نێرینە وەری دەگرێت) بۆ ئافرەت دادەنێت.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە زۆربەی ئەحکامەکانی لەمەڕ ژیانی کۆمەڵایەتی بەپێی چاودێری کردنی زۆربەی خەڵك دادەڕێژرێت و دەکرێن بە یاسا. خۆ زۆربەی ئافرەتانیش مێردیان دەبێت و ئەم مێردانەش بەخێوکردن و پاراستنی ئەو ئافرەتانەیان لە ئەستۆدا دەبێت، بەڵام زۆربەی پیاوان ناچارن هاوسەرەکانیان بەخێو بکەن و ئەرکی نەفەقە و خەرجی‌یان هەڵبگرن.

جا ئەگەر ئافرەت سێ‌یەکی میراتی باوکی وەربگرێت (واتە نیوەی ئەوەی کە مێرد لە میراتی باوکی دەیکەوێت) ئەوا بێ‌گومان هەر مێردەکەی نەفەقەی دەکێشێت و خەرجی و پێداویستی‌یەکانیشی دەگرێتە ئەستۆ. بەڵام گەر پیاو دوو بەش (واتە نیوە)ی لە میراتی باوکی وەگرت ئەوا هەندێکی لە نەفەقەی هاوسەرەکەی‌دا خەرج دەکات و، بەمەش یەکسانی دێتە دی. واتە پیاو لەگەڵ خوشکەکەی‌دا (کە خێزانی پیاوێکە و مێردەکەی نەفەقەی دەکێشێت) یەکسان دەبێت.

بەڵێ، دادگەریی قورئان وا دەخوازێت[1]!

*بناغەی چوارەم:

قورئانی پیرۆز هەروەك بە توندوتیژی ڕێ لە "بت‌پەرستی" دەگرێت، بەهەمان شێوەش ئەو وێنانە قەدەغە دەکات کە وەك جۆرە بت‌ڕاگرتنێك وان! کەچی شارستانێتیی ئێستا ئەو وێنانە بە هەندێك لە تایبەتمەندی و چاکەکاری‌یەکانی خۆی دادەنێت و دەیەوێت لەمەدا بەرەنگاری قورئان ببێتەوە. لە کاتێك‌دا کە وێنەکان، چ سێبەردار بن و چ بێ سێبەر، تێکڕا

---

(١) ئەمە بڕگەیە کە لەو "لائیحە"یەی پێشکەش بە دادگای "تەمیز" کرا و، لە بەردەمی دادگادا خوێندرایەوە و دادگای بێ‌دەنگ کرد و، بوو بە پەراوێزی ئەم مەقامە:

(منیش بە دادگای بەرێزی وەزارەتی دادگەری دەڵێم:

تاوانبارکردنی کەسێك کە بەرز و پیرۆزترین دەستووری خوایی تەفسیر دەکات، ئەو دەستوورەی کە حەقی ڕاستەقینەیە و لە هەموو سەردەمێك‌دا و لە ماوەی هەزار و سێ‌سەد و پەنجا ساڵ‌دا سێ‌سەد و پەنجا ملیۆن موسڵمان لە کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتی‌یان‌دا پرس و ڕایان پێ‌یەتی و ڕەفتاری پێ‌دەکەن.. ئەو کەسەی کە لە تەفسیرەکەی‌دا پشت بەو شتانە دەبەستێت کە سێ‌سەد و پەنجا تەفسیرنووس تیایان‌دا یەکیان گرتووە و سەلماندوویانە و، شوێن ئەو بیروباوەڕە کەوتووە کە باپیرانی پێشوومان لە ماوەی هەزار و سێ‌سەد و پەنجا ساڵ‌دا باوەڕیان پێی بووە..

تاوانبارکردنی ئەم تەفسیرنووسە، بڕیارێکی ستەمکارانەیە و، بێ هیچ گومانێك دادگەری - ئەگەر لە ڕووی زەوی‌دا هەبێت - ڕەفزی دەکات و دەست بە ڕووی ئەو بڕیارەوە دەنێت و هەڵی‌دەوەشێنێتەوە). (دانەر)

یـان: ستەمێکی "بـەردبوو".. یـان ڕیایـەکی "بەرجەستە".. یـان هـەوا و ئارەزوویـەکی "پەیکەربوو"ن! چونکـە هـەوا و ئارەزووەکان دەورووژێنـن و مرۆڤ بـەرەو سـتەم و ڕیـا و هەوەسبازی پاڵ پێوە دەنێن.

پاشان "قورئان" بەزەیی بە ئافرەتاندا دێتەوە و، فەرمانی پۆشتەیی‌یان بە پۆشـاکی شـەرم و حـەیا بـۆ دەردەکات، بۆ مەبەستی پاراستنی ڕێـز و حورمـەتیان و، بـۆ ئـەوەش ئـەو کـانزا بەنرخانەی شەفەقەت و میهرەبانی و سەرچاوەی نیانی سۆز و بـەزەیی، لـە ژێـر پێـی زەلیلـی و ڕسواییدا سووکایەتی‌یان پێ نەکرێت و، بە وێنەی ئامرازێك بۆ هەوەسبازی و ئارەزووە نزم و بێ‌نرخەکان، بەکار نەهێنرێن[1].

کەچی "شارستانێتیی نوێ" ئافرەتانی لە هێلانە و خانـەکانی خۆیـان هێناوەتـەدەر و، پۆشـاکی پۆشتەیی لەبەر دڕاندوون و، وای لە مرۆڤایەتیش کردووە گرفتاری شێتی ببێت! لـە کـاتێکدا کـە هـەموان دەزانـین ژیـانی خـێزان بـە: خۆشەویسـتی و ڕێـز لەیـەکترنانی نێـوان ژن و مـێرد، بـەردەوام دەبێـت. بـەڵام ڕووتبوونـی ئـافرەت ئـەو "خۆشەویسـتی"یـە بێ گـەرد و "ڕێـز"ە گەرم‌وگوڕەی نێوانیان ناهێڵێت و ژیانی خێزانیش ژەهراوی دەکات بە تایبـەت بایەخدان بە "وێنەکان" کە پتر ڕەوشت تێك دەدەن و بە تەواوەتی دەیڕووخێنن و، گیانی مرۆڤ پاشەوپاش بەرەو دواوە دەبەنەوە.

مرۆڤ دەتوانێت بەمەی خوارەوە لەم مەبەستە تێ بگات:

هەروەك ڕوانینی پیاو، بە هـاندەری ئـارەزوو، بـۆ تـەرمی ئـافرەتێکی جوانـی مـردوو - کـە چـاوەڕوان و موحتـاجی بەزەیی‌یـە - ڕەوشـت و خـووی مـرۆڤ بـە تـەواوەتی دەڕووخێنێـت، سەیرکردنیش بە نەزەری ئارەزوو بۆ وێنەی ئافرەتانی مردوو، یان وێنەی ئافرەتانی زینـدوو کـە لە حوکمی تەرمی بچووکی ئەواندان، بە هەمان جۆر، هەست و شعوورە بـەرزەکانی مـرۆڤ لەق دەکات و لەرزەیان پێ دەخات، تەنانەت دەشیانڕووخێنێت!

* * *

بەم جۆرە و بە وێنەی ئەم چوار مەسـەلانە، هـەموو یـەکێك لـە هـەزارانی مەسـەلە و بابەتەکانی قورئان، بەختەوەریی ژیانی دنیایان بۆ مرۆڤ لەخۆ گرتووە، هەروەك بەختـەوەریی هەمیشەیی دواڕۆژیشی بۆ دەهێننەدی. دەتوانیت هەر بۆ خۆت مەسەلە و بابەتەکانی تـر قیـاس بکەیت بۆ سەر ئەمانەی کە باس کران.

هەروەها وەك شارستانێتیی نوێ لە بەردەم ئەو دەستوورانەی قورئاندا کە پەیوەندی‌یان بـە ژیـانی کۆمەڵایـەتیی مرۆڤـەوە هەیـە، تێك‌دەشـکێت و لـە گۆشـەی حەقیقەتـەوە بەرامبـەر بـە

---

(١) لەمعەی بیست‌وچوارەم بەوپەڕی بێ گومانی چەسپاندی کە : "پۆشتەیی" خواستێکی تەواو فیطری‌یە بۆ ئـافرەت ، بەڵام هەڵگرتنی پۆشتەیی پێچەوانەی فیطرەتیانە. (دانەر)

ئیعجازی مەعنەویی قورئان نابووتی و ئیفلاسی دەردەکەوێت.. بە هەمان جۆر، گەر فەلسەفەی ئەورووپا و حیکمەتی مرۆڤیش - کە شارستانێتیی نوێیە - بە تەرازووی بیست‌وپێنج وتەکانی پێشوو لەگەڵ حیکمەتی قورئاندا بەراورد بکرێن، ئەوا کۆڵەواریی فەلسەفە و ئیعجازی حیکمەتی قورئان دەردەکەوێت. گەر حەز دەکەیت ئەمەت بۆ ڕوون ببێتەوە، فەرموو سەر لە وتەی دوازدەهەم و سیازدەهەم بدە، با کۆڵەواری و ئیفلاسی حیکمەتی فەلسەفە و، ئیعجاز و دەوڵەمەندیی قورئان بە چاوی خۆت ببینیت.

هەروەها وەك شارستانێتیی سەردەم لە بەردەم حیکمەتی عیلمی و عەمەلیی قورئاندا شکستی‌هێنا.. بەهەمان جۆر، ئەدەب و ڕەوانبێژی‌یەکەشی لە بەردەم ئەدەب و ڕەوانبێژیی قورئاندا شکستی هێناوە و، نیسبەتی نێوانیان وەك هی شینی هەتیوێك وایە کە بە گریانێکی تاڵی پڕ لە خەم و نائومێدی بگری، لە چاو گۆرانی و سروودی عاشقێکی داوێن‌پاکدا کە بۆ لێك‌بڕانێکی کەم‌خایەن پەژارە دایگرتبێت و بەوپەڕی شەوق و ئاواتەوە گۆرانی بڵێت و پەژارەکەی پێ دەربڕێت! یان وەك هی هاواری مەستێك وایە کە لە بارێکی نزمدا بگەوزێت، لەچاو خوێندنەوەی چەند پارچە شیعرێکی حەماسی کە غیرەتی مرۆڤ ببزوێنن و خەڵکی بۆ بەخشینی گیان و سامان و شتی بەنرخ و بەدەست‌هێنانی سەرکەوتن، هان بدەن!

چونکە ئەدەب و ڕەوانبێژی، لە ڕووی کاریگەریی شێوازەوە، یان "خەم" و پەژارە بەرهەم دێنن، یان "شادمانی" و خۆشی.. خۆ دیارە خەمیش لە خۆیدا دوو بەشە:

یان خەم و پەژارەیەکە لە "نەمان"ی خۆشەویست، واتە لە "نەبوون"ی خۆشەویستان و هاوڕێیانەوە پەیدا بووە و پەژارەیەکی پەست و تاریکی وەهایە کە شارستانێتیی چەپەڵبووی چڵکی "گومڕایی" و ئاوێتەی "غەفلەت" و باوەڕدار بە "سروشت" بەرهەمی هێناوە.. یان پەژارەیەکە لە ئەنجامی "جودایی" و لێك‌بڕانی خۆشەویستانەوە سەری هەڵداوە! واتە لەو ڕوانگەیەوە کە خۆشەویستان: نەفەوتاون.. ماون! بەڵام جودایی و لێك‌دابڕانیان پەژارەیەکی وەهای دەرخواردی مرۆڤ داوە کە تاسەمەندی و شەوقی بەیەك شادبوونی لە دووتوێدایە! جا ئەمە ئەو چەشنە خەم و پەژارەیەیە کە قورئانی ڕێ‌پیشاندەر و ڕووناکی‌بەخش، لە دڵی مرۆڤدا بەجێی دەهێڵێت!

شادی و خۆشحاڵیش، بە هەمان جۆر، دوو بەشە:

یەکەم:

خۆشحاڵی‌یەکە مرۆڤ بەرەو "ئارەزوو"ەکانی پاڵ پێوە دەنێت، کە ئەمەش ئەدەبە شارستانی‌یەکانی وەك: ئەدەبی شانۆگەری و سینەمایی و ڕۆمان، بۆ مرۆڤی فەراهەم دێنن.

بەڵام دووهەم:

خۆشحاڵی‌یەکی ناسکی خاوێنە.. "دەروون" لەغاو دەکات و "ڕۆح" و "دڵ" و "ژیری" و "نهێنی"ش بەرەو خوو و ڕەفتاری بەرز و گەڕانەوە بۆ نیشتمانی ئەسڵی و

نیشتەجێی هەتاهەتایی خۆیان و بۆ لای خۆشەویستەکانی دواڕۆژیان، هان دەدات. هەر ئەم شادی و خۆشحاڵی‌یەیە کە قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی "بەیان" دەیبەخشێت و مرۆڤی بۆ لا دەبات و، تاسەمەندیی بەهەشت و بەختەوەریی هەمیشەیی و بینینی جوانیی خوای گەورەشی تێدا دەورووژێنێت.

هەندێ کەسانی کەمفام لەوانەی کە خۆیان لە تێڕامان و سەرنجدانی شتاندا ماندوو ناکەن، لەو گومانەدا بوون کە: واتای مەزن و حەقیقەتی هەرە گەورەی ئایەتی پیرۆزی: ﴿**قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإنْسُ والْجِنُّ عَلَى اَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هذا القُرْآن لا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيراً**﴾ وێنەیەکی مەحاڵە و، بە موبالەغەی ڕەوانبێژی‌یان لە قەڵەم داوە.. نەخێر وا نی‌یە و، ئەوانە گەلێ بە هەڵەدا چوون. چونکە ڕەوانبێژیی ئەم ئایەتە عەینی حەقیقەتە و، شێوە و ڕوویەکی مومکین و واقیع و گونجاوە و، هەرگیز کارێکی مەحاڵ نی‌یە.

یەکێك لە ڕووەکانی ئەو شێوەیە، بریتی‌یە لەوەی کە:

ئەگەر جوانترینی گوفتارەکانی جیننی و ئادەمیزاد، کە لە قورئانەوە وەرنەگیرابن و کەرەسەی ئەو نەبن، هەموو پێکەوە کۆببنەوە، ئەوا هەرگیز لە قورئان ناچن. بۆیە تا ئێستا شتێك لە وێنەی قورئان نەوتراوە و سەری هەڵ نەداوە.

ڕووەکەی تریش بریتی‌یە لەوەی کە: شارستانێتی و حیکمەتی فەلسەفە و ئەدەبە بیانی‌یەکان، کە بەرهەم و زادەی کار و هەوڵ و کۆشش و بیری جیننی و ئادەمیزاد و تەنانەت شەیتانەکانیشن، لە نزمترینی پلەکانی دەستەوسانیدان لە بەردەم ئەحکام و حیکمەت و ڕەوانبێژیی قورئاندا! وەك پێشتر چەند نموونەیەکمان لەسەر هێنایەوە.

جیلوەی سێ‌هەم

ئاراستەکردنی گوفتاری قورئان بۆ هەموو چینەکانی خەڵك.

"قورئانی حەکیم" لەگەڵ هەموو چینێکی مرۆڤی گشت سەردەمێکدا دەدوێت، بە ڕادەیەك کە دەڵێی بە تایبەتی و ڕاستەوخۆ ڕووی لەو چینەیە!

چونکە مادەم قورئان سەرجەمی چینەکانی نەوەی ئادەم بانگ دەکات بۆ "ئیمان" کە بەرزترین و وردترینی زانستەکانە و.. بۆ "ناسینی خوا" کە فراوانترین و ڕووناکترینی زانیاری‌یەکانە و.. بۆ لای "ئەحکامەکانی ئیسلام" کە گرنگترینی زانستەکانە و لە هەمووشیان جۆراوجۆرترە.. ئەوا دەبێ ئەو دەرسەی کە بە هەموو چینەکانی خەڵکیی دەڵێتەوە لەگەڵ تێگەیشتنی هەموو یەکێکیاندا بگونجێت، لە کاتێکدا کە تەنها یەك دەرسەو چەند دەرسێکی جیاجیا و جۆراوجۆر نی‌یە! لەبەر ئەوە، دەبێ لەناو خودی ئەو دەرسەی قورئاندا چەند چینێکی تێگەیشتن هەبێت. بۆیە هەموو چینێکی خەڵکی و

هەریەکەش بەپێی پلەی تێگەیشتنی، بەشی خۆی لە دەرسی هەموو یەکێك لە دیمەنەکانی قورئان وەردەگرێت!

گەلێ نموونەی زۆرمان بۆ ئەم ڕاستی‌یە هێنایەوە، دەکرێت سەریان لێ بدرێت. بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی ئەو نموونانە و بەشی تێگەیشتنی یەك دوو چینی خەڵکی، دەکەین.

○ بۆ نموونە:

﴿لَمْ يَلِدْ ۞ وَلَمْ يُولَدْ ۞ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً اَحَدٌ﴾.

چینی "عەوام" کە زۆربەی ڕەهای خەڵکی پێك دەهێنن، بەشیان لە تێگەیشتنی ئەم ئایەتانەدا ئەوەیە کە:

(خوای گەورە بێ باوك و منداڵ و ژن و هاوتایە).

بەشی چینێکی تری تێ گەیشتنی مامناوەندی، بریتی‌یە لە:

(نەفی کردنی خوایەتی لە: حەزرەتی عیسا - دروودی لەسەر بێت - و لە مەلائیکەت و، لە هەر شتێك کە منداڵ‌لێ کەوتنەوە و لەدایك‌بوونی لەباردا بێت)! چونکە بەپێی ڕواڵەت نەفی کردنی شتی "مەحاڵ" کارێکی بێ سوودە. کەواتە دەبێ وەك لە زانستەکانی "ڕەوانبێژی"دا ڕوون کراوەتەوە، مەبەست: "لازمی حوکم"ە کە بێت. بەم پێیە مەبەست لە نەفی کردنی منداڵ و باوکایەتی، کە لە تایبەتکاری‌یەکانی شتانی جیسمانین، نەفی کردنی خوایەتی‌یە لە هەر شتێك منداڵ و باوك و هاوتای ببێت و، بۆ ئەوەیە دەری‌بخات کە: ئەوانە شایستەی خوایەتی نین!

لەم نهێنی‌یەوە دەردەکەوێت کە: دەگونجێت سوورەتی "ئیخلاص" لە هەموو کاتێك‌دا سوود بە هەموو مرۆڤێك بگەیەنێت.

بەشی چینێکی لەوان پێشکەوتووتر، ئەوەیە کە:

(خوای گەورە خاوێنە لە هەموو هاوبەش و هاووێنە و یاریدەدەرێك و لە هەر پەیوەندی‌یەك بە بوونەوەرانەوە کە بۆنی منداڵبوون و لەدایك‌بوونیان لێ بێت. پەیوەندیشی بە بوونەوەرانەوە تەنها پەیوەندی "خەللاقییەت"ە، چونکە خواوەند بە ویستی ئەزەلی و ئیختیاری خۆی و بە فەرمانی: "کن فیکون" بوونەوەران بەدی‌دەهێنێت و، هەرگیز پەیوەندیی بە هیچ شتێکەوە نی‌یە کە پێچەوانەی سیفەتی "کەماڵ" بێت، وەك: ناچار بوون و پەیدابوونی بێ ویست و ئیختیار).

بەشی چینێکی لەمانەش بەرزتر، ئەوەیە کە:

(خوای گەورە: ئەزەلی و، ئەبەدی و، ئەووەڵ و، ئاخر و، بێ‌وێنە و، بێ‌هاوتایە و، لە هیچ لایەك‌دا میسل و هاووێنە و نموونەی نی‌یە، نە لە زاتی‌دا و نە لە سیفەت و نە لە کردارەکانی‌دا

بەڵکو لە بەردەم مرۆڤدا تەنها بواری "مَثَل" هێنانەوە هەیە بۆ خوای گەورە: ﴿وَلَهُ الْمَثَلُ الاَعَلى فِي السَّموات وَالاَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكيمُ﴾(الروم:٢٧) کە ئەمەش تەنها لە کردار و کاروبارەکانی خوادا ڕێ بە "تەشبیهـ" و نموونەهێنانەوە دەدات).

دەتوانیت خاوەن بەشە جیاجیاکانی تری تێگەیشتن و پەیبردنی وەك: چینی عارفان و چینی عاشقان و چینی صیددیقان و غەیری ئەوانیش، بۆ سەر ئەم چینە ناوبراوانە قیاس بکەیت.

○ نموونەی دووهەم:

﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ اَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجالِكُمْ﴾(الأحزاب:٤٠).

بەشی چینی یەکەمی خەڵك لەم ئایەتە، ئەوەیە کە:

حەزرەتی زەید – خوای لێ ڕازی بێت ـ کە خزمەتگوزاری پێغەمبەر ﷺ و شەرەفمەندی ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ بە "کوڕم!" بانگی کردووە. ئەم زەیدە، کە هەستی کرد هاوکووفی هاوسەرە ئازیزەکەی نیيە، ناچار تەڵاقی دا. ئنجا پێغەمبەریش ﷺ بە فەرمانی خوای گەورە مارەی کرد لە خۆی.

جا ئەم ئایەتەی کە بەم هۆ و بۆنەیەوە نازڵ بووە، دەفەرموێ:

ئەگەر پێغەمبەر ﷺ وەك بانگکردنی باوك لە کوڕی خۆی، ئێوەی بانگ کرد، ئەوا تەنها لە ڕووی ئەرکی پێغەمبەرێتیی سەرشانیەوەیە کە بەو جۆرە بانگتان دەکات و، لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی کەسێتی و خزمایەتییەوە باوکی هیچ کامتان نیيە، تا خێزانەکانی پێنەشێن!

بەشی تێگەیشتنی چینی دووهەمیش، ئەوەیە کە:

میر و فەرمانڕەوای مەزن بە چەشنی باوکی بەسۆز و میهرەبان دەڕوانێتە ڕەعیەت و میللەتەکەی خۆی. جا ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایە لە ئاشکرا و پەنهانیشدا خاوەنی دەستەڵاتی ڕۆحی بێت، ئەوا میهرەبانییەکەی لە هی باوکان گەلێ زیاتر دەبێت، تەنانەت خەڵکییش، وەك بڵێی منالی ڕاستەقینەی ئەو بن، بە وێنەی باوکی خۆیان بۆی دەڕوانن.

جا لەبەر ئەوەی کە ئەو ڕوانینەی بۆ باوك دەڕوانرێت ناگۆڕێت بۆ هی مێرد و، هی کچیش بە ئاسانی ناگۆڕرێت بە هی ژن و هاوسەری پیاو، ئەوا لەبەر ئەم نهێنییە، بیری عامەی خەڵکی پێیان زەحمەت و نەشیاو بووە کە پێغەمبەر ﷺ کچی ئیمانداران مارە بکات!

لەبەر ئەوە، قورئانی پیرۆز ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و، پێیان دەفەرموێ:

پێغەمبەر ﷺ لە گۆشەی میهرەبانیی خواوەند و بە چاوی شەفەقەت و سۆز و بەزەییەوە

بۆتان دەڕوانێت و، لە ڕووی پێغەمبەرایەتی‌یەکەیەوە وەکو کوڕی خۆی مامەڵەتان لەگەڵدا دەکات. بەڵام لە ڕووی کەسێتیی مرۆڤانەی خۆیەوە، ئەوا ئاشکرایە کە باوکی ئێوە نی‌یە، تاکو مارەکردنی کچانی ئێوەی بۆ نەشێت و لەسەری حەرام بێت!

بەشی سێ‌هەم، بەم جۆرە لەم ئایەتە تێ‌دەگات:

نابێ پشت‌بەستنتان بە سۆز و بەزەیی پێغەمبەر ﷺ و پەیوەندیتان پێ‌یەوە، بکەن بە بیانوویەك بۆ ئەنجامدانی گوناه و کردەوەی خراپ. چونکە زۆر کەس هەن پشت بە ڕابەر و گەورەکانیان دەبەستن و لە "کار" و "بەندایەتی"دا تەمبەڵی دەکەن. تەنانەت هەندێ جاریش دەڵێن: "ئێمە نوێژ ناکەین، چونکە نوێژمان بۆ کراوە"! (وەك هەندێ لە شیعەکان دەیڵێن).

سەرنجی چوارەم:

بەشێکی تر، ئاماژەیەکی غەیبی لەم ئایەتە تێ‌دەگات کە بریتی‌یە لەوەی:

کوڕانی پێغەمبەر ﷺ ناگەنە تەمەنی پیاوان. بەڵکو پێش ئەو تەمەنە خوای گەورە لە دنیادا کۆچیان پێ دەکات. کەواتە لەبەر حیکمەتێکی خوایی، نەوەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕووی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ نەوەی ئەو بن، لە "کوڕانی"دا بەردەوام نابێت. بەڵام وشەی "رجال" ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە: لە ئافرەتانی - نەك پیاوانی - ئەولادی ئەودا، نەوەی موبارەکی هەر بەردەوام دەبن.

سوپاس بۆ خوای گەورە، حەزرەتی "حەسەن" و "حسەین" کە وەچەی پیرۆزی حەزرەتی "فاطمة الزهراء"ن -خوایان لێ ڕازی بێت- دوو مانگی درەخشانن بۆ دوو زنجیرەی نوورانی کە هەمیشە وەچە و نەوەی پیرۆزی "ماددی و مەعنەوی"ی خۆری "نبووەت" بە بەردەوامی دەهێڵنەوە!

اللهم صلِّ علیه وعلی آله.

"ڕۆشنایی یەکەم" بە هەر سێ "تیشك"ەکانیەوە کۆتایی پێ هات.

* * *

ڕۆشنایی دووهەم

ئەم ڕۆشنایی‌یە سێ نووری هەیە

نووری یەکەم

قورئانی پیرۆز: ڕەوانیی بە خوڕ و.. ساغیی ناوازە و.. پشتگیریی مەحکەم و.. پەیوەندیی توندوتۆڵ و.. هاوکاریی بەهێزی چ لە نێوان ڕستەکانی و چ لە نێوان سیما و ڕوخسارە پێکهێنەرەکانی ئەو ڕستانەدا کۆکردووەتەوە. هەروەك هاوئاهەنگی‌یەکی بەرزی لە نێوان ئایەت و ئامانجەکانی‌دا ساز داوە. ئەمەش بە شایەتیی زانستی: "ڕەوانکاری" و "گوزارەکاری" و بە شایەتی‌دانی هەزاران پێشەوای ئەم زانستانە، وەك: زومەخشەری و سەککاکی و عبدالقاهری جورجانی..

خۆ هەرچەندەش نزیکەی هەشت‌نۆ هۆکاری گرنگ هەن کە ئەو هاوئاهەنگی و هاوکاری و پشتگیری و ساغی و ڕەوانی‌یە دەشێوێنن، کەچی ئەو هۆکارانە هیچ کاریگەری‌یەکیان لە شێواندنی ئەو سیفەتە ناوبراوانەی قورئان‌دا نەبووە، تەنانەت پتر پشتی ڕەوانی و ساغی و پشتگیریی ڕستە و ئایەت و ئامانجەکانی قورئانیان گرتووە! هێندە نەبێت کە حوکمی خۆیان ڕایی کردووە و لە پشت پەردەی ڕێسا و ڕەوانی‌یەوە سەریان دەرهێناوە، تاکو ڕەوانیی هۆنینی قورئان گەلێ واتای گەورە و بەنرخ بەدەستەوە بدات، بە وێنەی "چرۆ"ی درەخت کە لە قەدی خشت و ڕێکی درەختەکان‌دا دەردێن و هەندێ گۆپکە و چوکلەی بەرز و نزمی تێدا پێك‌دەهێنن، کەچی ئەم وردە چوکلانە ڕێکیی لەش‌ولاری درەختەکان نائالۆزێنن، بەڵکو لە ڕێیانەوە ئەو بەروبوومانە بە درەختەکان دەدرێن کە پتر جوانی و کەماڵی ئارایشتی درەختەکەیان پێ تەواو دەبێت..

چونکە:

قورئانی پیرۆز بەش بەش و پچڕپچڕ لە ماوەی بیست‌وسێ ساڵ و لە کاتی پێویست‌دا نازڵ بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەش‌دا هێندە پێکەوەگونجانی تەواوی دەرخستووە کە دەڵێی سەرانسەری قورئان بە یەك جار نازڵ بووە..

هەروەها ئەم قورئانە پیرۆزە لە ماوەی بیست‌وسێ ساڵ و لەبەر چەند هۆکارێکی جیاجیای نازڵ‌بوون هاتووە، کەچی ئەوەندە پشتگیریی تەواوەتیی تێدا دەردەکەوێت کە دەڵێی تەنها لەبەر یەك هۆکار نازڵ بووە..

هەروەها قورئان بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی دووپات‌بووی جیاجیا هاتووە، کەچی لەگەڵ ئەوەش‌دا هێندە تێکەڵی و یەکگرتنی تەواوی پێوە دیارە کە دەڵێی وەڵامی تەنها یەك پرسیارە..

هەروەها قورئان بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمەکانی گەلێ ڕووداوی جۆراوجۆر نازڵ بووە، کەچی هێندە ڕێكوپێکیی کامڵ و تەواو پێش‌چاو دەخات کە دەڵێی ڕوونکردنەوەی حوکمی تەنها یەك ڕووداوە..

هەروەها ئەم قورئانە پیرۆزە بە چەشنێك نازڵ بووە کە گوفتارە بەرزە خواییەکانی هێناوەتە ئاستی چەند شێوازێك کە لەگەڵ ڕادەی تێگەیشتنی چەندەها قسەبۆکراوی لەژمارەبەدەر و گەلێ حاڵەتی وەرگرتن و تێگەیشتنی جۆراوجۆردا بگونجێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێندە ڕەوانیی ناسك و لەیەكچوونی جوانی لە خۆدا دەرخستووە کە دەڵێی تەنها بۆ یەك حاڵەت و یەك ئاستی تێگەیشتن نازڵ بووە! تەنانەت سیفەتی: "ڕەوانی"، بە وێنەی ئاوی سەلسەبیل، بەناو هەموو قورئاندا گوزەر دەکات..

هەروەها ئەو قورئانە پیرۆزە ڕووی گوفتاری ئاراستەی گەلێ جۆر و چینی لە یەك دووری خەڵکی کردووە، کەچێ هێندە ئاسانیی "بەیان" و، پاراویی ڕێسا و ڕوونیی تێگەیاندنی تێدا دیارە کە دەڵێی گشت ئەوانەی لەگەڵیان دەدوێت تەنها یەك چین و توێژن، بە ڕادەیەك کە هەموو کۆمەڵ و توێژێك پێی وایە ڕووی گوفتاری قورئان ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئەو کراوە..

هەروەها قورئان بۆ ئەوە نازڵ بووە کە: خەڵکی بەرەو چەند ئامانجێکی ئیرشادیی پلەپلە و جیاجیا ڕێنمایی بکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێندە: ئیستیقامەتی تەواوەتی و.. هاوسەنگیی ورد و.. ڕێكوپێکیی جوان و ڕەنگینی پێوە دیارە کە دەڵێی تەنها بۆ یەك ئامانج نازڵ بووە.

جا هەرچەند ئەم هۆکارانە مایەی هەڵبزرکان و شێواندنی واتا و ڕوخسارن، کەچی هەموویان لە دەرخستن و پیشاندانی: ئیعجازی بەیان و، ڕەوانبی و، لەگەڵ یەك گونجانی قورئاندا، بەکار هێنراون!

بەڵێ، هەرکەسێك خاوەنی دڵێکی ساغ و عەقڵێکی کامڵ و ویژدانێکی هەستیار و چێژێکی تەواو بێت، هەر بۆ خۆی: ڕەوانییەکی جوان و.. ڕێكوپێکییەکی ناسك و.. ئاوازێکی بەتام و.. زمانپاراوییەکی بێ‌وێنە، لە ڕوونکردنەوەکانی قورئانی پیرۆزدا دەبینێت! خۆ هەرکەسێکیش بینایی دڵی کوێر نەبووبێت، بێ هیچ گومانێك "چاو"ێك لە قورئاندا دەبینێت کە قورئانی پیرۆز بەهۆی ئەو چاوە و بەوپەڕی ڕوونی: سەرجەمی بوونەوەرانی ڕواڵەتی و نادیار دەبینێت و بە وێنەی لاپەڕەی کتێبێك دەبن لە بەردەستیدا کە بە ویستی خۆی هەڵیاندەگێڕێتەوە و، بە هەر شێوازێك بیەوێت واتاکانی لێك دەداتەوە و بە خەڵکییان دەناسێنێت!

گەر بمانەوێت حەقیقەتی ئەم "نووری یەکەم"ە بە نموونەکانیەوە ڕوون بکەینەوە، ئەوا پێویستمان بە نووسینی چەند بەرگێك دەبێت! بۆیە بەو ڕوونکردنەوانە واز دەهێنین کە تایبەتن

بەم حەقیقەتە و لە گشت "پەیامە عەرەبی‌یەکان"[١] و "إشارات الإعجاز" و بیست‌وپێنج وتەکانی پێشوودا باس کراون. بگرە هەر قورئان بۆ خۆی سەرتاپا نموونەی ئەم حەقیقەتەیە، بۆیە وا بە یەك جار هەموو قورئان پێش‌چاو دەخەم و بە نموونە دەیهێنمەوە!

نووری دووهەم

ئەم نوورە، لە "تایبەتکاری ئیعجاز"ی ئەو پوختە باس و ناوە جوانانەی خوای گەورە دەکۆڵێتەوە کە شێوازی ناوازەی قورئان لە کۆتایی ئایەتەکاندا دایناون.

بێدارکردنەوەیەك

لەم نووری دووهەمەدا گەلێ ئایەت دەهێنینەوە کە تەنها تایبەت نین بەم نوورەوە، بەڵکو دەشبن بە نموونە بۆ بابەت و تیشکەکانی پێشووتریش. خۆ ئەگەر بمانەوێت مافی روونکردنەوەی تەواوەتی بەم نموونانە بدەین، باسەکەمان درێژە دەکێشێت. بەڵام من لەم کاتەی ئێستادا ناچارم بە پوختی لێیان بدوێم، بۆیە لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەمان بۆ ئەو ئایەتانە کردووە کە بۆ روونکردنەوەی ئەم نهێنی‌یە مەزنەی ئیعجازی قورئان، بە نموونە هێناومانەتەوە. بەو هیوایەی درێژەپێدانی باسەکە بۆ کاتێکی تر هەڵبگرین.

ئەوەتا قورئانی پیرۆز زۆربەی جار هەندێ چەمکی پوخت و کورت لە کۆتایی ئایەتەکاندا دادەنێت. جا ئەو پوختانە: یان چەند ناوێکی جوانی خوای گەورە، یان واتای ئەو ناوانەی خوایان لەخۆ گرتووە.. یاخود کێشە و باسەکانیان حەواڵەی "ژیری" دەکەن و مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە و تێرامانیان هان دەدەن.. یان دەستوورێکی کوللیی نێوان ئامانجەکانی قورئانیان تێدایە کە پشتی ناوەرۆکی ئایەتەکە دەگرێت.

بەڵێ، ئەو پوختە کۆتایی‌یانەی ئایەتەکان، هەندێ ئاماژەی حیکمەتی بەرز و بلندی قورئان و.. چەند پریشکێکی ئاوی ژیانبەخشی هیدایەتی ئیلاهی و.. هەندێ پزیسکی برووسکەی ئیعجازی قورئانیان لە ئامێز گرتووە.

وا لێرەدا تەنها "دە" دانە لەو ئاماژە زۆر و زەبەندانە بە کورتی باس دەکەین. هەروەك بە ئاماژەبۆکردن تەنها یەك نموونەی نێوان نموونە زۆرەکانی و.. یەك واتای پوختی تەنها یەك حەقیقەتی نێوان حەقیقەتە زەبەندەکانی هەریەك لەو نموونانەش، دەخەینە روو.

زۆربەی ئەم "دە" ئاماژانەش لە زۆربەی ئایەتەکاندا کۆ دەبنەوە و، نەخش و نیگارێکی ئیعجازیی راستەقینە پێك‌دەهێنن، هەروەك زۆربەی ئەو ئایەتانەی کە بە نموونەی ئاماژەیەك دەیانهێنینەوە، نموونەن بۆ زۆربەی ئاماژەکانی تریش.

---

(١) سیازدە پەیامن لە ناوەندی کتێبی (المثنوي العربي النوري)دا. (وەرگێڕ)

و اله هەموو ئايەتێكدا تەنها يەك ئاماژە ڕوون دەكەينەوە و، سوو كەڵە ئاماژەيەكيش بۆ واتاكاني ئەو ئايەتانە دەكەين كە لە چەند "وتە"يەكى پێشووتردا لێيان دواوين.

◆ **يەكەم تايبەتكاريى "پاراوى":**

قورئـانى پـيرۆز، بـە ڕوونكردنـەوە ئيعجازبەخشـەكانى خـۆى، كـار و ئاسـەوارەكانى كردگـارى مـەزن لـە پێش‌چـاودا ڕادەخـات، پاشـان نـاوە جوانـەكانى خواوەنـد لــەو كـار و ئاسەوارانەىدا دەردەهێنێت، ياخود يەكێك لە ئامانجە بنەڕەتىيەكانى قورئان، وەك: "حەشر" و "تەوحيد" دەچەسپێنێت.

ئەم ئايەتەى خوارەوە يەكێكە لە نموونەكانى واتاى يەكەم:

﴿هُوَ الَّذي خَلَقَ لَكُمْ مَا في الأَرْضِ جَميعاً ثُمَّ اسْتَوى اِلى السَّماءِ فَسَوّاهُنَّ سَبْعَ سَـــمَوات وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَليمٌ﴾(البقرة:٢٩).

ئەم ئايەتەى خوارەوەش يەكێكە لە نموونەكانى واتاى دووهەم:

﴿اَلَمْ نَجْعَلِ الاَرْضَ مِهَاداً ۞ وَالْجِبَالَ اَوْتاداً ۞ وَخَلَقْناكُمْ اَزْوَاجاً ۞ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتاً ۞ وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاساً ۞ وَجَعَلْنَا النَّهارَ مَعَاشاً ۞ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعاً شِداداً ۞ وَجَعَلْنَا سِـراَجاً وَهَّاجاً ۞ وَاَنْزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرات ماءً ثَجَّاجاً ۞ لِنُخرِجَ بِهِ حَبّاً وَنَبَاتاً ۞ وَجَنَّاتٍ اَلْفَافــاً ۞ اِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كانَ ميقَاتاً﴾(النبأ:٦-١٧)

لە ئايەتى يەكەمدا: قورئانى پيرۆز ئەو ئاسەوارە مەزنانەى خواى گەورە پێش‌چـاو دەخـات كـە بـە ئامـانج و ڕێسـاكانيان بەڵگەن لەسەر "زانسـت" و "توانسـت"ى خواوەنـد، ئەمـەش دەكات بە پێشەكيى ئەنجامێكى گرنگ و مەبەستێكى مەزن. پاشان ناوى جوانى "العليـــم"ى خواى گەورەى لـێ دەردەهێنێت.

لە ئايەتى دووهەميشدا: كار و ئاسەوارە گەورەكانى خواوەند باس دەكات و، پاشـان لـە دەرەنجامدا باسـى "حەشر" دەردەهێنێت كە ڕۆژى "فەصل"ە. هـەروەك لـە خـاڵى سێ‌هەمى تيشكى يەكەمى ڕۆشنايى يەكەمدا ڕوون كرايەوە.

◆ **دووهەم سەرنجى ڕەوانبێژى:**

قورئانى پيرۆز، چنراوانى سنعەتى خواوەند لە پێش‌چاوى مـرۆڤدا ڕادەخـات، پاشـان لـە نـاوەندى نـاوە جوانـەكانى خـوا و لــە پوختـە كۆتـايى ئايەتـەكاندا كۆيـــان دەكاتـــەوە و دەيان‌پێچێتەوە.. ياخود حەواڵەى "ژيرى"يان دەكات..

يەكێك لە نموونەكانى بەشى يەكەم، ئەم ئايەتەيە:

﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالاَرْضِ اَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالاَبْصارَ وَمَنْ يُخرِجُ الْحَيَّ مِـنَ الْمَيِّتِ وَيُخرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الاَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللهُ فَقُلْ اَفَلا تَتَّقُونَ ۞ فَذلِكُـمُ اللهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ﴾(يونس:٣١-٣٢).

ئەوەتا لـە پێش‌دا دەفـەرموێ: (کـێ زەوی و ئاسمـانی وەك چەند گەنجینەیەکی ڕۆزی بـۆ ئامادە کردوون و، لەوێ بارانی هێناوەتە خوار و لێرەش دەغڵ و دانی دەرهێناوە؟ یان ئایا کێ هەیە جگـە لـە "خـوا" بتوانێت ئەو ئاسمانە مـەزن و زەوی‌یـە گەورەیە وەك دوو خەزنـەدار و گەنجینەوانی گوێڕایەڵ لـێ بکات بۆ فەرمانەکانی خۆی؟ کەواتە شوکر و سوپاس و ستایش تەنها هەر بۆ ئەو کەسەیە)..

لە بڕگەی دووهەمیش‌دا دەفەرموێ: (کێ خاوەنی هەستی "بیستن" و "بینین"ی ئێوەیە، کە بەنرخترین شتانی ناو ئەندامەکانتانن؟ ئایا لە چ کارگە و دوکان و بازاڕێك‌دا کڕیوتانن؟ بـاش بزانن تەنها ئەو کەسە خاوەن و "پەروەردگار"تانە کە ئەم هەستە ناسکانەی وەك چاو و گوێـی پێ بەخشیون و، هەر ئەویش بەدیی‌هێناون و پـەروەردەی کـردوون. کـەواتـە هـەر تەنـها ئـەو – نەك کەسی تر – شایانی پەرستش و بەندایەتی بۆ کردنە)..

لە بڕگەی سێ‌هەمیش‌دا دەفەرموێ: (یان کێ‌یە ئـەو کەسـەی کـە هـەروەك زەوی زینـدوو دەکاتـەوە، سـەدان هـەزار پـیر و تـاقمی مردووانیـش زینـدوو دەکاتـەوە و ژیانیـان پـێ دەبەخشێتەوە؟ کـێ هەیـە جگـە لـە خـواوەنـدی "حـەق" و بەدیهێنـەری گـەردوون توانـای ئـەم کارەی ببێت؟ بێ‌گومان هەر ئـەوە کـە ئـەم کـارە ئـەنجام دەدات و زەویـی وشـك هەڵـهاتووی مردوو، زیندوو دەکاتەوە. خۆ مادەم خواوەند خوایەکی "حـەق"ە، ئـەوا هیـچ حـەقێکی لـەلا نافەوتێ و، وەك زەویـی زینـدوو کـردەوە ئێـوەش زینـدوو دەکاتـەوە و بـۆ دادگـای مـەزنتان دەنێرێت)..

لە بڕگەی چوارەمیش‌دا دەفەرموێ: (کێ هەیە جگە لە "خوا" بە جۆرێکی ڕێك‌وپێك و بە ئـەندازەی ئاسـانیی بـەڕێوەبردنی کۆشـکێك یـان شـارێك، کاروبـاری ئـەم گەردوونـە مەزنـە بەڕێوە ببـات؟ خـۆ مـادەم جگـە لـە "خـوا" کەسی تـر نی‌یە، ئـەوا هیـچ ناتەواوی‌یەکیش لـەو توانستەدا نی‌یە کە دەتوانێت بەوپەڕی ئاسانی ئەم گەردوونە مەزنە و گشت تەن و قەبارەکانی ناوی بەڕێوە ببات و، چ پێویستی‌یەکی بە "هاوبەش" و "یارمەتی‌دەر" نی‌یە، بەڵکو توانسـتێکی هێندە ڕەهایە کە "سنوور" ناتوانێت سنووری بۆ دەست‌نیشان بکات! هـەروەها ئـەو کـەسـەی کـە کـاروبـاری ئـەم گەردوونـە مەزنـە دەسـازێنێت، هـەرگیز بـەڕێوەبردنی بەدیـهاتووە بچووکەکانیش بە کەسی تر ناسپێرێت.. کەواتە ئێوە ناچارن لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێـن: جگە لە "خوا" کەسی تر نی‌یە)!

ئـەوەتا دەبینیـت بڕگـەی یەکـەم و چـوارەم دەڵێـن: "خـوا"(الله) و.. بڕگـەی دووهـەمیش دەڵێت: "پەروەردگار"(الربّ).. هەروەك سێ‌هەمیش دەڵێت: "حەق"(الحـــقّ)! دەسا ئیتر فەرموو مەودای ئیعجاز تێ‌بگە لە شوێنی ڕستەی: ﴿فَذٰلِكُمُ اللهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ﴾دا!

بەم جۆرە قورئانی پیرۆز: کارە گەورەکانی خواوەنـد و چنراوە مەزنـەکانی سنعەتی ئـەو باس دەکات، پاشـان نـاوی ئـەو دەستە کاریگـەرە دەهێنێـت کـە بەڕێوەبـەر و کارسـازی ئـەو

چنراوه مەزن و ئاسەواره گەورانەیە: ﴿فَذلِكُمُ اللهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ﴾! واته به هێنانی ناوه‌كانی: "الله، الربّ، الحقّ"ی خوای گەوره، سەرچاوەی ئەو كاره مەزنانه پێش‌چاو دەخات!

یه‌كێك لە نموونه‌كانی بەشی دووهەمیش، ئەم ئایەتەیە:

﴿إنَّ فِي خَلْقِ السَّموات وَالأَرْضِ وَاخْتِلاف اللَّيْلِ وَالنَّهارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِما يَنْفَعُ النَّاسَ وَما أَنْزَلَ اللهُ مِنَ السَّماءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لآيات لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾(البقرة:١٦٤).

قورئانی پیرۆز لەم ئایەتانەدا درەوشانەوەی ئەو "دەستەڵاتداری"یەی خواوەند باس‌دەكات كە لە بەدیهێنانی ئاسمانەكان و زەویدایە و، درەوشانەوەی كەماڵی "توانست" و گەورەیی "پەروەردگاریتی"ی خوا دەردەخات و، شایەتی لەسەر "یەكتایی" ئەو دەدات..

هەروەها درەوشانەوەی "پەروەردگاریتی" لە جیاوازیی شەو و ڕۆژدا و.. دەركەوتنی "میهرەبانی" لە ڕام‌كردن و بەكارهێنانی كەشتی و گێڕانی بەناو دەریادا، كە ئەمەش یەكێكە لە هۆكارە گەورەكان لە ڕەوتی ژیانی كۆمەڵایەتی‌دا و.. درەوشانەوەی "گەورەیی توانست" لە باراندنی ئاوی مایەی ژیان لە ئاسمانەوە بۆ زەویی مردووی وشك و برنگ و، زیندووكردنەوەی زەوی خۆی و زیندەوەرانی ناوی كە لە سەدان هەزار زیاتر دەبن و، پیشاندانی زەوی بە شێوەی پیشانگایەك بۆ شتانی نامۆ و سەرسووڕهێنی بەدیهاتووی خواوەندی پەروەردگار..

هەروەها درەوشانەوەی "میهرەبانی و توانست" باس دەكات لە بەدیهێنانی چەندەها گیانلەبەری جۆراوجۆر لە "گڵ"ێكی ئاسایی..

هەروەها درەوشانەوەی "میهرەبانی و دانایی" دەخاتەڕوو لەو كارمەندی‌یە مەزنانەدا كە بە "باكان"ی دەسپێرێت، وەك: پیتاندن و هەناسەپێ‌دانی ڕووەكەكان و یارمەتیی هەناسەدانی زیندەوەران بە جووڵاندن و بەڕێوەبردنی هەناسەدانیان.

هەروەها درەوشانەوەی "پەروەردگاریتی"ش دەردەخات لە ملكەچ‌كردن و كۆكردنەوەو بڵاوەپێ‌كردنی هەورە هەڵواسراوەكانی نێوان ئاسمان و زەوی‌دا، كە وەك سەربازی گوێڕایەڵ بۆ مەبەستی حەوانەوە بڵاوەی لێ دەكەن. بەڵام پاش ئەوە، لە نمایشێكی گەورەدا، بۆ وەرگرتنی فەرمانەكان سەرلەنوێ كۆ دەبنەوە!

بەم جۆرە و دوای پێش‌چاوخستنی چنراوانی سنعەتی خوایی، "ژیری" دەخاتە گەڕ بۆ لێكۆڵینەوە و دۆزینەوەی حەقیقەتەكانیان و دەفەرموێ: ﴿لآياتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾! كە بەمەش جڵەوی "ژیری" بەرەو بیركردنەوە ڕادەكێشێت و بۆ تێفكرینیش بێداری دەكاتەوە.

◆ **سێهەم تایبەتكاریی "پاراوی":**

قورئانی پیرۆز، هەندێ جار بە دوور و درێژی كارەكانی خوای گەورە باس دەكات، پاشان لە پوختەیەكی كەمدا كورتیان دەكاتەوە. جا قورئان بە درێژەپێدانی [illegible]

قەناعەت و دڵنیایی بە مرۆڤ دەبەخشێت و، بە پوخت کردن و کورت کردنەوەشیان کارێك دەکات کە بە ئاسانی لەبەر بکرێ و لە یاد بگیرێت، بۆ نموونە:

﴿وَكَذٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِنْ تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَى آلِ يَعْقُوبَ كَمَا أَتَمَّهَا عَلَى أَبَوَيْكَ مِنْ قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾(یوسف:٦).

قورئانی پیرۆز، بەم ئایەتە ئاماژە بۆ ئەو نیعمەتانە دەکات کە خوای گەورە بە حەزرەتی یوسف و باپیرانی پێشینی ئەوی بەخشیبوون. ئەوەتا دەفەرموێ: هەر تەنها خوای گەورە ئێوەی لە نێوان نەوەی ئادەمدا بۆ پلەی "پێغەمبەرایەتی" هەڵبژارد و، زنجیرەی گشت پێغەمبەرانی لەگەڵ زنجیرەکەی ئێوەدا گرێ دا و، کردنی بە سەرگەورەی زنجیرەکانی تری نەوەی ئادەم. هەروەك بنەماڵەی ئێوەشی کرد بە مایەی فێرکردن و ڕێنمایی، ئەوەتا زانستە خوایی و دانستە پەروەردگاری یەکان فێری خەڵکی دەکەن و.. بەو پێیە دەستەڵاتی بەختەوەرانەی دنیا و بەختەوەریی هەمیشەیی دوارۆژیشی بۆ کۆکردوونەتەوە و.. بە "عیلم"و "حیکمەت" تۆیشی کرد بە عەزیزی میسر و پێغەمبەرێکی مەزن و رابەرێکی دانا..

دوای ئەوەی کە قورئان ئەو نیعمەتانە باس دەکات و دەیانژمێرێت و، تێیدەگەیەنێت کە چۆن خوای گەورە: خۆی (واتە حەزرەتی یوسف) و باوك و باپیرانی بە "عیلم" و "حیکمەت" تایبەتمەند کردووە .. دوای ئەوە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾! واتە پەروەردگاری و حیکمەتی ئەو خواستیان وا بووە کە خۆت و باپیرانت بەهرەمەندی ناوی جوانی: "العليم الحكيم" بن!

بەم جۆرە، ئەو نیعمەتە درێژەپێدراوانەی لەم پوختەیەدا کورت کردەوە!

هەروەها وەك ئەم ئایەتە:

﴿قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾(آل‌عمران:٢٦-٢٧).

ئەم ئایەتە پیرۆزە کارەکانی خواوەندمان لە کۆمەڵگای ئادەمیزاددا پێش چاو دەخات، ئنجا ئەوەش دەگەیەنێت کە:

عیزەت و زەلیلی.. دەوڵەمەندی و هەژاری، ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ویست و ئیرادەی خواوەند خۆیەوە. واتە:

(دەستوەردان لە کاروباری چینە هەرە پەرتەوازەکانی بوونەوەرە زۆر و زەبەندەکان، تەنها بە "ویست" و "نەخشە" و "تەقدیر"ی خوای گەورەیە و، هەرگیز "ڕێکەوت" ناتوانێت توخنی ئەو کارانە بکەوێت)!

دوای ئەوەی کە ئایەتەکە ئەم حوکمەی گەیاند، ئنجا دەفەرموێ: گەورەترین شت لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆزییەکەیەتی.. پاشان بە چەند پێشەکییەك دەیچەسپێنێت کە: "ڕۆزی" ڕاستەوخۆ لە گەنجینەی ڕۆزیدەری ڕاستەقینەوە دێت و دەنێررێت. چونکە دەفەرموێ: ڕۆزیتان بە ژیانی زەوییەوە بەستراوە و، ژیانی زەویش پابەندی بەهارە. خۆ بەهاریش تەنها بەدەست ئەو کەسەیە کە خۆر و مانگ ملکەچ و فەرمانبەردار دەکات و شەو و ڕۆژ بە دوای یەکتردا دەهێنێت. کەواتە بەخشینی سێوێك بە هەر مرۆڤێك - کە ڕۆزیی ڕاستەقینەی خۆی بێت - کاری تەنها ئەو کەسەیە کە زەوی لە میوە و بەروبوومە جۆراوجۆرەکان پڕ دەکات، کە "ڕۆزیدەری ڕاستەقینە"یە!

دوای ئەوە، قورئانی پیرۆز ئەو کارە درێژەپێدراوانە، لەم پوختەیەدا کورت دەکاتەوە و دەیانچەسپێنێت: ﴿وَتَرْزُقُ مَنْ تَشاءُ بِغَيْرِ حِسابٍ﴾!

◆ چوارەم سەرنجی ڕەوانبێژی:

هەندێ جار قورئانی پیرۆز بە ڕیزکردن و تەرتیبێکی دیاریکراو باسی بەدیهاتووەکانی خواوەند دەکات. پاشان بەم کارەی دەریدەخات کە بوونەوەران بە: "ڕێسا" و "کاری بە تەرازوو" بەدی دێن، کە ئەم دوانەش بەری درەختی بەدیهاتووان پیشان دەدەن. وەك بڵێی جۆرە ڕوونی و درەخشانییەك بەو بەدیهاتووانە دەبەخشێت کە ناوە جوانەکانی خوایان تێدا دەدرەوشێتەوە.. دەڵێی ئەو بەدیهاتووانە بریتین لە "وشە" و ئەو ناوانەش "واتا"کانیانن.. یان بەدیهاتووەکان چەند "بەر"ێکن و ئەو ناوانەش ناوك و کاکڵەکانیانن! بۆ نموونە:

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإنْسانَ مَنْ سُلالَةٍ مِنْ طِينٍ ۞ ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرارٍ مَكِينٍ ۞ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنا الْمُضْغَةَ عِظاماً فَكَسَوْنا الْعِظامَ لَحْماً ثُمَّ اَنْشَأْناهُ خَلْقاً آخَرَ فَتَبارَكَ الله اَحْسَنُ الْخالِقِينَ﴾(المؤمنون:١٢-١٤).

قورئانی پیرۆز لەم ئایەتانەدا بەدیهاتنی مرۆڤ و قۆناغە سەرسووڕهێن و نامۆ و ناوازە و هاوسەنگ و ڕێكوپێکەکانی هێندە بە تەرتیب باس دەکات کە وەك ئاوێنە: ﴿فَتَبارَكَ الله اَحْسَنُ الْخالِقِينَ﴾ی تێدا دەردەکەوێت! تەنانەت دەڵێی هەموو یەکێك لەو قۆناغانە خۆی دەردەخات و لەبەر خۆیەوە ئەم ئایەتە وەحی دەکات و دیلێتەوە! تەنانەت یەکێك لە "نووسەرانی وەحی" لە کاتی نازڵبوونی ئەم ئایەتە و لە دەمی نووسینەوەیدا و پێش ئەوەی بگاتە سەر ئەم کۆتاییە، لە سەرسووڕماندا لەبەر خۆیەوە وتی: ﴿فَتَبارَكَ الله اَحْسَنُ الْخالِقِينَ﴾! بێ ئەوەی بزانێت کە ئەو ئایەتانە بەم بڕگەیە کۆتایی پێ دێت! بە ڕادەیەك کەوتە گومانەوە کە بڵێت: "ئایا وەحی بۆ منیش هاتووە؟" لە ڕاستیدا کەماڵی "ڕێسا" و "ڕوونی"ی لەڕادەبەدەر و "لەگەڵ یەك گونجان"ی تەواوەتیی گوفتاری یەکەم، پێش هاتنی ئەم ڕستەیە، خۆی دەردەخات!

هەروەها وەك ئایەتی:

﴿ انَّ رَبَّكُمُ اللهُ الَّذي خَلَقَ السَّموات وَالاَرْضَ في سِتَّةِ اَيَّامٍ ثُمَّ استَوى على الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهارَ يَطْلُبُهُ حَثيثاً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرات بِاَمْرِهِ اَلا لَهُ الْخَلْقُ والاَمْرُ تَبارَكَ اللهُ رَبُّ الْعالَمينَ﴾(الأعراف:٥٤).

قورئانی پیرۆز بەم ئایەتە: گەورەیی توانستی خوا و دەسەلاتی پەروەردگاریتییەکەی، بە جۆرێك دەردەخات کە دەبێ بە بەلگە لەسەر بەتوانایەکی شکۆمەندی ئەوتۆ کە لە عەرشی پەروەردگاریتیی خۆیەوە نیشانەکانی "پەروەردگاریتی"یەکەی لەسەر لاپەڕەکانی گەردووندا دەنووسێت و، شەو و ڕۆژ بە وێنەی دوو شریت لێ دەکات کە یەك لە دوای یەك پیشان دەدرێن و، خۆر و مانگ و ئەستێرەکانیش بە وێنەی سەربازی گوێڕایەڵ بۆ وەرگرتنی فەرمان ئامادە دەکات. لەبەر ئەوە، هەر "ڕۆح"ێك کە ئەم ئایەتە دەبیستێت یەکسەر دەڵێت: "بارك الله، ماشاء الله، فتبارك الله رب العالمين". واتە ڕستەی: ﴿تَبارَكَ اللهُ رَبُّ الْعالَمينَ﴾ وەك پوختەیەکی ڕستەکانی پێشوو وایە و، لە حوکمی بەر و ناوك و ئاوی ژیانیاندایە!

◆ **پێنجەم تایبەتکاریی "پاراوی":**

هەندێ جار قورئانی پیرۆز لایەنە جوزئییەکانی ئەو ماددانە باس دەکات کە: دووچاری ئاڵوگۆڕ دێن و گەلێ چۆنێتی و بارودۆخی جۆراوجۆریشیان تێدا ڕوو دەدات. ئنجا بۆ ئەوەی ئەو لایەنە جوزئییانە بکات بە چەند ڕاستییەکی چەسپاو، دەچێ تۆماریان دەکات و بە ناوە جوانەکانی خواوەند - کە نوورانی و هەمەکی و چەسپاون - کورتیان دەکاتەوە.. یان پوختەیەك دەهێنێت کە "ژیری"ی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە و پەند وەرگرتن ڕاپێچ دەکات..

یەکێك لە نموونەکانی واتای یەکەم، ئەم ئایەتەیە:

﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الاَسْماءَ كُلَّها ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلى الْمَلائِكَةِ فَقالَ اَنْبِؤُني بِاَسْمآءِ هؤُلآءِ انْ كُنْتُمْ صادِقينَ ۞ قالُوا سُبْحانَكَ لا عِلْمَ لَنا الاّ ما عَلَّمْتَنا انَّكَ اَنْتَ الْعَليمُ الْحَكيمُ﴾(البقرة:٣١-٣٢).

ئەم ئایەتە لە پێشدا ڕووداوێکی جوزئی باس دەکات کە بریتییە لەوەی: هۆی پێشخستن و فەزڵدانی حەزرەتی ئادەم بەسەر مەلائیکەت لە مەسەلەی "جێنشینی"دا بریتییە لە: "عیلم".. پاش ئەوە باسی ڕوودانی شکستی مەلائیکەت لە بەردەم حەزرەتی ئادەمدا دەکات لە کێشەی "عیلم"دا.. پاشان ئەم دوو ڕووداوە بە هێنانی دوو ناوی کوللی لە نێوان ناوە جوانەکانی خوادا کورت دەکاتەوە: ﴿اَنْتَ الْعَليمُ الْحَكيمُ﴾ بەو واتایەی کە مەلائیکەتان دەڵێن: ئەی پەروەردگار! هەر خۆت "زانا"یت، ئەوەتا ئادەمت فێری "زانیاری" کرد و بەو زانیارییە سەرکەوت بە سەرماندا.. هەرخۆیشت "دانا"یت، چونکە

ئەو شتانەمان پێ دەبەخشیت کە لەگەڵ توانا و لێهاتنماندا گونجاو بێت و، فەزڵی ئادەمیش بە "خۆی و توانا و لێهاتنەکانی"یەوە بەسەرماندا دەدەیت.

یەکێك لە نموونەکانی واتای دووهەمیش، ئەم ئایەتانەیە:

﴿وانَّ لَكُمْ في الاَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُسْقيكُمْ مِمَّا في بُطُونه مِنْ بيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَبَناً خالِصاً سَائغاً لِلشَّاربينَ ۞ ومِنْ ثَمَرَات النَّخيلِ والاَعْنَاب تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَراً وَرِزْقاً حَسَناً انَّ في ذلِكَ لآيَةً لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ۞ وَاَوْحى رَبُّكَ الى النَّحْلِ اَن اتَّخِذِي مِنَ الْجبَال بُيُوتاً وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ۞ ثُمَّ كُلي مِنْ كُلِّ الثَّمَرات فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلاً يَخرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ اَلْوَانُهُ فيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ انَّ في ذلِكَ لآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفكَّرُونَ﴾(النحل:٦٦-٦٩).

ئەم ئایەتە پیرۆزانە، ئەوە پێش‌چاو دەخەن کە خواوەند: (مەڕ و بزن و مانگا و حوشتر) و بەدیهاتووانی هاوچەشنی ئەوانی کردووە بە چەند کانی‌یەکی خاوێن و بەلەزەت کە شیریان لێ هەڵدەقوڵێت و.. "ترێ و خورما" و هاوچەشنی ئەوانیشی وەك چەند سینی و دەفرێك لێ کردووە بۆ نیعمەتە ناسك و بەلەزەتەکانی و.. لە شتێکی وەك "هەنگ"یش - کە یەکێکە لە موعجیزاتی توانست - هەنگوینێك دروست دەکات کە وێڕای تامی خۆش و شیرینی‌یەکەی، شیفای دەردی خەڵکیشی تێدایە.. ئنجا لە کۆتاییدا، بە ئایەتی: ﴿ انَّ في ذلِكَ لآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفكَّرُونَ﴾ مرۆڤ بۆ تێفکرین و پەند وەرگرتن هان دەدەن و، فێری دەکەن کە: قیاسی نیعمەتەکانی تر لەسەر ئەوانە بکات کە باس کران.

◆ شەشەم سەرنجی ڕەوانبێژی:

هەندێ جار قورئانی پیرۆز ئەحکامەکانی "پەروەردگاریتی" بەسەر بوونەوەرە زۆر و زەبەندە و فراوانەکاندا بڵاو دەکاتەوە، پاشان نیشانەکانی "یەکبوون"یان لەسەر دادەنێت و لە خاڵی یەکگرتنیاندا - وەك ڕوویەکی یەکێتیی نێوانیان - کۆیان دەکاتەوە.. یان لە دەستوورێکی کوللی‌دا جیایان دەکاتەوە.

بۆ نموونە ئایەتی:

﴿وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّموات والاَرْضَ وَلا يَؤُدُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظيمُ﴾(البقرة:٢٥٥).

ئەم "ئایەتولکورسی"یە "دە" ڕستە دەهێنێت کە لە چەند شکڵ و شێوەیەکی جیاوازدا "دە" چینی "تەوحید" دەنوێنن و دەیانچەسپێنن. دوای ئەمانە بە: ﴿مَنْ ذا الَّذي يَشْفَعُ عِنْدَهُ الاَّ بِاِذْنِهِ﴾ دەماری "شیرك" و دەستتێوەردانی غەیری خوای گەورە، بە تەواوەتی و بەوپەڕی هێز و تواناییی دەبچڕێنێت!

جا ئەم ئایەتە لەو ڕووەوە کە "ئیسمی ئەعظەم"ی تێدا درەوشاوەتەوە، واتاکانی لە بارەی حەقیقەتە خواییەکانەوە لە پلەوپایەیەکی یەکجار گەورە و تەواو بەرزدان، چونکە

کاروبـاره پەروەردگاری‌یـەکان لـە پلـە هـەرە مەزنـەکانیاندا پیشـان دەدات. ئنجـا دوای باس‌کردنی کارسازیی خواوەنـد کـە لـە گـەورەترین پلـە و بـەرزترین مـەقامدا ئاراسـتەی ئاسمانەکان و زەویی دەکات، باسی پاریزگاری(حفیظیـة)ی ڕەها و هەمەلایـەن دەکـات، بە هـەموو واتاکانیـەوە. ئنجـا لـە پـەیوەندی‌دەریکی یەکخـەری یـەکگرتوو و ڕوویـەکی "یەك‌بوون"دا سەرچاوەی هەموو ئەو درەوشانەوە مەزنانەش بە: ﴿وَهُـوَ الْعَلِـيُّ الْعَظِيـمُ﴾ کورت دەکاتەوە!

نموونەیەکی تر:

﴿اللهُ الَّذي خَلَقَ السَّموات والأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمآءِ مَاءً فَأخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرات رِزْقـاً لَكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ في الْبَحْرِ بِاَمْرِه وَسَخَّرَ لَكُمُ الأنْهَارَ ❁ وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّـمْسَ وَالْقَمَرَ دائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ ❁ وآتاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإنْ تَعُدُّوا نِعْمَـتَ اللهِ لا تُحْصُوهَا انَّ الإِنْسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾(إبراهيم:٣٢-٣٤).

ئەم ئایەتانە دەری‌دەخەن کە چۆن خوای گەورە ئەم گەردوونەی لە حوکمی کۆشکێکدا بۆ مرۆڤ بەدی هێناوە و.. "ئاوی" ژیانی لـە ئاسمانـەوە بـۆ زەوی نـاردووە و.. "زەوی" و "ئاسمان"ی بە وێنـەی دوو خزمەت‌گوزاری کارمـەند ملکـەچ و گوێ‌ڕایـەڵ کـردووە بـۆ مەبەستی گەیاندنی ڕۆزی بە هـەموو خـەڵکی.. هـەروەك "کەشتی"شی بۆ ڕام و گوێ‌ڕایەڵ کردووە تاکو دەرفەت بـە هـەموو کەسێك بدات سـوود لـە سـەرجەم بەروبوومەکانی زەوی وەربگرێت و، بەم کـارەش ژیـانی بۆ مسۆگەر بکـات و، هـەموو خـەڵکی بـەری ڕەنـج و کۆششیان لەگەڵ یەکدا ئاڵ‌وگۆڕ پێ بکەن..

واتە خوای گەورە چەند شێوە و باروودۆخێکی بە: یەك بە یەکی "دەریا" و "کەشتی" و "با" بەخشـیوە کـە دەڵێـی بـا وەك قـامچی و، کەشـتیش وەك ئەسـپ و، دەریـاش بـە وێنـەی دەشتایی‌یەکی فـراوان وایـە لـە ژێـر پێـی ئـەو ئەسپەدا! هـەروەك خـوای گـەورە پەیوەندیی بۆ مـرۆڤ دروسـت کـردووە لەگـەڵ ئـەو شـتانەی نـاو دنیـادا کـە بـە کەشـتی و هۆکـارە سروشتی‌یەکانی تـری گواستنەوەی ناو جۆگـە و ڕووبارەکـان دەگوێزرێنەوە و.. "خـۆر" و "مانگ"ی بۆ بەگەڕخستووە و کردوونی بە دوو شۆفێری کارگوزار لە بەڕێوەبردنی چـەرخی گـەورەی بوونـەوەرانی گـەردوون و، ئامـادەکردنی وەرزە جیاوازەکـان و، نیعمەتـە خوایی‌یـەکانی ناویـاندا. هـەروەك "شـەو" و "ڕۆژ"ی بـۆ ژێربـار خسـتووە و، شـەوی وەك پۆشـاکێك بـۆ لـێ کـردووە تـاکو تیای‌دا بحەوێتـەوە و، ڕۆژیشـی بـۆ کـردووە بـە کـاتی کەسابەت و بەدەست‌خستنی ژیان و گوزەرانی..

ئنجا دوای ژماردنی ئەم هەموو نیعمەتـە خوایی‌یانە، ئایەتەکە ئەم پوختەیـە دەهێنێت کـە: ﴿وآتاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإنْ تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللهِ لا تُحْصُوهَـا﴾ تـاکو مـەودای فراوانیی

بازنەی نیعمەت بەخشینەکانی خوا بەسەر مرۆڤدا دەربخات و، پیشانی بدات کە چۆن سەرانسەری ئەو بازنەیە لە نیعمەت پڕ کراوە. واتە هەر خواستێکی مرۆڤ کە چ لە ڕێی پێویستیی سروشتیی خۆی و چ بە زمانی توانا و لێهاتنەکانی لە خوا داوای کردووە، خوای گەورە هەموو ئەوانەی پێ بەخشیوە. خۆ ئەو نیعمەتانەش گەر بژمێررێن، ئەوا هەر تەواو نابن و کۆتاییان پێ نایەت!

بەڵێ، گەر "ئاسمانەکان" و "زەوی" یەکێك بن لە سفرە ڕاخراوەکانی نیعمەتە مەزنەکانی خواوەند و، "مانگ" و "خۆر" و "شەو" و "ڕۆژ"یش هەندێك بن لە نیعمەتەکانی سەر ئەو سفرەیە، ئەوا بێ هیچ گومانێك دەردەکەوێت کە ئەو نیعمەتانەی ڕوویان لە مرۆڤە هەرگیزاوهەرگیز تەواو نابن و لە ژماردن نایەن.

◆ **حەوتەم نهێنیی ڕەوانبێژی:**

هەندێ جار قورئان ئامانج و بەروبوومەکانی "بەهۆکراوەکان"(المسبَّبات) باس دەکات، تاکو "هۆکار"ە ڕواڵەتییەکان دابڕێت و توانای دروستکردن و بەدیهێنانیان لێ دابماڵێت و، بزانرێت کە هۆکارەکان تەنها پەردەیەکی ڕواڵەتین. چونکە "ویستن"ی ئامانجە پڕ لە دانست و بەروبوومە مەزنەکان، دەبێ هی کەسێك بێت کە خاوەنی زانست و دانستی ڕەها بێت، کەچی هۆکارە ڕواڵەتییەکان بێ گیان و هەست و شعوورن! کەواتە ئەو ئایەتە بە باسکردنی بەر و ئامانجەکانی بەدیهاتووان، ڕای‌دەگەیەنێت کە: هەرچەند لە ڕواڵەتدا وا دیار بێت کە "هۆکارەکان" وابەستەی "بەهۆکراوەکان" بن، بەڵام لە حەقیقەت و ڕاستیو واقیعدا مەودایەکی یەکجار فراوانیان لە نێواندایە..

بەڵێ، ماوەی نێوان "هۆکار" و "بەدیهێنانی بەهۆکراوەکان" هێندە فراوانە کە مەزنترین "هۆکار" دەستی ناگاتە داوێنی بەدیهێنانی نزمترین "بەهۆکراو". جا لە ئاسۆی ئەم دوورییە فراوانەی نێوان هۆکار و بە هۆکراوەکاندا ناوە جوانەکانی خوا بە وێنەی ئەستێرە درەخشانەکان هەڵدێن! کەواتە هەڵاتگە(مطلع)ی ئەو ناوانە لەو ماوە مەعنەوییەی نێوان ئەو دوانەدایە! چونکە هەرچەند لە ڕاستیدا ماوەیەکی دوور لە نێوان "ئاسمان" و "بازنەی ئاسۆ"دا هەیە، کەچی لە پێش چاودا وا دەنوێنێت کە داوێنی "ئاسمان" بەسەر چیاکانی دەوراندەوری ئاسۆوە بێت و پێوەیان لکابێت! بە هەمان جۆر، ماوەی مەعنەویی نێوان "هۆکار" و "بەهۆکراوەکان"یش هێندە گەورە و فراوانە کە مەگەر بە دووربینی "ئیمان" و نووری "قورئان" ببینرێت! بۆ نموونە:

﴿فَلْيَنْظُرِ الإِنْسَانُ إِلى طَعَامِهِ ۞ أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبّاً ۞ ثُمَّ شَقَقْنَا الأَرْضَ شَقّاً ۞ فَأَنْبَتْنَا فِيهَا حَبّاً ۞ وَعِنَباً وَقَضْباً ۞ وَزَيْتُوناً وَنَخلاً ۞ وَحَدَائِقَ غُلْباً ۞ وَفَاكِهَةً وَأَبّـاً ۞ مَتَاعـاً لَكُـمْ وَلأَنْعَامِكُمْ﴾(عبس: ٢٤-٣٢).

ئەم ئایەتە پیرۆزانە، بە شێوەیەکی ڕیزکراوی دانایانە، موعجیزاتی توانستی خوایی باس دەکەن. پاشان لە کۆتاییدا بە وشەی: ﴿مَتَاعاً لَكُمْ وَلأَنْعَامِكُمْ﴾ ئامانجەکەیان بەدەستەوە دەدەن. لەم ئامانجەشدا ئەوە دەچەسپێنێت کە: لە پشت پەردەی سەرجەم "هۆکار" و "بەهۆکراو"ەکانەوە یەکێك هەیە ئەو ئامانجانە دەبینێت و، دەستکارییان دەکات.. هەروەك جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە ئەو هۆکارانە لە پەردەی ڕووی توانستی ئەو کەسە زیاتر هیچی تر نین.

بەڵێ، دەستەواژەی: ﴿مَتَاعاً لَكُمْ وَلأَنْعَامِكُمْ﴾ توانای دروستکردن و بەدیهێنان لە سەرجەم هۆکارەکان دادەماڵێت. چونکە لە واتادا دەڵێت:

ئەو "ئاو"ەی کە لە ئاسمانەوە بۆ ئامادەکردنی ڕۆزیی خۆتان و ئاژەڵەکانتان دەبارێت، هەرگیز لە خۆڕا و بە ویستی خۆی نابارێت، چونکە توانای سۆز و بەزەییهاتنەوەی بە ئێوەو ئاژەڵەکانتاندا نییە تا بەزەیی پێتاندا بێتەوە. کەواتە ئەو ئاوە بە ناردن لە لایەن یەکێکەوە دەنێررێت..

هەروەها "گڵ"ی بێ هەست و پێزانینیش لەبەر ئەوەی ناتوانێت بەزەیی بە حاڵتاندا بێتەوە و ڕۆزیتان بۆ ئامادە بکات، ئەوا لە خۆیەوە ڕووەك ناڕوێنێت. بەڵکو کەسێك هەیە درزی پێ دەبات و دەرگاکانی دەکاتەوە و نیعمەتەکانی خۆیتان لەوێوە بەدەست دەگەیەنێت.

"درەخت" و "ڕووەکەکان"یش بە هەمان جۆرن، چونکە تابڵێی دوورن لەوەی کە بەزەییان بە ئێوەدا بێتەوە و بیر لە ڕۆزییەکانتان بکەنەوە و "بەر" و "دانەوێڵە"تان بۆ ئامادە بکەن! بەڵکو ئەوانە لە ڕاستیدا چەند پەت و شریتێکن کە دانایەکی میهرەبان لە پشت پەردەی غەیبەوە شۆڕی کردوونەتەوە و نیعمەتەکانی پێدا هەڵواسیون و بەواندا بۆ زیندەوەرانی ناردوون!

بەم جۆرە و لەم ڕوونکردنەوانەوە هەڵاتگەی گەلێ ناوی جوانی وەك: "الرحيم، الرزاق، المنعم، الكريم" دەردەکەوێت.

نموونەیەکی تر:

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللهَ يُزْجِي سَحَاباً ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكاماً فَتَرى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشاءُ وَيَصْرِفُهُ عَمَّنْ يَشاءُ يَكادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالأَبْصَارِ ۞ يُقَلِّبُ اللهُ اللَّيْلَ وَالنَّهارَ إِنَّ فِي ذلِكَ لَعِبْرَةً لأُولِي الأَبْصَارِ ۞ وَاللهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِنْ مَاءٍ فَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلى بَطْنِهِ وَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلى رِجْلَيْنِ وَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلى أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللهُ مَا يَشاءُ إِنَّ اللهَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾(النور:٤٣-٤٥).

کاتێ ئەم ئایەتە پیرۆزە کاروبارە سەرسووڕهێنەکانی "هاتنەخوارەوەی باران" و "پێکهاتنی هەور" باس دەکات، کە گەنجینەی میهرەبانیی خواوەند و گرنگترین موعجیزەی

پەروەردگارێتین، بە جۆرێك لێیان دەدوێت دەڵێی بەشەكانی هەور پێشتر هەر بە پەنهانی لەناو بۆشایی ئاسماندا بوون و بە وێنەی سوپا لە كاتی پشوودا بڵاوەیان لێ كردووە، بەڵام هەروەك سەربازەكان بە دەنگی بووقی سەربازی یەكسەری كۆدەبنەوە، ئەو پارچە هەورە بچووكانەش بە فەرمانی خوای گەورە كۆ دەبنەوە و هەور پێكدەهێنن و، ئنجا ئەو خواوەندەش ئاوی مایەی ژیان بۆ سەرجەم زیندەوەران لەو پارچە هەورانە ڕەوانە دەكات كە لە شێوە و گەورەییدا لە چیا گەڕۆكەكانی قیامەت دەچن و وەك تەرزە و بەفر سپی و تەڕ و شێدارن. جا لە ناردنی ئەم ئاوەدا "ویست" و "مەبەست" بە جوانی دەبینرێت، چونكە ئەو ئاوانە بەپێی پێویست دێن و دەبارێن. واتە "باران" لە خۆڕا نابارێت، بەڵكو دەنێررێت و لە لایەنی یەكێكەوە ڕەوانە دەكرێت و، هەرگیز ناگونجێ ئەو پارچە هەورە گەورانەی كە بە ئەندازەی چیاكان دەبن هەر لە خۆیانەوە كۆ ببنەوە لە كاتێكدا كە ڕووی ئاسمان ساماڵ و شین و ورشەدارە و هیچ پەڵە هەورێكی تێدا نییە! بەڵكو كەسێك دەیاننێرێت كە زیندەوەران دەناسێت و ئاگای لە حاڵیانە.

ئا لەم ماوە مەعنەوییەشدا، هەڵاتگەی ناوە جوانەكانی وەك: "القدير، العليم، المتصرف، المدبر، المربي، المغيث، المحيي" دەردەكەوێت.

◆ **هەشتەم تایبەتكاریی "پاراوی":**

قورئانی پیرۆز هەندێ لە كارە دەراسا و ناوازەكانی خوای گەورە لە دنیادا، باس‌دەكات، تاكو زەینەكان بۆ تەسدیق و دڵانیش بۆ باوەڕكردن ئامادە ببن سەبارەت بە كارە دەراساكانی خۆی كە سەر بە دوارۆژن.. یاخود ئەو كار و فرمانە خواییە سەرسووڕهێنانەی كە لە دوارۆژ و قیامەتدا ڕوو دەدەن بە جۆرێك باس دەكات كە قەناعەت و دڵنیاییمان بداتێ، بەهۆی ئەو هاووێنە زۆرانەی كە لە دنیادا دەیانبینین. بۆ نموونە:

﴿**اَوَلَمْ يَرَ الاِنسانُ اَنّا خلقناهُ مِنْ نُطفَةٍ فإذا هوَ خصيمٌ مبين**﴾ تا كۆتایی (سوورەتی یاسین)، لێرەدا قورئانی پیرۆز كێشەی حەشر بە حەوت یان هەشت شێوەی جیاجیا و جۆراوجۆر دەچەسپێنێت و بەڵگەی لەسەر دەهێنێتەوە..

لە سەرەتادا "دروستبوونی یەكەم جار" پێش‌چاو دەخات و، دەفەرموێ: ئەوەتا بە چاوی خۆتان دەبینن كە لە ئاوی مەنی دروست دەبن و پاشان دەبن بە زەروو، پاشان بە پارچەیەك گۆشت و ئنجا بە مرۆڤ.. ئیتر چۆن "دروستبوونەوەی دووهەم جار" بە دوور دەزانن كە كتومت وەك دروستبوونی یەكەم وایە تەنانەت لەچاو یەكەمدا ئاسانتریشە؟..

پاشان بە: ﴿**الذي جعلَ لكُمْ منَ الشجَرِ الاَخضرِ ناراً**﴾(یس:٨٠) ئاماژە بۆ ئەو چاكە و نیعمەت و بەخشایشانە دەكات كە خواوەندی حەق بەم مرۆڤەی بەخشیون. كەواتە ئەو كەسەی ئەم چەشنە نیعمەتانەی پێ بەخشیون، هەرگیز دەستبەردارتان نابێت تا هەر وا بێ

لێپرسینەوە بڕۆنە ناو گۆڕەکانتان و تیایدا بخەون و هەڵنەسنەوە.. پاشان بە هێما دەفەرموێ: ئێوە زیندوو کردنەوە و سەوزبوونەوەی درەختە مردووەکان بە چاوی خۆتان دەبینن، ئەدی بۆچی بەلاتانەوە دوورە کە ئەو ئێسکانەی وەك تەختە و داری بێ گیانیان لێ هاتووە ژیانیان تێدا پەیدا ببێتەوە و بۆچی قیاسی ئەو ئێسکانە ناکەنە سەر درەختە مردووەکان؟..

پاشان ئایا دەگونجێ ئەو کەسەی ئاسمانەکان و زەویی بەدیهێناوە، لە زیندووکردنەوە و مراندنی مرۆڤدا کە بەری درەختی زەوی و ئاسمانەکانە کۆڵەوار و دەستەوسان بێت؟.. یان ئایا دەگونجێ ئەو کەسەی کە هەموو کارێکی درەخت بەڕێوە بەات و چاودێریی بکات، بەڵام بەری ئەو درەختە پشت گوێ بخات و فەرامۆشی بکات بۆ کەسانی تر؟ ئایا لەو گومانەدان: "درەختی بەدیهاتووان" کە هەموو بەشێکی بە هەویری "دانایی" شێلراوە، بۆ بێمەبەستی و بێهوودەیی وازی لێ بهێنرێت و دەستی لێ هەڵبگیرێت و بەر و ئەنجامەکانی پشت گوێ بخرێت؟! کەواتە ئەو کەسەی دوایی لە حەشردا زیندووتان دەکاتەوە، هەر ئەو کەسەیە کە کاروباری ئاسمانەکان و زەویی بەدەستە و، سەرجەمی بوونەوەرانیش چەشنی سەربازی گوێڕایەڵ ملکەچی فەرمانی ئەون و، هەموو ئەوانەی بە تەواوەتی و لە ڕێی فەرمانی: ﴿كُنْ فيكون﴾ەوە بۆ کار و فرمانەکانی خۆی ژێربار خستووە.. ئەو کەسەی کە بەدیهێنانی بەهاری بەلاوە بە ئەندازەی بەدیهێنانی یەك تاقە گوڵ و دروست کردنی سەرجەمی زیندووەرانیش بەلای توانستیەوە بە قەدەر دروست کردنی یەك دانە مێش ئاسانە.. جا کەسێ کە خاوەنی توانستێکی وەهابێت هەرگیز پێی ناوترێت: ﴿مَنْ يُحيي العظامَ﴾؟.

پاشان بە دەستەواژەی: ﴿فَسُبحانَ الّذي بيده مَلَكوتُ كلِّ شيء﴾(یس:٨٣) دەری دەخات کە: هەر تەنها خوای گەورەیە کاروبار و کلیلی هەموو شتێکی بەدەستە و بەوپەڕی ئاسانیی چەشنی هەڵگێڕانەوەی لاپەڕەی کتێب، شەو و ڕۆژ و زستان و هاوین ئاڵوگۆڕ دەکات و، دنیا و قیامەتیش لای ئەو وەك دوو مەنزڵ وان کە دەرگای یەکێکیان دابخات و ئەوی تریشیان بکاتەوە. جا مادەم وایە، ئەوا ئەنجامی گشت ئەو بەڵگانەی پێشوو بریتییە لە: ﴿واليهِ تُرجَعُون﴾ واتە هەر ئەویشە کە لە گۆڕەکانتاندا زیندووتان دەکاتەوە و بەرەو حەشر دەتاندداتەبەر و لە دیوانی خاوێنی خۆیشیدا حسابی خۆتان دەداتێ.

بەم جۆرە، دەبینیت ئەم ئایەتانە (بەوەی کە: هاووێنەی حەشریان لە دنیادا، خستەڕوو) زەین و دڵانیان بۆ وەرگرتنی کێشەی حەشر ئامادە کرد.

هەندێ جاری تریش قورئانی پیرۆز کارە قیامەتییەکان بە شێوەیەك باس دەکات کە چاوی هەستی مرۆڤ بکاتەوە و ئاماژەی بۆ هاوچەشنەکانی ئەو کارە سەر بە قیامەتییانە بۆ بکات کە لە دنیادا هەن تاکو ڕێی ئینکاری کردن لە مرۆڤ بگرێت و بەدووورزانین لە زەینیدا لابدات. بۆ نموونە:

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿إذا الشّمسُ كُوِّرَتْ ۞ واذا النجومُ انكدرَتْ ۞ واذا الجبالُ سُــيِّرَتْ ۞ واذا العِشــارُ عُطِّلتْ ۞ واذا الوحوشُ حُشِرَتْ ۞ واذا البحارُ سُجِّرتْ ۞ واذا النفـــوسُ زُوِّجَتْ ۞ واذا المَوْؤدةُ سُئلتْ ۞ بأيّ ذنب قُتِلتْ ۞ واذا الصُحُفُ نُشِرَتْ ۞ واذا السَّماءُ كُشِـطتْ ۞ واذا الجحيمُ سُعِّرَتْ ۞ واذا الجنّةُ أُزلِفتْ ۞ عَلِمَتْ نَفسٌ ما أحضرَتْ﴾ تا کۆتایی سوورەتەکە.

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿إذا السّماءُ انفطرتْ ۞ واذا الكواكبُ انتثرتْ ۞ واذا البحارُ فُجِّرَتْ ۞ واذا القبـــورُ بُعثرتْ ۞ علمتْ نفسٌ ماقَدّمتْ واَخرّتْ﴾ تا کۆتایی سوورەتەکە.

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿إذا السّماءُ انشقّتْ ۞ واَذنَتْ لربّها وحُقّتْ ۞ واذا الأرضُ مُدَّتْ ۞ واَلقَـــتْ مافيـــها وتخلّتْ ۞ واَذِنَتْ لربّها وحُقّتْ﴾ تا کۆتایی سوورەتەکە.

دەبینیت ئەم سوورەتانە بە تەرز و شێوازێك لە ئاڵۆگۆڕە مەزن و کاروبارە گەورە پەروەردگاری‌یەکانی سەر بە حەشر دەدوێن کە دڵی مرۆڤ پابەندی سەرسوورمانێکی گەورە و عەقڵیشی گرفتاری سەرسامی‌یەکی مەزن دەکەن.. بەڵام هەر ئەوەندەی مرۆڤ لە پایز و بەهاردا هاوێنەی ئەو ڕووداوانە بە چاوی خۆی دەبینێت، ئەوا بەوپەڕی ئاسانی وەری‌دەگرێت و باوەڕی پێ دەکات.

جا لەبەر ئەوەی تەفسیرکردنی ئەم سێ سوورەتە درێژە دەکێشێت، ئەوا بۆ نموونە تەنها وشەی: ﴿واذا الصُحُفُ نُشِرت﴾ وەردەگرین و لە بارەیەوە دەدوێین:

ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە: لە ڕۆژی حەشردا هەموو کردەوەکانی مرۆڤ لەسەر لاپەڕەیەکدا تۆمارکراون و دەخرێنە ڕوو. جا لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە شتێکی سەیر و سەرسوورهێنەرە، عەقڵ پەیی پێ نابات. بەڵام سوورەتەکە هەروەك ئاماژە بۆ حەشری بەهارانە دەکات و، هەروەك خاڵ و لایەنەکانی تریش لە دنیادا هاوێنەیان هەیە، بە هەمان جۆر "خستنەڕووی لاپەڕەی کردەوەکانی مرۆڤیش" هاوێنەیان لەم دنیایەدا ئاشکرایە، ئەوەتا هەموو: بەر و، گیا و، درەختێك خاوەنی کردەوە و، فەرمانبەری و، بەندایەتی و، تەسبیحاتی تایبەتیی خۆیانن، بە شێوەیەك کە ناوە جوانەکانی خوای گەورەیان پێ دەربکەوێت. ئنجا سەرجەمی ئەم هەموو کارانەش لەگەڵ مێژووی ژیانی ئەم بەر و گیا و درەختەدا لە یەك‌بەیەکی ناوك و تۆوەکانی‌دا تۆمارکراون و هەر هەموویشیان جارێکی تر لە بەهارێکی تر و جێیەکی تردا دەردەکەونەوە. واتە هەروەك یەك‌بەیەکی ئەوانە بەوپەڕی ڕوونی و ڕەوانی و بە شێوە و شکڵە ڕواڵەتی‌یەکەی، کارەکانی باب و باپیرانی پێشووی دەردەخات، بە هەمان جۆر و لە ڕێی بڵاوکردنەوەی پەڵەکان و دەم‌کردنەوەی گەڵا و بەرەکانی، لاپەڕەی کردارەکانی خۆیشی بڵاو دەکاتەوە و دەیانخاتە ڕوو.

بەڵێ، ئەو کەسەی کە هەر لە بەرچاوی خۆماندا بەوپەڕی دانایی و، پارێزگاری و، پەروەردەکاری و، نەرمونیانی، ئەم کارە ئەنجام دەدات، هەر ئەویشە کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذا الصُّحُفُ نُشِرَت﴾.

بۆ خۆت بەم چەشنە خاڵەکانی تریش قیاس بکە بۆ سەر ئەمە و، گەر توانا و هێزی هەڵێنجان(استنباط)یشت هەیە، ئەوا فەرمووو بۆ خۆت هەڵبگۆزە.

وا بۆ یارمەتیدانت ﴿اذا الشَّمْسُ كُوِّرَت﴾یش باس دەکەین:

وشەی: "كُوِّرَتْ" کە لەم ڕستەیەدا هەیە، واتای: "پێچانەوە" و "کۆکردنەوە" دەگەیەنێت و، نموونەیەکی گەلێ ڕوون و ئاشکرایە. سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژە بۆ هاووێنەشی لە دنیادا، دەکات:

یەکەم: خوای گەورە پەردەکانی: نەبوون و، "أثـیر" و، ئاسمانی لەسەر گەوهەری ئەو "خۆر"ە لاداوە کە چەشنی چرا دنیای ڕووناك کردووەتەوە و لە گەنجینەی میهرەبانیی خۆیەوە هێناویەتە ئەم دنیایە. جا هەرکات ئەم دنیایە تەواو بوو و دەرگاکانی داخران، ئەوا خواوەند ئەو گەوهەرە بە بەرگەکانی خۆی دەپێچێتەوە و کۆی دەکاتەوە.

دووهەم: "خۆر" کاری ئەوەی پێ سپێرراوە کە بەیانیان تیشکی ڕووناکی بڵاو بکاتەوەو، ئێوارانیش بیانپێچێتەوە و سەرلەنوێ کۆیان بکاتەوە. بەم چەشنە، شەو و ڕۆژ کارەکانیان بە نۆرە لەسەر زەوی ڕادەپەڕێنن، ئنجا کە لە کارەکانیان بوونەوە شمەك و کەرەسەکانیان کۆ دەکەنەوە. یان لەوانەیە "مانگ" تا ڕادەیەك پەردەیەك بێت بۆ (وەرگرتن و بەخشینەکانی ئەو خۆرە). واتە هەروەك ئەم کارمەندە ئەرك پێسپێرراوە لە ڕێی ئەم هۆیانەوە شمەکەکانی خۆی کۆدەکاتەوە و دەفتەری تۆماری کارەکانی دەپێچێتەوە، دەبێ بە هەمان جۆریش ڕۆژێك بێتە پێشەوە کە بە تەواوەتی ئەرك و کارمەندییەکانی ئەستۆی تەواو ببن، با هیچ هۆیەکیش بۆ لەکارخستنی لە ئارادا نەبێت.

لەوانەیە ئەو دوو پەڵە بچووکەی کە گەردوونناسان بە ڕووی خۆرەوە دەیبینن و هەردەم لە فراوانبووندان، ئەوە دەربخەن کە: خۆر بە فەرمانی خوای گەورە و لە ڕێی فراوانبوونی ئەو دوو پەڵەیەوە وردە وردە ئەو ڕووناکییەی خۆی کۆ بکاتەوە و بیپێچێتەوە کە بە فەرمانی خوای گەورە بەسەر زەویدا بڵاوی کردبووەوە، ئنجا پەروەردگاری خاوەن عیززەتیش پێی بفەرموێ: (ئالێرەدا کاری تۆ لەگەڵ زەویدا کۆتایی پێهات.. هەر ئێستا ڕاپەڕە و برۆ بۆ دۆزەخ ئەوانە بسووتێنە کە تۆیان دەپەرست و، کارمەندێکی گوێڕایەڵ و ملکەچی وەك تۆیان بە سووکی سەیردەکرد و، تۆمەتی خیانەت و بێوەفاییيان دەدایە پاڵ)!

بەم شێوەیە "خۆر" فەرمانی پەروەردگاریی: ﴿ اِذا الشَّمسُ كُوِّرَت﴾ لەسەر ڕووە پەڵاوییەکەی خۆی دەخوێنێتەوە!

◆ **نۆهەم سەرنجی ڕەوانبێژی:**

هەندێ جار قورئانی پیرۆز چەند مەبەستێکی "جوزئی" باس دەکات. ئنجا بۆ ئەوەی ئەو مەبەستە جوزئییانە بکات بە دەستوورێکی "کوللی" و سەرنجی زەینەکانی تێدا بگێڕێت، ئەو مەبەستە جوزئییە دەچەسپێنێت و بە ناوە جوانەکانی خواوەند، کە قاعیدەیەکی کوللین، ڕاگیر و قایمیان دەکات..

بۆ نموونە:

﴿**قَدْ سَمِعَ اللهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي اِلى اللهِ وَاللهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا اِنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ**﴾(المجادلة: ١).

قورئان دەفەرموێت: خوای گەورە خاوەنی بیستنی ڕەهایە، هەموو شتێك دەبیستێت، تەنانەت بە ناوی: "الحق"ی خۆی بەسەرهات و ڕووداوی جوزئیی ئەو ئافرەتەش دەبیستێت کە بە ناسکترینی دەروشانەوەکانی میهرەبانیی خواوەند - کە مەزنترین گەنجینەی سۆز و میهرەبانییە - بەهرەمەند بووە! ئەو دەعوایەی کە ئافرەتێك تیایدا لەسەر حەق بووە و لەسەر مێردەکەی بە وێنەی سکاڵا پێشکەشی خوای کردووە، خوای گەورە بە ناوی "الرحیـــم"ی خۆی و بەوپەڕی گرنگی و بایەخدان بە هەر کارێکی گەورە، دەیبیستێت و، بە ناوی "الحق"یشی، بەوپەڕی جیددی و گەرموگوڕییەوە بۆی دەڕوانێت و بایەخی پێ دەدات.

جا بۆ ئەوەی ئەم مەبەستە "جوزئی"یە بکرێت بە دەستوورێکی "کوللی"، ئەوا ئایەتەکە دەریدەخات کە: ئەوەی گوێی لە بچووکترین ڕووداوی نێوان بەدیهاتووانە و چاوی لێیەتی، دەبێ ئەو کەسە بێت کە هەموو شتێك دەبیستێ و دەبینێت و هەرگیز لە "مومکینات" ناچێت.. هەروەها ئەو کەسەی کە پەروەردگاری گەردوون بێت، دەبێ سەرجەم ستەمکارییەکانی ناو گەردوون ببینێت و سکاڵای ستەملێکراوان ببیستێت. چونکە ئەو کەسەی کە گیروگرفتیان نەبینێت و گوێی لە داد و فریاد و هاواریان نەبێت، هەرگیز ناکری پەروەردگاریان بێت!

لەبەر ئەوە، ڕستەی: ﴿**اِنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِـــيرٌ**﴾ دوو ڕاستیی مەزن دەردەخات. هەروەك مەبەستە "جوزئی"یەکەشی کرد بە دەستوورێکی "کوللی".

نموونەیەکی تر:

﴿**سُبْحانَ الَّذي اَسْرى بِعَبْدِه لَيْلاً مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ اِلى الْمَسْجِدِ الاَقْصا الَّذي بارَكْنَـــا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آياتِنآ اِنَّهُ هُوَ السَّميعُ الْبَصِيرُ**﴾(الإسراء: ١).

قورئانی پیرۆز دوای ئەوەی باسی ئیسرای پێغەمبەری خۆشەویستی ﷺ کرد لە سەرەتای میعراجەوە - واتە لە "مسجد الحرام"ەوە بۆ "مسجد الأقصـــی" - تا کۆتاییەکەی

کە سوورەی "النجم" ئاماژەی بۆ دەکات، دوای ئەوە، ئەم ئایەتەی سەرەوەی بە ﴿إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ کۆتایی پێ هێنا..

جا ئەو ڕاناوەی کە لە ﴿إِنَّهُ﴾دایە یان بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە، یان بۆ پێغەمبەری ئازیز ﷺ..

ئەگەر بۆ پێغەمبەر ﷺ بگەڕێتەوە، ئەوا یاساکانی ڕەوانبێژی و موناسەبەتی هاتنی گوفتار ئەوە دەگەیەنن کە: ئەم گەشتە جوزئییەی میعراج هێندە گەشت و گوزار و ڕۆشتنی گشتیو بەرزبوونەوەی کوللیی تێدایە کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی بەرزبوونەوە و دەمی بڕینی پلە هەمەکییەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا، کە تا "سدرة المنتهى" و "قاب قوسين أو أدنى" دەگرنەوە، هەموو نیشانە و بەڵگە پەروەردگارییەکان و گشت ئەو کارە ناوازانەی سنعەتی خواوەندی بیستووە و بینیوە کە لەو گەشتەدا بەر چاو و گوێی کەوتوون. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم گەشتە جوزئییە لە حوکمی کلیلێکدایە بۆ گەشتێکی کوللی و گشتی بە ناو کارە سەرسووڕهێنەکانی سنعەتی خوای گەورەدا[1].

بەڵام ئەگەر ڕاناوەکە بۆ خوای گەورە بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو کاتە واتاکەی بەم جۆرە دەبێت:

خوای گەورە بەندە خۆشەویستەکەی بۆ حوزووری خۆی بانگ کردووە، تاکو ئەرکێکی پێ بسپێرێت و کارێکی بخاتە ئەستۆ. بۆیە لە "مسجد الحرام"ەوە شەوڕەویی پێ کرد بەرەو مزگەوتی ئەقصا کە کۆگای پێغەمبەرانە. جا دوای چاوپێکەوتنی پێغەمبەران و ئاشکراکردنی ئەوەی کە ئەم پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ میراتگری ڕەها و ڕاستەقینەی بناغەی ئایینەکانی هەموو پێغەمبەرانە -عليهم السلام- گەشتێکی بەو پێغەمبەرە خۆشەویستە کرد بۆ ناو مولك و مەلەکووتی خۆی تا گەیاندییە "سدرة المنتهى" و بە ئەندازەی نزیکیی هەردوو سەری کەوانەیەك یان کەمتر، لە خۆی نزیکی خستەوە.

بەم جۆرە ئەم گەشت و سەفەرە هەرچەند میعراجێکی جوزئی بووە و، ئەو کەسەش کە بۆ ئەوێ بەرز کراوەتەوە بەندەیەك بووە لە بەندەکان، بەڵام ئەم بەندەیە "ئەمانەت"ێکی هێندە مەزنی پێ سپێرراوە کە پەیوەندیی بە هەموو گەردوونەوە هەیە و، "نوور"ێکی

(١) لە تەفسیری "روح المعاني"ی "ئالووسی" (ج١٥/ص١٤)دا هاتووە کە:
(ئەگەر وا دابنرێ ڕاناوەکە بۆ پێغەمبەر ﷺ بگەڕێتەوە، وەك "أبو البقاء" لە هەندێکەوە نەقلی کردووە و وتوویەتی: واتە: بیسەری گوفتارمان و بینەری زاتمانە. چەلەبییش لەمەدا پشتی گرتووە و، وتوویەتی: ئەم بۆچوونە دوور نییە.. ئەوا بەو پێیە، واتاکەی بەم جۆرە دەبێت: ئەو بەندەیەم کە بەم ڕێزلێنانە شەرەفمەندم کردووە شایستەی ئەم ڕێزەیە، چونکە هەر ئەوە کە گوێبیستی فەرمان و نەهییەکانمە و ڕەفتاریان پێ دەکات و، بینەرێکی وەهایشە کە بە چاوی پەند و عیبرەت دەڕوانێتە بوونەوەران و دەرس وەردەگرێت، یان بینەری ئەو نیشانانەیە کە پیشانمان داوە). هەروەها بڕوانە تەفسیری "إسماعيل القنوي" بەسەر "بيضاوي"یەوە ج ٤/ص٢٢٤. (وەرگێڕ)

ڕووناکیبەخشی وای لەگەڵدایە کە هەموو بوونەوەران ڕووناك دەکاتەوە و سەروسیمای واتا و ناوەڕۆکیان دەگۆڕێت و بەو نووره دەیانەخشێنێت، جگە لەوەی کە ئەم بەندەیە "کلیل"ێکی ئەوتۆی پێیە کە دەتوانێت دەرگای بەختەوەریی هەمیشەیی و نیعمەتی بەهەشتی هەتاهەتایی پێ بکاتەوە.

لەبەر هەموو ئەمانە، خوای گەورە خۆی بە: ﴿انَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصيرُ﴾ وەسف دەکات، تاکو دەریبخات کە هێندە حیکمەتی بەرز و بڵند لەو "ئەمانەت" و "نوور" و "کلیل"ەدا هەن کە سەرجەمی بوونەوەران و بەدیهاتووان و سەرانسەری گەردوون لە ئامێز دەگرن.

نموونەیەکی تر:

﴿الْحَمْدُ لله فَاطِرِ السَّموات والأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلائِكَةِ رُسُلاً أُولي اَجْنِحَةٍ مَثْنى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ في الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ انَّ اللهَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ﴾(فاطر:١).

خوای گەورە لەم سوورەتەدا دەفەرموێ: (بەدیهێنەری مەزنی ئاسمانەکان و زەوی، ئەم زەوی و ئاسمانانەی ئارایشت داوە و، ئاسەواری کەماڵی خۆی پێش چاوی بینەرانی لەژمارەبەدەر خستووە و، وای لێ کردوون کە هەموویان سوپاس و ستایشی لەژمارەبەدەری پێشکەش بکەن.. هەروەها ئەو بەدیهێنەرە شکۆمەندە بە چەندەها نیعمەتی نەبڕاوە و بێسنوور زەوی و ئاسمانەکانی ڕازاندووەتەوە، ئەوەتا ئاسمانەکان و زەوی چ بە زمانی نیعمەتەکانیان و چ بە زمانی هەموو نیعمەتپێدراوانیش، سوپاس و ستایش پێشکەشی بەدیهێنەری "میهرەبان" دەکەن)..

دوای ئەوە، دەفەرموێ: (ئەو خوایەی کە گەلێ کۆئەندام و باڵی بە مرۆڤ و زیندەوەران و باڵندەکانی سەرزەوی بەخشیوە، تاکو بتوانن فڕین و گەشتوگوزار لە نێوان وڵات و شارەکانی گۆی زەویدا بکەن و.. باڵیشی بە مەلائیکەتانی نیشتەجێی ئەستێرەکانو کۆشکی ئاسمانەکان بەخشیوە، تاکو فڕین و هاتوچۆ بەناو بورجەکانی ئاسمان و مەملەکەتانی بەرز و بڵندی ئەویدا ئەنجام بدەن.. بێ هیچ گومانێك ئەو خواوەندە، توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە. کەواتە ئەو کەسەی باڵی بە مێش بەخشیوە تاکو لە بەرێکەوە بۆ بەرێکی تر و، بە چۆلەکەشی داوە تاکو لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر بفڕن، هەر ئەویشە کە مەلائیکەتانی بە باڵدار دروست کردووە تاکو لە هەسارەی زوهرەوە بۆ موشتەری و لەویشەوە بۆ هەسارەی کەیوان(زحل) بفڕن و گەشتوگوزاریان لە نێواندا بکەن).

پاشان بە دەستەواژەی: ﴿مَثْنى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ﴾ ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە مەلائیکەتان بە وێنەی سەرنشینانی زەوی لە دۆخێکی جوزئیدا نەبەستراونەتەوە و، پابەندی شوێنی تایبەتی و دیاریکراو نین. بەڵکو دەتوانن لە یەك کاتدا ئامادەی چوار ئەستێرە یان زیاتریش ببن.

ئەوەتا ئەم ڕووداوە جوزئی‌یە (واتە باڵدارکردنی مەلائیکەت) ئاماژە بۆ گەورەیی توانستی گشتی و ڕەهای خواوەند دەکات و بە پوختەی: ﴿إنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ جەخت لەسەر ئەم دەستوورە کوللی‌یە دەکات.

◆ **دەهەم سەرنجی ڕەوانبێژی:**

هەندێ جار ئایەتی قورئانی پیرۆز لە تاوان و گوناهەکانی مرۆڤ دەدوێت و، بە توند و تیژی هەڕەشە و سەرزەنشتی ئاراستە دەکات. پاشان ئایەتەکە بە هەندێ لەو ناوە جوانانەی خواوەند کۆتایی پێ دەهێنێت کە ئاماژە بۆ میهرەبانیی خوای گەورە دەکەن، تاکو ئەو سەرزەنشتە توند و تیژە گرفتاری "نائومێدی"ی نەکات!

بۆ نموونە:

﴿قُلْ لَوْ كَانَ مَعَهُ آلِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إذاً لابْتَغَوْا إلى ذِي الْعَرْشِ سَبِيلاً ۞ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوّاً كَبِيراً ۞ تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَوَاتُ السَّبْعُ والأرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإنْ مِنْ شَيْءٍ إلاّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إنَّهُ كَانَ حَلِيماً غَفُوراً﴾(الإسراء:٤٢-٤٤).

دەفەرموێ: (پێیان بڵێ: گەر وەك ئێوە دەڵێن، لەناو موڵکی خوادا هەرکەسێك هەبوایە هاوبەشی ئەو بێت، ئەوا ئەو هاوبەشانە دەستیان دەگەیشتە عەرشی پەروەردگارێتیی خواوەند و ئەو کاتەش بەهۆی تێکچوونی ڕێسای گەردوونەوە نیشانەکانی دەستتێوەردانی ئەو هاوبەشانە دەردەکەوت. کەچی هەموو بوونەوەرانی هەندەکی و هەمەکی و بچووك و گەورە، هەر لە حەوت ئاسمانەکانەوە تا دەگاتە زیندەوەرە میکرۆسکۆبی‌یەکان، بە زمانی دەرکەوتنی درەوشانەوە و نەخش‌ونیگاری ناوە جوانەکانی خواوەند بە سەریانەوە، تەسبیح و تەقدیسی ئەو خواوەندە شکۆمەند و بەخشندەیە دەکەن کە خاوەنی ئەو ناوانەیە و، تێکڕا خاوێنی و بێ‌هاوبەشیی ئەو ڕادەگەیەنن)!

بەڵێ، "ئاسمان" تەقدیسی ئەو خواوەندە دەکات و بە وشەی ڕووناکی: خۆر و ئەستێرەکانی و، بە زمانی: ڕێك‌وپێکی و حیکمەتەکانی شایەتی لەسەر "یەکتایی"ی ئەو دەدات و.. "بۆشایی"یە هەواکەشی بە: دەنگی هەور و، وشەی: نەعرەتە و برووسکەکانی و دڵۆپەکانی بارانی، تەسبیح و تەقدیسی ئەو خواوەندە دەکات و شایەتی لەسەر "تەنیایی"یەکەی دەدات.. هەروەك "زەوی" بە وشە زیندووەکانی: زیندەوەران و ڕووەك و بوونەوەرانی ناوی، تەسبیحاتی خۆی و "یەکتایی" بەدیهێنەرەکەی ڕادەگەیەنێت.. هەموو "درەخت"ێکی زەویش - بە هەمان جۆر - تەسبیحاتی دەکات و بە وشەی: گەڵا و گوڵ و بەروبوومەکانی شایەتی لەسەر "تەنیایی" ئەو دەدەن.. هەروەها گشت "بەدیهاتوو"یەکی جوزئی و بچووك، وێڕای جوزئی و بچووکیی خۆی، بە ئاماژەکانی ئەو چۆنێتی و نەخش‌ونیگارانەی پێوەی دیارن و ئەو ناوە جوانە زۆرانەش کە دەریان‌دەخات، تەسبیح و تەقدیسی خاوەنی ئەو ناوانە دەکات و شایەتی لەسەر "وەحدانییەت"ی دەدات.. بە هەمان

جـۆر سەرانسـەری "گـەردوون"یـش پێکـەوە و بـە یـەك زمـان، تەسـبیحاتی بەدیهێنـەری شکۆمەندی دەکات و شایەتی لەسەر "یەکتایی" ئەو دەدات، مرۆڤ نەبێ کە پوختە و ئاکـام و بەری پێگەیشتوو و جێنشینی ڕێزلێگیراوی ئەو گەردوونەیە، دەچێ بـە پێچەوانـەی سـەرجەم شتانی ناو گەردوونەوە ڕەفتار دەکات و کافر دەبێت و هاوبەش بۆ خوا دادەنێت! دەسا بزانـە ئەم کارەی مرۆڤ چەندە چەپـەڵ و ناشیرینە و، دەبێ شایستەی چ سزایەك بێت لەسـەر ئـەم تاوانە مەزنەی؟..

بـەڵام بـۆ ئـەوەی ئـەم مرۆڤـە گوناهبـارە نەکەوێتـە نزمـایی و هـەڵدێری "نـائومێدی"یـەوە، ئایەتەکە ئەو حیکمەتەی خواوەندی قەههاری شکۆمەندی بۆ باس دەکات کـە خواسـتی وایـە ئـەم گەردوونـە بەسـەر مـرۆڤدا نـەڕووخێنێت لەسـەر ئـەم تاوانـە یـەکجار گەورەیـە و، دەفەرموێ: ﴿اِنَّهُ كَانَ حَلِيماً غَفُـوراً﴾ تـاکو بـەم پوختـە کۆتاییـیە حیکمـەتی مۆڵـەتدانی بـۆ ڕوون بکاتەوە و دەرگای هیوا و ئومێدی لـێ بخاتە سەر پشت!

* * *

دەسا فەرموو بەم: "دە" ئاماژە ئیعجازییانە، لەو بریسکانەوە زۆرانەی ئیعجاز تێبگـە کـە لـە کورتـە و پوختـەی کۆتـایی ئایەتەکاندا هـەن، جگـە لـەو هیدایـەت و ڕێنماییـیە زۆر و زەبەندانـەش کـە نم نم لێیانـەوە دەرکـەوتوون. تەنانـەت کاریگـەریی وەهایـان لـە هەسـتی ڕەوانگۆیانی وریا و زیرەکدا بەجێهێشتووە کە لەتاو سەرسووڕمانیان لە بـەردەم ئـەم شـێوازە ناوازانەدا، وتوویانە: "ئەمە هەرگیز گوفتاری ئادەمیزاد نییە"! هەروەك بە "حـــق الیقـین" ئیمانیان بەم فەرمایشتەی خوای گەورە هێنا کە دەفەرموێ: ﴿اِنْ هُوَ اِلاَّ وَحْيٌ يُوحى﴾!

هەندێ ئایەت هەن، جگە لەم ئاماژانەی باس کران، گەلـێ تایبـەتکاریی تریـان تێدایـە کـە ئێمـە لـەم باسـەدا لێیـان نـەدواین. جـا لـە کۆبوونـەوەی سـەرجەمی ئـەو تایبەتکارییانـەوە، نەخشێکی ناوازەی ئیعجاز دەردەکەوێت، کە هێندە ڕوونە تەنانەت کوێرەکانیش دەیبینن!

نووری سێهەم

کە بریتییە لەوەی: ئەم قورئانە پیرۆزە لەگەڵ هیچ گوفتارێکی تردا بەراورد ناکرێت.

چونکە سەرچاوە و هێز و جوانیی "گوفتار" چوار دانەن:

یەکەم: قسەکەر. دووهەم: قسەبۆکراو. سێهەم: ئامـانج. چـوارەم: مـەقام. کەواتـە تەنـها "مەقام" نییە وەك ئەو بۆچوونە هەڵەیەی کە ئەدیبان تێی کەوتوون و تیایدا وێڵ بوون!

لەبەر ئەوە، دەبێ لە هـەر گوفتـارێکدا سـەیر بکـرێ کـە: ئایـا کـێ وتوویـەتی؟.. بـە کـێی وتووە؟.. بۆچی وتوویەتی؟ لە بارەی چییەوە دواوە؟ کەواتە نەچیت تەنـها بـۆ "گوفتـار"ەکـە بڕوانیت و لێی ورد ببیتەوە!

جا مادەم "گوفتار" لەم چوار سەرچاوەیەوە هێز و جوانی بەدەست دەهێنێت، ئەوا کە بە وردی سەیری سەرچاوەکانی قورئان دەکرێت، پەی بە پلەی رەوانبێژی و، بەرزی و، جوانی‌یەکەی، دەبرێت!

بەڵێ، گوفتار هێز و تین لە "قسەکەر"ەکەیەوە بەدەست دەهێنێت، بۆ نموونە: گەر ئەو گوفتارە "ئەمر" یان "نەهی" بێت، ئەوا "ویست" و "توانست"ی قسەکەر - بەپێی پلەی هێزو توانستەکەی - لەخۆ دەگرێت و، بە وێنەی تەزووی کارەبا بە ناوی‌دا دەڕوات و هیچ شتێك رێی لێ ناگرێت و، کاریگەریی خۆی لە دڵدا بەجێ‌دەهێڵێت. خۆ هەتا ئەو پەیوەندی‌یەش زیاد بکات، هێز و بەرزیی گوفتارەکەش پتر پەرە دەسێنێت و لە زیادبووندا دەبێت. بۆ نموونە:

﴿وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي﴾(هود:٤٤).

هەروەها:

﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعاً أَوْ كَرْهاً قَالَتَا أَتَيْنَا طَآئِعِينَ﴾(فصلت:١١).

دەسا فەرموو سەیری بەرزی و هێزی ئەم فەرمانە حەقیقی‌یە جێ‌بەجێ‌کراوانە بکە کە "هێز" و "ویست"یان لەخۆ گرتووە.. پاشان سەیری فەرمانی مرۆڤێك بکە، کە بە وێنەی ورێنەی نەخۆش، بۆ بێ‌گیانەکانی دەربکات و بڵێت: "أُسكني يا أرضُ وانشقّي يـــا سمـــاءُ وقومي أيتُها القيامة"!

ئایا هەرگیز ئەم گوفتارە لەگەڵ ئەو دوو فەرمانە جێ‌بەجێ‌کراوانەی پێشوودا بەراورد دەکرێت؟!

پاشان فەرمانی خۆتێ‌هەڵقورتێنی مرۆڤ لە کوێ، کە لە هەوا و ئاوات و ئارەزووەکانیەوە سەرچاوەی گرتووە و.. ئەو فەرمانانەش لە کوێ کە لە کەسێکەوە دەرچوون خاوەنی سیفەتی "فەرماندەی ڕاستەقینە"یە و بەسەر کارەکانی‌دا زاڵ و بەتوانایە؟

بەڵێ، فەرمانی سەرکردەیەکی قسەڕۆشتوو لە کوێ کە بە سەربازەکانی بڵێت: "پێشکەون.. هەڵمەت‌بەرن".. ئەوەش لە کوێ کە ئەگەر ئەم فەرمانە لە سەربازێکی ئاسایی پشت گوێ خراوەوە دەربچێت؟! خۆ هەرچەند ئەم دوو فەرمانە لە یەك شێوەدان، کەچی لە ناوەرۆکدا مەودایەکی فراوانی بە قەدەر جیاوازیی نێوان "سەرکردەی گشتی" و "سەرباز"یان لە نێواندایە!

نموونەیەکی تر:

﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئاً أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾(يس:٨٢).

هەروەها:

﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلائِكَةِ اسْجُدُوا لآدَمَ﴾(البقرة:٣٤).

سەیری هێز و بڵندیی ئەو دوو فەرمانە بکە کە لەم دوو ئایەتەدان و.. ئنجا بۆ ئەو گوفتارانەی ئادەمیزادیش بڕوانە کە لە دەرکردنی فەرمان دەچن! ئایا نابینیت جیاوازیی نێوان هەردوو لا وەك هی ڕووناکیی "گوڵەستێرە" وایە لەچاو ڕووناکیی "خۆر"ی درەخشاندا؟

بەڵێ، لە کوێ گوفتاری مرۆڤ بەراورد دەکرێت لەگەڵ: نیگارکێشانی کەسێك لە دەمی کارەکەیدا و، ڕوونکردنەوەی سنعەتیش لە لایەن سنعەتکارەوە لە گەرماوگەرمی سنعەتەکەیدا و، گوفتاری چاکەکارێك لە کاتی چاکەکاریدا، کە هەر یەکەیان شێوەی کارەکەی دەکێشێت و گوفتاری لەگەڵ کرداریدا یەکاویەك دەردەچێت؟ واتە: دەڵێت: بڕوانن! ئەم کارەم لەبەر فلان شت کرد و، ئەمەش لەبەر فیسار شت دەکەم و، ئەوەش ئاوەهاو ئاوەها دەبێت و... هتد. بەم جۆرە کارەکەی لەبەر گوێ و چاواندا بەرجەستە دەکات؟!

بۆ نموونە:

﴿اَفَلَمْ يَنْظُرُوا اِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ ۞ والاَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَاَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَاَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ ۞ تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُنِيبٍ ۞ وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُبَارَكاً فَاَنْبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ ۞ وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَهَا طَلْعٌ نَضِيدٌ ۞ رِزْقاً لِلْعِبَادِ وَاَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَيْتاً كَذلِكَ الْخُرُوجُ﴾(ق:٦-١١).

ئەم نیگارکێشانەی کە بە وێنەی ئەستێرە لە بورجی ئەم سوورەتە و ئاسمانی قورئاندا پرشنگ دەدات و، دەڵێی میوەی بەهەشتە و، لە ناوەندی ئەم کارانەدا گەلێ بەڵگەی هێناوەتەوە و، ڕێكوپێکیی "ڕەوانبێژی"ی خۆیشی پاراستووە و، ئنجا بە تەعبیری: ﴿كَذلِكَ الْخُرُوجُ﴾یش "حەشر"ی چەسپاندووە کە ئەنجامی ئەو کارانەیە تاکو ئەو کەسانەی پێ دەمکوت و بێدەنگ بکات کە لە سەرەتای سوورەتەکەدا ئینکاریی حەشریان دەکرد..

بەڵێ، ئەم نیگارکێشانە لە کوێ و.. ئەو گوفتارەش لە کوێ کە خەڵکی خۆیانی پێ هەڵدەقورتێنن لەو کارانەدا کە مەگەر بە دەگمەن دەنا چ پەیوەندییەکی ئەوانی پێوە نییە؟ دیارە جیاوازیی نێوان ئەم دوانە وەك هی وێنەی گوڵ وایە لەچاو گوڵی زیندووی ڕاستەقینەی خواییدا!

گەر بمانەوێت بە تێر و تەسەلی واتای ئەم ئایەتانە هەر لە: ﴿اَفَلَمْ يَنْظُرُوا﴾ تا ﴿كَذلِكَ الْخُرُوجُ﴾ لێك بدەینەوە، ئەوا پێویستمان بە کاتێکی درێژخایەن دەبێت، بۆیە تەنها ئاماژەیەکیان بۆ دەکەین و بە ڕێی خۆماندا دەڕۆین:

لەبەر ئەوەی لە سەرەتای سوورەتەکەدا دەریخست کە کافران ئینکاریی حەشریان کردووە، ئەوا قورئانی پیرۆز چەند پێشەکییەك دەخاتە ڕوو تاکو بۆ قبووڵکردنی "حەشر"

ناچاریان بکات. ئەوەتا دەفەرموێ: ئایا سەیری ئاسمان ناکەن بەسەرتانەوە کە چۆن بە سام‌وشکۆ و ڕێك‌وپێکی بنیاتمان ناوە؟.. ئایا نابینن کە چۆن بە ئەستێرە و خۆر و مانگ ڕازاندوومانەتەوە بێ ئەوەی هیچ کەمی و ناتەواوی‌یەکی تێدا ببێت؟.. یان ئایا نابینن کە چۆن زەویمان بۆ تەخت کردوون و بە ڕایەخی حیکمەت بۆمان ڕاخستوون و، چیاکانمان تێدا قایم کردوون تاکو لە بەرزبوونەوە و زاڵبوونی ئاوی دەریاکان بیپارێزن؟.. ئایا نابینن کە لە هەموو ڕەگەزێکی سەوزە و ڕووەکەکان گەلێ نێر و مێی جوان و جۆراوجۆرمان تێدا بەدی‌هێناوە و سەرانسەری زەویمان پێ ڕازاندوونەتەوە؟.. یان ئایا نابینن کە چۆن لە ئاسمانەوە ئاوێکی پیرۆز دەنێرم و، باخ و بێستان و بەروبوومی بەتامی وەك خورما و هاوچەشنی ئەوی پێ دەڕوێنم و دەیانکەم بە ڕۆزیی بەندەکانم؟.. ئایا نابینن کە زەویی وشك‌و برنگ و مردوو، بەو ئاوە زیندوو دەکەمەوە و هەزاران حەشری دنیایی پێ دەهێنمە کایەوە. جا هەروەك بە توانستی خۆم و لەبەرچاوی خۆتاندا ئەم ڕووەکانە لەو زەوی‌یە مردووە وشك و برنگەدا دەردەهێنم، بە هەمان جۆر لە ڕۆژی حەشردا ئێوەشی لێ دەردەهێنم، چونکە لە قیامەتدا زەوی دەمرێت و ئێوەشی تێدا زیندوو دەکرێنەوە؟!

جا فەرموو بۆ خۆت لێکی بدەرەوە و بزانە کە: ئەو "پاراویی بەیان"ە لە کوێ کە ئەم ئایەتانە لە بواری چەسپاندنی حەشردا دەریان‌خست، کە ئێمە ئاماژەمان تەنها بۆ یەك لە هەزاری کرد و.. ئەو وشانەش لە کوێ کە خەڵکی لە کێشەکانی خۆیاندا دەیان‌هێنن و لە سەر یەکتر ڕیزیان دەکەن؟!

* * *

هەر لە سەرەتای ئەم پەیامەوە تا ئێرە، بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئیعجازدا ڕێبازی "بێ‌لایەنی مەوزووعی"مان گرتەبەر و، لەم پێناوەدا گەلێ مافی قورئانمان بە پەنهانی هێشتەوە و، لە بەراوردەکاندا ئەو خۆرە تیشك‌بەخشەمان دەهێنایە ئاستی مۆمەکان، تاکو نەیارێکی سەرسەخت بۆ قبووڵ‌کردنی ئیعجازی قورئان ناچار بکەین!

ئێستاش کە "لێکۆڵینەوەی زانستی" ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دا و بە چەشنێکی درەخشان ئیعجازی قورئان چەسپا، وا بە ناوی "حەقیقەت"ەوە، نەك بە ناوی "لێکۆڵینەوەی زانستی" هەندێ ئاماژە بۆ مەقامی قورئان دەکەین کە هێندە گەورەیە لە هیچ بەراورد و هەڵسەنگاندنێك‌دا جێی نابێتەوە.

بەڵێ، ڕێژەی گوفتارەکانی تر لەچاو ئایەتەکانی قورئاندا وەك ڕێژەی ئەو ئەستێرە یەکجار ورد و بچووکانە وایە کە لە ناو ئاوێنەکاندا دەبینرێن، لە چاو قەبارەی ڕاستەقینەی خودی ئەو ئەستێرانەدا!

بەڵێ، وشەکانی قورئان، کە هەریەکەیان ڕاستی‌یە چەسپاوەکان ڕوون دەکەنەوە، لە کوێ و.. ئەو واتایانەش لە کوێ کە مرۆڤ بە وشەی خۆی لەسەر ئاوێنە بچووکەکانی هەست و بیری‌دا دەیان‌نەخشێنێت؟

ئەو وشە زیندووە خاوێن و مەلائیکەت ئاسایانەی قورئان، کە گوفتاری بەدیهێنەری خۆرو مانگن و نوورەکانی هیدایەت پەخش دەکەن، لە کوێ و.. ئەو وشە گەزندانەی مرۆڤیش لە کوێ کە بە وردەکاری‌یەکانی خۆیان خەڵکی دەخەڵەتێنن و، بە فووپێداکردنی جادوو گەرانەشیان هەوا و ئارەزووەکانیان تێدا دەورووژێنن؟

بەڵێ، ڕێژەی نێوان مێرووە ژەهراوی‌یەکان و مەلائیکەتانی خاوێن و ڕۆحانییانی ڕووناك، چەندەیە.. مەودای نێوان وشەکانی مرۆڤ و وشەکانی قورئانی پیرۆزیش بە هەمان ڕێژەیە! ئەم ڕاستی‌یەش هەر بیست‌وچوار وتەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم وتەی بیست و پێنجەمەدا چەسپاندوویانن. کەواتە ئەم دەعوایەمان ئیددیعایەکی ڕووت نی‌یە، بەڵکو ئەنجامی بەڵگەیەکە کە پێشتر هێنراوە و سەلمێنراوە!

بەڵێ، وشەکانی قورئان کە هەریەکەیان صەدەفی گەلێ مرواریی هیدایەت و سەرچاوەی ڕاستی‌یەکانی ئیمان و کانگای بناغەکانی ئیسلامن و، لە عەرشی ڕەحمانەوە نازڵ بوون و، لە سەروو و دەرەوەی گەردوونەوە ئاراستەی ئادەمیزاد دەکرێن.. ئەم گوفتارە ئەزەلی‌یەی کە "عیلم" و "قودرەت" و "ئیرادە"ی لەخۆ گرتووە، لەکوێ و.. وشە لاوازە پڕ لە هەواو ئارەزووەکانی مرۆڤیش لە کوێ؟!

بەڵێ، قورئانی پیرۆز درەختێکی جوانی "توبا" دەنوێنێت کە لقەکانی بە هەموو لایەکی جیهانی ئیسلامدا بڵاو کردبێتەوە و، "گەڵا"ی: سەرجەم مەعنەوییات و، شەعائیر و، کەمالات و، حوکم و، دەستوورەکانی گرتبێت و، ئەولیا و ئەصفیاکانیشی بە وێنەی چەند "گوڵ"ێکی جوان و ڕەنگین پێش‌چاو خستبێت کە جوانی و پاراوی‌یان لە ئاوی ژیانی درەختەکەوە بەدەست‌هێنابێت و، "بەر"ی سەرجەم کەمالات و حەقیقەتە گەردوونی و خوایی‌یەکانی گرتبێت، تەنانەت هەموو یەکێکی "ناوك"ی بەرەکانی بووبێت بە دەستووری کار و ڕێبازی ژیان..

ئایا ئەم زنجیرە حەقیقەتانەی کە قورئانمان لە شێوەی درەختێکی بەرداری خاوەن سێبەری ئاوادا پیشان دەدەن، لە کوێ و.. قسەی ئاسایی مرۆڤیش لە کوێ؟.. أين الثرى من الثريّا؟!

وا زیاتر لە هەزار و سێ‌سەد ساڵە قورئانی حەکیم لە بازاڕی گەردوون و پێش‌چاوی سەرجەم دانیشتووانی‌دا، حەقیقەتەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و، هەموو کەس و هەموو نەتەوەو هەموو وڵاتێك بەشی خۆیان لە گەوهەر و ڕاستی‌یەکانی وەرگرتووە و، تا ئێستاش هەر وەری‌دەگرن.. وێڕای هەموو ئەمانەش، کەچی نە ڕاهاتن لەگەڵی‌دا و نە ئەو زۆری‌یە و نە تێپەڕبوونی کات و نە ئاڵ‌وگۆڕە گەورەکان، هیچیان زیانیان لە ڕاستی‌یە بەنرخەکانی و لە شێوازە جوانەکەی نەداوە و پیریان نەکردووە و تەڕی و پاراویی ئەویان لەدەست نەداوەو، نەیانتوانیوە لە نرخی دابگرن یاخود تریفەی جوانی‌یەکەی خامۆش بکەن!

ئەم حاڵەتە هەر خۆی لە خۆی‌دا ئیعجازێکی سەربەخۆیە!

خۆ ئەگەر ئێستا کەسێك، بەپێی خواستی هەوا و ئارەزووەکانی و بە هەڵس‌وکەوتێکی منالانە، بچێت هەندێ لەو ڕاستی‌یانەی کە قورئانی پیرۆز هێناونی، بهۆنێتەوە و، بیەوێت بۆ مەبەستی ئیعتیراز گرتن لە هەندێ ئایەتی قورئان، بەراورد لە نێوان گوفتارەکەی خۆی و گوفتاری قورئانەدا ساز بکات و، بڵێت: "ئەوەتا گوفتارێکی وەك قورئانم وتووە" ئەوا بێ گومان ئەم قسەیەی هێندە نەفامی و گەلحۆیی پێوە دیارە کە کت‌ومت لەم نموونەیەی خوارەوە دەچێت:

بەننایەك کۆشکێکی گەورە بنیات بنێت کە بەردەکانی بریتی بن لە چەند گەوهەرێکی جۆراوجۆر و، هەریەك لەو گەوهەرانەش لە چەند بارودۆخێکی تایبەتی‌دا دابنێت و بە چەند نەخش و نیگارێکی هاوسەنگی وەها ناوازەش بیان‌ڕازێنێتەوە کە پەیوەندی‌یان بە هەموو نەخش‌و نیگارە بەرز و ناوازەکانی کۆشکەکەوە ببێت.. پاشان کەسێکی نەشارەزای وا بڕواتە ناو ئەو کۆشکەوە کە هیچ شتێك لەو نەخش و نیگارە ناوازانە تێ‌نەگات و نرخ و بەهای گەوهەر و ئارایشتەکانیشی نەزانێت و، بچێت نەخش و نیگار و بارودۆخی بەردەکانی کۆشك بگۆڕێت و بەپێی ئارەزووی خۆی ڕێسایەکی تریان بۆ دابنێت، تا وەك ماڵێکی ئاسایی لێ‌بکات و، پاشان بە چەند دەنکە مورووبەکی ئەوتۆ بیڕازێنێتەوە کە تەنها منال بە جوانیان دابنێت و ئنجا بڵێت: خەڵکینە! بڕوانن ئەوەتا منیش کارامەیی‌یەکی وام لە هونەری بیناکاری‌دا هەیە کە لە کارامەیی بنیاتنەری ئەو کۆشکە زیاترە و، سامانەکانیشم لە هی ئەو زۆرترن! وەرن بۆ گەوهەرە بەنرخەکانم بڕوانن!

بێ هیچ گومانێك ئەم گوفتارە بە "وڕێنە" دادەنرێت، تەنانەت لە وڕێنەی شێتان زیاتر هیچی تری پێ‌ناوترێت!

* * *

ڕۆشنایی سێهەم

ئەم ڕۆشنایی‌یە سێ ڕووناکیی پەخش کردووە

ڕووناکیی یەکەم

لە وتەی سیازدەهەمدا ڕوویەکی مەزنی ئیعجازی قورئان ڕوون کراوەتەوە، وا هێنرایە ئێرە و لەگەڵ ڕووە ئیعجازی‌یەکانی تردا پێش‌چاو خرا:

ئەگەر دەتەوێ بۆخۆت ببینیت و تامی ئەوە بچێژیت کە چۆن هەموو ئایەتێکی قورئانی پیرۆز نووری ئیعجاز و هیدایەتی خۆی بڵاو دەکاتەوە و بە وێنەی ئەستێرەی درەخشان تاریکستانی کوفر دەڕەوێنێتەوە، ئەوا خۆت وا دابنێ کە لەو سەردەمی جاهیلییەت و بیابانی ژیانی دەشتەکی و نەزانی‌یەدا دەژییت کە یەکەم جار قورئانی پیرۆزی تێدا هاتە خوارەوە. دەبینیت: پەردەی بێ‌ئاگایی و، تاریکیی نەزانی و، بەرگی سروشت و، بیری وشك، هەموو شتێکی داپۆشیوە. ئا لەم کاتەدا کە هەموو شتان لەو ڕۆژگارەدا بەم پەردانە داپۆشراون، یەکسەر بەهۆی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە ئەو بوونەوەرە بێ‌هەست و بێ گیان و مردووانە لە زەینی گوێ‌بیستاندا دەبووژێنەوە و ژیانیان بە بەردا دەچێت و بە زایەڵەی ئایەتی: ﴿يُسَبِّحُ لله ما في السَّمـوات وَما في الأَرضِ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ الْعَزيزِ الْحَكيم﴾(الجمعة:١) و ئایەتە مەزنەکانی تری هاووێنەی، ڕادەپەڕن و تەسبیح و یادی خواوەند لە ڕووی بوونەوەراندا ڕادەگەیەنن.

هەروەها ڕووی تاریکی ئاسمان، کە چەند ئەستێرەیەکی بێ گیانی تێدا بڵێسە دەدەن، بە زایەڵەی ئایەتی: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمـواتُ السَّبْعُ والأَرضُ﴾(الإسراء:٤٤) لە بەرچاوی گوێ‌بیستاندا دەبێت بە دەمێکی ذیکرخوێن بۆ خوای گەورە و، هەموو ئەستێرەیەکی تیشکی حەقیقەت دەپرژێنێت و دانستێکی ڕەوان پەخش دەکاتەوە.

هەروەها ڕووی زەوی، کە بوونەوەرە لاواز و دەستەوسانەکانی لەسەر نیشتەجێ بووە، بەو زایەڵە ئاسمانی‌یەی قورئان، لە بەرچاودا دەبێت بە "سەر"ی جەستەی بوونەوەرێکی مەزن‌و، دەریا و وشکایی‌یەکانیش دەبن بە دوو "زمان"ی دەم‌پاراو بە ذیکر و تەسبیح و ستایشی خواوەند و، سەرجەم ڕووەك و زیندەوەرانیش وەك چەند "وشە"یەکی ذیکر و تەسبیح دەردەکەون، دەڵێی سەرجەمی زەوی گیانی بە بەردا کراوە و زیندەوەرێکی خاوەن ژیانە!

ئەگەر بێت و بەم چەشنە، بە هەست و شعووری خۆت، بڕۆیت بۆ ئەو سەردەمەی کە قورئانی پیرۆزی تێدا هاتە خوارەوە، ئەوا وردەکاریی ئیعجاز لەو ئایەتە پیرۆزەدا دەچێژیت. دەنا لە چەشتنی ئەو وردەکارییە نەرم و نیانانەی ئایەتەکە بێ بەش دەبیت و پەیی پێ نابەیت!

بەڵێ، گەر لە ناوەندی باری ئێستای خۆتەوە سەیری ئایەتە پیرۆزەکان بکەیت کە بوونەوەران لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا بە نووری قورئان ڕووناك بوونەتەوە و سەرجەم زانستە ئیسلامییەکان ڕۆشنایییان پێ بەخشیون، بە ڕادەیەك کە ڕاستییەکان بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا بوون و پەردەیان لە ڕوودا هەڵماڵراوە.. واتە ئەگەر لە ڕێی پەردەی ئولفەتەوە سەیری ئایەتە پیرۆزەکان بکەیت، ئەوا بێ گومان مەودای ڕاستەقینەی جوانیی ئیعجازبەخشی هەموو ئایەتێك بە تەواوی نابینیت و، نازانیت کە هەموو یەکێك لەو ئایەتانە بە ڕووناکییە درەخشانەکەی خۆی چۆن تاریکاییەچڕەکان دەڕەوێنێتەوە. دوای هەموو ئەمانەش لە نێوان ڕووە زۆر و زەبەندەکانی ئیعجازی قورئاندا لە چێژی هەموویان بێ بەش دەبیت.

ئەگەر دەتەوێت مەزنترین پلەی ئیعجازە زۆرەکانی قورئان ببینیت، ئەوا گوێ بۆ ئەم نموونەیە ڕابگرە و سەرنجی لێ بدە:

گریمان درەختێکی تابڵێی سەیر و بەرز و سەرسووڕهێنەر و فراوان و بەربڵاو هەبێت، پەردەی غەیبی بەسەردا درابێت..

وەك ئاشکرایە پەل و بەر و گەڵا و گوڵی ئەو درەختە - چەشنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ - هاوسەنگی و گونجاوی و پەیوەندییان لە نێواندا هەیە و، هەر بەشێك لە بەشەکانی ئەو درەختە بەپێی ماهییەتی درەختەکە شکڵ و شێوەیەکی دیاریکراوی گرتووەتە خۆ..

جا ئەگەر بێت و کەسێك لە لایەنی ئەو درەختە نەبینراوەوە - کە نابینرێت - هات و لەسەر شاشەیەك وێنە و سنووری بۆ هەموو یەکێ لە ئەندامەکانی ئەو درەختە کێشا، بەوەی کە چەند هێڵێکی لەسەر شاشەکە نووسی کە پەیوەندیی نێوان گەڵاکانی ئەو درەختەیان دەنواند و، بە چەند وێنە و هێڵێك کە وێنەی تەواوی ئەندامەکانی درەختەکەیان بەرجەستە دەکرد و وێنەکەیان بە تەواوی دەخستە ڕوو، ماوەی نێوان سەرەتا و کۆتایی یەکجار لە یەکتر دووری درەختەکەی پڕ کردەوە.. هیچ گومانێك لەوەدا نامێنێت کە ئەو وێنەکێشە بە ڕوانینی غەیببینی خۆی ئەو درەختە دەبینێت و بە تەواوی ئاگای لێیەتی ئنجا وێنەکەی دەکێشێت.

وەك ئەم نموونەیە، قورئانی پیرۆزیش بە ڕوونکردنەوە ئیعجازبەخشەکانی خۆی کە تایبەتن بە ڕاستیی بوونەوەرانەوە (ئەو ڕاستییەی کە سەر بە درەختی بوونەوەرانە و لە

سەرەتای دنیاوە تا کۆتایی ئەودنیا لق و پەلی هاویشتووە و لە زەوی‌یەوە تا عەرش و لە گەردیلەکانەوە تا ئەستێرەکان بڵاو بووەتەوە) پارێزگاریی هاوسەنگی و پێکەوە گونجانی بوونەوەرانی کردووە و، وێنەیەکیشی بە هەموو یەکێ لە ئەندام و بەروبوومەکانی بەخشیوە کە شایستەی بێت، بە ڕادەیەك کە زانا لێکۆڵەرەکان لە دەمی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و باسەکانیاندا تووشی سەرسامی و سەرسوورمان دەبن و دەڵێن: (ما شاء الله.. بـارك الله.. ئەوەی کە گرێ‌کوێرەی گەردوون و مەتەڵی بەدیهێنان شی دەکاتەوە، هەر تەنها تۆی ئەی قورئانی پیرۆز)!

با ناوەکانی خوای گەورە و سیفەتە مەزنەکانی و ئیشە پەروەردگاری و کارە پڕ لە دانستەکانی، وەك درەختێکی تووبای نوورانی بە نموونە بهێنینەوە کە – ولله المثل الأعلى – بازنەی مەزنی‌یەکەی لە ئەزەلەوە تا ئەبەد و، سنووری گەورەیی‌یەکەشی فەزای ڕەهای بێ سنوور دەگرێتە خۆی و دەورەی دەدات و، مەودای کارەکانیشی لە سنووری: ﴿فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوى﴾(الأنعام:٩٥) و ﴿يَحولُ بينَ المرءِ وقَلْبِهِ﴾ (الأنفال:٢٤) و ﴿هوَ الذي يُصَوِّرُكُمْ في الأَرْحامِ كَيْفَ يَشاء﴾ەوە (آل عمران:٦) تا دەگاتە: ﴿خَلَقَ السَّمواتِ والأَرْضَ في سِتَّةِ أيّام﴾ (هود:٧)و ﴿والسَّمواتُ مَطْوِيّاتٌ بِيَمينِهِ﴾ (الزمر:٦٧) و ﴿وَسَخَّرَ الشَّمْسَ والقَمَرَ﴾(لقمان:٢٩) دەگرێتەوە.

دەبینین قورئانی پیرۆز، بەوپەڕی گونجاوی و شیاوی، ئەو ڕاستی‌یە نوورانی‌یە بە هەموو لق و پەلەکانی و گشت ئامانج و بەروبوومەکانیەوە ڕوون دەکاتەوە، بە ڕادەیەك کە هیچ کام لەو ڕاستی‌یانە ڕێ لە ڕوون کردنەوەی ڕاستی‌یەکی تر ناگرێت و حوکمی هیچ ڕاستی‌یەکیان هی ئەوانی تر تێك نادات و هیچ کام لەو ڕاستی‌یانەش لەوانی تر تەرە نابێت.

بەم وێنە شایستە و لەگەڵیەك گونجاوانە، قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی ئیعجازبەخش ڕاستیی ناوەکانی خوای گەورە و سیفەتە مەزن و ئیشە پەروەردگاری و کارە پڕ لە دانایی‌یەکانی خواوەندی ڕوون کردووەتەوە، بە ڕادەیەك کە سەرجەم ئەهلی کەشف و حەقیقەت و دانست و عیرفانی – کە بە ناو جیهانی مەلەکووتدا دەگەڕێن – خستووەتە تەسدیقەوە و، هەموویان بە سەرسوورمانەوە لە بەردەم ڕوونکردنەوە ئیعجازبەخشەکانی‌دا دەڵێن: (سبحان الله! چەندە ئەم ڕوونکردنەوەیە ڕاستە و لەگەڵ حەقیقەتدا ڕێك و گونجاوە، چەندەش جوان و شایستەیە)!

ئەگەر بە نموونە "شەش پایەکانی ئیمان" بهێنینەوە کە ڕوویان لە هەموو بازنە جیاوازەکانی بوونەوەران و بازنەی "وجوب"ی خوای گەورەیە و، بە پەلێکی ئەو دوو درەختە مەزنە دادەنرێن، دەبینین قورئانی پیرۆز وێنەی سەرجەم لق و پەل و بەر و گوڵەکانیان دەکێشێت و، لەمەشدا گونجاویی ناوازەی نێوان بەر و گوڵەکانیان ڕەچاو دەکات و، بەوپەڕی هاوسەنگی و ڕێکی شێوەکانی پێکەوە گونجانی نێوانیان دەناسێنێت، بە

رادەیەك كە مرۆڤ لە بەردەم جوانیی ئەم وێنەكێشانەی قورئاندا سەرسام دەكات و، سەبارەت بە پەیبردن بە دووری‌یەكانیشی گرفتاری سەرسامیی دەكات.

پاشان ئەو "ئیسلام"ەی كە پەلێكە لە لقی "ئیمان"، قورئانی پیرۆز لە باسكردن و وێنەكێشانی وردترین پەلەكانی هەر پێنج پایەكانی‌دا گەلێ وێنەی ناوازە و سەرسوورهێنی كێشاوە و، جوانیی پێكەوە گونجان و كەماڵی هاوسەنگیی نێوانیانی پاراستووە، تەنانەت پاریزگاریی ئاسایی‌ترین داب و ئەوپەری ئامانج و قووڵترین دانایی و بچووكترین سوود و بەروبوومەكانی كردووە. ڕوونترین بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستی‌یە، كەماڵی ڕێك‌وپێكیی شەریعەتی مەزنە، كە لە دەق و ئاماژە و هێماكانی ئەم قورئانە پیرۆزەوە هەڵقوڵاوە.

جا كەماڵی ڕێك‌وپێكی و.. هاوسەنگیی ورد و.. قەشەنگی و پتەویی پێكەوە گونجانی حوكمەكانی ئەم شەریعەتە خاوێنە.. هەریەكەیان، شایەتێكی دادگەری بێ‌خەوش و بەڵگەیەكی ڕوونی گومانبڕی ئەوتۆن كە هیچ گومانێك هەرگیز توخنیان ناكەوێت لەسەر ئەحەقیقیەتی قورئانی پیرۆز. واتە هەرگیز ناكرێ ڕوونكردنەوەكانی قورئان پاڵیان بە زانستێكی جوزئیی مرۆڤێكەوە دابێت، بە تایبەت مرۆڤێكی نەخوێندەوار، بەڵكو دەبێ پاڵیان بە زانستێكی وەها فراوانەوە دابێت كە هەموو شتێك بگرێتەوە و لە یەك كاتدا چاوی لە هەموو شتێكەوە بێت..

كەواتە قورئانی پیرۆز گوفتاری زاتی خواوەندی مەزنە كە لە یەك كاتدا ئەزەل و ئەبەدو سەرجەمی ڕاستی‌یەكان دەبینێت.

آمنا.

ڕووناكیی دووهەم

"فەلسەفەی مرۆڤ" كە دەیەوێت ڕێ لە حیكمەتی قورئانی پیرۆز بگرێت و بەرەنگاریی بكات، لە بەردەم حیكمەتی بەرز و بڵندی قورئاندا كەوت و شكستی هێنا. وەك بە شێوازی چیرۆكێكی تەمسیلی لە وتەی دوازدەهەمدا ڕوونمان كردووەتەوە و، لە چەند وتەیەكی تریش‌دا بە جۆرێكی گومانبڕ چەسپاندوومانە. بۆیە خوێنەری بەڕێز ڕەوانەی ئەو پەیامانە دەكەین و، لێرەدا تەنها بەراوردێكی سادە و جوزئی لە نێوانیاندا لە لایەنێكی ترەوە، كە لایەنی ڕوانینی هەردووكیانە بۆ دنیا، بەم شێوەیەی خوارەوە، ساز دەكەین:

فەلسەفە و حیكمەتی مرۆڤ كە دەڕوانێتە دنیا، وەك دنیایەكی بەردەوامی ڕەگداكوتاو بۆی دەڕوانێت! ئەوەتا بە دوور و درێژی لە "ماهییەت" و "تایبەتكاری‌یەكان"ی بوونەوەران دەدوێت، بەڵام گەر ئەو كارمەندی و ئەركانەی بوونەوەران باس بكات كە بەڵگەن لەسەر بەدیهێنەریان ئەوا بە كورتی و سەرپێیی باسیان دەكات. واتە درێژە بە باسی نەخش و

نیگارو پیتەکانی کتێبی گەردوون دەدات، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆ بە واتا و ناوەڕۆکەکانیان نادات!

بەڵام قورئانی پیرۆز وا دەڕوانێتە دنیا کە: دنیایەکی ڕێبواری بەخوڕەمی خەڵەتێنەری گەڕۆکی پڕ لە ئاڵوگۆڕی ئەوتۆیە وەستان و جێگیربوونی بۆ نییە! لەبەر ئەوە، بە پوختی و سەرپێیی لە تایبەتکاریی بوونەوەران و ماهییەتە ماددی و ڕواڵەتییەکانیان دەدوێت، کەچی بە تەواوی درێژە بە باس کردنی ئەو کار و ئەرکانەی بوونەوەران دەدات کە خواوەند خستوونیەتە ئەستۆیانەوە و بەندایەتیی ئەوان بۆ خوای گەورە دەردەخەن. هەروەك بە درێژی لە مەودای ملکەچبوونی بوونەوەرانیش بۆ فەرمانە تەکوینییەکان دەدوێت و، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن و لە چ ڕوویەکەوە دەبن بە بەڵگە لەسەر ناوە جوانەکانی بەدیهێنەریان.

وا لەم باسەماندا، بە پەلە، سەیرێکی ئەو جیاوازییەی نێوان "فەلسەفە" و ڕوانینی "قورئان" دەکەین بۆ دنیا و بوونەوەران لەم ڕوانینە کورت و درێژەپێدانەی هەردوو لایاندا، تاکو بزانین حەق و ڕاستیی ڕوون و درەخشان لای کامیانە؟!

کاتژمێرەکانی دەستمان کە بە ڕواڵەت وەستان و نەگۆڕانیان پێوە دیارە، کەچی گەلێ لەرە و ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆریان تێدایە، چ لە جوولەی بەردەوامی چەرخەکانی و چ لە ڕێی لەرینەوەی بەندۆڵ و ئامێرە وردەکانی..

جا هەروەك کاتژمێرەکانمان بەم شێوەیەن، دنیاش بەهەمان جۆرە، دەڵێی کاتژمێرێکی مەزنە و توانستی خواوەند دایهێناوە. خۆ هەرچەند بە ڕواڵەت نەجووڵان و ڕاوەستانی پێوە دیارە، کەچی لە ناوەندی تەوژمی نەمان و فەنادا بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ و جموجووڵێکی ڕانەوەستاودا تەپاوتل دەدات و تلێر دەبێتەوە. چونکە مادەم لە دنیادا "زەمان" هاتە گۆڕێ، ئەوا "شەو و ڕۆژ" وەك چرکەژمێرێکی دووسەرەیان لێ هات بۆ ئەو سەعاتە مەزنە و، بە خێرایی دەجووڵێت و شوێنی دەگۆڕێت.. "ساڵ"یش وەك خولەكژمێر و.. "چەرخ"یش بە وێنەی میلی سەعاتژمێری ئەو کات ژمێرە مەزنەیان لێ هات. بەم جۆرە "زەمان" دنیای هاویشتە سەر پشتی شەپۆلەکانی نەمان و فەنا و، تەنیا کاتی "ئێستا"ی لە "بوون"دا هێشتەوەو، "ڕابوردوو" و "داهاتوو"ی بە دەستی عەدەم سپارد! خۆ جگە لەم ڕوخسارەش کە "زەمان" بە دنیای بەخشی، لە ڕووی "مەکان"یشەوە دنیا هەروەکو کاتژمێرێکی بگۆڕی ڕانەوەستاو وایە، چونکە "بۆشایی ئاسمان" گەر وەك "مەکان"ێك تەماشای بکەین، دەبینین هەمیشە لە ئاڵوگۆڕ و جموجووڵی بەردەوامدایە، تەنانەت کاتی وا هەیە لە تەنها یەك ڕۆژدا چەند جارێك لە هەور و باران پڕ دەبێت و پاشان ساماڵێکی خەندان لە ڕووی ئاسماندا بەجێدەهێڵێت. واتە "بۆشایی ئاسمان" بە خێرایی ئەم ئاڵوگۆڕانەی، دەڵێی میلی چرکەژمێری ئەو کاتژمێرە گەورەیە دەنوێنێت..

"ڕوو"ی ئەو "زەوی"یەش کە ستوونی خانەی دنیایە، گەر وەك "مەکان"ێك سەیری بکەین، دەبینین لە ڕووی ژیان و مردنی ڕووەك و زیندەوەرانی ناویەوە، لە ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامدایە. کەواتە بە وێنەی میلی "خولەکژمێر" تێمان دەگەیەنێت کە: ئەم دنیایە ڕێبوارێکی فانی و لەسەر ڕێیە..

خۆ هەروەك ڕووی زەوی لە ئاڵوگۆڕی بەردەوامدایە، ئەوا ئاڵوگۆڕ و بوومەلەرزەکانی "ناوەوە"شی کە بە قوتبوونەوەی چیاکان و نیشتن و ڕۆچوونی زەوی کۆتایییان پێ دێت، کارێکیان کردووە کە "ناوەوە"ی زەوی میلێکی سەعاتژمێری وەها بێت کە هەندێ بە سستی بجوولێت و، لەگەڵ ئەوەشدا پیشانمان بدات کە: ئەم لایەنەی دنیاش بەرەو نەمان دەڕوات..

"ئاسمان"یش کە بنمیچی خانەی دنیایە، گەر وەك "مەکان"ێك بۆی بڕوانین، دەبینین: ئاڵوگۆڕەکانی ناوی، چەشنی: جموجوولی تەنە ئاسمانییەکان یان دەرکەوتنی کلکدارەکان و گیرانی خۆر و مانگ و کەوتنی ئەستێرە و تیرەستێرە و، ئاڵوگۆڕەکانی تری وەك ئەمانە، بۆمان دەردەخەن کە: "ئاسمان"یش بەهەمان جۆر ڕاوەستاو و چەسپاو نییە، بەڵکو بەرەو پیری و دارمان دەڕوات، ئەوەتا ئاڵوگۆڕەکانی کە وەك میلە حەفتەژمێرەکانی سەعات وان و بە سستی دەجوولێن، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە: بەرەو ڕووخان و نەمان دەڕوات!

بەم جۆرە، دنیا لە خۆیدا (واتە لەو ڕووەوە کە دنیایە) لەسەر ئەم حەوت پایەیە بنیات نراوە کە هەموو کات و ساتێك دەجوولێن و بوومەلەرزەی تێدا دروست دەکەن. بەڵام هەر ئەم دنیا بزۆکەی کە هەمیشە لە ئاڵوگۆڕی بەردەوامدایە، کاتێ ڕوو دەکاتە بەدیهێنەری شکۆمەندی خۆی، ئەوا ئەو ئاڵوگۆڕ و جموجوولانە دەبن بە: جوولەی قەڵەمی توانستی خوایی لە کاتی نووسینی نامە صەمەدانییەکانی لەسەر لاپەڕەی "وجوود"دا و.. ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکانی دنیاش دەبن بە: چەند ئاوێنەیەکی نوێ و یەك لە دوای یەکی ئەوتۆ کە نوورەکانی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانیان تێدا دەردەکەوێت و کاروبارە سەرتاپا حیکمەتەکانی ئەو ناوە جوانانە دەزدەخەن و بە چەند وەسفێکی جۆراوجۆری شایستەش وەسفی ئەو خواوەندە دەکەن.

بەم جۆرە دەرکەوت کە "دنیا" لە خۆیدا ڕووی لە فەنا و نەمانە و، بە چوستی و خێرایی بەرەو وێرانی و نەمان دەڕوات و، بە بەردەوامی لە ئاڵوگۆڕ و جموجوولدایە. کەواتە دنیا - لە ڕاستیدا - وەك ئاوی بەخوڕ وایە کە دەڕوات و وەستانی نییە. بەڵام "بێئاگایی مرۆڤ" لە خواوەندی خۆی، ئەو ئاوە بەخوڕەی بە وشك و وەستاو پیشانی مرۆڤ دا و، بەهۆی چەمکی ماددیی "سروشت"یش ئاوەکە لێڵ بوو و خاوێنییەکەی لەدەست دا. تا لە ئەنجامدا دنیا بوو بە پەردەیەکی چڕی سەهۆڵئاسای هێندە ئەستوور کە بەری قیامەتی لە مرۆڤ گرت!

جا فەلسەفەی نەخۆش، بە وردەکاری و لێگەڕانە فەلسەفی‌یەکانی و.. لە ڕێی چەمکی ماددیی سروشتەوە و.. بە هۆکاری لایەنە خەڵەتێنەرەکان و بەرەڵایی و هەوەسبازی‌یەکانی شارستانێتیی لە خشتەبەری نەفام.. چرپی زیاتری بەو پەردەیەی دنیا داوە و پتر سەخت و ڕەقی کردووە و، خەوی قوڵتری غەفڵەتی لە مرۆڤ خستووە و، بە چەندەها قات پەرەی بە چڵك و چەپەڵی‌یەکانیشی داوە. تا لە ئەنجامدا: "کردگاری شکۆمەند" و "ئاخیرەتی گەش و خەندان"ی لە بیری مرۆڤ بردەوە!

بەڵام "قورئانی پیرۆز" هێندە بە توندی ئەم دنیایە - کە ئەمە حەقیقەتیەتی و لەو ڕووەوە کە دنیایە - ڕادەتەکێنێت تا لە ئەنجامدا وەك خوریی شی کراوەی لێ دەکات! بڕوانە دەفەرموێ: ﴿الْقَارِعَةُ ۞ مَا الْقَارِعَةُ﴾ و ﴿إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ﴾ و ﴿وَالطُّورِ ۞ وَكِتَابٍ مَّسْطُورٍ﴾ و ئایەتەکانی تری هاوچەشنیان!

پاشان قورئان، ڕوونی و خاوێنی‌یەکی سازگار بە دنیا دەبەخشێت و، خڵتە و لیڵی‌یەکانی بەم ڕوونکردنەوە ڕەنگینانەی خۆی لێ لا دەبات وەك: ﴿أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمواتِ وَالأَرْضِ﴾(الأعراف:١٨٥) هەروەها: ﴿أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا﴾(ق:٦) هەروەها: ﴿أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمواتِ وَالأَرْضَ كَانَتَا رَتْقاً﴾(الأنبياء:٣٠) هەروەها ئایەتە حەکیمەکانی تری وەك ئەمانە..

پاشان ئەو دنیایەی کە بە ڕوانینی غەفڵەت و بێئاگایی مرۆڤ لە خوا، وەکو سەهۆڵ بەستوویەتی، قورئانی پیرۆز بە گوفتارە نوورانیی و ورشەدارەکانی خۆی دەیتوێنێتەوە، وەك: ﴿اللهُ نُورُ السَّمواتِ وَالأَرْضِ﴾ و ﴿وَمَا الْحَيوةُ الدُّنْيَا إِلاَّ لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾ هەروەها ئایەتە مەزنەکانی تری هاوچەشنیان..

پاشان قورئان وەهمی "ئەبەدییەت" و "نەمریی مرۆڤ لە دنیادا" بەو دەستەواژانەی خۆی لە ئەندێشەی مرۆڤدا لا دەبات کە هەواڵی نەمان و مردنی دنیا ڕادەگەیەنن. وەك: ﴿ إِذَا السَّمَاءُ انْفَطَرَتْ...﴾ و ﴿ إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ...﴾ و ﴿ إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ...﴾ و ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمواتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ إِلاَّ مَنْ شَاءَ اللهُ...﴾ و ئایەتە پیرۆزەکانی تری هاوچەشنیان.

پاشان ئەو غەفڵەتەی کە چەمکی ماددیی "سروشت"ی بەرهەم هێناوە، قورئانی پیرۆز بە بانگە بروسکە ئاساکانی خۆی دەیڕەوێنێتەوە و نایهێڵێت. وەك لەم ئایەتانەی: ﴿يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ وَاللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾(الحديد:٤) و ﴿وَقُلِ الْحَمْدُ للهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾(النمل:٩٣) و ئایەتە ڕووناکەکانی تری هاوچەشنیاندا دەردەکەوێت.

بەم جۆرە، قورئانی پیرۆز بە گشت ئایەتە گەردوونی‌یەکانی (واتە ئەوانەیان کە ڕوویان لە گەردوونە) لەسەر ئەم بناغەیە دەڕوات و بەردەوام دەبێت، تا ڕووی ڕاستەقینەی دنیا وەك خۆی دەردەخات و دەیخاتە پێش‌چاو. هەروەك بەو ئایەتانە ڕووی ناشیرین و چەپەڵی دنیاش دەردەخات و، لەم ڕێیەوە ڕوانینی مرۆڤ لەو ڕووە ناشیرینەی دنیاوە بۆ ڕووە جوانەکەی وەردەچەرخێنێت کە بۆ بەدیهێنەری شکۆمەند دەڕوانێت! بەم کارەش دەرسی حیکمەتی دروست و فەلسەفەی ڕاستی پێ دەڵێتەوە و لە واتاکانی کتێبی گەورەی گەردوونی دەگەیەنێت و، لە هەمان کات‌دا ئاوڕ لە پیت و نەخش و نیگارەکانیشی دەداتەوە، بەڵام بێ ئەوەی کار و ڕەنجی خۆی لەو لایەنە فانی‌یانەی نەخشی پیتەکان‌دا بە فیڕۆ بدات کە پەیوەندی‌یان بە مرۆڤەوە نی‌یە، وەك ئەوەی فەلسەفەی مەست و شەیدای "ناشیرینی" دەیکات، کە - بەم کارەی - سەیرکردنی واتا و ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی گەردوونی لە بیری مرۆڤ بردووەتەوە!

ڕووناکیی سێ‌هەم

لە ڕووناکیی دووهەم‌دا ئاماژەمان بۆ ڕووخان و تێك‌شکانی حیکمەتی مرۆڤ کرد لە بەردەم حیکمەتی قورئان‌دا، هەروەك ئاماژەشمان تێدا کرد بۆ ئیعجازی حیکمەتی قورئان.

وا لەم ڕووناکی‌یەش‌دا پلەی حیکمەتی قوتابییانی قورئان (کە زانایانی ئەصفیا و، ئەولیایانی پیاوچاك و، کەسانی ڕووناك‌بووی ناو حەکیمە ئیشراقی‌یەکانن)[1] لەچاو حیکمەتی قورئان‌دا ڕوون دەکەینەوە و، بە پوختی ئاماژە بۆ ئەم لایەنەی ئیعجازی قورئان دەکەین.

ڕاست‌ترین و ڕوون‌ترین بەڵگە لەسەر پایەبڵندیی قورئانی حەکیم و لەسەر ئەوەی کە قورئان ڕاست و ڕەوایە و، بەهێزترین بەڵگە و نیشانەش لەسەر ئیعجازەکەی ئەوەیە کە:

قورئانی پیرۆز لە دەمی باس‌کردنی "تەوحید" و هەموو بەشەکانی‌دا هاودەم لەگەڵ باسکردنی گشت پلەکانی ئەو بەشانە و سەرجەم پێداویستی‌یەکانیان و، بێ ئەوەش "ڕێك‌وپێکی"ی هیچ کامێکیان تێك بدات، بە تەواوی "هاوسەنگی"ی خۆی پاراستووە! هەروەك پارێزگاریی "هاوسەنگی"ی نێوان گشت حەقیقەتە خوایی‌یە بەرزەکانیشی کردووەو، سەرجەمی ئەو حوکمانەشی لە خۆدا کۆکردووەتەوە کە هەموو ناوە جوانەکانی خوای گەورە داخوازی دەبن، هاودەم لەگەڵ پاراستنی ڕێك‌وپێکی و پەیوەندیی دەست

(١) ئیشراقی‌یەکان چەند فەیلەسووفێکی صۆفی بوون، بەڵام چەند ڕا و بۆچوونێکیان بووە کە لەگەڵ ئیسلام‌دا یەك ناگرێت و ڕێڕەوەکەیان ئاوێتەیەکە لە فەلسەفەی ئەفلاتوونیی نوێ و ئایینی ئیسلام. (وەرگێڕ)

لەملانێ نێوان ئەو حوکمانەدا.. هەروەك بە هاوسەنگیی تەواو کاروباری "ڕبووبییەت" و "ئولوهییەت"یشی پێکەوە لە خۆدا کۆکردووەتەوە!

جا ئەم "پارێزگاری" و "هاوسەنگی" و "کۆکردنەوە"یە، تایبەتکاری‌یەکی قورئانە کە هەرگیز لە هیچ ئاسەوارێکی مرۆڤدا نی‌یە. تەنانەت نە لە بەرهەمە فیکری‌یەکانی گشت بیریارە مەزنەکان و، نە لە ئاسەواری ئەولیایانی پیاوچاكدا کە ڕۆشتوونەتە ناو جیهانی مەلەکووت و، نە لە کتێبی ئەو ئیشراقی‌یانەی کە لە ناخی دیوی ناوەوەی شتاندا ڕۆچوون‌و، نە لە عیرفانی ئەو ڕۆحانی‌یانەش‌دا کە ڕۆشتوونەتە ناو جیهانی پەنهانی غەیبەوە، تایبەتکاریی وا دەست ناکەوێت. بەڵکو هەموو بەش و تاقمێکی ئەوان دەستی بە تەنها لقێك یان دوو لقی درەختە مەزنەکەی حەقیقەتەوە گرتووە و، بە تەواوەتی بە گەڵا و بەری ئەو لقەوە سەرقاڵ بووە و، چ لەبەر پێ‌نەزانی و چ لەبەر بۆ نەڕوانین، ئاوڕی لە هیچ کامی لقەکانی تر نەداوەتەوە، دەڵێی جۆرە کار دابەش‌کردنێك لە نێوانیاندا ڕووی داوە!

بەڵێ، ڕوانینە "بەرتەسکە پابەندەکان" هەرگیز ناتوانن دەورانەدەوری "حەقیقەتی ڕەها" بدەن و هەموو لایەکی ببینن. چونکە ئەم کارە پێویستی بە ڕوانینێکی کوللی و گشتگیری وەك "قورئانی پیرۆز" دەبێت!

کەواتە هیچ شتێکی تری غەیری قورئانی پیرۆز - با دەرس و ڕێنماییشی لە قورئان وەرگرتبێت - ناتوانێت بە "ژیری"یە سنووردار و جوزئی‌یەکەی خۆی جگە لە چمکێك یان دوو چمکی حەقیقەتە کاملەکە زیاتر هیچی تر بە تەواوی ببینێت! بۆیە بە گەرم‌و گوڕی لەو چمك و لایەنەدا سەرقاڵ دەبێت و لێی ناترازێت و، لە ئەنجامدا "هاوسەنگی"ی نێوان "حەقیقەتەکان" دەشێوێنێت و، یان بە "ئیفراط" یاخود "تەفریط" ڕێك‌وپێکیی نێوانیان ناهێڵێت!

لە لقی دووهەمی وتەی بیست‌وچوارەمدا بە نموونەیەکی سەیر ئەم ڕاستی‌یەمان ڕوون کردووەتەوە. بەڵام لێرەدا نموونەیەکی تر دەهێنینەوە کە ئاماژە بۆ خودی ئەم مەسەلەیە دەکات. ئەمەش نموونەکەیە:

گریمان لە بنکی دەریایەکی فراواندا گەنجینەیەکی گەورەی پڕ لە گەوهەری بەنرخ بێت. ئنجا چەند مەلەوانێکی بن‌دەریایی کارامە بۆ دۆزینەوەی گەوهەرەکانی ئەو گەنجینە بەنرخە ڕۆشتبنە ناو ئەو دەریایەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی چاویان بەسترابوو، ئەوا مەگەر بە دەست، دەنا نەیان‌دەتوانی جۆرەکانی ئەو گەوهەرە بەنرخانە بناسنەوە. یەکێکیان دەستی بەر ئەڵماسێکی کەمێك درێژ کەوت و، بڕیاری دا کە ئەو گەنجینەیە بریتی‌یە لە: گەنجینەیەکی پڕ لە شیشی ئەڵماس! خۆ کە وەسفی چەند گەوهەرێکی تری لە هاوەڵەکانی بیست، پێی وابوو ئەو گەوهەرانەی کە ئەوان لێی دەدوێن شوێن‌کەوتە و نقێم و نەخش و نیگاری ئەو شیشە ئەڵماسانەن کە خۆی دۆزیونیەتەوە! هەروەها گریمان هەندێکی تریان

شتێکی خڕی وەك یاقووت و.. کەسانێکی تریان مورروویەکی زەردووی چوارگۆشەیان دۆزیبێتەوە و.. بەم جۆرە... هتد.. ئەوا هەموو یەکێ لەوانەی کە ئەو گەوهەر و بەردە گرانبەهایانەیان بە دەست – نەك بە چاو – دیوە، پێی وا دەبێت: ئەو گەوهەرە بەنرخەی کە خۆی دۆزیویەتەوە بەشی "سەرەکی" و "زۆر"ی گەنجینەکە پێك دەهێنێت و، ئەو وەسفانەش کە لە هاورێکانی دەبیستێت بە لق و پەل و ناوکارەی گەنجینەکەیان دادەنێت، نەك بەشێکی "سەرەکی"ی ئەو گەنجینەیە!

بەم جۆرە ، "هاوسەنگی"ی حەقیقەتەکان دەشێوێت و "ڕێكوپێکی"یەکەی نێوانیشیان نامێنێت و، ڕەنگ و ڕوخساری گەلێ حەقیقەتیش دەگۆڕێت. چونکە ئەو کەسەی دەیەوێت ڕەنگی ڕاستەقینەی "حەقیقەت" ببینێت ناچاری گەلێ تەئویل و تەکەللوفی خۆکرد دەبێت. تەنانەت ئەم کارە هەندێك لەوانە بۆ هەڵدێری "ئینکار" و "تەعطیل" ڕادەکێشێت! خۆ هەر کەس بە وردی سەرنج لە کتێبی حەکیمە ئیشراقییەکان و ئەو صۆفیانەش بدات کە تەنها پشتیان بە "مەشهوودات" و "کەشفییات"ی خۆیان بەستووە و ئەمانەشیان بە تەرازووەکانی سوننەتی خاوێنی پێغەمبەر ﷺ هەڵنەسەنگاندووە، بێ هیچ دوودڵییەك تەسدیقی ئەم بڕیارەی ئێمە دەکات.

کەواتە هەرچەند ئەوانە لە قورئانەوە ڕێنمایی وەردەگرن و، لە هەمان ڕەگەز و جۆری حەقیقەتەکانی قورئاندا کتێبەکانیان دادەنێن، کەچی هەمیشە کەمی و ناتەواوی ئاوێتەی بەرهەمەکانیانە، چونکە هیچ کامیان **"قورئان"** نین!

بەڵام "قورئانی پیرۆز" دەریای حەقیقەتەکانە و، ئایەتە مەزنەکانیشی مەلەوانی ناو بنکی ئەو دەریایەن. ئەوەتا گەنجینەکەی ناوی دەدۆزنەوە و دەیناسێنن و لە بارەیەوە دەدوێن.. بەڵام دەبێ بزانین کە: ئەمان چاویان کراوەیە و سەرجەم و سەرانسەری گەوهەرەکانی ناو گەنجینەکە دەبینن! بۆیە "قورئانی پیرۆز" لە ڕێی ئایەتە مەزنەکانیەوە، وەسفێکی "هاوسەنگ"و "بۆگونجاو"ی ئەو گەنجینە گەورەیە دەکات و، بەم کارەشی جوانیی ڕاستەقینە و سەرنجڕاکێشی خۆی دەردەخات!

* بۆ نموونە:

قورئانی پیرۆز "گەورەیی پەروەردگارێتی"یە شکۆمەندەکەی خوای گەورە دەبینێت و بە واتاکانی ئەم ئایەتە پیرۆزانە وەسفی دەکات:

﴿وَالأَرْضُ جَمِيعاً قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّموَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ﴾(الزمر:٦٧)، ﴿يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ﴾(الأنبياء:١٠٤). لە هەمان کاتیشدا و بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە، هەمەلایەنیی میهرەبانیی خواوەند دەبینێت: ﴿إِنَّ اللهَ لا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلا فِي السَّمَاءِ ۞ هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ﴾(آل عمران:٥-٦)،

﴿مَا مِنْ دابَّةٍ الاّ هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا﴾(هود:٥٦)، ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ دَابَّةٍ لا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللهُ يَرْزُقُهَا وَاِيَّاكُمْ﴾(العنكبوت:٦٠).

پاشان هەروەك فراوانیی "خەللاقییەت"ی خواوەند دەبینێت و ئەم ئایەتە پیرۆزەی لەسەر دەكات بە بەڵگە و لە رێیەوە دەریدەبرێت: ﴿خَلَقَ السَّموات وَالاَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَات وَالنُّورَ﴾(الأنعام:١) بە هەمان جۆر، شموولی دەستوەردانی خواوەند لە كاروباری هەموو گەردووندا و هەمەلایەنگیریی پەروەردگاریتییەكەشی بۆ هەموو شتێك، دەبینێت و بەپێی روونكردنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە رێنمایی خەڵكی بۆ لا دەكات: ﴿خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾(الصافات:٩٦).

پاشان هەروەك ئەو حەقیقەتە مەزنە دەبینێت كە ئەم ئایەتە دەریدەخات: ﴿يُحْيِ الاَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾(الروم:٥٠) بە هەمان جۆر، راستیی ئەو بەخشندەیی و كەرەمە فراوانەش دەبینێت و دەبێ بە بەڵگە لەسەری كە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەریدەبڕێت: ﴿وَاَوْحى رَبُّكَ اِلى النَّحْلِ﴾(النحل:٦٨) و، لە هەمان كاتیشدا و بە رێنمایی ئەم ئایەتە پیرۆزە حەقیقەتی ئەو فەرمانڕەوایەتییە زاڵ و هەمەلایەنگیرەش دەبینێت: ﴿وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِاَمْرِهِ﴾(الأعراف:٥٤)..

پاشان هەروەك ئەو راستییە بەسۆز و كارسازەی ئەم ئایەتە دەبینێت: ﴿اَوَلَمْ يَرَوْا اِلى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَافَّاتٍ وَيَقْبِضْنَ مَا يُمْسِكُهُنَّ الاّ الرَّحمنُ اِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ﴾(الملك:١٩) بە هەمان جۆر، حەقیقەتی یەكجار مەزنی ئەم ئایەتەش دەبینێت: ﴿وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّموات وَالاَرْضَ وَلا يَؤُدُهُ حِفْظُهُمَا...﴾(البقرة:٢٥٥).. هەر لە هەمان كاتیشدا حەقیقەتی ئەو چاودێرییە خواییەش دەبینێت كە لە دەربڕینی ئەم ئایەتەدایە: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ اَيْنَ مَا كُنْتُمْ﴾(الحديد:٤) بە وێنەی بینینی ئەو حەقیقەتە گشتگیرەی كە ئەم ئایەتە دەریدەبڕێت: ﴿هُوَ الاَوَّلُ وَالآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾(الحديد:٣).. هەروەها ئەو نزیكییەی خواوەندیش دەبینێت كە ئەم ئایەتە دەریبڕیوە: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الاِنْسَانَ وَ نَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ اَقْرَبُ اِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾(ق:١٦) لەگەڵ ئەو حەقیقەتە بەرزەش كە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی بۆ دەكات: ﴿تَعْرُجُ الْمَلائِكَةُ وَالرُّوحُ اِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ اَلْفَ سَنَةٍ﴾(المعارج:٤) بە وێنەی بینینی ئەو راستییە هەمەلایەنەیەی كە ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەری: ﴿ اِنَّ اللهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالاِحْسَانِ وَاِيتَاءِ ذِي الْقُرْبى وَيَنْهى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ﴾(النحل:٩٠)..

هەروەها ئایەتە پیرۆزەکانی تری وەك ئەمانەش، کە دەستوورە دنیایی و قیامەتی و عیلمـی و عەمەلی‌یەکانیان لەخۆ گرتووە.

کەواتە "قورئـان" هـەموو ئـەو دەستوورانەی کـە بەختـەوەریی هـەردوو ژیـان دەهێننـەدی، دەبینێت و لێیـان دەدوێت و ڕوونیـان دەکاتـەوە، هـەروەك هـەموو یـەکێ لـە شـەش پایـەکانی ئیـمان و پێنـج پایـەکانی ئیسـلام بـە دوور و درێـژی یـەکالا دەکاتــەوە و بــە جیــددی و گەرم‌وگوڕی و ئامانجداری دەیانخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و، لەگـەڵ ئـەوەش‌دا پارێزگاریی "هاوسـەنگی"ی نێوانیـان دەکـات و "پێکـەوەگونجان"ی نێوانیشیان وەك خـۆی دەهێڵێتـەوە. ئنجا لـە سەرچاوەی ئەم جوانی‌یە ناوازەیەی کە لە "پێکەوەگونجان" و "هاوسەنگی"ی هـەموو ئەم حەقیقەتانەوە پەیدا بووە، ئیعجازێکی مەعنەویی ڕەنگین بۆ قورئانی پیرۆز سەر هەڵدەدات!

لـەم نهێنی‌یـەوە دەردەکـەوێت کـە: زانایـانی کــەلام، هەرچـەندەش قوتـابێتیی قورئانیـان کردووە و هەزاران کتێبیان داناوە کە هەندێکیان دەیان بەرگ دەبن، کەچی لەبـەر ئـەوەی بـە وێنـەی دەستەی "موعتەزیلـە" تـەرجیحی عـەقڵیان بەسـەر "نـەقڵ"دا داوە، ئـەوا نـەیانتوانیوە هێنـدەی "دە" ئایـەتی قورئـانی پـیرۆز حەقیقەتـەکانی ئیمـان ڕوون بکەنـەوە و بـە جۆرێکـی دڵنیاکـەر و قەناعەت‌بـەخش و گومـان‌بڕ بیان‌چەسپێنن! چونکـە ئـەوان لــە بنــاری چیــا دوورەکانەوە کانیاو هەڵدەکەنن و ئنجـا بـە لوولـە و کـارێز (واتـە بـە زنجیرەی هۆکارەکـان) لەوپـەڕی جیهانـەوە ئـاو ڕادەکێشـن، ئنجـا دێـن لـەوێ‌دا زنجیرەکـە دەقرتێنـن و "بـوون" و "ناسین"ی خواوەندی "واجب الوجود" دەچەسپێنن، کە وەکو ئاوی ژیانبەخش وایە!.. بەڵام هەریەك لە ئایەتـە پیرۆزەکـانی قورئـان بە وێنـەی عەسـاکەی حەزرەتی مووسـا وایـە، لـە هـەر شـوێنێك‌دا بیـەوێت دەی‌دات بـە زەوی‌دا و کانیــاو دەتەقێنێتــەوە و، لـە هــەموو شـتێکیش‌دا پەنجەرەیــەك دەکاتــەوە کــە لێیــەوە دەڕوانرێتــە کردگــاری شـکۆمەند و دەیناسـێنێت! ئــەم ڕاستی‌یەش لـە هـەموو وتـەکاندا و، لـە پەیامی عـەرەبیی "قطــــرة"ش‌دا کـە دڵۆپێکـی نمی داچۆڕاوی دەریای قورئانە، بە ڕوونی چەسپێنراوە.

هـەر لـەم نهێنی‌یەشـەوەیە کـە دەبینین گشـت پێشـەوایانی دەسـتە و کۆمەڵـە گومڕاکـان، لەوانەی کە بە ناو ناخی شتاندا ڕۆچوون و بێ شوێن‌کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ پشتیان بە "مەشـهوودات"ی خۆیـان بەسـت و، لـە ڕێگـادا گەڕانـەوە و، دەسـتە و تـاقمێکی گومڕایـان پێك‌هێنا و سەرکردەیی کۆمـەڵێکیان گرتـە ئەستۆ.. هـەموو ئەوانـە، پێیـان بـەرەو ئـەم چەشـنە بیدعەت و گومڕایی‌یانە ترازا و، مرۆڤایەتی‌یان بۆ لای ئەم جۆرە ڕێگە وێڵانە دایەبەر، چونکـە نەیانتوانی پارێزگاریی "ڕێك‌وپێکی" و "هاوسەنگی"ی حەقیقەتەکان بکەن!

جا دەستەوسانی و کۆڵەواریی هەموو ئەوانە، ئیعجازێکی تری ئایەتـەکانی قورئـانی پیرۆز دەردەخات!

كۆتایی

لە نمی چواردەهەمی "وتەی نۆزدەهەم"دا دوو دانە لـە بریسكانەوەكانی ئیعجازی قورئـان ڕابورد، كە بریتین لە: حیكمەتی دووپاتبوونەوە لـە قورئـاندا و، حیكمـەتی پوختلێدوانـی قورئان لە بواری زانستە گەردوونییەكاندا.

لـەو وتەیـەدا بە ڕوونـی دەركـەوت كـە هـەر یـەك لـەم دوانـە یـەكێكن لـە سـەرچاوەكانی ئیعجازی قورئان، بە پێچەوانەی گومانی هەندێ كەس كە پێیان وایە مایەی كـەموكووڕین لـە قورئاندا.. هەروەك لە مەقامی دووهەمی "وتەی بیستەم"یشدا بریسكەیەكی ئیعجازی قورئان بە جوانی ڕوون كرایەوە، كە بەسەر ڕووی موعجیزاتی پێغەمبەرانەوە -علیـــــهم الســـلام- دەدرەوشـێتەوە. جگـە لەمانـە، گەلــێ بریسـكەی تـری ئیعجـازی وەك ئەمانـە لـە هـەموو "وتەكان" و پەیامە عەرەبییەكانمدا باس كراون، بۆیە بەوانـە واز دەهێنـین. بـەڵام لـێرەدا هێنـدە دەڵێین كە:

موعجیزەیەكی تری قورئان بریتییە لەوەی:

هەروەك هەموو موعجیزاتی پێغەمبەران – علیهم السلام – بە كۆمـەڵی و پێكـەوە یـەكێك لە نەخش و نیگارەكانی ئیعجازی قورئانیان دەرخست، بە هەمان جـۆر قورئـانیش بـە هـەموو موعجیزەكانیـەوە، موعجـیزە گەورەكـەی پێغەمبـەر ﷺ دەردەخـات! هــەروەك ســەرجەم موعجـیزاتی پێغەمبــەریش ﷺ بـە موعجیزەیـەكی قورئـانی پـیرۆز دادەنرێـت! چونكـە ئـەو موعجیزانە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە قورئان هی خوای گەورەیە، واتە گوفتاری ئـەوە. جـا بـە دەركەوتنی ئەم نیسبەتدانەی قورئـان بـۆ لای خـوای گـەورە، هەموو یـەكێك لـە وشـەكانی قورئان دەبێت بە موعجیزەیەكی سەربەخۆ، چونكە ئەو كاتە هـەموو یـەكێك لـەو وشـانە وەك ناوك دەبن و دەگونجێ لە واتادا درەختێكی تـەواوی حەقیقـەت لـەخۆ بگـرن و، بە وێنـەی دڵ لەناو جەستەدا ئەوانیش پـەیوەندییان لەگـەڵ سـەرجەم ئەندامـەكانی حەقیقـەتی هەرەمـەزندا ببێت و بە پیت و ڕوخسار و چۆنیتی و ڕێ و شوێنیشیان ڕوویـان لـە چـەندەها كاروبـاری لـە سنووربەدەر بێت، چونكە هەریەكەیان پاڵی بە زانستێكی گشتگیر و ویستێكی بێ كۆتاییەوە داوە!

ئا لێرەوەیە كە زانایانی "پیتزانی"(علم الحروف) دەڵێن: (لە تەنها یەك پیتـی قورئـاندا پڕ بە لاپەڕەیـەكی تـەواو نـهێنیمان دەرهێنـاوە) و، ئـەم دەعوایەشیان بــە بەڵگـەوە بـۆ كەسـانی شارەزای ئەو بوارە دەچەسپێنن.

ئێستـاش بـیر لـە هـەموو ئـەو شتانە بكـەرەوە كـە لـە سـەرەتای ئـەم پەیامـەوە تـا ئـێرە، بـاس كـراونو بــە چاویلكــەی هــەموو ئــەو: ڕۆشــنایی و، تیشــك و، بریســكە و، نــوور و،

ڕووناکی‌یانەی لەم پەیامەدان، سەیری ئەنجامی ئەو دەعوایە بکە کە لە سەرەتای پەیامەکەدا کردمان. دەبینیت ئەم پەیامە بە هەموو هێزێکی خۆی دەنگی لێ هەڵبڕیوە و، ئەو "ئەنجام"ە دەخوێنێتەوە و ڕای‌دەگەیەنێت، کە:

﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإنْسُ والْجِنُّ علَى اَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هذا القُرْآنِ لا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيراً﴾!

﴿سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا الاّ مَا عَلَّمْتَنا انّكَ اَنْتَ الْعليمُ الْحَكِيمُ﴾.

﴿رَبَّنَا لا تُؤاخِذْنا انْ نَسِينَا اَوْ اَخطَأْنَا﴾.

﴿رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي ۞ وَيَسِّرْ لِي اَمْرِي ۞ وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي ۞ يَفْقَهُوا قَوْلِي﴾.

اللهمّ صلِّ وسلِّمْ أفضل وأجمل وأنبل وأظهر وأطهر وأحسن وأبرَّ وأكرم وأعزَّ وأعظم وأشرف وأعلى وأزكى وأبركَ وألطف صلواتِكَ.. وأوفى وأكثرَ وأزيد وأرقى وأرفعَ وأدوم سلامِكَ.. صلاة وسلاماً، ورحمة ورِضواناً، وعفواً وغُفراناً، تمتدُّ وتزيد بوابِلِ سحائب مواهبِ جودِكَ وكرمِكَ، وتنمو وتزكو بنفائسِ شرائفِ لطائفِ جودِكَ ومِنَنِكَ، أزليّةً بأزليتكَ لا تزول، أبديّةً بأبديّتِكَ لا تحول.. على عبدِكَ وحبيبك ورسولكَ محمدٍ خير خلقك: النور الباهر اللامع، والبرهان الظاهر القاطع، والبحر الزاخر، والنور الغامر، والجمال الزاهر، والجلال القاهر، والكمال الفاخر.. صلاتَكَ الّتي صلّيتَ بِعظمةِ ذاتِكَ عليه وعلى آله وأصحابه كذلك، صلاةً تغفر بها ذنوبنا، وتشرح بها صدورنا، وتطهر بها قلوبنا وتُرَوِّحُ بها أرواحنا، وتُقدِّسُ بها أسرارَنا، وتنزِّهُ بها خواطرنا وأفكارنا، وتصفّي بها كدورات ما في أسرارنا وتشفي بها أمراضنا، وتفتح بها أقفال قلوبنا.

﴿رَبَّنَا لا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ اذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً انّكَ اَنْتَ الْوَهَّابُ﴾.

﴿وَآخِرُ دَعْواهُمْ اَنِ الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾.

آمين.. آمين.. آمين.

* * *

پاشکۆکانی

پەیامی موعجیزاتی قورئانی

پاشکۆی یەکەم

ئەم پاشکۆیە پلەی حەڤدەهەمی تیشکی حەوتەمە (الآية الكبرى) کرا بە پاشکۆیەك بۆ وتەی بیست‌وپێنجەم

ئەم گەشتیارەی کە تێر نابێت و ماندووبوون کاری تێ‌ناکات، زانیی: ئامانجی ژیانی ئەم دنیایە و ژیانی "ژیان" تەنها لە ئیماندایە، بۆیە لەگەڵ "دڵ"ی خۆی‌دا دوا و وتی:

– گوفتاری ئەو کەسەی کە لێی دەگەڕێین، بەناوبانگ‌ترین و ڕاست و داناترین گوفتاری ناو ئەم "بوون"ەیە و، لە هەموو چەرخ و سەردەمێك‌دا تەحەددای گشت ئەوانەی کردووە کە ملی بۆ کەچ ناکەن. کەواتە با لە پێش‌دا سەر لەو قورئانە پیرۆزە خاوەن ڕەوانی‌یە ئیعجازبەخشە بدەین و بزانین چی دەڵێت ؟ بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناو ئەم جیهانە جوانەوە، با هەندێك بووەستین و ئەوەندە لەم کتێبە بکۆڵینەوە کە دڵنیامان بکات لەوەی کتێبی بەدیهێنەری ئێمەیە.

بەم جۆرە، دەستی کرد بە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە.

جا لەبەر ئەوەی ئەم گەشتیارە لە هاوچەرخەکانمانە، ئەوا لە پێش‌دا سەیری "پەیامەکانی نوور"ی کرد، کە چەند بریسکانەوەیەکی ئیعجازی مەعنەویی قورئانی پیرۆزن، بینیی:

ئەم پەیامانەی کە دەگەنە سەد و سی دانە، بۆخۆیان تەفسیرێکی بەنرخی ئایەتەکانی قورئانن، چونکە پەردە لە ڕووی سەرنجە وردەکان و ڕووناکی‌یە ڕەنگینەکانی ئەو ئایەتانەی قورئان لادەدەن و ئاشکرایان دەکەن.

خۆ هەرچەندەش "پەیامەکانی نوور" لەم سەردەمە مولحیدە سەرسەختەدا، بە جیهاد و تێکۆشانێکی بەردەوام، ڕاستی‌یەکانی قورئانیان بە هەموو لایەك‌دا بڵاو کردووەتەوە، کەچی هیچ کەسێك نەیتوانیوە ڕەخنەیان لێ بگرێت یان ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێت کە قورئانی پیرۆز کە پێشەوا و ڕابەر و سەرچاوە و خۆری ڕووناکی‌بەخشی ئەو پەیامانەیە ئاسمانی‌یە و، گوفتاری خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە و، هەرگیز گوفتاری ئادەمیزاد نی‌یە، بە ڕادەیەك کە "وتەی بیست‌وپێنجەم" و کۆتایی "مەکتووبی نۆزدەهەم" کە هەردووکیان تەنها یەك بەڵگەی نێوان سەدان بەڵگەن لەوانەی کە پەیامەکانی نوور بۆ ڕوونکردنەوەی ئیعجازی قورئان هێناونی، بە چل شێوە و ڕووی جۆراوجۆر ئیعجازی قورئانیان چەسپاندووە، بە چەشنێك هەموو ئەو کەسانەیان خستووەتە سەرسووڕمانەوە کە خوێندوونیانەتەوە و لێیان کۆڵیونەتەوە، پاشان ڕێز و سەرسووڕمانی خۆیان بەرامبەر بەو پەیامانە دەربڕیوە، چ جای ئەوەی کە ڕەخنەیان ئاراستە بکەن یان بەرەنگاریان ببنەوە، بەڵکو هەموویان – تێکڕا – ستایشیان کردوون.

جا چەسپاندنی ڕووی ئیعجازی قورئان و، خستنەڕووی ئەو لایەنەی کە دەریدەخات قورئان فەرمایشت و گوفتاری خواوەندە، ئەم گەشتیارە بە پەیامەکانی نووری سپاردن، بەڵام بە وردی سەرنجی لە چەند خاڵێك دا کە بە ئاماژەیەکی کورت مەزنیی قورئانی پیرۆز دەردەخەن:

● خاڵی یەکەم:

هەروەك قورئانی پیرۆز، بە هەموو موعجیزات و ڕاستییەکانی خۆی، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی لە هەموو شتێکی تر حەقترن، موعجیزەی حەزرەتی محمدە ﷺ، بە هەمان جۆر حەزرەتی محمدیش ﷺ بە هەموو موعجیزەکانی و بەڵگەکانی پێغەمبەریێتی و کەمالاتی زانیاریی خۆی، موعجیزەی قورئانی پیرۆزە و، بەڵگەیەکی گومان بڕە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز گوفتاری خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

● خاڵی دووەم:

قورئانی پیرۆز گۆڕانکارییەکی گەلێ مەزنی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هێنایە گۆڕێ و، ڕووناکیی بە هەموو ئاسۆکانی گەردووندا پەخشاند و پڕی کردن لە بەختەوەری و ڕاستییە مەزنەکانی لەسەر نەخشاندن و، ئاڵوگۆڕێکی یەکجار گەورەی ئەنجام دا چ لە دڵ‌ودەروونی مرۆڤدا چ لە گیان و ژیرییاندا چ لە ژیانی: کەسی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییاندا. ئنجا ئەم گۆڕان و ئاڵوگۆڕەشی بە بەردەوامی هێشتەوە و بەڕێوەیبرد، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئایەتەکانی ئەم قورئانە (کە دەگەنە شەش‌هەزار و شەش‌سەد و شەست‌وشەش ئایەت) وا چواردە سەدەی ڕەبەقە لە هەموو چرکەیەکدا بە لای کەمەوە لەسەر زاری زیاتر لە سەد ملیۆن کەس، بەوپەڕی ڕێز و شکۆدارییەوە دەخوێندرێنەوە و، لەو کاتەیشەوە ئەم قورئانە خەڵکان پەروەردە و "دەروونەکان"یشیان پاکژ دەکات و، "دڵانیان" دەپالێوێت و، ڕوونی و پلەبەرزی بە "گیانیان" و، ڕاستەشەقام و ڕووناکیش بە "ژیرییان" و ژین و بەختەوەریش بە "ژیانیان" دەبەخشێت.. بێ هیچ گومانێك، ئەم کتێبە هیچ هاووێنە و هاوتا و هاوشانێکی نییە، کەواتە موعجیزە و دەراسایە.

● خاڵی سێ‌هەم:

قورئانی پیرۆز هەر لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا ڕەوانبێژییەکی وای پیشانداوە کە لە وێنەی نییە. بە ڕادەیەك کە نرخی "موعەللەقاتی سەبعە"ی بەناوبانگی ئەوانی داگرتە خوار کە چەند پارچە شیعرێکی کەڵە شاعیرە هەرە ڕەوانگۆکانیان بوون و بە زێڕ نوسرابوون و بە دیواری کەعبەدا هەڵواسرابوون، بە ڕادە و ئەندازەیەکی ئەوتۆ لە شان‌وشکۆ و نرخ و بەهای داشکاندن کە دوای هاتنی قورئان، کچەکەی "لوبەید" پارچە شیعرەکەی باوکی لە ڕووی دیواری کەعبە داگرت و، وتی:

(مادەم ئەم ئایەتانە هاتن ، ئیتر جێی تۆ لێرەدا نەماوە)!
هەروەها کاتێك ئەدیبێکی دەشتەکی ئەم ئایەتەی بیست کە دەفەرموێ:
﴿فاصْدَعْ بما تُؤْمَر﴾(الحجر:٩٤) خۆی پێ ڕانەگیرا و یەکسەر سەری سوژدەی نایە زەوی!
پێیان وت:
ئایا موسڵمان بوویت؟
وتی:
نەخێر.. بەڵام سوژدەم بۆ ڕەوانبێژیی ئەم ئایەتە برد!
هەروەها هەزاران کەس لە پێشەوایانی ڕەوانبێژی و کەڵە ئەدیبانی چەشنی: عەبدولقاهیری جورجانی و، سەککاکی و، زومەخشەری، بە یەك دەم و یەك دەنگ دان بەوەدا دەنێن کە:
(ڕەوانبێژیی قورئان لە سەرووی وزەی مرۆڤەوەیە و، لە توانای هیچ کەسێکدا نییە پێی بگات).
هەروەها قورئانی پیرۆز، هەر لە کاتی نازڵبوونیەوە تاکو ئێستاش، تەحەددای هەموو ڕەوانبێژ و ئەدیبە لەخۆبایی و سەرسەختەکان دەکات و، لە کەش‌وفش و خۆبەگەورەگرتن و سەرسەختی‌یان دادەگرێت و لووت‌بەرزی‌یان دەهێنێتە خوار و، لەو تەحەددایانەش‌دا داوای هێنانی سوورەتێکی وەك سوورەتەکانی قورئانیان لێ دەکات، یان دەبێت بە تیاچوون و ڕسوایی دنیا و قیامەت ڕازی بن..
ئا لەم کاتەدا کە قورئان ئەم تەحەددایەی ڕادەگەیەنێت، دەبینیت سەرجەم ڕەوانبێژە سەرسەختەکانی ئەو سەردەمە وازیان لە ڕێگا کورتەکە هێنا، کە لاسایی کردنەوەی قورئانەو هێنانی سوورەتێکی وەك ئەوە و، لە بریی ئەمە ڕێیەکی درێژیان گرتەبەر، کە ڕێی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەیە و، ڕێیەکە کاولکاریی لە دووتوێدایە و زیان بە گیان و سامانیان دەگەیەنێت.. ئەوان بە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە، ئەوەمان بۆ دەچەسپێنن کە هەرگیز گرتنەبەری ڕێگا کورتەکە لە توانادا نییە و بۆ هیچ کەسێك مەیسەر نابێت!
هەروەها ملیۆنەها کتێبی عەرەبیمان لە بەردەست‌دان، کە یان دۆست و پشتگرانی قورئان بە نیازی چاوکردن لە شێوازەکەی و شوێن پێ هەڵگرتنی.. یان دوژمنانی بۆ مەبەستی بەرەنگاری کردن و ڕەخنە لێ گرتنی، نووسیویانن..
خۆ هەموو ئەو کتێبانەی کە نووسراون و دەشنووسرێن، سەرباری بەرەوپێش‌چوونی شێوازیان، کە ئەویش ئەنجامی لە دوای یەکتر هاتنی بیرەکانیان و سوودوەرگرتنی دوایینەکانیانە لە پێشینانیان، کەچی لەو کاتەوە تا ئێستا، هیچ کام لەو نووسراوانە نە لە شێوازی قورئان دەچێت نە نزیکیشی دەبێتەوە! تەنانەت ئەگەر پیاوێکی عەوامیش گوێی لە خوێندنی قورئان بێت، هەست بەو ڕاستی‌یە دەکات و ناچار دەڵێت : (ئەم قورئانە لە هیچ

کامێکی ئەو کتێبانە ناچێت). جا یان ئەوەیە ڕەوانبێژیەکەی ئەم لە خوار هی ئەو کتێبانەوەیە، یان لە سەرووی هەموویانەوەیە. خۆ هیچ مرۆڤێك - هەر کەسێك بێت تەنانەت کافر و مرۆڤی نەفامیش ناتوانێت بڵێت: ڕەوانبێژیەکەی لە خوار ئەوانەوەیە.

جارێکیان یەکێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لله ما في السموات والأرض﴾(الحديد:١) پاشان وتی:

- من هیچ ڕوویەکی ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی ئەم ئایەتەدا نابینم کە ئێوە دەیبینن.

پێیانوت:

- (تۆیش وەك ئەم گەشتیارە بە ئەندێشەت بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێرەوە کە ئەم ئایەتەی تێدا هاتووە، لەوێ گوێی لێ ڕابگرە)!

ئەویش کە بە ئەندێشە گەڕایەوە بو ئەوێ و سەیری کاتی پێش نازڵبوونی قورئانی کرد، بینیی:

بوونەوەرانی جیهان، لە بۆشاییەکی چۆڵ و فراوانی بێ سنوور و جیهانێکی تیاچووی فانیدا فڕێ دراون و، لە بارێکی نائومێد و شلەژاودان و، لەناو تاریکییەکی ڕەش و چڕدا دەگەوزێن و، بێ گیان و ژیان و هەستونەست و کار و ئەرك و فرمانن.. ئا لەم کاتەدا، گوێی بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕاگرت و لێی ورد بووەوە، بینیی:

ئەم ئایەتە پەردەیەکی دادراوەی لەسەر ڕووی گەردوون و سەرانسەری جیهان هەڵدایەوە و، بە درەوشاوەیی و ڕوونی ڕووی گەردوون و جیهان دەرکەوت و، ئەم گوفتارە ئەزەلی و فەرمانە هەتاهەتاییە دەرسێکی بە خاوەن هەستانی ڕیزبەستووی چەرخە یەك لە دوای یەکەکان ڕاگەیاند و بۆی ڕوون کردنەوە کە:

ئەم گەردوونە وەك مزگەوتێکی مەزن وایە و، بوونەوەرانی ناویشی - بە تایبەت ئاسمانەکان و زەوی - سەرگەرمی ذیکر و تەهلیل و تەسبیحاتی گەرموگوڕی تایبەتیی خۆیانن و، هەریەکەیان بەوپەڕی شادمانی و تاسەمەندییەوە کار و ئەرکی خۆیان خستووەتە ئەستۆ و، بەوپەڕی بەختەوەری و سوپاسگوزاری و پێزانینیشەوە ئەنجامیان دەدەن و ڕایاندەپەڕێنن.

ئەم گەشتیارە، بەم جۆرە کاریگەریی ئەم ئایەتە پیرۆزەی لە گەردووندا بینی و، ئنجا مەودای بەرزی و ڕەوانبێژییەکەی چەشت و، گشت ئایەتەکانی تریشی بەم چاوە بینی و بەم پێوەرە هەڵیسەنگاندن. پاشان لە نهێنیی ئەوەش گەیشت کە ڕەوانبێژیی بێ وێنەی قورئانی پیرۆز بەسەر نیوەی گۆی زەوی و پێنجیەکی گرۆی مرۆڤدا زاڵ و شکۆدارە و، دوای ئەوەش پەیی بە حیکمەتێك برد لە نێوان ئەو هەزاران حیکمەتانەی کە وان لە بەردەوامبوون و نەبڕانەوەی شکۆمەندیی دەستەڵاتی قورئانی پیرۆزدا، بۆ ماوەی چواردە سەدەی ڕەبەق بەوپەڕی ڕێزەوە.

● **خاڵی چوارەم:**

قورئانی پیرۆز دارای سازگاری و شیرینی‌یەکی ڕەسەن و ڕاستەقینەی ئەوتۆیە کە بە دووپات‌کردنەوەی زۆر و بەردەوامیشی نابێزرێت و هەرگیز خوێندنەوەی زۆری نابێتە مایەی بێزاری، لە کاتێکدا کە دووپات‌بوونەوە لە شتی تردا، با زۆر خۆش و شیرین و بەتامیش بێت، هۆی بێزاربوون و لەبەرچاوکەوتنە. بەڵکو قورئانی پیرۆز، بە دووپات‌کردنەوەی خوێندنەوەی، پتر شیرینی و سازگاری‌یەکەی زیاد دەبێت و دەردەکەوێت. ئەمەش ڕاستی‌یەکە هەر لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا لای هەموو کەسێك سەلماوە، بە نموونە دەهێنرێتەوە.

بەم جۆرە، قورئانی پیرۆز هێندە تەڕی و پاراوی و لاوی و تازەیی دەرخستووە کە تا ئێستاش هەموو ئەمانەی پێوە دیارە و، هەرچەندەش وا چواردە سەدەیە نازڵ بووە و هەموو کەسێك بە ئاسانی دەستی دەکەوێت کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێی ئا ئێستا بە تازەیی نازڵ بووە. هەموو سەردەمێکیش قورئانیان هەر ئاوا بە لاوی و پاراوی و تازەیی وەرگرتووە و، وەك تەنها بە تایبەتی لەگەڵ ئەواندا بدوێت ئاوا لە بەرچاویاندا دەرکەوتووە. گشت تاقمێکی زانست‌مەشرەبی هەموو کاتێکیش دەبینن قورئان پارێزگاریی لاوی و تازەیی شێوازەکانی دەکات و پاراویی شێوەی ڕوونکردنەوەکانی ڕادەگرێت، هەرچەندەش قورئانیان لە بەردەستدایە و هەردەم لێی هەڵدەگۆزن و شوێن‌پێی هەنگاوی شێوازی ئەو هەڵدەگرن.

● **خاڵی پێنجەم:**

قورئانی پیرۆز یەکێك لە باڵەکانی ڕووەو "ڕابوردوو" و، ئەوی تریشی بەرەو "داهاتوو" بڵاو کردووەتەوە، چونکە بناغە و بنچینەی قورئان و یەکێك لە دوو باڵەکانی ئەو ڕاستی‌یەیە کە هەموو "پێغەمبەرانی پێشین" لە سەری یەکیان گرتووە. ئەوەتا قورئانی پیرۆز تەسدیقیان دەکات و پشتیان دەگرێت و، ئەوانیش پشتی ئەم دەگرن و بە زمانی حاڵی یەك‌گرتنیان لەگەڵ قورئاندا، تەسدیقی دەکەن.. هەروەها "ئەولیا و پیاوچاکان و دەروون خاوێنەکان"یش "بەر"ێکن ژیانیان لە "درەختی قورئان"ی پیرۆزەوە دەست کەوتووە.

جا پێگەیشتن و زیندوویی ئەم بەرە پێگەیشتووانە بەڵگەی ئەوەیە کە درەختە پیرۆزەکەیان بەخشندە و خاوەنی ژیان و، دارای ڕێژنەی بەردەوام و ڕاستی و ڕەسەنایەتی‌یە. چونکە هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆشتوونەتە ژێر چاودێری و پارێزگاریی باڵی دووهەمی قورئان و لە سایەی‌دا ژیاون، لە شوێنکەوتووانی تەریقەتە ڕاستەقینەکانی ئیسلام، هەر هەموویان شایەتی دەدەن کە قورئانی پیرۆز عەینی حەق و کۆگای ڕاستی‌یەکانە و، لە "گشتی‌بوون" و "هەمەلایەنگیری"دا هەرگیز هاوتا و وێنەی نی‌یە، کەواتە موعجیزەیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

● **خاڵی شەشەم:**

هەر شەش لاكانی قورئان ڕوون و ڕووناكی‌بەخشن. ئەمەش ڕاستی و دادگەریی قورئان دەردەخات..

بەڵێ، "لای خوارەوەی" قورئان و ژێرەوەی: ستوونی بەڵگەكانە و لەسەریان ڕاوەستاوە.. لە "لای سەروویشیەوە": مۆری ئیعجازی لەسەر نەخشاوە.. "بەردەم و ئامانجیشی": دیاری‌یەكانی بەختەوەریی هەردوو دنیان.. لە "پشتیشیەوە" واتە خاڵی پشت‌پێ‌بەستنی: ڕاستی‌یەكانی سرووشی ئاسمانی ڕیزیان بەستووە.. لە "لای ڕاستیشیەوە": تەسدیق كردنی چەندین بەڵگەی بێ‌سنوور و لەژمارەبەدەری ژیری‌یە ڕاستەكانە.. "لای چەپیشی": دڵنیایی و كێش‌بوون و تەسلیم و ملكەچیی تەواوەتیی دڵە ساغ و دەروون و هەناوە خاوێنەكانە.

جا هەروەك ئەم شەش لایانە دەیچەسپێنن كە: قورئانی پیرۆز قەڵایەكی ئاسمانیی وەهایە لەسەر زەوی‌دا كە هیچ شتێك ناتوانێت بیبڕێت و كەلێن لە دیوارەكەی‌دا دروست بكات.. هەروەها شەش مەقامیش هەن جەخت لەسەر ئەوە دەكەن و دەیچەسپێنن كە: قورئان خۆی لە خۆی‌دا ڕاست و ڕەوایە و، هەرگیز گوفتاری مرۆڤ نی‌یە و، لە هیچ لایەكیەوە ناڕەوایی توخنی ناكەوێت.

مەقامی یەكەمیان بریتی‌یە لە پشتگیری كردنی ئەم قورئانە پیرۆزە لە لایەن كارساز و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەوە، كە خوایەكە دەرخستنی جوانی و، پارێزگاری كردنی چاكە و ڕاستی و، نەهێشتن و لابردنی فێڵباز و درۆزنانی كردووە بە یاسایەكی كارگوزاریی كارامەی خۆی.. ئەم خواوەندە مەقامێكی ڕێزلێنانی وەها و پلەوپایەیەكی ئەوتۆی لە هەموو جیهاندا بەم قورئانە بەخشیوە كە لە هەموو پلە و پایە و مەقامێك بەرز و پایەدار و زاڵترە و، بەمەش تەسدیق و پشتگیریی خۆی بۆ قورئان دەربڕیوە.

پاشان ئەو ڕێزە شایان و باوەڕە بەتین و ڕەگداكوتاوەی كە زاتی مەزنی پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر قورئانی پیرۆز دەری‌بڕیوە، لە سەرووی هەموو ڕێزێكەوەیە. ئەم پێغەمبەرەی ﷺ كە سەرچاوەی ئیسلام و ڕوونكەرەوەی قورئانە و، بێ هیچ ویستێكی خۆی لە نێوان بێداری و نوستن‌دا "وەحی"ی بۆ نازڵ دەبوو، ئەم پێغەمبەرەی كە فەرموودەكانی تری هەرگیز ناگەنە ئاستی قورئان، تەنانەت هەر لەویش ناچن، هەرچەندە ڕەوانگۆترین كەسیشە.. هەروەها ئەم پێغەمبەرە ﷺ بەم قورئانە: ڕووداوە غەیبی‌یە گەردوونی‌یەكانی پێشین و داهاتووشی بەوپەڕی دڵنیایی و باوەڕبەخۆبوون و بێ هیچ دوودڵی‌یەك ڕوون كردووەتەوە، هەرچەندەش نەخوێندەوار بووە. ئنجا لەمەش‌دا هیچ فێڵ و هەڵە و شتێكی وەك ئەمانەی - با بچووكیش بوو بێت - لێ نەبینراوە، هەرچەندەش لە نێوان كەسانێك‌دا ژیاوە كە تابلێی سەرنجی هەڵس‌وكەوتەكانی ئەویان داوە..

جا باوەڕهێنانی ئەم ڕوونکەرەوە و ڕاگەیەنەرە مەزنـەی قورئـان کـە پێغەمبـەرە ﷺ و، دڵنیایی و نەلەرزینی لە هیچ شتێکدا – با زۆر گەورەش بوو بێت – پشتی ئەوە دەگرێت و دەیچەسپێنێت کە: قورئانی پیرۆز ئاسمانیـیە و، ڕاسـت و ڕەوا و داد و گوفتـاری پـیرۆزی پەروەردگاری میهرەبانە.

هـەروەها پەیوەستبوونی پێنجیەکی گرۆی مرۆڤ، بەڵکو نیـوەی هـەرە مـەزنیان، بـەم قورئانە پیرۆزەی کە لە بەردەمیاندایـە و بە چاو دەیبینن، بە پەیوەندیـیەکی گـەرموگوڕی ئایینداری و گوێڕاگرتنی پڕ لە شەوق و تاسە و ئارەزوومەندی و، هاتنی پـۆل پـۆلی جیننی و مەلائیکەت و ڕۆحانیـیەکان بۆ لای و کۆبوونـەوەیان لـە دەوری لـە کـاتی خوێندنـەوەیدا بـە چەشنی پەپوولـەی شەیدای ڕوونـاکی، بـە شـایەتیی چەندەهـا ڕووداوی زۆر و نیشـانەی زەبەندە و "کەشف"ی ڕاستی گەلێ کەس لە پیاوچاکان..

هـەموو ئەمانـە، تەسـدیقی ئـەوە دەکـەن کـە ئـەم قورئانـە جێـی ڕەزامـەندی و مایـەی سەرسووڕمانی گشت بوونەوەرانە و، لەم گەردوونەدا مەزنترین پلەوپایەی پێ دراوە.

هەروەها هەموو چینێك لە چینەکانی مرۆڤ، هەر لە عەوامەکان و تەمبەڵترین کەسـەوە تا دەگاتە کەسانی یەکجار زیرەك و زانا، بەشی خۆیان بە تەواوی لـەو دەرسانە وەردەگرن کە قورئانی پیرۆز دەیانڵێتەوە و قووڵترین ڕاستیـیەکانی تێدەگەن و لێـی وەردەگرن.. هـەروەها سەرجەمی زانایانی سەدان زانست و هونەری ئیسلامی، بە تایبەت موجتەهیدانی شـەریعەتی خاوێن و، لێکۆڵـەرانی ئوسـووڵی دیـن و بلیمەتانی زانستی کـەلام و هاوچەشنیان، وەڵامی شیفابەخشی پێداویستیـیەکانی تایبەت بە زانیاریـیەکانیانـەوە لـە قورئـانی پیرۆز دەرهێنـاوە و هەڵگۆزیوە..

هـەموو ئەمانـە، تەسـدیقی ئـەوە دەکەن کە قورئـانی پـیرۆز سـەرچاوەی حـەق و کانگـای حەقیقەتە.

هـەروەها بەرپەرچنەدانـەوەی قورئـان لـە لایـەن ئـەو ئەدیبـە عەرەبانـەی کـە لـە پێشـەنگی کاروانی ئەدەبـەوەن، بـە تایبـەت ئەوانـەیان کـە موسـڵمان نـەبوون، هەرچـەندەش حـەزیان لـە بەرەنگاریی کـردووە. هـەروەها دەستەوسـانی و کۆڵـەواریی تـەواویان بەرامبـەر تەنـها یـەك ڕووی حــەوت ڕووە مەزنــەکانی ئیعجــازی قورئــان (کــە ڕووی ڕەوانبێژیـیــەتی) و کۆڵـەواریـیان لـە هێنـانی شتێکی وەك تەنـها یـەك سـوورەتی قورئـان و، خۆدزینـەوەیان لـەم تەحـەددا و داوایـەی قورئـان.. هـەروەها بـەرەنگار نەبوونـەوەی ڕەوانبێژە بـەناوبانگ و زانـا بلیمەتـەکان تـاکو ئێسـتا– بەرامبـەر بـە هیـچ کـام لـە ڕووەکـانی ئیعجـازی قورئــان، هەرچـەندەش حـەزیان دەکـرد بـەم چەشنە بەرەنگاریـیە ناوبـانگ دەربکـەن و ناویـان بـڵاو ببێتەوە.. بەڵێ، بێدەنگیـیان لە ئاستی ئەمەدا، کۆڵەواریـیان پیشان دەدات، ئەوەتا ئەوان لەم بوارەدا هیچ هەنگاوێکیان نەنا!

هەموو ئەمانە، بەڵگەیەکی گومانبڕن لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز خۆی بۆ خۆی موعجیزەیە و لە سەرووی توانا و وزەی مرۆڤەوەیە.

بەڵێ، بەها و بڵندی و ڕەوانگۆیی هەر گوفتارێك بەوە ڕوون دەبێتەوە کە بزانرێت: (کێ وتوویەتی؟ بە کێی وتووە؟ بۆچی وتوویەتی)؟!

جا لەسەر بناغەی ئەمە، تا ئێستا نە هاووێنەی قورئانی پیرۆز هاتووە و، نە دێت و، نە هەرگیز هیچ شتێك نزیکی دەبێتەوە. چونکە قورئانی پیرۆز فەرمایشتی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە و گوفتاری بەدیهێنەریانە و، قسەکردنێکە هەرگیز بە هیچ جۆرێ لاسایی ناکرێتەوە و، هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی پێوە نییە کە ئەوە بگەیەنێت خۆکردەیی(التصنــــع)ی تێدا بێت..

هەروەها ئەو کەسەی کە قورئان گوفتاری خۆی ئاراستە دەکات نوێنەری گرۆی مرۆڤ بەڵکو نوێنەری سەرجەمی بوونەوەرانە بە گشتی و، بەڕێزترین قسەبۆکراو(مخــــاطب)ە و، ناویشی لە ناوی هەموان بەرز و پایەدارترە و، ئەم ئیسلامە مەزنە لە هێز و فراوانیی ئیمانەکەی ئەو کەسەوە سەرچاوەی گرتووە و، ڕێزیشی لە ڕادەیەکدایە کە بۆ "قـــــاب قوســـین" یان نزیکتریش سەرخراوە و بە گوفتار و لەگەڵدوانی خواوەندی بێوێنە پایەدار کراوە و ڕێزی لێنراوە.

پاشان قورئانی پیرۆز ڕێی بەختەوەریی هەردوو دنیا و ئامانجەکانی بەدیهێنانی گەردوون و مەبەستە پەروەردگارییەکانی لەمەڕ گەردوونی ڕوون کردووەتەوە.. هەروەها ئیمانە بەرزو بڵند و فراوانەکەی ئەو قسەبۆکراوە بەڕێزەشی خستووەتە ڕوو، کە ئیمانێکە هەموو ڕاستییەکانی ئیسلامی لە خۆدا جەم کردووە.. قورئانی پیرۆز هەموو لایەکی ئەم گەردوونە مەزنەی یەکالا کردووە و ئەم دیو و ئەو دیوی لاپەڕەکانی خستووەتە ڕوو، وەکو کەسێك کە نەخشەیەك یان سەعاتێکی لە بەردەستدا بێت و ئاڵوگۆڕ و دەستکارییان بکات و هەڵیان بگێڕێتەوە. قورئان بەم کردارەی و لە نێوان ئاڵوگۆڕەکانی ئەم گەردوونەدا، بەدیهێنەری "مرۆڤ و گەردوون"ی بەم مرۆڤە ناساندووە.

کەواتە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە: هەرگیزاوهەرگیز هێنان و پەیداکردنی هاووێنەی ئەم قورئانە لە توانای کەسدا نییە و، ناکرێت هیچ شتێك بگاتە پلەی ئیعجازی قورئان.

هەروەها هەزاران زانای هەڵکەوتوو، لەوانەی کە هەریەکەیان تەفسیرێکیان لە چەندین بەرگدا بۆ قورئانی پیرۆز نووسیوە، کە هی هەندێکیان گەیشتووەتە سی یان چل یان حەفتا بەرگ تەفسیر. هەموو ئەو زانایانە بە پاڵپشت و بەڵگەکانی خۆیان چەندین لایەنی لەژمارەبەدەری: تایبەتکاریی بەرز و سەرنجی ڕەوان و تایبەتمەندیی ورد و نهێنیی ناسك و واتای بڵند و هەواڵی غەیبیی زۆر و جۆراوجۆری قورئانی پیرۆزیان ڕوون کردووەتەوە. جا دەرخستن و چەسپاندنی ئەو هەموو تایبەتکارییانەی قورئان لە لایەن ئەو زانا

تەفسیرنووسانەوە، بەڵگەیەكی گومانبڕە لەسەر ئەوەی كە قورئان موعجیزەیەكی خواییەو دەراسا و لەعادەتبەدەرە. بە تایبەت كە هەر یەكە لە كتێبەكانی "پەیامەكانی نوور" - كە دەگەنە سەدوسی كتێب - تایبەتكارییەكی قورئانی پیرۆز و سەرنجێكی بێوێنەی ئەویان بە چەشنێكی گومانبڕ و بە بەڵگەی بەهێز چەسپاندووە. بە تایبەت پەیامی "موعجیزاتی قورئانی" و "مەقامی دووهەمی وتەی بیستەم" كە گەلێ شتی لە كارە دەراساكانی شارستانێتیی نوێ چەشنی: شەمەندەفەر و فڕۆكەی لە قورئانی پیرۆز دەرهێناوە. هەروەها تیشكی یەكەم كە ناوی: "ئاماژەكانی قورئان"ە و ئەو ئاماژانە دەردەخات كە لە قورئاندا هەن سەبارەت بە "پەیامەكانی نوور" و "كارەبا" و، ئەو هەشت پەیامە بچووكانەش كە ناویان "هەشت هێماكان"ە و مەودای ڕێسای وردی نێوان پیتەكانی قورئان باس دەكەن و تابلێی دارای نهێنی و واتای زۆر و زەبەندەن. هەروەها ئەو پەیامە بچووكەی كە باسی ئایەتەكانی كۆتایی سوورەتی "الفتح" دەكات و لە ڕووی هەواڵدانی غەیبییەوە بە پێنج ڕوو ئیعجازی ئەم سوورەتە دەردەخات و پەیامەكانی تریش كە وەك ئەمە وان..

جا كە هەموو یەكێك لە بەشەكانی "پەیامەكانی نوور" ڕاستییەك لە ڕاستییەكانی قورئانی پیرۆز و نوورێك لە نوورەكانی ڕوون دەكەنەوە، تەسدیق و تەئكیدی ئەوە دەكەن كە قورئانی پیرۆز هاووێنەی نییە و دەراسا و موعجیزەیە و زمانی جیهانی "پەنهان"ە لەناو ئەم جیهانە "بینراو"ەدا و، گوفتاری خواوەندی زانای نهێنییەكانە.

* * *

بەم جۆرە و لەبەر ئەم تایبەتكارییانەی قورئانی پیرۆز كە لە: شەش خاڵ و، شەش لا و، شەش مەقامدا ئاماژەیان بۆ كرا، فەرمانڕەوایەتیی نوورانی و شكۆدار و دەستەڵاتی خاوێن و پیرۆزی قورئان، بەوپەڕی ویقار و ڕێزەوە، بەردەوام بووە و، ڕووی هەموو سەردەمەكان و گۆی زەویشی، بە درێژایی هەزار و سێسەد ساڵ، ڕووناك كردووەتەوە..

لەبەر هەموو ئەو تایبەتكارییانە، قورئانی پیرۆز چەندین پلەوپایە و دەستكەوتی قودسیی خەڵات كراوە. چونكە بەلای كەمەوە خوێندنەوەی هەر پیتێكی قورئان پاداشتی (دە) خێر و (دە) دانە چاكە و (دە) بەروبوومی بەهەشتی هەیە. تەنانەت هەموو پیتێكی هەندێ ئایەت و سوورەت (سەد) یان (هەزار) یان زیاتر لە بەروبوومەكانی دوارۆژ دەگرێت و، لە كاتە پیرۆزەكاندا پاداشت و بەهای هەر پیتێك لە (دە) دانەوە بۆ (سەدان) بەرز دەبێتەوە.

ئەم گەشتیارەی ناو جیهان، لە هەموو ئەمانە و چەندین تایبەتكاریی تری خاوێن و هاوچەشنی ئەمانە گەیشت و، بە "دڵ"ی خۆی وت:

(بەڵێ ڕاستە، ئەم قورئانە پیرۆزەی كە لە هەموو ڕوویەكەوە خاوەنی ئیعجازە و، بە: یەكدەنگیی سوورەتەكانی و، یەكگرتنی ئایەتەكانی و، تەوافوقی نهێنی و نوورەكانی و،

یەکاویەك بوونی بەروبووم و ئاسەوارەکانی.. شایەتی‌یەکی بە بەڵگە چەسپاو دەدات لەسەر: "بوون" و "یەکتایی" خواوەندی "واجب الوجود" و، لەسەر سیفەتە شکۆدار و ناوە جوانەکانی، بە رادەیەك کە هەموو شایەتی‌یە لەژمارەبەدەر و بێ سنوورەکانی گشت ئیمانداران، تەنها چەند نمێکی ئەو شایەتی‌دانەی قورئانی پیرۆزن).

لە پلەی حەڤدەهەمی مەقامی یەکەمیش‌دا، بەم جۆرەی خوارەوە ئاماژەیەکی کورت بۆ ئەو دەرسی تەوحید و ئیمانە کراوە کە ئەم گەشتیارە لە قورئانی پیرۆز وەری گرت:

(لا إله إلاّ الله الواجب الوجود الواحد الأحد الذي دلّ على وجوب وجوده في وحدته: القرآن المعجز البيان المقبول المرغوب لأجناس الملَك والإنس والجانّ، المقروء كلّ آياته في كلّ دقيقة بكمال الإحترام بألسنة مئة مليون من نوع الإنسان، الدائم سلطنته القدسية على أقطار الأرض والأكوان وعلى وجوه الأعصار والأزمان، والجاري حاكميته المعنوية النورانية على نصف الأرض وخمس البشر في أربعة عشر عصراً بكمال الإحتشام. وكذا شهد وبرهن بإجماع سوره القدسية السماوية وباتفاق آياته النورانية الإلهية وبتوافق أسراره وأنواره وبتطابق حقائقه وثمراته وآثاره بالمشاهدة والعيان).

* * *

پاشکۆی دووهەم

(مەسەلەی دەهەمی پەیامی (بەری درەختی ئیمان) کە تیشکی یازدەهەمە)

گوڵی ئەمیرداغ

(ئەم مەسەلەیە وەڵامدانەوەیەکی باش و قەناعەتبەخشی ئەو ئیعتیرازانەیە کە لە دووپات بوونەوەکانی قورئان دەگیرێن).

برا ئازیز و بەوەفاکانم!

کاتێك دەستم بە نووسینی ئەم مەسەلەیە کرد، لە بارێکی گەلێ پەرێشان و شڵەژاودا بووم. لەبەر ئەوە، تا ڕادەیەك تەماوی دیارە و وەك پێویست ڕوون نییە. چونکە چۆنم بە دڵدا هات و نووسیم، هەروەهایش مایەوە. بەڵام دوایی تێ گەیشتم کە ئەم دەستەواژە ئاڵۆزانە ئیعجازێکی جوانیان تێدایە، کە بە داخەوە نەمتوانی مافی تەواو بەو ئیعجازە بدەم و دەری ببڕم..

جا ئەم نامەیە هەرچەند ڕووناکییەکانی کز بن، بەڵام لە ڕووی پەیوەندییان بە قورئانی پیرۆزەوە بە "پەرستنێکی فیکری" دادەنرێت و، بە "گەوهەر"ێك دەژمێررێت کە چەندین مرواریی درەوشاوە و بەنرخی تێدا بێت. لەبەر ئەوە، تکام وایە ڕوو لە توێکڵەکەی وەربچەرخێنن و بە وردی بۆ مرواریی پرشنگدارەکانی بڕوانن. دوای ئەوە ئەگەر لە ڕاستیدا بە شتێکی شایانتان زانی، ئەوا بیکەن بە: (مەسەلەی دەهەمی پەیامی بەری درەختی ئیمان) دەنا بە وەڵامدانەوەی پیرۆزباییەکەتانی دابنێن. ئنجا لەڕادەبەدەریش ناچار بووم کە زۆر بە کورتی بینووسم، چونکە لە کاتی نووسینیدا بەدەست بەدخۆراکی و ئازارەکانی نەخۆشییەوە دەتلامەوە، ئەمەش لە ڕادەیەکی وادا بوو کە لە ناچاریدا چەندین ڕاستیٔ و بەڵگەی زۆرم لە تەنها یەك ڕستەدا داناوە و، بە فەزڵی خوای گەورە لە دوو ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا تەواوم کرد. وا داوای لێبوردن دەکەم لەو کەم و کوورییەی کە لێمەوە دەرکەوت[1].

---

(١) ئەم مەسەلەیە گوڵێکی ناسك و درەوشاوەی ئەم مانگە پیرۆزە و شاری ئەمیرداغە، خرایە سەر میوەی بەندیخانەی دەنیزلی و کرا بە "مەسەلەی دەهەم". جا ئەم مەسەلەیە - بە ئیزنی خوا - ئەو ژەهری وەهم و خەیاڵە بۆگەنەی گومڕایان سەبارەت بە دیاردەی دووپات بوونەوە لە قورئاندا، لادەبات. ئەمەش بەهۆی ڕوونکردنەوەی تەنها یەك حیکمەتەوە لە حیکمەتە زۆرەکانی ئەم دیاردەیە. (دانەر)

برا ڕاست و بەوەفاکانم!

کاتێك لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجاز بووم، لە واتای ئەو سی‌وسێ ئایەتە ورد بوومەوە کە ئاماژەیان بۆ پەیامەکانی نوور کردووە، وەك لە "تیشکی یەکەم"دا باس کراوە، بۆم دەرکەوت کە هەریەك لەو ئایەتانە، بەڵکو ئایەتەکانی ئەو لاپەڕەیەی موصحەف و ئەو بابەتەی لێی دەدوێن وەك بڵێی ڕووەو پەیامەکان و قوتابییانی نوور دەڕوانن. ئەمەش لەو ڕووەوە کە ئەوان بەشێکیان لە لێشاوی فەڕ و پیرۆزیی ئەو ئایەتانە دەست کەوتووە. تەنانەت ئایەتی (نوور) کە لە سوورەتی "نوور"دایە، بە هەر دە پەنجەکان ئاماژە بۆ پەیامەکانی نوور دەکات، هەروەها ئایەتەکانی دوای ئەو، کە ئایەتی "ظلمـــات"ن، ڕووەو نەیار و دوژمنانی پەیامەکانی نوور دەڕوانن و بەشێکی زۆریان لەم ڕوانینەی خۆیان ئاراستە دەکەن، چونکە وەك ئاشکرایە: پلەوپایە و دووری‌یەکان(أبعـــاد) و مەبەستەکانی ئەو ئایەتە تەنها بە کات و شوێنێکی دیاری کراوەوە نەبەستراوە. واتە لە قاوغی هەندەکێتیی کات و شوێن دەردەچێت و بەرەو هەمەکی‌یەکان پەرواز دەبێت. لەبەر ئەوە، هەستم کرد کە پەیام و قوتابییانی نوور بە ڕاستی دەوری یەکێك لە تاکەکانی ئەو هەمەکی‌یە دەبینن لەم سەردەمەی ئێستای خۆماندا.

گوفتاری قورئانی پیرۆز، سیفەتی: (هەمەکێتی و، فراوانیی ڕەها و، بەرزی و، شموول)ی بەدەست هێناوە. چونکە ڕاستەوخۆ لە پلەوپایەی هەرە فراوانی پەروەردگارێتی‌یە گشتی‌یەکەی خاوەن گوفتاری ئەزەلی‌یەوە دەرچووە..

هەروەها قورئانی پیرۆز ئەم سیفەتانەی لە پلەوپایەی مەزن و فراوانی ئەو کەسەوە وەرگرتووە کە ئەم کتێبەی بۆ نێرراوە، کە ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەیە ﷺ بە ناوی هەموو مرۆڤایەتی‌یەوە، بەڵکو بە ناوی هەموو بوونەوەرانەوە، لە لایەن خواوەندەوە، گوفتاری لەگەڵ دەکرێت..

هەروەها ئەم سیفەتانەی لەوەوە دەست دەکەوێت کە ئەم گوفتارەی قورئان ڕوو لە پلەوپایە فراوانەکەی هەموو چینەکانی مرۆڤایەتی و لە هەموو سەردەمێكدا بە گشتی، دەکات..

هەروەها لەو پلەوپایە بەرزەی ڕوونکردنەوە کامڵ و شیفابەخشەکانی ئەو یاسا خوایی‌یانەوە دەستی دەکەوێت کە پەیوەندی‌یان بە دنیا و قیامەت و، زەوی و ئاسمان و، ئەزەل و ئەبەدەوە هەیە و تایبەتن بە پەروەردگارێتیی خواوەندەوە و کاروباری هەموو بوونەوەران دەگرنەوە.

جا ئەم گوفتارە مەزنەی کە ئەم هەموو فراوانی و بەرزی و شموولەی دەست کەوت، ئیعجازێکی قەشەنگ و دەورەدانێکی گشتی دەردەخات. بە چەشنێك کە پلە سروشتی و ئاشکراکانی هەروەك بە نەرم و نیانی لەگەڵ تێگەیشتنی سادەی عەوامەکاندا (کە زۆربەی

گفت‌وگۆ لەگەڵ کراوانی قورئانن) مامەڵە دەکات، هەروەها بەشێکی زۆریش لە ڕێنمایی‌و واتاکانی بە بەرزترین ئاستە فیکری و چینە عەقلی‌یەکانی مرۆڤ دەبەخشێت.. کەواتە وەنەبێت تەنها بەشێکی کەم لە ڕێنمایی‌یەکانی بە گفت‌وگۆ لەگەڵ کراوانی خۆی ببەخشێت و تەنها بە یەك پەندی چیرۆکێکی مێژوویی تایبەتمەندیان بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەموو چینێك لە هەموو سەردەمێك‌دا تاکێکە لە تاکەکانی دەستوورێکی هەمەکی، ئەوا قورئانی پیرۆز ڕوو لە هەموو چینێکی هەموو سەردەمێك دەکات و بە گوفتارێکی تازە و نوێ و پاراو وەك بلێی ئا ئێستا نازڵ بووبێت، لەگەڵیان‌دا دەدوێت..

بە تایبەتی کە بە زۆری: (الظالمين.. الظالمين) دووپات دەکاتەوە و بە توندی سەرزەنشتیان دەکات و هەڕەشەی سامناکیان بە هاتنی بەڵا و موسیبەتی زەوی و ئاسمان بەهۆی تاوان و ستەمەکانیانەوە ئاراستە دەکات. بەم دووپات کردنەوەیەش سەرنجی خەڵکی بۆ لای چەندین ستەمی وا ڕادە کێشن کە لەم چەرخەدا وێنەیان نی‌یە. ئەمەش بەهۆی باسکردنی چەند جۆرێکی ئەو ئەشکەنجە و بەڵا و موسیبەتانەی هاتنە ڕێی قەومی عاد و سەموود و فیرعەون و، بە باسکردنی ڕزگاربوونی چەندین پێغەمبەری بەڕێزی وەك حەزرەتی ئیبراهیم و مووسا، درووودیان لەسەر بێت.

پاشان ئەم قورئانە مەزنە بە ئیعجازێکی قەشەنگ و ڕوون هەموو چینێك لە هەموو سەردەمێك‌دا بۆ ئەوە ڕێنمایی دەکات کە: کاتە ڕابوردوو و سەردەمە لەناوچووەکانی زوو، لە ڕوانگەی گومڕا بێ‌ئاگاکانەوە بریتی‌یە لە شیوێکی قوڵی عەدەم و چۆڵ و سامناك و گۆڕستانێکی ئازاردەری پڕ لە خەفەت و دەردی‌سەری.. ئەمەی کە گومڕایی وامان پیشان دەدات، قورئان وەکو لاپەڕەیەکی زیندووی پڕ لە پەند و دەرس و عیبرەت و، جیهانێکی سەیری وا پیشانمان دەدات کە لەم سەر تا ئەو سەر بە "ژیان" ڕازاوەتەوە و، وڵاتێکی پەروەردگاریانەی ئەوتۆ کە چەندین جۆر پەیوەندی‌یان لەگەڵمان‌دا هەیە.. ئەمەشمان بە ئیعجازە بێ‌وێنەکەی خۆی و وەك لەسەر شاشەدا پیشانمان بدرێت، ئاوا بۆ ڕوون دەکاتەوە. جا هەندێ جار ئەو سەردەمانە بۆلای ئێمە دەهێنێت و بە زەقی دەیانخاتە بەرچاومان، هەندێ جاری تریش ئێمە بۆ ئەو سەردەمانە دەبات.

ئەو "گەردوون"ەی کە لەخواغافڵان بە بۆشایی‌یەکی سامناکی بێ بن و چەند بێ گیانێکی شلەژاوی دەبینن کە لە گێژاوی ئازار و جودایی‌دا تلێر دەبنەوە و گێژ دەخۆن.. قورئانی پیرۆز، بە هەمان ئیعجاز، ڕوونی دەکاتەوە کە: ئەم (گەردوونە) کتێبێکی ڕەوانە، خواوەندی تاك و تەنیا و صەمەد نووسیویەتی و، شارێکی ڕێك‌وپێکە کە خواوەندی بەبەزەیی و میهرەبان ئاوەدانی کردووەتەوە و، پیشانگایەکی قەشەنگ و بێ وێنەیە کە پەروەردگار بۆ پیشاندان و ناوبانگ پێ‌دەرکردنی بەدیهێنراوانی خۆی ئامادەی کردووە. قورئانی پیرۆز، بەم ڕوونکردنەوەیە، ژیان بەو بێ گیانانە دەبەخشێت و وایان لێ دەکات کە

لە نێوان خۆیاندا بەدەم یارمەتیدانی یەکترەوە بڕۆن، وەك بڵێی بە جۆرێکی ڕاستەقینە و پڕ لە خۆشەویستی لەگەڵ یەکتر بدوێن و وتو وێژ بکەن، دەبینیت هەموو شتێك کار و ئەرك و فەرمانبەری‌یەکی پێ سپێرراوە..

بەم جۆرە، قورئانی پیرۆز دەرسی حیکمەتی ڕاستەقینە و زانستی ڕووناکی‌بەخش بە جینی و ئینس و مەلائیکەتان دەڵێتەوە. کەواتە بێ هیچ گومانێك ئەم قورئانەی کە ئەم ئیعجازەی لە ڕوونکردنەوەی شتاندا هەیە، شایانی ئەوەیە کە چەند تایبەتکاری‌یەکی بەرز و پیرۆز بەدەست بهێنێت، وەك ئەوەی کە:

خوێندنەوەی هەر پیتێکی (دە) چاکە، بەڵکو لە هەندێ جاردا (هەزار) تەنانەت لە هەندێ جاری تردا (هەزاران) چاکە دەست خوێنەرەکەی دەخات.. هەروەها وەك کۆڵەواری و دەستەپاچەیی هەموو جینی و ئادەمیزاد لەوەدا کە شتێکی هاووێنەی ئەو قورئانە دروست بکەن، با هەر هەمووشیان بۆ ئەو مەبەستە کۆببنەوە.. هەروەها وەك گفتوگۆ و دوانی پڕ لە بەلاغەت و دانایانەی لەگەڵ ئادەمیزاددا، بەڵکو لەگەڵ هەموو بوونەوەراندا بە گشتی.. هەروەها وەك ئەوەی کە لە هەموو سەردەمێکدا ملیۆنان کەس بەوپەڕی ئارەزوومەندی و چێژ لێ‌وەرگرتنەوە حەزیان بە لەبەرکردنیەتی.. هەروەها وەك بێزار نەبوون لە زۆرخوێندنەوەی، سەرەڕای دووپات بوونەوەکانیشی.. هەروەها وەك جێگیربوونی بە تەواوی لە زەینی ناسك و سادەی منالاندا، هەرچەندە جێگا و ڕستەی زۆری وەهایشی تێدایە کە لەوانەیە لێیان تێك بچێت.. هەروەها وەك لەزەت وەرگرتنی بیماران و ئەوانەی لە سەرەمەرگ و گیانەلاداندا لە بیستنی قورئان و خۆش‌بوونی لە گوێیاندا، هەرچەندەش بە سادەترین قسە بێزار دەبن.. ئەمانە و غەیری ئەمانەش، لەو تایبەتکاری‌یە بەرز و پیرۆزانەی کە قورئانی پیرۆز دەستی کەوتووە و، بەمانەش بەختەوەریی هەردوو دنیا بە خوێنەران و قوتابییانی خۆی دەبەخشێت.

هەروەها قورئانی پیرۆز ئیعجازە جوانەکەی خۆی لە "شێوازی ڕێنمایی‌یە ڕەوانەکەی"دا دەردەخات. ئەوەتا زۆر بە جوانی چاودێریی نەخوێندەواریی ڕاگەیەنەرەکەی ﷺ کردووە، بەوەدا کە شێوازە ڕەوانە سروشتی‌یەکەی خۆی بە بەردەوامی هێشتووەتەوە و، زۆر لەوە بەرزترە کە هیچ جۆرە تەکەللوف و ڕیایەك توخنی بکەوێت. شێوازەکەی بە چەشنێکی وایە عەوامەکان -کە زۆربەی زۆری خەڵکن- لێی تێ‌دەگەن. شێوازی قورئان لەگەڵ ئەوانەدا بە جۆرێکە کە زۆر بە نەرم و ناسك و سادەیی مامەڵە لەگەڵ زەینیاندا دەکات، بۆ ئەمەش گفتوگۆکان دادەبەزێنێتە ئاستێکی نزیك لە تێگەیشتنیانەوە و، چەند لاپەڕەیەکی ئاشکرا و ڕوونی وەك ئاسمانەکان و زەوی‌یان لە بەردەمدا بلاودەکاتەوە و، سەرنجی بینەران بۆ موعجیزاتی توانستی خوا و دێڕەکانی دانایی‌یە لەڕادەبەدەرەکەی، کە لە ژێر پەردەی کاروبارە ئاسایی‌یەکانەوەن، ڕادەکێشێت.

پاشان قورئانی پیرۆز جۆرێکی تری ئیعجازە بێوێنەکەی خۆی بەوە دەردەخات کە بە چەشنێکی "ڕەوان" ڕستەیەك یان چیرۆکێك "دووپات دەکاتەوە" لەو کاتانەدا کە ڕێنمایی چەندین چینی جیاوازی خەڵکی بۆ چەند واتایەکی جۆراوجۆر و، چەندین پەند و عیبرەتی زۆر لەو ئایەتە یان لەو چیرۆکەدا دەکات. لەبەر ئەوە، قورئان داخوازی ئەوەیە کە دووپاتبوونەوەی تێدا بێت، چونکە هەروەك کتێبی پاڕانەوە و بانگەوازە، کتێبی ذیکر و یەکتاناسینی خواوەندیشە. خۆ دیارە هەریەك لەمانە داخوازی دووپات کردنەوەیە. کەواتە هەر ئایەتێك یان هەر چیرۆکێك لە قورئاندا دووپات کراوەتەوە، واتایەکی تازە و پەندێکی نوێی تێدایە.

هەروەها ئیعجازەکەی خۆی بەوە دەردەخات کە (لە چەند ڕووداوێکی جوزئی دەدوێت) و دەکۆڵێتەوە کە لە ژیانی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەردا ﷺ و لە کاتی نازڵبوونی قورئان و دامەزراندنی بینای ئیسلام و بناغەکانی شەریعەتدا ڕوویان داوە. دەبینیت گرنگییەکی زۆر بەو ڕووداوانە دەدات و، بەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە وردترین کاروباری بچووکترین ڕووداوی هەندەکی، لە بەرچاوی میهرەبانیی خوای گەورەدا و لە نێوان بازنەی بەڕێوەبردن و تەگبیرکاریی ئەو خواوەندەدایە. ئەمە جگە لەوەی کە بە باسکردنی ئەو ڕووداوانە چەند یاسا و دەستوورێکی گشتی و شامیلی خواوەند کە لە گەردووندا کار دەکەن دەردەخات.. لەمانەش زیاتر: ئەو ڕووداوانە کە لە کاتی دامەزراندنی ئیسلام و شەریعەتەکەیدا ڕوویان داوە، وەك ناوك و تۆو وان، لە داهاتوودا چەندین بەروبوومی ئەحکام و سوود و قازانج دەگرن.

بەڵێ، (دووپاتبوونەوەی پێویستی داخوازی دووپاتبوونەوەی باسکردنیشیەتی). ئەمەش دەستوورێکی چەسپاوە. لەبەر ئەوە، قورئانی پیرۆز لە ماوەی بیست ساڵدا وەڵامی چەندین پرسیاری دووپاتبووی زۆری داوەتەوە و، بەم وەڵامدانەوە دووپاتبووانەش ڕێنمایی چەندین چینی جۆراوجۆری قسە بۆکراوانی خەڵکیی کردووە. دەبینیت قورئان چەند ڕستەیەکی وا دووپات دەکاتەوە کە هەزاران بەرهەمیان هەیە و، چەند ڕێنماییەك چەندین جار دەڵێتەوە کە ئەنجامی چەندەها بەڵگەی لەژمارەبەدەر و بێسنوورن، ئەمەش لەو کاتەدا کە دەیەوێت: (ئەو ئاڵوگۆڕە گەورە و سامناکەی لە جیهاندا ڕوودەدەن و، ئەو کاولکاری و هەڵوەشانەوەیەی تووشی دنیا دێت و، بنیاتنانی دوارۆژی هەمیشەیی لە بریی دنیا دوای هەموو ئەمانە) لە مێشك و دڵی خەڵکیدا جێگیر بکات.

هەروەها قورئانی پیرۆز ئەو ڕستە و ئایەتانە لەو کاتانەشدا دووپات دەکاتەوە کە دەیچەسپێنێت هەموو شتە جوزئی و کوللییەکان، هەر لە گەردیلەکانەوە تا ئەستێرەکان، لە ژێر دەستی یەك خوای تاك و تەنیادان. هەروەها لەو کاتانەدا دووپاتیان دەکاتەوە کە ڕق و

خەشمی خوای پەروەردگار دەردەخات بەرامبەر بەو ستەمکاری‌یانەی مرۆڤ دەیانکات کاتێك کە سنووری ئامانجی بەدیهێنان دەشکێنێت. ئەو ستەمکاری‌یانەی کە ڕق و قین و هەڵچوونی ئاسمانەکان و زەوی و توخمەکانیان لە دژی ئەو ستەمکارانە دەورووژێنێت.

لەبەر ئەوە، دووپاتبوونەوەی ئەو ڕستە و ئایەتانە لە کاتی باس کردنی ئەو کارە گەورە و گرنگانەدا، هەرگیز بە ناتەواوی دانانرێت لە ڕەوانبێژی‌دا، بەڵکو ئیعجازێکە لەوپەڕی بێ‌وێنەیی و جوانی‌دا و، ڕەوانبێژی‌یەکە لەوپەڕی بەرزی‌دا و، ڕەوانکاری و فەصاحەتێکی یەکاویەکە لەگەڵ داخوازیی حاڵ و مەقامدا.

❖ بۆ نموونە:

ڕستەی: ﴿بسم الله الرحـــمن الرحيم﴾ تەنها یەك ئایەتە، سەد و چوارده جار لە قورئانی پیرۆزدا دووپات دەبێتەوە. چونکە وەك لە "لەمعەی چواردەهەم"دا ڕوونمان کردووەتەوە، ئەم ڕستەیە ڕاستی‌یەکی گەلێ گەورەیە و، گەردوونی لە ڕووناکی پڕ کردووە و، بە پەیوەندی‌یەکی توندوتۆڵ عەرش و فەرشی بە یەکەوە بەستووە و، هەموو کەسێك لە هەموو کاتێكدا پێویستی‌یەکی تەواوی بەو ڕاستی‌یە هەیە. کەواتە ئەگەر ئەم ڕاستی‌یە مەزنە ملیۆنان جاریش دووپات ببێتەوە، هێشتا ئەو پێویستی‌یە هەر دەمێنێت و تێر نابێت. چونکە وەکو "نان" نی‌یە تا پێویستی‌یەکی ڕۆژانە بێت، بەڵکو وەك "هەوا" و "ڕووناکی" وایە کە لە هەموو خولەکێكدا مرۆڤ حەزی لێ‌یەتی و پێویستی پێ‌یەتی.

❖ ئایەتی: ﴿وإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العزيزُ الرَّحيم﴾ لە سوورەتی (الشعراء)دا هەشت جار دووپات دەبێتەوە. جا دووپات بوونەوەی ئەم ئایەتە مەزنەی کە هەزاران ڕاستیی تێدایە، لە سوورەتێكدا کە باسی ڕزگاربوونی پێغەمبەران - عليهم السلام - و ئازار و ئەشکەنجەی قەومەکانیان دەکات، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە:

ستەمکاریی قەومەکانیان بە ڕادەیەکی وایە کە دەم لە ئامانجی بەدیهێنانی بەدیهێنراوان و، مەزنیی پەروەردگارێتی‌یە ڕەهاکەی خواوەند دەدات و خۆی تێ‌هەڵدەقورتێنێت. لەبەر ئەمە، عیززەتی پەروەردگاری داخوازی سزادانی ئەو قەومە ستەمکارانە دەبێت. کەواتە ئەگەر ئەم ئایەتە هەزاران جاریش دووپات ببوایەتەوە، ئەوا شەوق و تاسەمەندیی مرۆڤ بۆی‌و پێویستیی پێی هێشتا هەر تەواو نەدەبوو. کەواتە دووپاتبوونەوە لێرەدا بەلاغەتێکی بەرزی خاوەن ئیعجاز و ئیجازە.

❖ هەروەها کە ئایەتی: ﴿فَبِأيِّ آلاءِ رَبِّكُما تُكَذِّبان﴾ لە سوورەتی (الرحـــمن)دا و، ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَيْـــلٌ يَوْمَئِـــذٍ لِلْمُكَذِّبِـــينَ﴾ لە سوورەتی (المرســـلات)دا دووپات بوونەتەوە، هەریەکەیان ڕووەو هەموو سەردەم و چەرخەکان هاوار دەکات و، بە ئاشکرا لە هەموو لایەکی ئاسمانەکان و زەوی‌دا ڕای‌دەگەیەنێت کە کوفری جینی و ئینس و ئینکاری کرنیان

بۆ نیعمەتە خواییەکان و، ستەمکارییە لەڕادەبەدەرەکانیان، خەشم و قینی بوونەوەران دەهەژێنن و وا لە زەوی و ئاسمانەکان دەکەن کە ڕقیان لێیان ببێتەوە و.. کوفرەکەیان لەگەڵ حیکمەت و مەبەستی بەدیهێنانی جیهاندا یەك ناکەوێت و، بە دەستدرێژی کردن دادەنرێت بۆ سەر مافی هەموو بوونەوەران بە گشتی و، ئینکاریی مەزنیی خواوەند دەکات و گاڵتەی بەو مەزنییە دێت..

لەبەر ئەمانە، ئەم دوو ئایەتەی کە پەیوەندییان بە هەزاران ڕاستیی وەك ئەمانەوە هەیە و بە ئەندازە و هێزی هەزاران مەسەلەی تر گرنگییان هەیە، ئەگەر بە هەزاران جاریش لە گفت و گۆیەكدا کە ئاراستەی جیننی و ئینس کرابێت دووپات بکرێنەوە، هێشتا هەر پێویستی بە دووپاتبوونەوەیان دەمێنێت. کەواتە دووپاتبوونەوە لێرەدا بەلاغەتێکی کورت و مەزن و موعجیزەیەکی یەکجار جوانە.

❖ نموونەیەکی تر سەبارەت بە حیکمەتی دووپاتبوونەوە، لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دەهێنینەوە:

لەو موناجاتەی پێغەمبەردا ﷺ کە بە: "الجوشن الكبير" بەناوبانگە و، نزا و پاڕانەوەیەکی گەلێ جوانە و، نموونەیەکی پوختەکراوی هەڵێنجراوی قورئانی پیرۆزە، لەم موناجاتەدا ڕستەی: (سبحانك لا إله إلاّ أنت الأمان الأمان خلّصنا وأجرنا ونجّنا من النـــار) سەد جار دووپات بووەتەوە. خۆ ئەگەر هەزاران جاریش دووپات ببوایەتەوە، ئەوا هەرگیز مرۆڤی بێزار نەدەکرد، چونکە ئەم ڕستەیە گەورەترین ڕاستیی گەردوون کە "تەوحید"ە و، مەزنترین فەرمانبەریی بوونەوەران بەرامبەر پەروەردگاری شکۆمەندیان کە بریتییە لە تەسبیح و تەحمید و تەقدیس و.. مەزنترین کێشە و مەسەلەی چارەنووسی مرۆڤایەتی کە ڕزگاربوونە لە دەردیسەریی هەمیشەیی و ئاگری دۆزەخ و.. پێویستترین ئامانج لە بەندایەتی و کۆڵەواریی مرۆڤدا کە نزا و پاڕانەوە و دوعایە.. هەموو ئەمانەی تێدایە.

بەم جۆرە، زۆر شتی هاوچەشنی ئەم بناغە و بنچینانە لە قورئانی پیرۆزدا دووپات بوونەتەوە، بە ڕادەیەکی وا کە هەندێ جار لە یەك لاپەڕەی موصحەفدا بیست جار زیاتر - چ بە ڕاشکاوی و چ بە جۆرێکی ناوەکی - ڕاستیی "تەوحید" دەردەبڕێت. ئەمەش بەپێی داخوازیی مەقام و پێویستیی تێگەیاندن و بەلاغەتی ڕوونکردنەوە. جا بەم دووپاتکردنەوەیە شەوقی دووپاتکردنەوەی خوێندنەوەش دەجووڵێنێت و بەلاغەتەکەی بەهێز و بەرزتر دەکات، بێ ئەوەی بێتاقەتی و بێزاری لە دەروونی مرۆڤدا بەجێ بهێڵێت.

بەشەکانی "پەیامەکانی نوور" حیکمەتی دووپاتبوونەوەی ناو قورئانی پیرۆزیان بە جوانی باس کردووە و بەڵگەکانیشیان ڕوون کردوونەتەوە و چەسپاندوویانە کە ئەو دووپات کردنەوەیە چەندە لەگەڵ بەلاغەتدا گونجاوە و، لە هەمان کاتدا چەند قەشەنگ و جوانیشە.

❖ حیكمەتی ئەو جیاوازیيەش كە لە نێوان سوورەتە مەككی و مەدەنیيەكاندا هەیە، لە بارەی بەلاغەت، لە ڕووی ئیعجاز و كورتی یان درێژەپێدانی ئەو بابەتانەی باسیان دەكەن، بەم جۆرەی خوارەوەیە:

پۆل و ڕیزی پێشەوەی نەیارەكانی قورئان لە مەككەدا بتپەرستەكانی قورەیش بوون، كە نەخوێندەوار و بێ كتێب بوون. لەبەر ئەوە، بەلاغەت لەوێ داخوازی شێوازێكی بەرز و بەهێز و، كورتیيەكی بە ئیعجازی قەناعەتبەخش و، دووپاتبوونەوەیەكی وا بوو كە بۆ جێگیركردن و دامەزراندنی تێگەیاندنیان پێویست بێت. لەبەر ئەوە، زۆربەی سوورەتە مەككیيەكان پایەكانی ئیمان و پلەكانی تەوحیدیان بە شێوازێكی لەوپەڕی هێز و بەرزی و بە كورتیيەكی تایبەتی پڕ لە ئیعجازدا باس كردووە و، ئیمان بەخوا و مەبدەء و مەعادیان دووپات كردووەتەوە، تەنانەت ئەو پایانەی ئیمانی بە (پێشخستن و دواخستن و، تەعریف و تەنكیر و، حەذف كردن و باس كردن) لە هەموو لاپەڕە و ئایەتێكدا، یان لە یەك ڕستەدا، یان لە یەك وشە، بەڵكو لە یەك پیتدا دەربڕیوە و، پایەكانی ئیمانی لەو چەشنە حاڵەت و شێوە بەلاغیيانەدا چەسپاندووە، بە چەشنێك كە پێشەوا و زانایانی بەلاغەتی لە بەردەم ئەم شێوازە پڕ لە ئیعجازەدا حەپەساو و سەرسووڕماو كردووە.

پەیامەكانی نوور، بە تایبەتی وتەی بیستوپێنجەم (پەیامی موعجیزاتی قورئانی و پاشكۆكانی) چل ڕووی ئیعجازی قورئانیان ڕوون كردووەتەوە. هەروەها تەفسیری: "إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز" كە بە زمانی عەرەبیيە، بە چەشنێكی گەلێ جوان ئیعجازی قورئانی سەبارەت بە هۆنینەوەی نێوان ئایەتە پیرۆزەكانی ڕوون كردووەتەوە. بە ڕاستی ئەم دوو پەیامە شێوازی ڕەوانبێژیی بەرز و، كورتیی پڕ لە ئیعجازی قورئانیان چەسپاندووە.

بەڵام پۆل و ڕیزی پێشەوەی نەیارەكانی ئایەت و سوورەتە مەدەنیيەكان جوولەكە و گاوران بوون كە خاوەن كتێبن و ئیمانیان بە خوای گەورە هەیە. لەبەر ئەوە، دەستوورەكانی بەلاغەت و شێوازەكانی ڕێنمایی و بناغەكانی ڕاگەیاندن داخوازی ئەوە بوون كە ئەو گوفتارەی ئاراستەی ئەو خاوەن كتێبانە دەكرێت لەگەڵ واقیعی حاڵیاندا گونجاو و یەكاویەك بێت. دەبینیت شێوازی قورئان لە سوورەتە مەدەنیيەكاندا ئاسان و ڕوون و ڕەوانە و، شتە جوزئیيەكان -نەك بنچینە و بناغەكانی ئیمان- ڕوون دەكاتەوە. چونكە هەموو حوكمە فەرعی و یاسا هەمەكیيەكان لەو شتە جوزئیيانەوە پەیدا دەبن و هەر ئەوانن كە دەبنە خولگەی ئیختیلافی نێوان ئەحكام و شەریعەتەكان. لەبەر ئەوە، دەبینیت زۆربەی جار ئایەتە مەدەنیيەكان ڕوون و ڕەوانن و لە شێوازێكی پڕ لە ئیعجازی تایبەت بە قورئاندان.

بەڵام كاتێ كە قورئـان پوختەیەكی كـورت و بەهێز، یـان ئەنجامێكی كورت كراوە، یـان كۆتاییەكی پتەو، یـان بەڵگەیەكی بەهێزی گومـانبڕ لـە كۆتـایی ڕووداوێكـی جوزئـی و فەرعیدا باس دەكات، ئەوا بەمە ئـەو ڕووداوە جوزئییە دەكـات بـە قاعیدەیەكی هەمـەكی و گشتی. ئنجا بۆ مەبەستی ئەوەش كە گوێڕایەڵی كردن و بەجێهێنانی ئەو قاعیدانە مسـۆگەر بكات "ئیمان بـە خوا" لـە نـاخدا جێگیر دەكـات. ئـەم مەبەستەش ئـەو كۆتاییيـە كورتانـەی ئایەتەكان كە "تەوحید" و "ئیمان" و "دواڕۆژ"یان تێدا كورت كراوەتەوە، دەیهێنێتەدی. ئیتر دەبینیت ئەو مەقامە ڕوون و ڕەوانە بەو كۆتاییيانەی ئایەتەكان ڕووناك و بەرز دەبێتەوە.

(پەیامەكانی نوور ڕادەی بڵندیی بەلاغەت و تایبەتكاری و جۆرەكـانی ڕەوانكاریی ورد و بـەرزی ئـەو پوختـە و كۆتاییيانـەی ئایەتـەكانی قورئانیـان ڕوون كردووەتـەوە، ئەمـەیان بـۆ كەللەڕەقترین دوژمنیـش چەسپاندووە. ئـەوەش لـە "دە" دانـە تایبـەتكاری و سـەرنجدا كـە لـە نـووری دووهـەمی ڕۆشنایی دووهـەمی وتـەی بیسـتوپێنجەمدایە، كـە تایبەتـە بـە ئیعجـازی قورئانەوە).

جا ئەگەر دەتەوێت لەمە تێبگەیت، ئەوا فەرموو بڕوانە:

﴿ انَّ اللهَ على كُلِّ شيْءٍ قديرٌ﴾، ﴿ انَّ اللهَ بكُلِّ شيْءٍ عليمٌ﴾، ﴿وهوَ العزيزُ الحكيـــــمُ﴾، ﴿وهوَ العزيـــــزُ الرحيـــمُ﴾ و هاووێنەیان لـەو ئایەتانـەی كـە "تـەوحید" دەگەیـەنن و دواڕۆژ دەخەنەوە یادو كۆتایی بە زۆربەی ئایەتە پیرۆزەكـانی قورئـان دەهێنن، كـە بۆیـان دەڕوانیت، دەبینیـت قورئـانی پـیرۆز لـە كـاتی بـاس كردنی حوكمـە شـەرعی و فەرعییـەكان و یاسـا كۆمەڵایەتییەكاندا سەری گوێبیستەكەی بـەرز دەكاتـەوە تـاكو بڕوانێتـە چەند ئاسۆیەكی هەمـەكیی فراوان و، بەم كۆتاییيانـە ئـەو شـێوازە ئاسـان و ڕوون و ڕەوانـە دەگۆڕێـت بـە شێوازێكی یەكجار بەرز و بڵند. وەك بڵێی خوێنەر لە دەرسی شەریعەتەوە بۆ دەرسی تـەوحید دەگوێزێتەوە. ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێت كـە: "قورئـان" هـەروەك كتێبـی بیروبـاوەڕ و ئیمانـە، كتێبی شـەرع و ئـەحكام و حیكمەتیشـە.. هـەروەك كتێبی دوعـا و دەعوەتـە، هـی ذیكـر و فیكریشە.

بەم چەشنە و، بەپێی جیـاوازیی مـەقام و جۆراوجۆریـی ئامـانج و مەبەستەكانی ڕێنمـایی و ڕاگەیاندن، جۆرە ڕەوانییەكی پڕ لە ئیعجازی ئاشكرا و درەخشان لە ئایەتـە مەدەنییـەكاندا دەبینین، كە جیایە لە بەلاغەتی ئایەتە مەككییەكان. كاتی وا هەیە ئەم جـۆرە بەلاغەتـە لـە دوو وشەدا دەبینیت وەك: (ربك) و (رب العالمين). چۆنكە بە تەعبیری: (ربك) ئەحەدییـەت فـێری خوێنـەر دەكـات: بـەڵام بـە: (رب العـــالمين) واحیدییـەتی فـێر دەكـات. ئـەوەش هەیـە كـە واحیدییەت ئەحەدییەتیشی تێدایە[1].

---

(١) واحیدییەت: ئەوە دەگەیەنێت كە ئەو ناوەی خوای گەورە هەموو شتێك دەگرێتەوە. ئەحەدییەتیش ئـەوە دەگەیەنێت كە هەموو زیندەوەرێك ئاماژە بۆ هەموو ناوێكی خوا دەكات كە پەیوەندیی بە گەردوونەوە بێت. كەواتە درەوشانەوەی خوای گەورە بە "واحیدییەت" لەوەدایە كە دەورەدەرە بە هـەموو شتێك، واتە هەموو شتێك

بەڵکو هەندێ جار ئەو جۆرە بەلاغەتە لە تەنها یەك ڕستەدا دەبینیت. بۆ نموونە: لە یەك ئایەتدا ئەوەت پیشان دەدات کە زانیاریی خوای گەورە دانانی گەردیلەیەك لە بیلبیلەی چاودا و، ڕێ و شوێنی ڕۆژ لەناو جەرگەی ئاسماندا دەگرێتەوە و، دەریدەخات کە توانستی خواوەند ئەوەندە گشتگیر(محیط)ە کە بە یەك ئامێر هەریەك لەوانە لە جێی خۆیدا دادەنێت و، ڕۆژ وەك چاوی ئاسمان لێ دەکات و، لە دوای ئایەتی: ﴿يولِجُ الَّيلَ في النَّـــهارِ و يولِجُ النَّهارَ في الَّيل﴾دا یەکسەر دەفەرموێ: ﴿وهو عليمٌ بذاتِ الصُّـــدور﴾(الحديــد:٦). واتە دوای باس کردن و خستنەڕووی مەزنیی بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی، یەکسەر باسی ئەوە دەکات کە زانیاریی خوا شتانی پەنهانی ناو دەروونیش دەگرێتەوە. بەم کارەش ئەوە لە زەینی مرۆڤدا جێگیر دەکات کە خواوەند لە نێوان شکۆمەندیی بەدیهێنەرێتیی‌دا بۆ ئاسمانەکان و زەوی و، بەڕێوەبردن و تەگبیر کردنی کاروباریان، لە نێوان ئەمەدا، ئەو خواوەندە ئاگاداری خەیاڵ و ختوورە و شتە شارراوە و پەنهان و نادیارەکانی ناو دڵ و دەروونی هەموو کەسێکیشە. کەواتە بەدواهاتنی: ﴿وهو عليمٌ بـــذاتِ الصُّـــدور﴾ دوای ئەو ئایەتە، جۆرە ڕەوانکارییەکی وایە کە ئەو شێوازە ئاسان و ڕوون و سروشتی و نزیك لە تێگەیشتنی عەوامە، دەگۆڕێت بە ڕێنماییەکی بەرز و ڕاگەیاندنێکی سەرنجڕاکێش و گشتی.

پرسیار:

سەیر کردنی سەرپێیی و ساکارانە ناتوانێت ئەو ڕاستییە گرنگانە ببینێت کە قورئانی پیرۆز دەیانهێنێت. ئەوەتا نازانێت لە نێوان پوختەیەکی کۆتایی‌هێنەری ئەوتۆ کە تەوحیدێکی بەرز دەرببڕێت یان دەستوورێکی هەمەکی بگەیەنێت و.. ڕووداوێکی هەندەکیی ئاساییدا کە ئایەتێك باسی کردبێت، چ جۆرە موناسەبەت و پەیوەندییەك هەیە. لەبەر ئەوە، هەندێ کەس وا گومان دەبات کە هەندێ ناتەواویی ڕەوانبێژی لەم ڕووەدا هەیە. بۆ نموونە: موناسەبەت و ڕەوانبێژی لە باسی یاسایەکی مەزن و گرنگی وەك: ﴿وفَوْقَ كُـــلِّ ذي عِلْـــمٍ عَليمٌ﴾ دەرناکەوێت کە لە پاش ڕووداوێکی هەندەکی هێنرابێت، وەك ئەوەی کە حەزرەتی یوسف -علیه السلام- بە تەگبیرێکی زیرەکانە براکەی لای خۆی گل دایەوە. جا ئومێد وایە ئەو نهێنییە ڕوون بکەنەوە و، پەردە لە ڕووی ئەو دانستە لابدەن.

دەگرێتەوە. بەڵام درەوشانەوەی بە "ئەحەدییەت" لەوەدایە کە هەرچی شت هەیە پیشانی هەرچی ناوی هەیە، دەدات. بڕوانە: "المثنوي العربي النوري" الطبعة المحققة الثانية ص٣٤٤ (وەرگێڕ هێناویەتی). (ولله المثـــل الاعلـــى) یەکێتی ئەو ڕووناکییەی دەوری خۆری داوە، ئاماژە بۆ "واحیدییەت" دەکات و، درەوشانەوەی ڕووناکیی خۆریش، بە هەموو تایبەتکارییەکانیەوە، لە هەموو بەش و گەردیلەیەکی ئەو ڕووناکییەی کە دەوری خۆی داوە، هێمایە بۆ "ئەحەدییەت". جا فەرموو بیری لێ بکەرەوە. "المثنوي العربي النوري" ص ٢١١. (وەرگێڕ هێناویەتی)

وەلام:

زۆربەی سوورەتە درێژ و مامناوەندی‌یەكان، كە هەریەكەیان قورئانێكی سەربەخۆیە بۆ خۆی، تەنها بە دوو یان سێ دانە لە چوار مەبەستەكانی قورئان واز ناهێنێت كە بریتین لە: "تەوحید، نبووەت، حەشر، عەدالەت لەگەڵ عبوودییەت". بەڵكو هەریەك لەو سوورەتانە پوختە و كاكڵەی هەموو قورئان و هەر چوار مەبەستەكەی تێدایە. واتە هەریەك لەو سوورەتانە: هەروەك كتێبی شەریعەت و دانست و ڕێنمایی‌یە، كتێبی ذیكر و فیكریشە و، هەریەكەیان چەندین كتێبی تێدایە و ڕێنمایی مرۆڤ بۆ چەندین دەرسی جیاجیا دەكات. دەبینین هەموو پلەیەكی بەڵكو هەموو لاپەڕەیەكی، چەندین دەرگای ئیمان لە بەردەم مرۆڤدا دەكاتەوە و، لە هەمان كاتدا چەند مەبەست و ئامانجێكیشی پێ دادەمەزرێنێت، چونكە ئەوەی لە كتێبی نووسراوی گەردووندا نووسراوە، قورئان بە ڕوونی باسی دەكات، بەمەش لە ناخی ئیمانداردا ئەوە جێگیر دەكات كە پەروەردگاریتیی خواوەند هەموو شتێكی گرتووەتەوە و درەوشانەوە هەیبەتدارەكەشی لە ئاسۆ و دەروونەكاندا پیشان دەدات..

لەبەر ئەوە، ئەگەر دەتوانیت سەرنج لەو موناسەبەتە بدەیت كە بە ڕواڵەت لاواز دەردەكەوێت و، توانیت بە وردی سەیری پشتی پەردەكەی بكەیت، ئەوا ئەو پەردەیەت لە بەردەمدا لادەچێت و، ئەو ئاسۆ فراوان و دەرس و ڕێنمایی‌یە نوێیانەی كە ئەو پەردەیە شاردبوونیەوە، دەردەكەون. بەڵكو شتی وا دەبینیت كە چەندین ئامانج و مەبەستی هەمەكی‌یان لەسەر بنیات دەنرێت، ئیتر یەك لە دوای یەك چەندین جۆری پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ ئەو موناسەبەتەدا كە بە ڕواڵەت لاواز دیار بوو، دەردەكەون. ئەو كاتە شێوازەكە بە تەواوی لەگەڵ ئەو مەقامەدا یەكاویەك دەردەچێت و، بەمەش پلە بەلاغی‌یەكەی بەرز دەبێتەوە.

پرسیارێكی تر:

چ دانایی‌یەك لەوەدا هەیە كە قورئان هەزاران بەڵگە بۆ چەسپاندنی كاروباری دوارۆژ و، تەوحید و، گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ لای خوا و، پاداشتدانەوەی، دەهێنێتەوە؟.. هەروەها دانایی چی‌یە لەوەدا كە هەموو سوورەت و لاپەڕەیەكی موصحەف لە هەموو مەقامێكدا، چ بە ڕاشكاوی و ڕاستەوخۆ چ بە بە جۆرێكی ناوەكی(ضِمـــني) چ بە ئاماژەكردن، سەرنجی مرۆڤ بۆ لای ئەوانەی باسكران ڕادەكێشێت؟

وەلام:

چونكە قورئانی پیرۆز مرۆڤ ئاگادار دەكاتەوە كە: مەزنترین گۆڕانكاری و ئاڵوگۆڕی مێژووی جیهان كە لەناو بەدیهێنراوان و بازنەی "مومكینات"دا ڕوو دەدات: قیامەتە.. هەروەها ڕێنمایی ئەم مرۆڤە - كە هەڵگری پلەی جێنشینیی سەر زەوی‌یە - دەكات بۆ

مەزنترین مەسەلەی ئەوتۆ کە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە ببێت، کە مەسەلەی "تەوحید"ە و، بەختەوەریی هەمیشەیی یان سەرلێتێکچوونی هەمیشەیی لەسەر بەندە. لە هەمان کاتیشدا ئەو لافاوی گومانە بەردەوامەی پێ دەباتە دواوە و، توندترین جۆرەکانی ئینکاری و کەللەڕەقیشی پێ تێکدەشکێنێت.

لەبەر ئەوە، ئەگەر قورئانی پیرۆز هەزاران جار سەرنجی مرۆڤ بۆ لای ئیمان بەو ئاڵوگۆڕە سەرسوورهێنەرانە ڕابکێشێت و، وا لە خەڵکی بکات تەسدیقی ئەو مەسەلە گرنگ و پێویستەی مرۆڤ بکەن و، ملیۆنان جاریش ئەو مەسەلانە دووپات بکاتەوە، هێشتا ئەم کارە لە بەلاغەتدا هەرگیز بە زیادەڕەوی دانانرێت و بە هیچ جۆرێك بێتاقەتی و بێزاری بۆ مرۆڤ فەراهەم ناهێنێت، بەڵکو پێوستیی مرۆڤ بە دووپات کردنەوەی خوێندنەوەیان لە قورئاندا هەرگیز تەواو نابێت. چونکە لە هەموو "وجوود"دا هیچ مەسەلەیەك نییە لە "تەوحید" و "ئاخیرەت" گەورە و گرنگتر بێت.

بۆ نموونە: ڕاستیی ئەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێ: ﴿انَّ الَّذينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحـــاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْري مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهارُ ذلكَ الْفَوْزُ الْكَبيرُ﴾(البروج:١١) بریتییە لە مژدەی ژیانی هەمیشەیی کە ئەم ئایەتە بەم مرۆڤە هەژارەی دەدات، ئەم مرۆڤەی کە هەموو دەمێك مردن ڕووبەڕووی ڕادەوەستێت. جا ئەم مژدەیە لەوە ڕزگاری دەکات کە مردن بە لەناوچوونێکی هەمیشەیی لێك بداتەوە و، خۆی و جیهانەکەی و هەموو خۆشەویستانی لە چنگی لەناوچوون ڕزگار دەکات، بەڵکو لەوەش زیاتر، دەستەڵات و بەختەوەرییەکی هەمیشەیی پێدەبەخشێت.. کەواتە ئەگەر ئەم ئایەتە پیرۆزە ملیار جاریش دووپات ببێتەوە، ئەوا هەرگیز بە زیادەڕەوی دانانرێت و بە هیچ جۆرێك ڕەوانبێژیی قورئان زامدار ناکات.

بەم جۆرە دەبینیت قورئانی پیرۆز، کە چارەسەریی ئەم جۆرە مەسەلە گرنگانە دەکات و بە دانانی چەند بەڵگەیەکی بەهێز هەوڵ دەدات قەناعەت بەوانە ببەخشێت کە لەگەڵیاندا دەدوێت، ئەم قورئانە، لە زەین و دڵ و دەروونەکاندا ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنانەی گەردوون بە قووڵی جێگیر دەکات و لە بەرچاویاندا وەك گۆڕانی خانە و لانە و شکڵ و شێوەیان ئاسانی دەکات. کەواتە سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤ بە هەزاران جاریش بۆ لای هاوچەشنی ئەم مەسەلانە – ئەم سەرنج ڕاکێشانەش چ بە ڕاشکاوی بێت و چ بە جۆرێکی ناوەکی و چ بە ئاماژە بۆ کردن – کارێکی یەکجار پێویستە و وەك پێویستیی مرۆڤ وایە بۆ نیعمەتی نان و هەوا و ڕووناکی، کە چەند پێویستییەکی ئەوتۆن هەمیشە دووپات دەبنەوە.

نموونەیەکی تر: حیکمەتی ئەوەی کە قورئانی پیرۆز: ﴿والَّذيـــنَ كَفَـــرُوا لَـــهُمْ نـــارُ جَهَنَّمَ﴾(فاطر:٣٦) و ﴿ انَّ الظَّالِمينَ لَهُمْ عَذابٌ اليم﴾(إبراهيم:٢٢) و هاوچەشنیان لەو ئایەتانە کە بە شێوازێکی زۆر توند و تیژ هەڕەشە و گوڕەشەیان تێدا دووپات دەکاتەوە (وەك بە چەشنێکی گومانبڕ لە پەیامەکانی نووردا چەسپاندوومانە) ئەوەیە کە:

كافربوونی مرۆڤ: سنوورشكاندن و دەستدرێژی كردنە بۆ سەر مافی بوونەوەران و زۆربەی بەدیهێنراوان. ئەمەش ڕقی ئاسمانەكان و زەوی دەورووژێنێت و دەروونی توخمەكان بەرامبەر بە كافران پڕ لە ڕق و قین دەكات، بە ڕادەیەكی وا كە توخمەكانی بوونەوەر بە زللەی: "تۆفان" و شتی تریش لەو كافرانە دەدەن، تەنانەت دۆزەخیش هێندە ڕقی هەڵدەستێت كە وەختە لەتاوا لەتوپەت ببێت، وەك ڕاشكاویی ئایەتی پیرۆزی: ﴿ اذا أُلْقُوا فيها سَمِعُوا لها شَهيقاً وَهِيَ تَفُور ۞ تَكادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظ... ﴾(الملك:٧-٨) ئەمە دەردەبڕێت.

جا ئەگەر خواوەندی پادشای گەردوون لە فەرمانەكانیدا هەزاران، بەڵكو ملیۆنان جاریش ئەو تاوانە گەورەیەی كوفر و تۆڵەكەی بە شێوازێكی زۆر توندوتیژ دووپات بكاتەوە، هێشتا ئەمە لە ڕەوانبێژیدا بە زیادەڕەوی و ناتەواوی دانانرێت، لەبەر گەورەیی ئەو تاوانە گشتی و دەستدرێژی كردنە بێسنوورەی كە كوفر بۆ سەر مافی بوونەوەران دەیكات و، لەسەر بناغەی دانایی ڕوونكردنەوەی گرنگیی مافی ئەوانەی لە ژێر فەرمانی خواداان و، لەبەر دەرخستن و زەق كردنی ئەو ناشیرینییە لەبننەهاتووەی كە لە كوفری ئینكاریكەران و ستەمە تەواو ناشیرینەكەیاندا هەیە. چونكە ئەو دووپاتبوونەوەیە لەبەر بچووكی و بێنرخیی مرۆڤ نییە، بەڵكو بۆ دەرخستنی گەورەیی ئەو لەسنووردەرچوونەی كافران و ستەمكارییەكەیانە.

پاشان دەبینین وا هەزار و سەدان ساڵە سەدان ملیۆن كەس بەوپەڕی شەوق و تاسەمەندیو هەست كردنەوە بە پێویستی و، بێ ئەوەی بێتاقەت و بێزار بن، قورئانی پیرۆز بە بەردەوامی دەخوێننەوە.

بەڵێ، لە ڕاستیدا هەموو ڕۆژ و كاتێك جیهانێكە دێت و دەڕوات و، دەرگایەكە لە ڕووی جیهانێكی نوێ دەخرێتە سەرپشت. لەبەر ئەوە، هەزاران جار دووپات كردنەوەی "لا إله إلاّ الله" بەو شەوقەی كە هەست بە پێویستی پێبوونی بكرێت، تاكو ئەو هەموو جیهانانەی كە هەردەم لەسەر ڕێن و دێن و دەڕۆن بە نووری ئەو ئیمانە ڕووناك بنەوە، وا لەو ڕستە تەوحیدییە دەكات وەكو چرایەكی ڕووناكیبەخش وابێت لە ئاسمانی ئەو جیهان و ڕۆژانەدا.

خۆ مادەم ئەمە لە "لا إله إلاّ الله"دا وایە، دووپاتكردنەوەی قورئانی پیرۆزیش، بە هەمان جۆر، ئەو تاریكییە دەڕەوێنێتەوە كە بەسەر بەشی زۆری ئەو دیمەنە هاتوچۆكەر و جیهانە ڕەوەند و سەرلەنوێ پەیدابووانەدا باڵی ڕاكێشاوە. هەروەها ئەو ناشیرینییانەش لەو وێنانەدا لا دەبات كە لە ئاوێنەی ژیاندا ڕەنگ دەدەنەوە و، وا لەو بارودۆخانەش دەكات كە بەرەو ڕووی دێن، لە قیامەتدا شایەتیی بۆ بدەن نەك شایەتیی لە دژ بدەن و (هەر ئەم دووپات بوونەوەیەی خوێندنی قورئان) پلەی مرۆڤ بەرز دەكاتەوە تا دەیگەیەنێتە ئەو پلەیەی كە گەورەیی تۆڵەی تاوانەكان بزانێت چەندەیە و، لە هەڕەشەی سامناكی پادشای ئەزەلیش

تێبگات کە سەرپێچیی ستەمکارە سەرسەختەکان لەتوپەت دەکات و.. مرۆڤ دەخاتە شەوقی ئەوەی کە هەوڵ بدات لە دەست ستەم و سنوورشکاندنی دەروونی بەدخوازی، خۆی ڕزگار بکات.

جا لەبەر هەموو ئەم دانستانەیە کە قورئانی پیرۆز بەوپەڕی داناییەوە ئەو شتانە دووپات دەکاتەوە و، بەمەش دەریدەخات ئەو هەڕەشە زۆر و زەبەندانەی کە تا ئەم ئەندازەیە و بەم هێز و توندوتیژی و دووپاتبوونەوەیەن کە باسمان کردن، ڕاستییەکی گەلێ گەورەیە و، شەیتانیش هەڵدێت لەوەی کە بە ناڕەوا و گاڵتەی بزانێت. بەڵێ، سزای دۆزەخ بۆ ئەو کافرانەی گوێ بۆ هەڕەشەکان ڕاناگرن، کارێکە یەکپارچە دادگەرییە.

❖ یەکێکی تر لەو شتانەی کە قورئان دووپاتیان دەکاتەوە، چیرۆکی پێغەمبەرانە، علیهم السلام.

بۆ نموونە: دانایی لە دووپاتبوونەوەی چیرۆکی حەزرەتی مووسادا – علیه السلام – (کە بە ئەندازەی عەسای مووسا دانست و سوودی تیدایە) و، حیمکەتی دووپاتبوونەوەی چیرۆکی پێغەمبەران –علیهم السلام– بریتییە لە چەسپاندنی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەرمان ﷺ ئەمەش بە دەرخستنی ئەوەی کە پێغەمبەرێتیی هەموو پێغەمبەران بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە "ڕیسالەتی ئەحمەدی" ڕاستە و لە هەموویان حەقتر و شایانترە بۆ شوێنکەوتن. چونکە مەگەر یەکێك ئینکاریی پێغەمبەرێتیی هەموو پێغەمبەران بکات، دەنا مومکین نییە ئینکاریی پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی محمد ﷺ بکات. کەواتە باس کردنی چیرۆك و بەسەرهاتی ئەوان بەڵگەی پێغەمبەرێتیی حەزرەتی محمدن ﷺ.

پاشان بەشێکی زۆری خەڵك ناتوانن و، هەموو کاتێك بۆیان نارەخسێت کە قورئانی پیرۆز بخوێننەوە، بەڵکو چەندەیان بۆ لوا بەوەندە وازدەهێنن. ئا لێرادە حیکمەتی ئەوە بە جوانی دەردەکەوێت کە هەموو سوورەتێکی درێژ و مامناوەندی لە بریی قورئانێکی بچووك کراوەن. ئنجا دووپات کردنەوەی چیرۆکەکانیش وەك دووپاتبوونەوەی پایەکانی ئیمان وایە کە پێویستیان بە دووپات بوونەوە هەیە واتە: ڕەوانبێژی داخوازی دووپاتبوونەوەی ئەم چیرۆکانەیە و هیچ زیادەڕەوییەك لەم کارەدا نییە. لەمەش زیاتر، ئەم دووپاتبوونەوەیە تێماندەگەیەنێت کە ڕووداوی پەیدابوون و سەرهەڵدانی حەزرەتی محمد ﷺ گەورەترین ڕووداوی مرۆڤایەتی و شکۆمەندترین مەسەلەی نێوان مەسەلەکانی گەردوونە.

بەڵێ، کە زاتی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە ﷺ مەزنترین و بەرزترین پلەی لە قورئاندا دراوەتێ و (محمدٌ رسولُ الله)یش، کە چوار پایەی لە پایەکانی ئیمان تێدایە، لەگەڵ (لا إلـــه إلا الله)دا بەیەکەوە دەوترێن، بەڵگەیەکی گەلێ گەورە و بێوێنەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەریی حەزرەتی محمد ﷺ گەورەترین ڕاستیی ناو گەردوونە و، بەڕێزترینی هەموو بەدیهێنراوانە بە

گشتی و، "حەقیقەتی محمدی"ش ـ کە بریتی‌یە لە کەسێتی‌یە مەعنەوی و هەمەکی‌یەکەی ئەو ﷺ – چرای ڕووناکی‌بەخشی هەردوو جیهانەکەیە و، ئەم پێغەمبەرەش شایان و شیاوی ئەم پلەوپایە دەراسایەیە، وەك بە چەندین بەڵگەی جۆراوجۆر لە بەشەکانی پەیامەکانی نووردا چەسپێنراوە. وا لێرەش‌دا و لە نێوان هەزار بەڵگەدا یەك بەڵگە دەهێنین و بەم جۆرەی خوارەوە باسی دەکەین:

بەپێی دەستووری: "السبب كالفاعل" بە ئەندازەی هەرچی کردەوەی چاکی نەتەوەکەی حەزرەتی محمد هەیە ﷺ لە هەموو کات و سەردەمێك‌دا لە لاپەڕەی چاکەکاری‌یەکانی پێغەمبەردا ﷺ کردەوەی چاکە دەنووسرێت.

ئنجا ئەو پێغەمبەرە ﷺ بەو نوورەی کە هێناویەتی، حەقیقەتەکانی بوونەوەران ڕووناك دەکاتەوە. بەم کارەشی نەك تەنها جینی و ئینس و مەلائیکەت و زیندەوەران دەخاتە سوپاسگوزاری و ڕەزامەندی‌یەوە، بەڵکو هەر هەموو گەردوون و ئاسمان و زەوی بە گشتی ڕەزامەندیی خۆیان لە بەرامبەریەوە دەردەبڕن و، دەماودەم بە هەموو جۆرێك ڕەوشت‌بەرزی‌یەکانی ئەو پێغەمبەرە ﷺ دەگێڕنەوە و باسی دەکەن.

ئنجا بە نیشانەی ئەوەی کە دوعای ڕووەکەکان بە زمانی ئامادەیی و قابیلییەتیان و، هی زیندەوەران کە بە زمانی سروشت دەیکەن، بە چاو دەیبینین کە هەرهەموویان گیرا دەبن.. بەمەدا دەردەکەوێت کە ملیۆنەها نزای گیرا و سروشتیی ملیۆنەها پیاوچاکی نەتەوەکەی ئەو پێغەمبەرەش ﷺ لەگەڵ ڕۆحانی‌یەکاندا، بە هەمان جۆر، گیرا دەبن.

جا ئەم دوعا و نزایانەی کە ئەو ئەولیا و پیاوچاکانە بەردەوام هەرچی ڕۆژە دەیانکەن و، دوعای ڕەحمەت بۆناردنی بە صەلات و سەلام لێکردنی دەینێرن و، دەستکەوتە مەعنەوی و کردەوە چاکەکانیان، هەموو ئەوانە، لە پێش‌دا پێشکەش بەو پێغەمبەرە ﷺ دەکرێن. سەرەڕای ئەو نوورە زۆر و لە سنووربەدەرەی کە لە قورئان خوێندنەوەی نەتەوەکەیەوە دەچێتە ناو دەفتەری کردەوە چاکەکانیەوە. ئەو قورئانە پیرۆزەی کە هەر پیتێك لە پیتەکانی کە لە سێ‌سەد هەزار پیت زیاترن (دە) چاکە و دە بەروبوومی دواڕۆژ، بەڵکو (سەد)، بەڵکو (هەزار) بۆ خوێنەرەکەی دەنووسرێت.

بەڵێ، خواوەندی زانای پەنهان، زووتر دەیزانی و دەیبینی: "حەقیقەتی محمدی" – کە کەسێتیی مەعنەویی ئەو زاتە پیرۆزەیە ﷺ – وەکو نموونەی درەختی "تووبا"ی بەهەشت وایە. لەبەر ئەوە، لە قورئانەکەی خۆی‌دا ئەو گرنگی‌یە مەزنەی پێ داوە، چونکە هەر ئەوە لە هەموو کەسێك شایانتری ئەو پلەوپایە بەرزە بێت. ئەو خواوەندە لە فەرمانەکانی‌دا ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە دەست‌کەوتنی شەفاعەتی ئەو پێغەمبەرە ﷺ تەنها بە شوێن‌کەوتن و گوێڕایەڵی و شوێن‌پێ هەڵگرتنی سوننەتی پیرۆزی ئەو دەبێت و، هەر ئەوە کە گەورەترین مەسەلەکانی نێوان مرۆڤ بێت. بەڵکو قورئانی پیرۆز جارجار بایەخی بە لایەنە مرۆڤانەکەشی داوە، کە وەك تۆوی درەختی "تووبا"ی بەهەشت وایە.

جا لەبەر ئەوەی کە حەقیقەتە دووپاتبووەکانی قورئان ئەم نرخە بەرزانەیان هەیە و ئەو هەموو دانستەیان تێدایە کە باس کران، ئەوا سروشتی ساغ و بێعەیب و تەواوی مرۆڤ شایەتی لەسەر ئەوە دەدات کە دووپاتبوونەوە لە قورئاندا، موعجیزەیەکی بەهێز و فراوانە. مەگەر یەکێك بە تاعوونی ماددییەت دڵ و ویژدانی نەخۆش کەوتبێت. ئەو جۆرە کەسانەش ئەم دەستوورە بەناوبانگە دەیانگرێتەوە کە دەڵێت:

قد تنكِرُ العينُ ضوءَ الشمس من رمدٍ   وينكرُ الفم طعمَ الماءِ من سقَمِ[١]

***

کۆتاییەك لە دوو پەراوێزدا

پەراوێزی یەکەم:

دوازدە ساڵ پێش ئێستا بەرگوێم کەوت کە: زەندیقێکی سەرسەخت دەروونی خراپ و مەبەستی پیسی خۆی ئاشکرا کردووە بەوەی کە قورئانی پیرۆزی وەرگێڕاوە. بەم هەوڵدانی وەرگێڕانەی قورئانیش پلانێکی ترسناکی بۆ ڕێزنەهێشتنی قورئان سازکردووە و، وتوویەتی: با قورئان وەربگێڕرێت تاکو نرخەکەی دەربکەوێت. بە خەیاڵی خۆی گوایا: با خەڵکی دووپاتبوونەوە ناپێویستەکانی ببینن و، لە بریی خۆی وەرگێڕراوەکەی بخوێننەوە... هتد لەم بیروڕا ژەهراوییانە.

بەڵام بە فەزڵی خوای گەورە، پەیامەکانی نوور بەهۆی بەڵگە بەهێزە دەمکوتکەرەکانی و بڵاوبوونەوەی بە جۆرێکی فراوان لە هەموو شوێنێکدا، ئەو بیر و پلانەی ئەوی لەبار برد و پەکی خست و، بە چەشنێکی گومانبڕ چەسپاندوویەتی کە: هەرگیز لە تواناڎا نییە بە جۆرێکی ڕاستەقینە قورئانی پیرۆز وەربگێڕرێت و، هەر زمانێکی تری جگە لە زمانی عەرەبیی فوصحا هەرگیز ناتوانێت تایبەتکاری و سەرنجە ورد و ناسکە ڕەوانبێژییەکانی قورئان بپارێزێت و، ئەو وەرگێڕراوە سادە و جوزئییانەی کە مرۆڤ دەیانکەن، بە هیچ حاڵێك جێی تەعبیرە پڕ و تۆکمە و ئیعجازبەخشەکانی قورئان ناگرنەوە، کە لە هەر پیتێکیدا لە "دە"وە تا "هەزار" چاکەی تێدایە. لەبەر ئەوە، هەرگیز مومکین نییە لە بریی خۆی وەرگێڕراوەکەی بخوێنرێتەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەمە، ئەو موونافیقانەی کە قوتابێتیی ئەو زەندیقەیان کردبوو، لە پێناوی شەیتاندا چەند هەوڵێکی هەڵەشانەیان دا، تاکو بە دەم وپلی خۆیان نووری قورئانی پیرۆز بکوژێننەوە.. جا لەبەر ئەوەی من کەس نابینم و تێکەڵی خەڵکی ناکەم، ئەوا ڕاستیی ئەو

---

(١) واتە بەهۆی چاوێشەوە هەندێ جار ئینکاریی ڕووناکیی خۆر دەکرێت و، بەهۆی نەخۆشیشەوە دەمی مرۆڤ ئینکاریی تامی ئاو دەکات. ئەم شیعرە هی ئیمامی بوصیرییە. بڕوانە: "بردة المديح" الفصل السادس. (وەرگێڕ)

شتانەی لە بارودۆخی دەرەوەدان نازانم و لە بارەیانەوە ئاگادار نیم. بەڵام زیاتر وا گومان دەبەم کە ئەمەی ئێستا باسم کرد بوو بەهۆی نووسینی مەسەلەی دەهەم، هەرچەندەش لە هەموو لایەکەوە تەنگانە دەورەی دابووم.

پەراوێزی دووهەم:

ڕۆژێکیان، دوای بەربوونمان لە بەندیخانەی "دەنیزلی" لە نهۆمی سەرەوەی ئوتێلی "شەهر"دا دانیشتبووم و سەرنجی ئەو دار چنارە زۆرانەم دەدا کە لەناو باخچە و بێستانە دلڕفێنەکانی دەوروبەرمدا بوون. بینیم ئەو درەختانە بەو جموجووڵ و لەنجە و لارەی کە لە بنەوە تا لق و پەلەکانیان دەیاننواند، دڵخۆش دیارن و هەر کە بە ئاستەم سرووەیەکیان بەردەکەوێت، یەکسەر گەڵاکانیان دەلەرێنەوە. بەم جۆرە ئەو درەختانەم لە جوانترین و شیرینترین شێوەدا هاتە پێش چاو، وەك ئەوەی لە ئەڵقەی ذیکر و تەهلیلەدا خەریکی تەسبیحاتی خواوەند بن.

ئەم جموجووڵە ناسکانە، دەستکاریی ژێیەکانی دڵیان کردم، لەو کاتەدا کە دڵم لە پەژارەی جودایی خۆشەویستانمدا بوو، هەروەك خۆیشم لە خەمی ئەوەدا بووم کە بە تەنها مابوومەوە. کتوپڕ لەم کاتەدا دوو وەرزەکەی پایز و زستانم بە دڵدا هات و بێ ئاگایی سەری تێ کردم، چونکە لەو دوو وەرزەدا گەڵاکان هەڵدەوەرن و جوانییان نامێنێت. لەمەوە خەم و خەفەتی زۆرم خوارد بۆ ئەو دار چنارە جوانانە و، هەموو زیندەوەران کە ئێستا ئەو زەوق و خۆشی و شادییەیان تێدا دەردەکەوێت پاشان لەو دوو وەرزەدا ئاوایان بەسەر دێت! بەڵێ، گەلێ خەفەت و ئازارم چەشت و، هێندە پەژارەی ئەوتۆشم لەسەر کۆبوونەوە (کە لە نەمان و جوداییەوە پەیدا بوون و ئەم پەردە ڕازێنراوە جوانەی بوونەوەریان پڕ کردووە) کە بە جارێ هەردوو چاویان لە فرمێسك پڕ کردم.

لەم کاتەدا کە من لەم بارە پەرێشان و خەم و پەژارەیەدا بووم، لە پڕ نووری حەقیقەتی محمدی ﷺ هەروەك بە هانای هەموو ئیمانداریکەوە دێت، بە هانای منیشەوە هات و، یەکسەر ئەو خەم و خەفەتە لە سنوور بەدەرانەی نەهێشت و هەموویانی گۆڕی بە چەندین شادمانی و دڵخۆشیی لەڕادەبەدەر، ئیتر وام لێ هات کە بە هەمیشە و بەردەوامی لە ڕەزامەندی و سوپاسگوزاریی ئەو حەقیقەتی محمدییەدا بم، کە تەنها یەك بەش لە بەشە زۆرەکانی لێشاوی نوورە لە سنوور و ڕادەبەدەرەکەی، منی ڕزگار کرد و لە هەموو سووچێکی دەروون و ناخی ویژدانمدا دڵنەوایی بڵاو کردەوە. کە ئەمەش بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

ئەو ڕوانینە بێ ئاگایانەیە، گەڵا ناسك و درەختە باڵابەرزەکانیان بێ ئەرك و فەرمانبەریی و سوود و بایەخ پیشان دام و، وای بردە خەیاڵمەوە کە لەرینەوە ناسك و جوانەکانیان هی

توندی و زۆریی شەوق و زەوق و خۆشی نییە، بەڵکو هی بیم و ترس و لەرزە لەتاو سامناکیی نەمان و جودایی و لەناوچوون. بەڵێ، ئەو ڕوانینە بێ ئاگایانەیە وای پیشان دام، ئەولاتر بچێت.. بەم پیشاندانەش ئەو عیشقی مانەوە و خۆشەویستییەی ژیان و شەیدای جوانی و بەزەیی‌هاتنەوەیەم بە هاوڕەگەزدا، کە لە من و هەموو کەسێکی تردا ڕەگیان داکوتاوە، هەموو ئەمانەمی پێکا و، بەم جۆرە دنیای لێ کردم بە دۆزەخێکی مەعنەوی و، عەقڵیشی لێ کردم بە ئەندامێك بۆ دەردی‌سەری و ئەشکەنجە و ئازار..

ئا لەم کاتەدا کە من لەم بارودۆخە پڕ لە ئازارەدا بووم، لە پڕ دەبینم ئەو نوورەی کە حەزرەتی محمد ﷺ هەموو مرۆڤایەتیی پێ ڕووناك کردەوە، پەردە لە بەردەم چاومدا هەڵدەداتەوە و چەندین دانست و واتا و ئەرك و فەرمانبەریی یەکجار زۆر، کە دەگەنە ژمارەی گەڵای چنارەکان، دەردەخات و پیشانمیان دەدات. پەیامەکانی نوور چەسپاندوویانە کە ئەو فەرمانبەری و ئەرکانە سێ بەشن[1]:

بەشی یەکەم:

ئەو بەشەیە کە دەڕوانێتە ناوە جوانەکانی بەدیهێنەری مەزن. جا هەروەك ئەگەر وەستایەکی کارامە و لێهاتوو مەکینەیەکی بێ‌وێنە دابهێنێت، ئەوا هەموان ستایشی دەکەن و ڕێز لە کارەکەی دەنێن و پیرۆزبایی داهێنانەکەی لێ دەکەن، مەکینەکەش بە هەمان جۆر لە ئاستی خۆی‌دا پیرۆزبایی لە داهێنەرەکەی دەکات و بە زمانی حاڵ ستایشی دەکات، بەوەدا کە ئەو بەرهەمانەی ئەوی لە پێناودا دروست کراون و ئامانجی بەدیهێنەرەکەین و ئێستا خۆی بەرهەمی‌هێناون، بە جۆرێکی تەواو پیشانی کەسانی تر دەدات.

بەشی دووهەم:

ئەوەیە کە ڕوو دەکاتە ڕوانین و بەرچاوی زیندەوەران و بەدیهێنراوە خاوەن هەست و شعوورەکان. واتە: دەبێتە مایەی موتاڵا و سەیرکردنێکی شیرین و سەرنجدانێکی بەتام بۆ خاوەن هەستان. ئیتر هەموو شتێك وەکو کتێبێکی زانستیی لێ دێت و ئەم جیهانە بینراوە بەجێ ناهێڵێت هەتا واتاکانی خۆی لە زەینی خاوەن هەست و شعوورەکاندا و چاپکردنی وێنەکانی لە مێشکیاندا و ڕەنگدانەوەی وێنەکەی و چاپبوونی لە لەوحی میسالیی تۆمارەکانی جیهانی پەنهانی غەیبدا، بەجێ نەهێڵێت. واتە: لە جیهانی بینراوەوە بۆ جیهانی پەنهان ناگەڕێتەوە تاکو نەچێتە ناو چەندین بازنەی "بوون"ی زۆرەوە و، چەندین جۆری "بوون"ی مەعنەوی و غەیبی و زانستی بەدەست نەهێنێت.

---

(١) مامۆستا نوورسی لێرەدا دوو فەرمانبەریی باس کردووە. چونکە سێ‌هەمیان هی شتەکە خۆیەتی. بڕوانە: (پەیامی حەشر، ڕاستیی شەشەم). (وەرگێڕ)

بەڵێ، مادەم خوا هەیە و زانیاریی ئەو هەموو شتێکی گرتووەتەوە، ئەوا لە ڕوانگەی حەقیقەتەوە نابێ بە هیچ جۆرێك لە جیهانی ئیماندار‌دا: (نەبوون و لەناودان و لەناوچوون و گاڵتەجاری و توانەوە و نەمان) ببێت. لە کاتێکدا کە دنیای کافران پڕە لە نەبوون و، جودایی و، گاڵتەجاڕی و، نەمان. ئەوەش کە ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە ئەو وتە بەناوبانگەیە کە بەسەر زمانی خەڵکییەوەیە و هەردەم دەیڵێنەوە: (هەرکەسێك خوا بۆ ئەو بێت، هەموو شتێکی تریشی بۆ دەبێت.. ئەو کەسەش خوا بۆ ئەو نەبوو، هیچ شتێکی تری بۆ نییە)!

بە پوختی:

"ئیمان" هەروەك لە کاتی سەرەمەرگدا مرۆڤ لە ئیعدامی هەمیشەیی ڕزگار دەکات، هەروەها دنیای هەموو کەسێکیش لە چەندین تاریکیی وەك: نەبوون و، لەناودان و، گاڵتەجاڕی و، بێمەبەستی ڕزگار دەکات. بەڵام کوفر، بە تایبەتی ئەگەر کوفری موتڵەق بێت، ئەو مرۆڤە و دنیا تایبەتییەکەشی بە مردنەکەی لەناو دەبات و دەیخاتە تاریکستانی دۆزەخێکی مەعنەوییەوە و لەزەت و خۆشییەکانیشی دەکات بە خەفەت و ئازار.

دەبا گوێی ئەوانەی فەزڵی ژیانی دنیا بەسەر ئاخیرەتدا دەدەن، بزرنگێتەوە و.. ئەگەر ڕاست دەکەن با چارەیەك بۆ ئەم کارە بدۆزنەوە، یان با بێنە ناو بازنەی ئیمانەوە و خۆیان لەم زیانە گەورەیە ڕزگار بکەن.

﴿سبحانك لا علمَ لنا اِلاّ ما عَلَّمْتنا اِنّكَ اَنتَ العليم الحكيم﴾.

برای زۆر موشتاق و ئومێدەواری دوعا و نزاتان:

سەعیدی نوورسی

* * *

پاشكۆی سێهەم

وتەی بیستەم لە كتێبی وتەكان

بریتی‌یە لە دوو مەقام

مەقامی یەكەم

بسم الله الرحـــمن الرحیم

﴿وَإذْ قُلْنا لِلْملــئِكَةِ اسْجُدُوا لآدَمَ فَسَجَدُوا الاّ إبْليسَ﴾(البقرة:٣٤).

﴿إنَّ اللهَ يَأمُرُكُمْ اَنْ تَذْبَحُوا بَقَرَةً﴾(البقرة:٦٧).

﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُمْ مِنْ بَعْدِ ذلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ اَوْ اَشَدُّ قَسْوَةً﴾(البقرة:٧٤).

رۆژێكیان ئەم ئایەتە پیرۆزانەم دەخوێندەوە. یەكسەر لە ڕێژنەی نووری قورئانی پیرۆزەوەو لە نێوان "سێ سەرنج"دا ئیلهامێك لە ڕووی دڵمدا كرایەوە. تاكو ڕێ لە وەسوەسە و چرپە و خەیاڵ و ختوورەكانی شەیتان بگرێت.

شێوەی گومانەكەش، كە شەیتان هاویشتی، بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

وتی:

ئێوە دەڵێن قورئان ئیعجازبەخشە و لە چڵەپۆپەی ڕەوانبێژی‌دایە و لـە هـەموو كـاتێكیش‌دا ڕێنمایی‌یە بۆ هەموو جیهانەكان.. بەڵام ئایا بۆچی چەند ڕووداوێكی جوزئی بـاس دەكـات و بـە چەشـنی ڕووداوی مێژوویـی دەیانگێڕێتـەوە و بـە جـەخت لەسـەر كردنەوە دووپاتیـان دەكاتـەوە؟ هـەروەها چی داخـوازی ئەوەیە كە ڕووداوێكی جوزئیـی چەشـنی "سـەربڕینی مانگایەك" لە ناوەندی گەلێ وەسفی گرنـگ‌دا بـاس بكرێـت بە ڕادەیـەك كـە سوورەتەكەش هەر بە ناوی "البقرة"وە ناو بنرێت؟

پاشـان قورئـان بـە گشتی ڕێنمـایی كەسـانی ژیـر و هۆشمەند دەكـات و لـە زۆر شـوێنی‌دا دەفەرموێ: ﴿اَفـــلا یعقلــون﴾ واتـە كارەكـان بـۆ ژیـری دەگێڕێتـەوە.. كـەچی ڕوودانـی سوژدەبردنی مەلائیكـەتان بۆ حـەزرەتی ئـادەم دروودی لەسـەر بێـت كـارێكی سـەرتاپا غەیبی‌یە و هیچ ڕێگایەك نی‌یە كـە ژیـری بەهۆیـەوە پـەیی پێ ببـات، مەگـەر بـە تەسلیم‌بوون و ملكەچی‌یەك كە دوای ئیمانێكی بەهێزی دامەزراو مرۆڤ بەدەستی بهێنێت؟

پاشان کامەیە ڕووی "هیدایەت" لەو باسانەی قورئاندا کە لە بارەی چەند حاڵەت و دۆخێکی سروشتیی ئەوتۆوە دەدوێت کە بە "ڕێکەوت" دێنە ڕێی بەردەکان؟ ئایا بۆچی گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان پێ دەدات؟

ئەمە شێوەی گومانەکەی شەیتان بوو.

شێوەی ئەو سەرنجانەش کە ئیلهام کران. ئەمانەی خوارەوە بوون:

□ سەرنجی یەکەم:

قورئانی "دانا" چەندین ڕووداوی جوزئیی تێدایە. بەڵام لە پشتی هەموو یەکێ لەو ڕووداوانەوە دەستوورێکی هەمەکیی مەزن دانراوە و، ئەو ڕووداوە هەندەکییانەش بۆیە باسدەکرێن چونکە بەشێکن لە یاسایەکی گشتی و شموولی و هەمەکی.

بۆ نموونە: ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَعَلَّمَ آدمَ الأسماءَ كُلَّها﴾(البقرة:٣١) ڕوونی دەکاتەوە کە فێرکردنی ناوەکان(تعليم الأسماء) یەکێکە لە موعجیزاتی حەزرەتی ئادەم دروودی لەسەر بێت تاکو توانا و لێهاتنی ئەو بۆ "جێنشینیی سەر ڕووی زەوی" لە بەرچاوی مەلائیکەتاندا ئاشکرا بکرێن. جا ئەم ڕووداوە هەرچەند هەندەکییە، بەڵام چمکێکە لە دەستوورێکی هەمەکیدا، کە بریتییە لەوەی:

مرۆڤ، کە خاوەنی توانا و لێهاتنێکی زەبەندە و گشتییە، لە ڕێی فێربوونی هونەر و زانستە زۆر و لەژمارەبەدەرەکانەوە، کە سەرجەم بوونەوەران دەگرنەوە و، فێربوونی ئەو زانیارییە زەبەندانەی کە شموولی سەرجەم سیفات و کاروبارە پڕ لە دانستەکانی بەدیهێنەری بەخشندە دەکەن، توانیی لەم ڕێیەوە لە هەڵگرتنی ئەمانەتی هەرە مەزندا پلەی "باشترین" نەك هەر تەنها بەسەر مەلائیکەتدا بەڵکو بەسەر ئاسمانەکان و زەوی و چیاکانیشدا بەدەست بهێنێت.

هەروەك قورئان باسی خەلافەتی مەعنەویی مرۆڤ دەکات لەسەر زەویدا، دەریشیدەخات کە ڕووداوی جوزئی و غەیبیی سوژدەبردنی مەلائیکەتان و سوژدەنەبردنی شەیتان بۆ حەزرەتی ئادەم، چمکی دەستوورێکی بینراوی هەمەکی و یەکجار فراوانە. لە هەمان کاتیشدا ڕاستییەکی مەزن ڕوون دەکاتەوە کە بریتییە لەوەی: قورئان کاتێ باسی گوێڕایەڵیی مەلائیکەت بۆ خودی حەزرەتی ئادەم و خۆ بەگەورەزانین و ملنەدانی شەیتانیش بۆ سوژدەبردن دەکات، دەیەوێ خەڵکی تێبگەیەنێت کە زۆربەی بوونەوەرە ماددییەکان و ئەوانەش کە وەکیل و نوێنەری ڕۆحانیی ئەوانن، تێکڕا ئامادە و ڕامکراون بۆ سوودگەیاندنی تەواوەتی بە سەرجەم هەست و نەستەکانی مرۆڤ و، هەموویان ملکەچ و گوێڕایەڵی مرۆڤن.. هەروەها خەڵکی تێدەگەیەنێت کە تەنها ماددە زیانبەخشەکان و نوێنەر و دانیشتووە چەپەڵەکانی ئەو ماددە زیانبەخشانەن کە توانا و لێهاتنی سروشتیی مرۆڤ

تێكدەدەن و لە ڕێ دەیترازێنن و بەرەو خراپکاری و گومڕایی دەیدەنەبەر. ئەمەش وا لەو ماددانە دەکات کە ببن بە دوژمنی سامناکی مرۆڤ و، تەگەرەی گەورە لە ڕێی بەرزبوونەوەی مرۆڤدا بەرەو کەمالات، دادەنێن.

جا کاتێ کە قورئانی پیرۆز ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ حەزرەتی ئادەمدا - کە تەنها یەك کەسە و ڕووداوەکەش جوزئییە - ساز دەکات، لە ڕاستیدا بەمە گفتوگۆیەکی بەرز و بڵندی لەگەڵ سەرانسەری بوونەوەران و سەرجەمی گرۆی مرۆڤدا ساز داوە.

❑ **سەرنجی دووەم:**

ئاشکرایە کە زەوییەکانی "میسر" وشك و برنگ و ڕووتەڵن، چونکە بەشێکن لە "بیابانی مەزن". کەچی بەهۆی پیت و بەرەکەتی ڕووباری نیلەوە گەلێ داهاتی زۆر بەرهەم دەهێنن، بە ڕادەیەك کە دەڵێی ئەو زەوییە وشك و برنگانە مەزرایەکن هەمیشە داهاتی زۆر بە دانیشتوانی ئەوێ دەبەخشن. لەبەر ئەوە، بوونی ئەم بەهەشتە فراوانە لە تەنیشتی ئەو بیابانە وشکەی کە پزیسکی ئاگری لێ دەبێتەوە، کارێکی وای کردووە کە "جووتیاری" و "کشتوکاڵ" لای خەڵکی میسر گەلێ پەسەند و مایەی حەزلێکردن بێت، بە ڕادەیەك کە لە سروشت و هەستیاندا ڕۆچووە. تەنانەت ئەو حەز و خۆشەویستییەیان بۆ کشتوکاڵ، جۆرە بەرزی و قودسییەتێکی بە کشتوکاڵ و پاشان بە هۆکارەکانی کشتوکاڵیش (وەك: گا و مانگا) بەخشیوە. بە ئەندازەیەك کە خەڵکی میسری ئەو ڕۆژگارە تا ڕادەی "پەرستن" ڕێز و قودسییەتیان بۆ گا و مانگا دانابوو. جا نەوەی ئیسرائیلیش کە لەم ناوچەیەدا و لە باوەشی ئەم ژینگە و دەوروبەرەدا گەشەیان کردبوو، هەندێ شتیان لە سروشتی خەڵکی ئەوێ وەرگرتبوو، وەك لە ڕووداوی بەناوبانگی "گوێرەکە"کەوە هەستی پێ دەکرێت.

جا قورئانی پیرۆز بە باسی سەربڕینی تەنها یەك مانگا تێماندەگەیەنێت کە حەزرەتی مووسا - دروودی لەسەر بێت - بە پێغەمبەرایەتییەکەی خۆی چەمکی "گا پەرستی"ی سەربڕی. ئەو چەمکەی کە ئاوێتەی دەماری نەتەوەکەی بووبوو، بە درێژایی ڕۆژگاریش لە توانا و لێهاتنیاندا پەرەی سەندبوو.

واتە قورئانی پیرۆز. بە جۆرێکی ئیعجازبەخش و لە ڕێی باس کردنی ئەم ڕووداوە هەندەکییەوە، دەستوورێکی هەمەکی و دەرس و پەندێکی پێویستی "دانایی" دەخاتە ڕوو، کە هەموو کەسێك لە هەموو کاتێکدا پێویستی پێی دەبێت.

کەواتە بە گوێرەی ئەمانەی باس کران، بۆ خۆت تێبگە لەوەی کە:

ئەو ڕووداوە هەندەکییانەی بە شێوەی ڕووداوی مێژوویی لە قورئانی پیرۆزدا باس کراون، هەریەکەیان چمك و بەشێکی چەند دەستوورێکی هەمەکی و گشتین کە ئەو ڕووداوانە دەریاندەخەن. تەنانەت هەموو ڕستەیەکی ئەو حەوت ڕستانەی چیرۆکی

حهزرهتی مووسا - دروودی لهسهر بێت - كه له قورئاندا دووپات بوونهتهوه. دهستوورێكی ههمهكیی مهزنی تێدایه. وهك له كتێبی "لوامع"دا ڕوونمان كردووهتهوه، گهر حهز دهكهیت سهری لێ بده.

❑ سهرنجی سێههم:

خوای گهوره دهفهرموێ:

﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُمْ مِنْ بَعْدِ ذلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ اَوْ اَشَدُّ قَسْوَةً وَاِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الاَنْهارُ وَاِنَّ مِنها لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْماءُ واِنَّ مِنها لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللهِ وما اللهُ بِغافِلٍ عَمّا تَعْمَلُونَ﴾(البقرة:٧٤).

كاتێ ئهم ئایهته پیرۆزانهم دهخوێندهوه، ئهو شهیتانهی كه وهسوهسهی به دڵدا دههێنام، وتی:

باس كردنی چهند حاڵهتێكی سروشتیی بهردی ئاسایی به جۆرێك كه وا بگهیهنێت مهسهلهیهكی مهزن بێت، له كاتێكدا كه لای خهڵكی شتێكی زانراوه، چ مانایهكی تێدایه؟ یان هۆكار و پهیوهندی لهم باسهدا چییه؟ چ داخواز و پێویستییهك بۆ باسكردنیان ههیه؟

یهكسهر، بۆ بهربهستی ئهم گومانه، له ڕێژنهی قورئانی پیرۆزهوه ئهم ئیلهامه بۆ دڵم هات:

بهڵێ.. پهیوهندی و، هۆكار و، داخواز و، پێویستی بۆ ئهم باسه ههیه. تهنانهت پهیوهندییهكه هێنده بههێزه و واتاكهش ئهوهنده گهورهیه و ڕاستییهكهش وهها مهزنه كه مهگهر تهنها: ئیعجاز و پوختیی قورئانی پیرۆز و نهرمونیانیی قورئان له ڕێنماییدا، بتوانێت تێگهیشتنی بۆ مرۆڤ ئاسان بكات.

پوخته لێدوان(الإيجاز) كه یهكێكه له بناغه گرنگهكانی ئیعجاز.. ههروهها نهرم ونیانی له ڕێنماییدا و جوانیی تێگهیاندن، كه یهكێكن له نوورهكانی ڕێنمایی قورئانی پیرۆز، داخوازی ئهوهن: ڕاستییه ههمهكی و دهستووره نادیار و تهماوییه گشتییهكان به شێوهیهكی جوزئیی ئهوتۆ باس بكرێن كه لهگهڵ ئولفهت و ڕاهاتنی عهوام(گشتیی خهڵكی)دا بگونجێت كه زۆربهی جهماوهری قسهبۆكراوی قورئانی پیرۆزن. ههروهها داخوازی ئهوهن كه تهنها چهند چمك و وێنهیهكی ساده و ساكاری ئهو ڕاستییه مهزنانه بۆ بیركردنهوهی سادهی ئهو عهوامانه بخرێنه ڕوو. جگه لهمانهش دهبێ ئهو كارسازییانهی خوای گهوره كه له ژێر زهویدا ڕوو دهدهن و كاری دهراسای خواوهندن و پهردهی ڕاهاتن و ئولفهتیان بهسهردا دراوهتهوه، به شێوهیهكی كورت و پوخت باس بكرێن.

جا لهسهر ئهم بناغهیه، قورئانی پیرۆز لهم ئایهتانهدا دهفهرموێت:

ئهی نهوهی ئیسرائیل و ئهی نهوهی ئادهم! چی وای لێ كردوون كه دڵانتان ئهستوور بووه و له بهرد ڕهقتریان لێ هاتووه؟ خۆ ڕهقترینی بهردهكان، كه چینێكی گهورهی بهردی

ڕەق پێكدەهێنن لە ژێر چینی گڵی گۆی زەوی‌دا، بە تەواوەتی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواوەندن، ملکەچی تەواوەتیی بەڕێ کردنی کارەکانی پەروەردگارن. چونکە هەروەك "فەرمانەکانی خواوەند" لە پێكهاتنی درەخت و ڕووەکەکاندا بە ئاسانی‌یەکی ڕەها بەڕێ دەچن، بە هەمان جۆر و هەمان ئاسانی و بەوپەڕی ڕێكوپێکی، فەرمانەکانی خواوەند لەو بەردە ڕەق و تەقانەی ژێر زەویش‌دا بەڕێ دەچن و جێبەجێ دەکرێن. تەنانەت جۆگە و دەمارەکانی ئاوی ژێر زەوی، بەوپەڕی ڕێكوپێکی و دانایی تەواوەتی و بێ هیچ بەرگری و تەگەرەیەك لە لایەن ئەو بەردانەوە و، بە چەشنی هاتوچۆی خوێنی ناو دەمارەکانی لەش، کە هیچ بەربەست و ڕێگرێکیان لە ڕێ‌دا نی‌یە، لە ناوەندی ئەو بەردانەوە بەخوڕ دێن و دەڕۆن.[1]

پاشان بە فەرمانێکی پەروەردگاری و بەوپەڕی ڕێكوپێکی، ڕەگە باریك و نیانەکان سەوز دەبن و لەناو ئەو بەردە ڕەقانەی ژێر زەوی‌دا جێی خۆیان دەکەنەوە و بڵاو دەبنەوە، بێ ئەوەی هیچ ڕێگرێك بێتە بەردەمیان. ئیتر بە چەشنی ئاسانیی بڵاوبوونەوەی لق و پەلی ڕووەك و درەختەکان لە هەوادا، ئەوانیش لەناو ئەو بەردانەدا ئاوا بە ئاسانی بڵاودەبنەوە!

جا قورئانی پیرۆز، بەم ئایەتە مەزنەی خۆی، پەنجە بۆ ڕاستی‌یەکی گەلێ فراوان ڕادەکێشێت و ڕێنمایی خەڵکی بۆ لا دەکات و بە هێما بۆکردن بۆ ئەو ڕاستی‌یە، بەم جۆرەی خوارەوە لەگەڵ دڵە ڕەقەکاندا دەدوێت:

ئەی نەوەی ئیسرائیل و ئەی نەوەی ئادەم! ئەم دڵانە چین کە لە خۆتاندا هەڵتان گرتوون؟ لە کاتێك‌دا کە ئێوە لە ناوەندی هەژاری و کۆڵەواریی خۆتاندا نوقم بوون! ئەمانە چۆن دڵێکن کە بە توندی و ڕەقی بەرگری لە فەرمانی خواوەندێکی هێندە مەزن دەکەن کە تەنانەت چینە ڕەق و مەزنەکانی بەردەکانیش ملی بۆ کەچ دەکەن و بێ گوێی هیچ

---

(١) بەڵێ، بەردی بناغەی کۆشکی گەڕۆك و بەسام و شکۆی "زەوی" ئەو چینە بەردانەیە. چونکە بەدیهێنەری مەزن سێ ئەرکی مەزنی بەو چینە سپاردووە. تەنها قورئانی پیرۆزیش شایانی ئەوەیە کە ئەو سێ ئەرك و کارمەندی‌یانە ڕوون بکاتەوە.

کارمەندیی یەکەم: ئەرکی پەروەردەکردن و پێ گەیاندنی "گڵ"ە لە باوەشی‌دا بەهۆی توانستی خواوەندەوە، کە پاشان بە توانستی پەروەردگار ئەو گڵەش ئەرکی دایکایەتی بۆ ڕووەکەکان دەگرێتە ئەستۆ.

کارمەندیی دووهەم: بواردان بە هاتوچۆی ئاو - بە شێوەیەکی ڕێكوپێك - لە جەستەی گۆی زەوی‌دا. کە کت‌ومت وەکو هاتوچۆی خوێن وایە لە لەشی مرۆڤ‌دا.

کارمەندیی سروشتیی سێهەم: ئەرکی عەمبارکردنی ڕووبار و کانیاوەکانە - چ لەسەر پشتی زەوی‌دا چ لە شێوەی بەردەوام‌کردنی ئەو ڕووبار و کانیاوانە - بەپێی پێوەرێکی وردی ڕێكوپێك.

بەڵێ، بەردەکان، بە هەموو هێزێکیان و پڕ بە دەمیان، بەو ئاوە ژیانبەخشەی کە لە دەمیانەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵگەکانی "یەکتایی" لەسەر زەوی‌دا پەخش دەکەن و لە ڕووی‌دا دەینەخشێنن. (دانەر)

فەرمانێکی ناکەن، بەڵکو هەموو یەکێکی ئەوان لە تاریکستانی ناو زەوی‌دا بەوپەڕی گوێڕایەڵی و ملکەچیی تەواو، ئەرکی بەرزی خۆی ڕادەپەڕێنێت. تەنانەت ئەو بەردانە ئەرکی "گەنجینە" و "عەمبار"یان گرتووەتە ئەستۆ سەبارەت بە داخوازی‌یەکانی ژیانی ئەو زیندەوەرانەی کە لەسەر خاکی زەوی‌دا دەژین. بە ڕادەیەك ئەو بەردە ڕەق و تەقانە لەناو دەستی توانستی دانا و مەزنی خواوەندا لە نەرمی‌دا وەك مێوی هەنگوینیان لێ دێت و، دەبن بەهۆی چەند دابەش‌کردنێکی عادڵانەی ئەوتۆ کە بە حیکمەت ئەنجام دەدرێن.. بگرە ئەو بەردانە لە دەستی ئەو توانستەدا هێندە نەرم دەبن کە بە چەشنی ناسکیی سروەی هەوا، بە دەستەوە دێن و گوێڕایەڵی فەرمان دەبن. بەڵێ، هەموو یەکێ لەو بەردانە هەمیشە لە سوژدەیەکی بەردەوامدایە لە بەردەم مەزنیی توانستی خواوەندی کردگاری‌دا.

هەر خودی ئەم بەدیهاتووە ڕێك‌وپێك و پڕ لە وردەکاری‌یانەی کە لە ڕووی زەوی‌دا دەیانبینین و ئەو کارسازی‌یە خاوەن حیکمەت و چاودێری‌یانەی خواوەندیش کە بەسەر زەوی‌دا تێپەڕ دەبن، لە ژێر زەویش‌دا - بە هەمان جۆر - ڕوودەدەن و بەدی‌دەهێنرێن. تەنانەت حیکمەتی خواوەند و چاودێریی پەروەردگار لەمانەی ژێر زەوی‌دا گەلێ سەرسوورهێنەرتر دەردەکەوێت و ڕێسا و حیکمەتی زۆر سەیر و ناوازەتریان تێدا دەبینرێت لە چاو ئەوانەی ڕووی زەوی‌دا.

بە وردی سەرنج بدەن! ئەوەتا گەورەترین و ڕەقترین بەرد لە بەرامبەر فەرمانە تەکوینی‌یەکانی خواوەندەوە لە نەرم و نیانی‌دا بە وێنەی مۆمیان لێ دێت و، هیچ بەرگری و سەختی‌یەك نانوێنن لە ئاست کارمەندەکانی خواوەندا کە ئاوە ناسك و ڕەگ و دەمارە ورد و نیان و ئاوریشمی‌یەکانن! بە ڕادەیەك کە دەڵێی هەریەك لەو بەردانە دڵی عاشقێکن کە تەنها بە پەنجە لێدانی ئەو ناسکۆڵانە کەرت دەبێت و لەبەر پێیان‌دا دەبێت بە خاك!

هەروەها ئایەتی پیرۆزی: ﴿وإنَّ منها لَمَا يهبِطُ مِن خشيةِ اللهِ﴾(البقرة:٧٤) چمکێکی ڕاستی‌یەکی گەلێ مەزن دەردەخات. کە بریتی‌یە لەوەی:

چیاکانی سەر ڕووی زەوی، کە دوای ئەوەی لە دۆخی شلی‌دا بوون و پاشان بەستیان و بوون بە چەند بارستایی‌یەکی مەزنی بەردی ڕەق و تەق، تەنها بە چەند درەوشانەوەیەکی "جەلالییەت"ی خواوەند ورد و خاش دەبن، کە ئەمەش لە شێوەی بوومەلەرزە و ئاڵوگۆڕەکانی لە مەڕ زەوی‌دا دەردەکەون. بە وێنەی ورد و خاش بوونی ئەو شاخەی کە لەسەر داواکاریی حەزرەتی مووسا بۆ بینینی خواوەندی مەزن، پەروەردگاری لێ درەوشایەوە و ورد و خاش بوو.

جا ئەو بەردانە لە سام و مەترسیی دەرکەوتنی "درەوشانەوە جەلالیی‌یەکان"ی خواوەنددا، لە لوتکەی ئەو چیا بەرزانەوە تلێر دەبنەوە و ورد و خاش دەبن. ئنجا هەندێکیان دەبن بە گڵ و پاشان ڕووەکەکانیان لێ پێ دەگات و.. بەشێکی دیکەشیان لە شێوەی بەرددا دەمێننەوە و بەرە و شیو و دۆڵەکان تلێر دەبنەوە و دەشت و دەر دەگرنەوە و، ئنجا دانیشتووانی زەویش لە گەلێ کاری سوودبەخشی وەك دروست کردنی خانووبەرەدا بەکاریان دەهێنن. جگە لەو کاروبار و حیکمەت و سوودە زۆرانەش کە لای ئێمە پەنهانن. کەواتە بەردەکان هەمیشە لە سوژدە و گوێڕایەڵیی توانستی خواداندا و ملکەچی تەواوەتیی دەستوورەکانی دانستی پەروەردگارن.

بێ گومان دەستهەڵگرتنی ئەو بەردانە لە جێگا بەرزەکانیان لە ناو سام و مەترسی‌یان لە خواوەند و، نیشتەجێ‌بوونیان بەوپەڕی تەوازوعەوە لە جێگا نزمەکاندا و بوونیان بەهۆی بەرهەم‌هێنانی گەلێ سوودی مەزنی جۆراوجۆر، ئەم کارانە هەرگیز بە هەڕەمەکی و بێ‌مەبەست ڕوو نادەن و کاری ڕێکەوتی کت‌وکوێر نین. بەڵکو بە کارسازیی پەروەردگارێکی بەتوانای دانا ئەنجام دەدرێن کە بە ڕێك‌وپێکی و دانایی ئەو ئاڵ‌وگۆڕەیان بەسەردا دەهێنێت، هەرچەند بە ڕواڵەت ناڕێك دیار بن.

بەڵگە و شایەتی بێ گومانیش لەسەر ئەو سوودانەی کە لە وردوخاش بوونی بەردەکانەوە بەدەست دێن: کەماڵی ڕێك‌وپێکی و جوانیی سنعەتە لەو پۆشاکانەدا کە دەکرێنەوە بەر ئەو چیایانەی بەردەکانیان لێوە تلێر دەبنەوە، کە بە گوڵزاری ناسك و نیان و بەروبوومی جوان و نەخش و نیگاری ناوازە و ڕەنگین ئارایشت دراون.

بەم جۆرە، بینیتان کە چۆن ئەم سێ ئایەتە، لە گۆشەی دانستی خواوەندەوە، گرنگی‌یەکی مەزنیان تێدایە.

* * *

ئێستاش سەرنج لە نەرم‌ونیانیی ڕوونکردنەوەکانی قورئانی پیرۆز و ئیعجازی ڕەوانبێژی‌یە بەرزەکەی بدەن، با بزانن کە چۆن لەم ڕێیەوە مرۆڤ بۆ سێ ڕووداوی تر بێدار دەکاتەوە، تاکو بۆ کەسانی ژیر ببێت بە مایەی دەرس و پەند وەرگرتن و لە هەمان کاتیشدا – لەم ڕێیەوە – سەرزەنشتێکی سەختیان دەکات.

بۆ نموونە: هەروەك لە بڕگەی دووهەمدا واتە: ﴿وإنَّ منها لَمَا يشَّقَّقُ فَيَخرُجُ مِنهُ الماء﴾ ئاماژە بۆ ئەو بەردە دەکات کە لە ژێر لێدانی عەساکەی حەزرەتی مووسادا – درووودی لەسەر بێت – بەوپەڕی شەوق و تاسەمەندی‌یەوە لەت بوو و دوازدە کانیی ئاوی لێ هەڵقوڵا، لە هەمان کاتیشدا ئەم واتایەی خوارەوە بە زەینی مرۆڤدا دەهێنێت و دەفەرموێ:

ئەی نەوەی ئیسرائیل! بەردە مەزنەکان لەبەر تەنها یەك موعجیزەی حەزرەتی مووسا دروودی لەسەر بێت ورد و خاش و نەرم دەبن لە سام و شکۆی ئەو موعجیزەیەدا.. یان لە خۆشحالیدا بۆ ئەو موعجیزەیە وەك لافاو فرمێسك هەڵدەڕێژن! ئەدی بۆچی ئێوە بەرامبەر بەو هەموو موعجیزاتەی حەزرەتی مووسا پشت هەڵدەکەن و چاوتان فرمێسك هەڵناڕێژێت؟ بەڵکو چاوەکانتان فرمێسکی تێدا دەبەستێت و دڵانیشتان لە بەرامبەر ئەم موعجیزاتانەوە بە ڕەق و تەقی دەمێننەوە و نەرم نابن؟!

بە بڕگەی سێهەمیش، واتە: ﴿وَاِنَّ منها لَمَا يَهْبِطُ مِن خشيةِ الله﴾ ئەو ڕووداوە مەزنە یاد دەخاتەوە کە لە دەمی موناجاتی حەزرەتی مووسادا دروودی لە سەر بێت لە "طووری سینا" ڕووی دا، کە بریتییە لەو درەوشانەوە خواییەی هەرەمەزنەی کە لە چیاکە دەرکەوت و، وردوخاشی کرد و لە سام و شکۆی خواوەنددا بە هەموو لایەکدا بڵاوی کردەوە. جا هەروەك ئەم بڕگەیە ئەم ڕووداوە دەهێنێتەوە یاد، لە هەمان کاتدا ڕێنماییش بۆ واتایەکی وەك ئەمەی خوارەوە دەکات:

ئەی قەومەکەی مووسا! بۆچی لە خوا ناترسن و ئاوڕ لە سام و شکۆی ئەو نادەنەوە؟ ئەوەتا چیا گەردن کەشەکان، کە لە بەردی ڕەق پێك هاتوون، لە تاو مەترسی و سام و شکۆی ئەودا هەپروون هەپروون دەبن و بەم لا و ئەولادا بڵاو دەبنەوە. ئنجا لەو کاتەدا کە دەبینن خواوەند پەیمانی لێ وەرگرتن کە "چیای طوور"تان بەسەردا بەرز بکاتەوە، هاودەم لەگەڵ چاوپێکەوتن و ئاگاداریتان بە لەتبوونی ئەو چیایە لە ڕووداوە مەزنەکەی داواکاریی بینینی خوای گەورەدا. ئیتر چۆن پڕکێشی دەکەن و لە ترسی خوای گەورە لەرزتان لێ نایەت و دڵتان ئاوا ڕەق و ئەستوور دەردەچێت؟

هەروەها لە بڕگەی یەکەمیشدا واتە: ﴿وَاِنَّ مِنَ الْحِجارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الاَنْــهارُ﴾ چەند ڕووبارێکی وەك نیل و دیجلە و فوراتیان بە ئاماژە بۆکردن یاد دەخاتەوە کە لە ناو چیاکانەوە هەڵدەقوڵێن و، لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ تێدەگەیەنێت کە ئەو بەردانە تا چەندە گوێڕایەڵیی ئیعجازبەخش و ملکەچبوونی دەراسایان بەرامبەر فەرمانە تەکوینییەکان بەدەست هێناوە و تا چەندەش ڕام و ژێربار و فەرمانبەرداری ئەو فەرمانانەن. جا ئەم بڕگەیە، بەم فێرکردنە، ئەم واتایەی خوارەوە بە دڵانی بێدار دەبەخشێت:

هەرگیز ناگونجێ ئەم چیا سەخت و زەبەلاحانە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەم چەشنە ڕووبارە مەزنانە بن. چونکە ئەگەر بارستایی تەواوی ئەم چیایانە پڕ بن لە ئاو، واتە گەر چیاکان حەوزی قووچەکیی ئەو ڕووبارانە بن، ئەوا هەر بەشی لەبەرڕۆیشتنی تەنها چەند مانگێکی ئەو ڕووبارانە دەکەن، کە بە خوڕی و بەردەوامی ئاویان لەبەر دەڕوات. جگە

لەوەش ئەو بارانانەی كە لە یەك مەتر زیاتر لە ناخی گڵدا ڕۆناچن، هەرگیز نابن بە دەرامەتێكی سەروزیادی ئەو لەبەرڕۆیشتنە بەردەوام و زۆرەی ڕووبارەكان!

بەو واتایەی كە هەڵقوڵانی ئەو ڕووبارانە كارێكی "ئاسایی و سروشتی" یان "ڕێكەوت و هەرەمەكی" نییە، بەڵكو بەدیهێنەری مەزن تەنها لە گەنجینەی غەیبەوە بە لافاو هەڵیاندەقوڵێنێت و بە چەشنێكی دەراسا و بەخوڕ دەیانخاتەڕێ.

ئاماژەی ڕیوایەتی فەرموودەیەكی پیرۆز ئەم واتایە دەگەیەنێت كە: هەریەك لەو سێ ڕووبارە، لە بەهەشتەوە بە هەمیشەیی چەند دڵۆپێكیان بەسەردا دەچۆڕێت، بۆیە بەپیت و موبارەكن. لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە كە سەرچاوەی ئەم سێ ڕووبارە لە بەهەشتدایە(١).

حەقیقەتی ئەو ڕیوایەتە بریتییە لەوەی كە:

هۆكارە ماددییەكان بەشی ئەوە ناكەن كە بتوانن ئەم ڕووبارانە بتەقێننەوە و ئاوا بە زۆری ئاویان لێ هەڵبقوڵێنن. كەواتە دەبێ سەرچاوەكانیان لە جیهانی غەیبدا بێت و لە گەنجینەی میهرەبانییەكی غەیبییەوە هەڵبقوڵێن، بۆیە دەرامەت و لەبەر ڕۆیشتنیان هەمیشە هاوسەنگ و بەردەوامە.

بەم جۆرە، قورئانی پیرۆز دەرسێكی ڕەوان دەڵێتەوە و، بۆ ئەم واتایەی خوارەوەش بێداریان دەكاتەوە:

ئەی نەوەی ئیسرائیل و ئەی نەوەی ئادەم! ئێوە بە دڵڕەقیتان سەرپێچی لە فەرمانەكانی پەروەردگارێكی مەزن دەكەن و، بەهۆی بێئاگایی شتان لەو پەروەردگارە، چاوەكانتان لە ئاستی ناسینی ئەو نوورە نەخش‌ونیگاركێشەدا دەنووقێنن كە زەویی وشك و برنگی میسری گۆڕی بە بەهەشتێكی فراوان و، ڕووباری مەزن و موبارەكی نیل و ڕووبارەكانی تری هاوچەشنی ئەویشی لە دەمی چەند بەردێكی ڕەقی ئاساییەوە هەڵقوڵاندووە و، بەمەش موعجیزاتی توانست و، شایەتی بەهێزی بە قەدەر توانا و هێزی ئەو ڕووبارە مەزنانە و، بەڵگەی ڕووناكی بە ئەندازەی ڕێژنەی ئەو ڕووبارانە، لەسەر "یەكتایی" خۆی دەرخستووە. ئیتر خواوەند ئەو بەڵگە و شایەتییانە لەناو دڵی بوونەوەراندا دادەنێت و، بە مێشكی گۆی زەوییان دەسپێرێت و، بە وێنەی لافاو لە دڵ و ژێریی گرۆی جینی و ئادەمیزاددا ڕۆیان دەكات! پاشان خواوەند وا لەو بەردە ڕەق و بێهەست و نەستانە(٢) دەكات كە موعجیزاتی

---

(١) عن أبـي هريرة رضى الله عنه: قال: قال رسول الله ﷺ : "سَيْحان وجَيْحان والفرات والنيل كلٌ من أنـهار الجنة" رواه مسلم كتاب الجنة: ٢٦ وأورد الخطيب البغدادي: "ليس من الجنة في الأرض شئ إلاّ ثلاثة أشياء: غرس العجوة والحجر وأوراق تنـزل في الفرات كل يوم بركة من الجنة". هەروەها بڕوانە: فيـض القديـر: ٣٨١/٥. (وەرگێڕ)

(٢) ڕووباری "نیل" لە "جبل القمر"ەوە هەڵدەقوڵێت و، گرنگترین جۆگەی پێكهێنەری ڕووباری "دیجلە"ش لە ئەشكەوتی بەردێكەوە هەڵدەقوڵێت كە دەكەوێتە ناوچەی "موكس"ی سەر بە پارێزگای "وان" و، گەورەترین

توانستی ئەو بنوێنن، بە ڕادەیەك كە ئەو بەردانە بە وێنەی ئەوەی كە ڕووناكیی خۆر دەبێت بە بەڵگە لەسەر "خۆر"، ئەوانیش ئاوا دەبن بە بەڵگە لەسەر بەدیهێنەری مەزنیان. ئەدی ئێوە چۆن ئەو بەڵگانە نابینن و لە ئاستی بینینی نووری ئەودا چاوەكانتان كوێر و نابینا بووە؟

* * *

بڕوانە چۆن ئەم سێ ڕاستییە پۆشاكی جوان و ڕەنگینی ڕەوانبێژییان پۆشیوە و، بە وردی سەرنج لە بەلاغەتی ڕێنمایی ئەم ئایەتانە بدە، با ڕادەی ڕەقی و ئەستووریی ئەو دڵانەت بۆ دەربكەوێت كە بە سام و هەیبەتەوە لە بەردەم ئەو ڕێنمایییە ڕەوانەدا وردوخاش نابن!

جا ئەگەر هەر لە سەرەتاوە تا كۆتایی لەم وتەیە تێ گەیشتبیت، ئەوا فەرموو بریسكانەوەی ئیعجاز ببینە لە شێوازی ڕێنمایی قورئاندا و، ئنجا سوپاسی پەروەردگاری مەزنی خۆتی لەسەر بكە.

﴿سبحانكَ لا عِلمَ لنا إلاّ ما علّمْتنا إنَّكَ أنتَ العليم الحكيم﴾.

اللهم فهمنا أسرار القرآن كما تحب وترضي ووفقنا لخدمته.. آمين برحمتك يا أرحم الراحمين.

اللهم صلِّ وسلّم علــى مَنْ أُنزلَ عليه القرآن الحكيم وعلــى آله وصحبه أجمعين.

* * *

جۆگەی پێكهێنەری ڕووباری "فورات"یش لە ژێر چیایەكەوە هەڵدەقوڵێت كە دەكەوێتە بەری "دیادین". جا لەبەر ئەوەی بە ڕاستی چیاكان لە بنەڕەتدا لە ماددەیەكی شل پێك‌هاتوون، پاشان ئەو ماددەیە بەستوویەتی و بەردیان لێ دروست بووە، وەك لە زانستە نوێیەكاندا چەسپاوە و ئەو ذیكرە نەبەوییەش دەبێ بە بەڵگە لەسەری كە دەفەرموێ: "سبحانَ مَنْ بَسَطَ الأرضَ علــى ماءٍ جمد" ئەوا ئەمانە دەبن بە بەڵگەی بێ گومان لەسەر ئەوەی كە بنەڕەتی دروست‌بوونی زەوی بەم جۆرەی خوارەوە بووە:

ماددەیەكی هاوچەشنی ئاو، بە فەرمانی خواوەند بەستوویەتی و بووە بە بەرد. ئنجا ئەو بەردەش بە فەرمانی خوای گەورە بووە بە گڵ. چونكە وشەی "الأرض" كە لە ذیكرەكەدا هاتووە، مەبەست پێی گڵە. بەو واتایەی كە ئەو ئاوە (واتە ئەو ماددە شلەمەنییە) لە پێشدا نەرم و شل بووە و نەگونجاوە هیچ شتێكی لەسەر ڕاگیر بكرێت. پاشان بەردیش لە خۆیدا ڕەق و تەقە و چ سوودێكی لێ وەرناگیرێت. بۆیە خواوەندی دانای میهرەبان گڵی بەسەر بەرددا ڕاخست تاكو ببێت بە نیشتەجێی زیندەوەران. (دانەر).

مەقامی دووهەمی

وتەی بیستەم

بریسکانەوەی ئیعجازێکی قورئان کە بەسەر ڕووی موعجیزاتی پێغەمبەرانەوە -علیهم السلام- دەدرەوشێتەوە

بە وردی سەیری دوو وەڵامەکەی پرسیارەکانی کۆتایی بکە

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿ولا رَطْبٍ ولا يابِسٍ الاّ في كتابٍ مبين﴾(الأنعام:٥٩).

بیست‌وچوار ساڵ پێش ئێستا[1] لە تەفسیرە عەرەبی‌یەکەمدا کە ناوی "إشارات الإعجــاز في مظان الإيجاز"ە، باسێکم نووسی کە تایبەت بوو بە یەکێك لە نهێنی‌یەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە. وا ئێستاش لەسەر داخوازیی دوو برای بەڕێز و ئازیز، بە زمانی تورکی ڕوونکردنەوەیەك بۆ ئەو باسە دەنووسم و، پشت بە تەوفیق و یارمەتیی خوای گەورە دەبەستم و ئیلهام لە ڕێزنەی قورئانی پیرۆز وەردەگرم و، دەڵێم:

"کتــاب مبین" بەپێی بۆچوونێك، بریتی‌یە لە قورئانی پیرۆز. کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە – بەپێی ئەو بۆچوونە – دەری‌دەخات کە: هیچ تەڕ و وشکێك نی‌یە کە لە قورئاندا باسی نەهاتبێت.

– ئایا وایە؟

– بەڵێ وایە، هەموو شتێك لە قورئاندا هەیە.. بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت هەموو شتێکی تێدا دەربهێنێت. چونکە وێنە و شێوەی شتان لە قورئانی پیرۆزدا جیاجیا و جۆراوجۆر دەردەکەون. ئەوەتا هەندێ جار "ناوك" یان "تۆو"ی ئەو شتە و، هەندێ جار کورتە و پوختەکەی و، هەندێ جاری تر دەستوورەکانی و، هەندێ جاری دیکەش چەند نیشانەیەکی ئەو شتەی تێدا دانراوە. ئنجا هەموو ئەم پلانەش یان بە ڕاشکاوی یان بە ئاماژە یاخود هێما یاخود بە چەشنێکی تەماوی و نادیار یان لە شێوەی بێدارکردنەوەدا باس دەکرێن. چونکە قورئانی پیرۆز لە ناوەندی شێوازەکانی ڕەوانبێژی‌یەکەیدا و بەپێی پێویست و بە گوێرەی داخوازیی موناسەبەی حاڵ و مەقام، مەبەستەکانی دەردەبڕێت.

---

(١) مەبەست یەکەم ساڵی جەنگی جیهانیی یەکەمە. (وەرگێڕ)

بۆ نموونە: فڕۆكە و كارەبا و شەمەندەفەر و جیهازی بێ تەل و تازە داهاتووەكانی تری زانست و تەكنۆلۆژیای نوێ كە بە بەرهەمی بەرەوپێش‌چوون و بەرزبوونەوەی مرۆڤ دادەنرێن لە بواری پیشەسازی و زانستدا، بوون بە مایەی بایەخ‌پێدانی مرۆڤی سەردەم و جێگە و پایەیەكی تایبەتی‌یان لە ژیانی ماددیی ئەودا بەدەست هێناوە. بۆیە ئەو قورئانە پیرۆزەی كە ڕووی گوفتار لە سەرجەمی چینەكانی مرۆڤایەتی دەكات، ئەم لایەنەی ژیانی مرۆڤیشی پشت گوێ نەخستووە، بەڵكو لە دوو ڕووەوە ئاماژەی بۆ كردووە:

ڕووی یەكەم: لە كاتی ئاماژەكردنی‌دا بۆ موعجیزاتی پێغەمبەران -دروودیان لەسەر بێت- ئاماژەی بۆ ئەوانەش كردووە.

ڕووی دووهەم: لە كاتی گێڕانەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی‌دا ئاماژەی بۆ كردوون.

بۆ نموونە: ئەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ شەمەندەفەر كردووە:

﴿قُتِلَ اَصحابُ الأُخدود ❁ النّارِ ذاتِ الوَقود ❁ اذْ هُمْ عَلَيها قُعود ❁ وَهُمْ عَلى ما يَفعَلُونَ بالمُؤمِنينَ شُهود ❁ وما نَقَمُوا مِنهُمْ الاّ اَنْ يُؤْمِنوا باللهِ العَزيزِ الحميدِ﴾(البروج:٤-٨)[1].

هەروەها:

﴿في الفُلْكِ المشحون ❁ وخَلَقْنا لَهُم مِنْ مِثْلِهِ ما يَرْكَبون﴾(يس:٤١-٤٢).

ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوەش سەرباری ئەوەی كە ئاماژەی بۆ گەلێ نوور و نهێنی كردووە، هێماشی تێدایە بۆ كارەبا:

﴿اللهُ نورُ السَّمواتِ والأرضِ مَثَلُ نورِهِ كَمِشْكوةٍ فيها مِصْباحٌ المِصْباحُ في زُجاجةٍ الزُّجاجةُ كأنَّها كَوكَبٌ دُرِّيٌ يوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لا شَرْقِيَّةٍ ولا غَرْبِيَّةٍ يَكادُ زَيْتُها يُضيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نارٌ نورٌ عَلى نورٍ يَهْدِي اللهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشاءُ﴾[2](النور:٣٥).

جا لەبەر ئەوەی گەلێ كەس لە بەڕێزان بۆ ئەم بەشە لێ‌بڕاون و هەوڵی زۆریان بۆ ڕوونكرنەوەی داوە (هەرچەندەش گرتنە ئەستۆی ئەم كارە داخوازی ئەوپەڕی وردەكاری دەبێت و پێویست دەكات بە شێوەیەكی فراوانتر ئەو باسانە پێش‌چاو بخرێن و ڕوون بكرێنەوە) و سەرەڕای ئەوەش كە گەلێ نموونەی زۆریش هەن لەسەری.. لەبەر ئەوە، لێرەدا ئەو دەرگایە ناخەینە سەرپشت و بە خستنە ڕووی ئەو ئایەتە ناوبراوانە واز دەهێنین.

بەڵام سەبارەت بە بەشی یەكەمەوە، كە لە ناوەندی ئاماژەكردنی قورئاندا بۆ موعجیزاتی پێغەمبەران - دروودیان لەسەر بێت - ئاماژەی بۆ ئەو داهێنانە نوێیانەش كردووە كە وەك شتی لەعادەت‌بەدەر وان.. وا چەند نموونەیەكیان لێ باس دەكەین:

---

(١) ئەم ڕستەیە ئاماژە دەكات بۆ ئەوەی كە ئەو شتەی جیهانی ئیسلامیی بە كۆت و زنجیری خۆی بەستەوە و دیلی كردن، بریتی‌یە لە شەمەندەفەر كە بە هۆیەوە كافران بەسەر موسڵماناندا سەركەوتن. (دانەر)*

* مەبەستی دانەر ئەو كارەساتەیە كە لە جەنگی یەكەمی جیهانی‌دا كافران بەسەر موسڵمانانیاندا هێنا. (وەرگێڕ)

(٢) ڕستەی: ﴿يَكادُ زَيْتُها يُضيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نارٌ﴾ ئەو هێمایە ڕوون دەكاتەوە. (دانەر)

پێشەكی: قورئانی پیرۆز دەری‌دەخات كـە پێغەمبەران - درووديـان لەسـەر بێـت- بۆ نـاو كۆمەڵانی مرۆڤ ڕەوانە كـراون، تـاكو لـە بەرزبوونەوە و "پێشكەوتنی مەعنەوی"دا ببن بە پێشـەوا و چاولێكراويـان. لـە هـەمان كـاتیش‌دا ڕوونـی دەكاتـەوە كـە خـوای گـەورە موعجیزەيـەكی مـاددیی داوەتـە دەسـت هـەموو يـەكێك لـەو پێغەمبەرانـە و لـە "پێشـكەوتنی ماددی"ش‌دا كردوونی بە مامۆستا و پێشڕەوی گرۆی مرۆڤ. واتە قورئان فەرمان دەدات كە بە تـەواوەتی و لـە سـەرجەم كاروبـارە مـاددی و مەعنەوی‌يەكاندا شـوێن‌پێی پێغەمبەران - درووديان لـەسەر بێت - هەڵبگرن و چاويان لـێ بكەن..

چـونكە هەروەك قـورئانی پیرۆز لـە دەمی باسـكردنی كـەماڵاتی مـەعنەويی پێغەمبەراندا درووديان لـەسەر بێت- هانی مرۆڤ دەدات كـە پتر لـە ڕوونـاكيی خووڕەوشتە جوانەكانی پێغەمبـەران بەهرەمـەند ببێـت، هـەر ئـەو قورئانـە لـە دەمـی بـاس كردنی موعجـيزە ماددی‌يەكانيشياندا دەيەوێت شەوقی گرۆی مرۆڤ ببزوێنێت تاكو لاسايی ئەو موعجيزانەی ناو دەسـتی پێغەمبـەران بكەنەوە و، بە ئامـاژە، هانيـان دەدات كـە لـە پێشـكەوتنی مـاددیش‌دا بگەنە ئاستی هاووێنەی ئەو موعجيزاتانە. بگرە دەتوانرێت بوتـرێ: تەنـها دەستی موعجـيزەی پێغەمبەران بـوو كـە بۆ يەكـەم جار كـەماڵ و كـاری دەراسـای مـاددیی پێشـكەش بە گـرۆی مرۆڤ كرد، وەك ئەوەی كەمالـی مەعنەويی پێشكەش كردن!

گەر نموونەت لـەسەر ئەمە دەوێت ئەوا بڕوانە بۆ كەشتی‌يەكەی حەزرەتی نووح - درووودی لـەسەر بێت- كە يەكێكە لە موعجيزاتی ئەو پێغەمبەرە و، كاتژمێرەكەی حەزرەتی يووسـفيش -درووودی لـەسەر بێت - كە يەكێكە لـە موعجـيزاتی حـەزرەتی يووسف. ئـەوەبوو بـۆ يەكـەم جار دەستی موعجيزەی پێغەمبەران -عليهم السلام- بە وێنەی دياری‌يەكی بەنرخ پێشكەشی ئادەميزادی كردن. ئەم ڕاستی‌يەش ئاماژەيەكی نـەرمونيانی لـەسـەر هەيە، كـە بريتی‌يـە لـەوەی زۆربـەی پيشەسـازان يـەكێك لـە پێغەمبـەرانيان كـردووە بە جەمسـەر و پێشڕەوی سنعەت و پيشەكەيان. بۆ نموونە: كەشتيوانەكان حەزرەتی نووحيان -دووردی لەسـەر بێـت -كـردووە بە پێشڕەويان و، سەعاتچی‌يەكانيش حەزرەتی يووسفيان -درووودی لـەسەر بێت- كردووە بە پێشەوايان و، بەرگدرووەكانيش حەزرەتی ئيدريسيان - درووودی لـەسەر بێـت - كـردووە بە ڕابەريان.

جـا لـەبـەر ئـەوەی سـەرجەم زانـا لێكۆڵـەرەكانی ڕەوانبێـژی لـەوەدا يـەكيان گرتـووە كـە هەموو ئايەتێكی قورئانی پیرۆز چەند ڕوويـەكی جياجيـای ڕێنمـايی و چـەندەها لايـەنی زۆری هيدايەتی تێدايە، ئەوا هەرگيز ناگونجێ كە ڕووناكترين و درەخشـانترين ئايەتەكانی قورئـان - كە ئاياتی موعجيزاتن - تەنها بريتی بن لـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی مێژوويی، بـەڵكو دەبـێ - جگە لـەمەش - گەلـێ واتای ڕەوانی ڕێنمايی و هيدايەتيشيان لەخۆ گرتبێت.

بهڵێ، كاتێ كه قورئانی پیرۆز موعجیزاتی پێغهمبهران دههێنێت، بهم كارهی: هێڵی دوا سنووری ئهوپهڕی توانای مرۆڤ دهكێشێت له بوارهكانی زانست و پیشهسازیدا و، ئاماژهیان پێ دهكات بۆ كۆتایی ئهو ئامانجانهی كه مرۆڤ دهتوانێت بیانهێنێتهدی. كهواته قورئان بهم باسكردنهی موعجیزاتی پێغهمبهران -درووديان لهسهر بێت- سنووری دوورترینی دوا ئهنجام لهو بوارانهدا بۆ مرۆڤ دهكێشێت و، پاشان هانی گرۆی ئادهمیزاد دهدات و دهیانداتهبهر تاكو بگهن بهو سنوور و ئهنجامانه. چونكه ههروهك كاتهكانی ڕابوردوو عهمبار و گهنجینهی تۆوهكانی داهاتووه و ئاوێنهیهكه كاروبارهكانی داهاتوویان تێدا دهردهكهوێت، داهاتووش داهاتی تۆوهكانی ڕابوردووه و ئاوێنهی ئاواتهكانیهتی.

وا بۆ نموونه لهو سهرچاوه بهپیت و فراوانه؛ چهند نموونهیهك ڕوون دهكهینهوه:

○ بۆ نموونه: ﴿وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ﴾(سبأ:١٢).

ئهم ئایهته پیرۆزه یهكێك له موعجیزاتی حهزرهتی سولهیمان -درووودی لهسهر بێت- ڕوون دهكاتهوه. كه بریتییه لهوهی "با"ی بۆ ژێربار(مُسَخَّر) و گوێڕایهڵ كرابوو. واته ئهمسهر و ئهوسهری ئهو ماوه(مسافة)یهی كه به دوو مانگ دهبڕرا، ئهم له ههوادا به یهك ڕۆژ دهیبڕی!

ئهم ئایهته، ئاماژه دهكات بۆ ئهوهی: ڕێگا له بهردهم مرۆڤدا كراوهتهوه كه ئهم چهشنه ماوهیه له ههوادا ببڕێت.

كهواته ئهی گرۆی مرۆڤ! ههوڵ بده بگهیته ئهم پلهیه، مادهم ڕێگات له بهردهمدا كراوهتهوه. تێبكۆشه لهم پله و پایهیه نزیك ببیتهوه.

وهك بڵێی خوای گهوره له واتای ئهم ئایهتهدا دهفهرموێت:

(یهكێك له بهندهكانم وازی له "ههوا"ی دهروونی خۆی هێنا و، منیش سواری پشتی "ههوا"م كرد! خۆ ئهگهر تۆش -ئهی مرۆڤ!- واز له تهمبهڵیی دهروونت بهێنیت و به باشی سوود لهو یاسایانهی سوننهتی من وهربگریت كه له گهردووندا كار دهكهن، ئهوا تۆش دهتوانیت سواری پشتی "ههوا" ببیت)!

○ نموونهیهكی تر: ﴿فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْناً...﴾(البقرة:٦٠).

ئهم ئایهته پیرۆزه یهكێك له موعجیزاتی حهزرهتی مووسا -درووودی لهسهر بێت- ڕوون دهكاتهوه و، له ههمان كاتیشدا ئاماژه دهكات بۆ ئهوهی كه: دهتوانرێت به چهند ئامێر و ئامڕازێكی ساده، سوود له گهنجینهكانی میهرهبانیی شارراوهی ژێر زهوی وهربگیرێت، تهنانهت ئاوی سهرچاوهی ژیانیش له زهوییهكی ڕهقی مردووی وهك بهرد، به هۆی عهسایهكهوه، ههڵبقوڵێنرێت.

جا ئەم ئایەتە بەم واتایەی خوارەوە لەگەڵ گرۆی مرۆڤدا دەدوێت:
دەتوانن بەهۆی عەسایەکەوە ئەو ئاوە بەدەستبهێنن کە ناسکترینی ڕیژنەکانی میهرەبانیی خواوەندە. دەسا تێبکۆشن و بە گەرمی هەوڵ بدەن تاکو بیدۆزنەوە.
کەواتە خوای گەورە بەم واتا ڕەمزیی‌یەی خوارەوە لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێت:
(مادەم عەسایەکم بە دەستی بەندەیەکی خۆم سپاردووە کە پشتم پێ دەبەستێ و باوەڕی پێمە و، لە هەر شوێنێکدا بیەوێت دەتوانێت بەو عەسایە ئاو هەڵبقوڵێنێت، ئەوا تۆی مرۆڤیش گەر پشت بە یاساکانی میهرەبانیم ببەستیت، دەتوانیت بە هەمان جۆر ئامێرێکی هاوونەی ئەو عەسایە دابهێنیت. دەسا هەوڵ بدە با ئەو ئامێرەت دەست بکەوێت).
دەبینیت کە چۆن ئەم ئایەتە یەکەم پێشڕەو بووە بۆ پەیداکردنی ئامێرێك کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆیەوە لە زۆربەی شوێندا ئاوی لە زەوی پێدەربهێنێت. ئەو ئامێرەی کە یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤایەتی. تەنانەت ئەم ئایەتە پیرۆزە هێڵی دواسنوور و ئەوپەڕی توانای بەکارهێنانی ئەو ئامێرەی دەستنیشان کردووە، بە وێنەی ئایەتی پێشوو کە دوا خاڵەکانی کۆتایی و ئەوپەڕی توانای فڕۆکەی نوێی دەستنیشان کرد.
○ نموونەیەکی تر: ﴿وَأُبْرِئُ الأكْمَهَ وَالأبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللهِ﴾(آل عمران:٤٩).
قورئانی پیرۆز هەروەك بە "ڕاشکاوی" هانی مرۆڤایەتی دەدات کە شوێنی خووڕەوشتە پێغەمبەریی‌یە بەرزەکانی حەزرەتی عیسا بکەون - درودی لەسەر بێت - بە "هێما"ش بۆ ئەو خووڕەوشتانە هانیان دەدات کاتێ کە سەرنجیان بۆ لای ئەو پیشە پیرۆز و پزیشکیی‌یە پەروەردگاریی‌یە مەزنەی حەزرەتی عیسا - درودی لەسەر بێت - ڕادەکێشێت.
وەك بڵێی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە:
دەگونجێ دەرمانێك بدۆزرێتەوە کە سەختترین نەخۆشی و دەردی بێ چارەسەر بکات.
کەواتە ئەی مرۆڤ! بێ‌هیوا مەبە.. ئەی گرفتار و گیرۆدەی نەخۆشی! نائومێد مەبە.. چونکە هەموو دەردێك دەرمانی هەیە و دەگونجێ چارەسەر بکرێت. دەسا بە شوێنیدا بگەڕێ و بیدۆزەرەوە. تەنانەت دەگونجێت لە ڕێی جۆرە ژیانێکی کاتیی‌یەوە چارەسەریی خودی مردنیش بکرێت.
خوای گەورە لە ڕێی "واتای ئاماژەیی"ی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە دەفەرموێت:
(یەکێك لە بەندەکانم لە پێناوی مندا دەستی لە دنیا هەڵگرت، منیش دوو دیاریم پێبەخشی. یەکێکیان: دەرمانی دەردە مەعنەوی‌یەکان و، ئەوی تریشیان: چارەسەریی نەخۆشی‌یە ماددی‌یەکانە. ئەوەتا دڵە مردووەکان بە نووری هیدایەتی ئەو زیندوو دەبنەوە و، ئەو نەخۆشانەش کە لە حوکمی مردوواندان تەنها بە فوویەکی ئەو چاك دەبنەوە. تۆی مرۆڤیش دەتوانیت لەناو دەرمانخانەی حیکمەتی مندا دەرمانی هەموو دەردەکانت بدۆزیتەوە. دەسا لەم پێناوەدا تێبکۆشە و ئەو دەرمانە بدۆزەرەوە کە بێ هیچ گومانێك بە دەستی دەخەیت و دەیدۆزیتەوە).

بەم جۆرە دەبینیت کە چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوپەڕی ئامانجە دوورەکانی ئەو پێشکەوتنەی دەستنیشان کرد کە زانستی پزیشکیی مرۆڤ ئاواتەخوازە پێی بگات.

کەواتە ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ ئەو ئامانجە دەکات و هانی مرۆڤ دەدات بەدەستی بهێنێت.

○ نموونەیەکی تر: ﴿وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ﴾(سبأ:١٠).

﴿وآتيناهُ الحِكْمَةَ وَ فَصْلَ الخِطابِ﴾(ص:٢٠).

ئەم دوو ئایەتە تایبەتن بە موعجیزەی حەزرەتی داوود - دروودی لەسەر بێت- و، ئایەتی: ﴿وَاَسَلْنا لَهُ عَيْنَ القِطْرِ﴾یش (سبأ:١٢) تایبەتە بە موعجیزەی حەزرەتی سولەیمانەوە، دروودی لەسەر بێت.

ئەم ئایەتانە ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە:

نەرمکردنی ئاسن نیعمەتێکی بەرزی خواوەندە، چونکە خوای گەورە لەم ڕێیەوە فەزڵو گەورەیی پێغەمبەرێکی مەزن دەردەخات. ئەوەتا نەرمکردنی ئاسن بە چەشنی هەویرو، توانەوەی مس و، دۆزینەوە و پەیداکردنی کانزاکان، سەرەتا و بناغەی سەرجەم پیشەسازی‌یەکانی مرۆڤن و، لەم ڕووەوە کانگا و سەرچاوەی پێشکەوتنی شارستانێتین.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بۆ نیعمەتی گەورەی خواوەند دەکات لە: نەرمکردنی هەویرئاسای "ئاسن" و "مس"دا و گۆڕینیان بە چەند تەلێکی باریك، کە دوو تەوەرەن بۆ زۆربەی پیشەسازی‌یە گەورەکان. چونکە خوای گەورە لە شێوەی موعجیزەیەکی مەزنی پێغەمبەرێکی گەورە و جێنشینێکی مەزنی زەوی‌دا بەخشیونی و باسی کردوون. جا مادەم خواوەند بەم ئایەتە ڕێزی لە کەسێك ناوە کە لە یەك کاتدا پێغەمبەر و جێنشینە و، نیعمەتی دانایی و چارەسەرکردنی کێشەکانی بە زمانی ئەو بەخشیوە و، ئەم سنعەتە پێشکەوتووەشی بە دەستی ئەو سپاردووە و، بە ڕاشکاویش هانی مرۆڤایەتیی داوە، چاو لەو نیعمەتە بکەن کە بە زمانی ئەو پێغەمبەرە بەخشراوە. دەبێ قورئان ئاماژەیەکی ئەوتۆشی تێدا بێت کە هانیان بدات چاو لەو سنعەت و کارامەیی‌یەی ناو دەستیشی بکەن!

واتە: خوای گەورە لە ڕێی "واتای ئاماژەیی"ی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە دەفەرموێت:

(ئەی نەوەی ئادەم! یەکێك لە بەندەکانم کە ملی بۆ داخوازی‌یەکانم کەچ کرد و، گوێڕایەڵیی فەرمانەکانم بوو، توانای گفتوگۆیەکی وام بە زمانی بەخشی کە بتوانێت چارەسەری کێشەکانی پێ بکات و، دڵەکەشیم بە زانستێك پڕ کرد کە هەموو شتێك بە ڕوونی لە یەکتر جیا بکاتەوە و.. حەقیقەتێکی هێندە ڕەنگینیشم لەناو دەستی‌دا دانا کە ئاسن لە دەستی‌دا وەکو مۆمی لێ دەهات و بە هەر شێوەیەك بی‌ویستایە شێوە و شکڵی ئەو ئاسنەی دەگۆڕی و، هێزێکی مەزنی بۆ جێگیرکردنی پایەی خەلافەتەکەی و بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەتەکەی لێ وەردەگرت. جا مادەم ئەم کارە لە توانادا هەیە و لە

واقیعیشدا ڕووی داوه و بۆ ژیانی كۆمهڵایهتیشتان گرنگییهكی لهڕادهبهدهری ههیه، ئهوا ئێوهش - ئهی نهوهی ئادهم! - ئهگهر گوێڕایهڵیی فهرمانه تهكوینییهكانم ببن، ئهوا ئهو دانست و سنعهتهتان دهدرێتێ و دهتوانن به درێژایی ڕۆژگار لێیان نزیك ببنهوه و پێیان بگهن)!

ئهوهتا گهیشتنی مرۆڤ بهوپهڕی ئاواتهكانی له بواری پیشهسازیدا و بهدهستهێنانی توانستێكی لهڕادهبهدهر له لایهنی هێزی ماددییهوه، تهنها بههۆی نهرمكردنی ئاسن و توانهوهی مسهوه بوو. جا ئهم ئایهته پیرۆزانهش سهرنجی مرۆڤایهتی - به گشتی - بۆ لای ئهم ڕاستییه ڕاده كێشن و، ئاوری پێشینان و تهمبهڵانی ئێستاشی بۆ لا دهدهنهوه و، لهم ڕێیهوه ئهوانه بێدار دهكهنهوه كه تا ئێستا بایهخی شایستهیان بهم ڕاستییه نهداوه.

○ نموونهیهكی تر: ﴿قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ فَلَمَّا رَآهُ مُسْتَقِرًّا عِنْدَهُ...﴾(النمل: ٤٠).

ئهم ئایهته، ئاماژه دهكات بۆ ئهوهی كه: هێنان و ئامادهكردنی شتان، چ خودی خۆیان چ شكڵ و شێوهیان، له چهندان ماوهی دوورهوه، كارێكه له تواناد ههیه. ئهمهش لهو ڕووهوه كه بوو به بهڵگه لهسهر ئهو ڕووداوه دهراسایهی له كۆڕی حهزرهتی سولهیماندا - دروودی لهسهر بێت - ڕووی دا، كاتێ یهكێك له وهزیرهكانی، كه زانیارییهكی زۆری له "زانستی ئامادهكردن"دا پێ درابوو، به حهزرهتی سولهیمانی وت: من عهرشی بهڵقیست بۆ دههێنم!

خوای گهوره "پادشایی" و "پێغهمبهرێتی"ی پێكهوه به حهزرهتی سولهیمان بهخشیبوو. جگه لهمانهش بۆ مهبهستی ڕێزلێنانی ئهو، موعجیزهیهكی ئهوتۆی پێ دابوو كه دهیتوانی بههۆی ئهو موعجیزهیهوه ڕاستهوخۆ بێ هیچ قورسی و ئهركێك چاوی له بارودۆخی ژیانی ڕهعیهتهكهیهوه بێت و سكاڵایان ببیستێت. ههر ئهم موعجیزهیهش بوو كه حهزرهتی سولهیمانی دهپاراست له ههر ههڵهیهك له كاروباری ڕهعیهتدا و، هۆكارێكی بههێزیش بوو بۆ بڵاوكردنهوهی عهدالهت و ههڵكردنی ئاڵای دادگهری له ههموو جێگایهكی وڵاتهكهیدا.

كهواته ههركهسێك پشت به خوای گهوره ببهستێ و پاڵی پێوه بدات و، به زمانی توانا و لێهاتنهكانی سروشتی خۆی لێی بپاڕێتهوه و، له ژیانیشیدا بهپێی یاسا خواییهكان و چاودێریی پهروهردگار ههنگاو بنێت، دهگونجێ ئهم دنیا فراوانهی له بهردهمدا وهك شارێكی ڕێكوپێك لێ بێت، وهك ئهوهی بۆ حهزرهتی سولهیمان ڕووی دا كاتێ كه به زمانی پێغهمبهرایهتیی خاوێن و بێگهرد داوای كرد: عهرشی بهڵقیسی بۆ ئاماده بكرێت و، ئنجا ئهو عهرشهی چ خۆی چ شێوهكهی له وڵاتی یهمهنهوه بۆ وڵاتی شام له بهردهمدا ئاماده كرا. بێگومان دهنگی پیاوانی ئامادهبووی دهوری ئهو عهرشهیش له كاتی هێنانیدا بیستراو ههروهك شێوه و ڕوخساریشیان دهبینرا!

ئەم ئایەتە ئاماژەیەكی ڕەنگین دەكات بۆ ئامادەكردنی دەنگ و ڕەنگەكان لە چەندەها ماوەی دوورەوە. كەواتە ئەم ئایەتە دەدەفەرموێ:

(ئەی كاربەدەستان! ئەی ئەوانەی كاروباری وڵاتتان لە ئەستۆ گرتووە! ئەگەر دەتانەوێت "دادگەری" هەموو لایەكی وڵاتەكەتان بگرێتەوە. ئەوا چاو لە حەزرەتی سولەیمان بكەن و وەك ئەو هەوڵ بدەن هەموو ئەو شتانە ببینن و بزانن كە لە سەرانسەری زەوی‌دا ڕوو دەدەن. چونكە ئەو فەرمانڕەوا دادگەرەی كە دەیەوێت ئاڵای دادگەری لە هەموو گۆشەیەكی وڵاتەكەی‌دا بشەكێتەوە و ئەو پادشایەش كە بە میهرەبانی و بەزەییەوە چاودێریی كاروباری هاووڵاتیانی دەكات، ناگات بە ئامانجەكانی ئەگەر نەتوانێت -هەر كات بییەوێت- ئاگاداری هەموو هەرێم و لایەكی وڵاتەكەی بێت. خۆ ئەگەر توانیی بەو چەشنە ئاگادار بێت، ئەوا عەدالەت بە تەواوەتی گشت لایەك دەگرێتەوە و، خۆیشی لە موحاسەبە و لێپرسینەوەی مەعنەوی ڕزگار دەكات).

خوای گەورە بە (واتای هێما)ی ئەم ئایەتە پیرۆزە لەگەڵ مرۆڤ‌دا دەدوێت و دەفەرموێ:

(ئەی نەوەی ئادەم! حوكمڕانیی وڵاتێكی یەكجار فراوانم دایە دەست یەكێ لە بەندەكانم و، ئاگاداربوونی ڕاستەوخۆشم پێ‌بەخشی سەبارەت بە باروودۆخ و ڕووداوەكانی زەوی، تاكو بتوانێت بە تەواوەتی دادگەری جێ‌بەجێ بكات. ئنجا مادەم توانا و لێهاتنێكی سروشتیم بە هەموو مرۆڤێك بەخشیوە بۆ ئەوەی ببێت بە جێ‌نشین لە زەوی‌دا، ئەوا بێ گومان بەپێی داخوازیی حیكمەتی خۆم ئەو بەهرە و توانا و لێهاتنەشەم داوەتێ كە بتوانێت بەهۆیانەوە سەیری هەموو گۆشە و لایەكی زەوی بكات و پەی بە ڕووداوەكانی ببات. خۆ هەرچەندە مرۆڤ بە "تاكە كەسی" ناتوانێت بگات بەم پلەیە، بەڵام دەتوانێ بە "جۆر" و هاوڕەگەزەكەی پێی بگات.. گەر نەتوانێت لە ڕووی ماددی‌یەوە ئەو پلەوپایەیە بە دەست بهێنێت، دەتوانێ بە شێوەیەكی مەعنەوی - بە وێنەی ئەوەی بۆ ئەولیا و پیاوچاكان ڕوو دەدات - پێی بەهرەمەند ببێت. كەواتە ئێوە دەتوانن سوود لەم نیعمەتە وەربگرن كە پێتان بەخشراوە. دەسا خێراكەن كاری گەرم و گوڕ ئەنجام بدەن و بە چوست و چالاكی لێ بڕین تاكو گۆی زەوی بە وێنەی باخچەیەكی بچووكی ڕەنگین بخەملێنن و هاتوچۆی تێدا بكەن و هەموو ڕووەكانی ببینن و هەواڵ و ڕووداوەكانی هەموو شوێنێكی تر ببیستن، بێ ئەوەی ئەركی بەندایەتیتان لە یاد بچێت).

هەروەها سەرنج لەم ئایەتە پیرۆزە بدەن كە دەفەرموێت:

﴿هُوَ الَّذي جَعَلَ لَكُمُ الأرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا في مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَالَيْهِ النُّشُورُ﴾(الملك:١٥).

بەم جۆرە بینیمان كە چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەتای ئەم نموونەیە، هیممەتی مرۆڤ دەبزوێنێت و بایەخیشی تێدا دەبووژێنێتەوە بۆ دۆزینەوەی هۆكار و ئامێرێك لە نێوان وردترینی پیشەسازی‌یەكانی‌دا، كە بە هۆیەوە بتوانێت لە دوورترین شوێنەوە ڕەنگەكان ئامادە بكات.

○ نموونەیەكی تر:

﴿وآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الأَصفَادِ﴾(ص:٣٨).

﴿وَمِنَ الشَّيَاطِينِ مَنْ يَغُوصُونَ لَهُ وَيَعْمَلُونَ عَمَلاً دونَ ذلكَ وَكُنَّا لَهُمْ حافِظِينَ﴾(الأنبياء:٨٢).

ئەم ئایەتە پیرۆزانە ئەوە دەگەیەنن كە: جیننی و شەیتانەكان و ڕۆحیانەتە چەپەڵەكان، بۆ حەزرەتی سولەیمان – درودی لەسەر بێت – ژێربار و ملكەچ كرابوون و ڕێ لە شەڕ و خراپكاری‌یان گیرابوو و، لە چەندین كاروباری بەسوددا بەكارهێنرابوون. كەواتە ئەم ئایەتانە دەڵێن:

تاقمی جیننی، كە لە نێوان سەرنیشنانی خاوەن هەست‌وشعووری گۆی زەوی‌دا لە دوای ئادەمیزادەوە دێن و لە گرنگی و بایەخدا پلەی دووهەمیان هەیە، دەگونجێ بكرێن بە خزمەتگوزاری مرۆڤ و پەیوەندی‌یان لەگەڵ ببەسرێت و چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا سازبكرێت. تەنانەت دەگونجێ كە شەیتانەكان دوژمنایەتی‌یان لەگەڵ مرۆڤدا بخەنە لاوە و ناچار بكرێن خزمەتی مرۆڤ بكەن. هەروەك خوای گەورە ژێربار و ملكەچی كردن بۆ یەكێك لە بەندە ملكەچ و گوێڕایەڵەكانی فەرمانی خۆی.

واتە خوای گەورە، بە "واتای هێما"ی ئەم ئایەتانە، ڕووی گوفتار لە مرۆڤ دەكات و دەفەرموێت:

(ئەی مرۆڤ! من جیننی و شەیتانەكان و خراپكارانیانم بۆ بەندەیەكی گوێڕایەڵی خۆم ملكەچ و ژێربار كرد. تۆش ئەگەر "نەفس"ی خۆت بۆ گوێڕایەڵیی فەرمانەكانی من ژێربارو ملكەچ بكەیت، ئەوا گەلێ بوونەوەری زۆرت تەنانەت جیننی و شەیتانەكانیشت بۆ ژێربار دەخەم).

كەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە هێڵی دواسنوور دەكێشێت و باشترین ڕێگای بەكەڵكی سوودلێ‌وەرگرتن دەستنیشان دەكات. تەنانەت ڕێگایەكیش دەكاتەوە بۆ "ئامادەكردنی گیانەكان" و "گفت‌وگۆكردن لەگەڵ جیننی"دا، كە دەرەنجامی تێكەڵبوونی هونەر و زانستەكانی مرۆڤە و لە هێز و هەست و نەستە نائاسایی‌یە ماددی و مەعنەوی‌یەكانیەوە دەركەوتووە و سەری هەڵداوە. بەڵام نەك بەو جۆرەی كە لەم سەردەمەی ئێستا بەكاردەهێنرێت. چونكە ئەو مرۆڤانەی كە ئێستا لەم بوارانەدا كار دەكەن بوون بە گاڵتەجاڕ و مایەی پێ‌ڕابواردن لە لایەن ئەو جنۆكانەوە كە هەندێ جار ناوی كەسانی مردوو.لە خۆیان

دەنێن و به پێچەوانەی مەبەستەوه خۆیان بوون بەگوێڕایەڵ و ڕامکراوی شەیتانەکان و ڕۆحیانەتە چەپەڵەکان! ئەوەی ئێمە لێی دواین جیاوازە لەمانە و، تەنها لەو ڕێگایەوە دەبێت کە بەهۆی نهێنی‌یەکانی قورئانی پیرۆزەوە ملکەچ بکرێن و ژێربار بخرێن و لە خراپە و زیانەکانیشیان مرۆڤ دەرباز بکرێت!

○ پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزە:

﴿فَاَرْسَلْنَا اِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَراً سَوِيًّا﴾(مريم:١٧)..

هەروەها ئایەتەکانی تری هاوچەشنی کە ئاماژە بۆ بەرجەستەبوونی ڕۆحیانەتەکان دەکەن و، ئەو ئایەتانەش کە ئاماژەیان تێدایە بۆ هێنان و ژێربارخستنی دێوەکان لە لایەن حەزرەتی سولەیمانەوە - دروودی لەسەر بێت - هەروەك ئاماژە بۆ بەرجەستە بوونی ڕۆحانی‌یەکان دەکەن، لە هەمان کاتیش‌دا ئاماژەیان تێدایە بۆ ئامادە کردنی گیانەکان(تحضير الأرواح). بەڵام وریابە! ئامادەکردنی گیانە خاوێنەکان، کە ئەو ئایەتانە ئاماژەیان بۆ دەکەن، بەو شێوەیە نی‌یە کە هاوچەرخەکانمان گیانەکان بۆ شوێنی گەمە و گاڵتەی خۆیان دەهێنن و کارێکە سەرتاپا گاڵتە پێکردنێکی سووك و ڕسوای ئەوتۆیە کە لەگەڵ شان و شکۆی ئەو ڕۆحیانەتە جیددی و بەڕێز و خاوەن ویقارانەدا ناگونجێ، ئەوانەی کە جیهانێکیان ئاوەدان کردووەتەوە کە یەکپارچە کاری جیددی‌یە و جێی گەمە و گاڵتەی تێدا نابێتەوە..

بەڵێ مەبەست ئەوە نی‌یە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دەکرێ "گیانەکان" بە جۆرێکی تر ئامادە بکرێن، بە وێنەی ئەوەی چەند ئەولیایەکی پیاوچاك بۆ مەبەستێکی گرنگ و ئامانجێکی بەرز و پێویست ئەنجامیان دا. وەك کەسانی هاوونەی شێخ محي‌الديني عەرەبی، کە هەرکات بیانویستایە چاوپێ‌کەوتنیان لەگەڵ ئەو ڕۆحیانەتە خاوێنانەدا ساز دەکرد و، ئەمان بەرەو لای ئەو ڕۆحیانەتانە کێش دەبوون و پەیوەندی‌یان لەگەڵدا دەبەستن و بۆ شوێنەکانی ئەوان دەڕۆشتن و لە جیهانەکەیان نزیك دەبوونەوە و سوودیان لە ڕۆحیانەتی ئەوان وەردەگرت. تەنها ئەم ئامادەبوونی ڕۆحەیە کە ئەو ئایەتە پیرۆزانە ئاماژەی بۆ دەکەن‌و، لەم ئاماژەیەش‌دا هەست بە هاندان و تاسەبزواندنی مرۆڤ دەکرێت و، لە هەمان کاتیش‌دا هێڵی دوا سنووری ئەم چەشنە زانست و کارامەیی‌یە پەنهانە دەکێشێت و، جوانترین و باشترین شێوەشیان پێش‌چاو دەخات.

○ نموونەیەکی تر: ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالإِشْرَاقِ﴾(ص:١٨).

﴿يَا جِبَالُ اَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ وَاَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ﴾(سبأ:١٠).

﴿عُلِّمْنَا مَنْطِقَ الطَّيْرِ﴾(النمل:١٦).

ئەم ئایەتە پیرۆزانەی کە موعجیزاتی حەزرەتی داوود - دروودی لەسەر بێت - باس دەکەن، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە هێندە هێزی مەزن و دەنگ و ئاوازی

خۆش و جوانی بە ذیکر و تەسبیحاتی حەزرەتی داوود بەخشیبوو کە تەنانەت چیاکانیشی دەهێنایە حاڵ و جەزبەی شەوق و تاسەمەندی، بە ڕادەیەك کە دەتوت چیاکان گرامافۆنێکی گەورەن و زایەڵەی ذیکر و تەسبیحاتی ئەو دەڵێنەوە، یاخود دەتوت مرۆڤێکی گەورەن لەناو ئەڵقەی ذیکرێکدا کە لە دوای سەرگەورەی ئەو ئەڵقەیەوە ذیکرەکان دووپات دەکەنەوە!

- ئایا ئەمە حەقیقەتە؟ یان ئایا دەگونجێ شتی وا لە ڕاستیدا ڕوو بدات؟!

- بەڵێ، ڕاستییەکی بێ گومانە. چونکە ئایا ناگونجێ کە هەر چیایەك ئەشکەوتی تێدا بێت لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا بە زمانی ئەو مرۆڤە بدوێ و بە چەشنی "تووتی" گوفتارەکانی ئەو کەسە دووپات بکاتەوە؟ خۆ ئەگەر لە بەردەم هەر شاخێکدا وتت: "الحمدلله" ئەویش لە ڕێی زایەڵە و دەنگدانەوەی دەنگەکەی تۆوە دەڵێت: "الحمدلله"..

جا مادەم خوای گەورە ئەم توانا و لێهاتنەی بە چیاکان بەخشیبێت، ئەوا دەکرێت ئەو توانا و لێهاتنە پتر دەربخرێت و بکەوێتە ڕوو. خۆ لەبەر ئەوەی خوای گەورە جگە لە "پێغەمبەرایەتی" جێنشینیی زەویشی - بە تایبەتی - بە حەزرەتی داوود بەخشیبوو، ئەوا تۆوی ئەو توانا و لێهاتنەی کە لای ئەو دەری خست، پتر گەشەی پێ سەند و بە جۆرێکی ئیعجازبەخش خستیە ڕوو، بە شێوەیەك کە لەگەڵ کاروبار و ئەرکی فراوانی "پێغەمبەرایەتی" و "فەرمانڕەوایەتی"ی ئەودا بگونجێت، بە ڕادەیەك کە چیا سەخت و گەردنکەشەکانیش، وەکو هەر سەربازێکی گوێڕایەڵ و بە وێنەی هەر شاگردێکی گوێبیست لە بەردەستیدا و چەشنی هەر مورێدێکی خاوەن نەوازش لە ئەڵقەی ذیکریدا، ملکەچی فەرمانەکانی ئەو بوون. بەم پێیە. ئەو چیا مەزنانە بە زمان و فەرمانی حەزرەتی داوود - دروودی لەسەر بێت - تەسبیحات و سوپاسگوزاریی بەدیهێنەری مەزنیان پێشکەش دەکرد و، هەر کە حەزرەتی داوود - دروودی لەسەر بێت - ذیکر و تەسبیحاتی دەست پێ دەکرد، یەکسەر چیاکانیش لەگەڵ ئەودا هەمان ذیکر و تەسبیحاتیان دەوتەوە!

بەڵێ، سەرکردەی سوپا دەتوانێت لە ڕێی ئامێرەکانی پەیوەندی و هۆکارەکانی تەلەفۆنەوە زمانی سەربازە پەرش و بڵاوەکانی خۆی لەناو چیاکاندا بە ذیکری "الله أکبر" بخاتە گەڕ، بە ڕادەیەك دەڵێی شاخەکان خۆیان سەرگەرمی تەهلیلە و وتنی "الله أکبر"ن!

جا ئەگەر سەرکردەیەکی ئادەمی بتوانێت چیاکان لە شێوەیەکی مەجازیدا و بە زمانی سەرنیشتنانی، بخاتە گوفتار، دەبێ سەرکردەیەکی بەسام و شکۆی هەڵبژاردەی خوای گەورە چۆن بێت؟ ئایا ناتوانێت بە شێوەیەکی حەقیقی ئەو چیا و شاخانە بخاتە گوفتار و تەسبیحاتی ڕاستەقینە؟.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە وتەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە: هەموو چیایەك خاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەویی تایبەت و تەسبیحاتێکی گونجاوی تایبەتی و عیبادەتێکی شایستەی تایبەت بە خۆیەتی. کەواتە هەروەك بە دەنگدانەوە و زایەڵەی دەنگەکانی مرۆڤ

هەموو چیایەك تەسبیحات دەكات، هەر بۆ خۆیشی، بە زمانە تایبەتی‌یەكانی، تەسبیحاتی تایبەتی پێشكەشی بەدیهێنەری شكۆمەندی خۆی دەكات.

○ هەروەها: ﴿والطَّيْرَ مَحْشُورَةً﴾(ص:١٩).

﴿عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ﴾(النمل:١٦).

ئەم ئایەتانە دەری‌دەخەن كە: خوای گەورە حەزرەتی داوود و سولەیمانی فێری گوفتاری هەموو جۆرە باڵندەكان كردووە و، لە زمانی توانا و لێهاتنیشیان شارەزای كردوون. واتە لەو كارانەی كە لەگەڵیاندا دەگونجێ و چۆنێتیی سوود لێ‌وەرگرتنیان، ئاگاداری كردوونەتەوە.

بەڵێ، ئەم حەقیقەتە ڕاستی‌یەكی مەزنە. چونكە مادەم ڕووی زەوی سفرە و خوانێكی خواوەندی میهرەبانە و بۆ مەبەستی ڕێزنان لە مرۆڤ ڕاخراوە، ئەوا دەگونجێ زۆربەی ئەو ئاژەڵ و باڵندانەی كە سوود لەم سفرە وخوانە وەردەگرن، لە خزمەتی مرۆڤدا بن و بۆ ئیش‌و كارەكانی ئەو ژێربار خرابن..

چونكە ئەو مرۆڤەی كە خزمەتكارە بچووكەكانی چەشنی هەنگ و كرمی ئاورێشمی بۆ خۆی خستووەتەكار و، سوودی لە ئیلهامە خوایی‌یەكانی ئەوان وەرگرتووە و.. كۆتری نامەبەری لە هەندێ كاروباری خۆی‌دا بەكارهێناوە و.. تووتی و باڵندەكانی هاوچەشنی هێناوەتە قسە و گوفتار و، بەم كارەی گەلێ كردەوەی جوانی نوێی خستووەتە سەر شارستانێتیی خۆی.. ئەم مرۆڤە، هەروەك سوودی لە ئاژەڵە ماڵی و ڕامكراوەكان وەرگرت، دەشتوانێت گەلێ سوودی زۆری تری دەست بكەوێت گەر شارەزای زمانی توانا و لێهاتنی سروشتیی باڵندەكان و ئاژەڵەكانی تر بێت. چونكە باڵندە و ئاژەڵەكان گەلێ ڕەگەز و جۆری زەبەندە و جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە: گەر مرۆڤ فێری زمانی تواناو لێهاتنی ئەو چەشنە چۆلەكانە ببێت كە لە جۆری ڕیشۆڵەن و كوللە دەخۆن و ڕێ لە زیادبوونی دەگرن و، گەر بتوانێت كارەكانی ئەم چەشنە چۆلەكەیە ڕێك بخات و كۆنترۆڵی بكات، ئەوا دەتوانێت بۆ قەلاچۆكردنی كوللە بەكاریان بهێنێت! واتە ئەو كاتە مرۆڤ توانیویەتی سوود لەم جۆرە باڵندەیە وەربگرێت و لە چەندین كاروباری گرنگ‌دا بیانخاتە كار.

جا ئەم چەشنە سوود لێ‌وەرگرتن و بەكارهێنانەی توانا و لێهاتنی باڵندەكان و خستنەقسەی بێ گیانەكان (چەشنی تەلەفۆن و گرامافۆن) ئایەتە پیرۆزەكەی پێشوو هێڵی دواسنووری بۆ كێشاون.

كەواتە خوای گەورە بە "واتای هێما"ی ئەم ئایەتە پیرۆزانە دەفەرموێت:

(ئەی نەوەی ئادەم! یەكێك لە بەندە موخلیس و بێگەردەكانم، كە **هاوڕەگەزی ئێوە بوو،** گەلێ بەدیهاتووی مەزنم لە موڵكی خۆمدا بۆ ملكەچ و گوێڕایەڵ كرد و **خستمنەقسە** بۆی و كردمن بە چەند خزمەتگوزار و سەربازێكی دەستپاك و گوێڕایەڵ **لە خزمەتی**

ئـەودا، تـا کو پێغەمبەرایەتی‌یەکـەی و دادگەری‌یەکـەی لـە سـنووری فـەرمانڕەوایی دەوڵەتەکەی‌دا بپارێزن. هەریەك لە ئێوەش چەندین توانا و لێهاتن و بەهرەم پێ بەخشیون تاکو ببن بە جێ‌نشینی زەوی و، ئەمانەتێکی هێنـدە مـەزنم پێ سپاردوون کە ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان نەیانتوانی بیخەنـە ئەستۆی خۆیانـەوە. کەواتە دەبێ ئێوە ملکەچ و فەرمانبەرداری فەرمانەکانی ئەو خواوەندە بن کە جڵەوی ئەم بوونەوەرانەی لە دەستدایە، تاکو بوونـەوەرە پەرش و بڵاوەکانی ناو موڵکی ئەو، جڵەوی خۆیان بدەنە دەستتان. کەواتە ئێوە ئەم ڕێگایەتان بۆ تەخت کراوە و دەرگاتان بۆ خراوەتە سەر پشت، گەر بتوانن بە ناوی بەدیهێنەری مەزنەوە جڵەوی ئەو بوونەوەرانە بگرنەدەست و، بۆ پلەیـەکی ئـەوتۆ بـەرز ببنەوە کە شـایانی بەهرە و لێهاتنەکانتان بێت.

مادەم حەقیقەت بەم جۆرەیە، ئەوا تۆش ئەی مرۆڤ! بە گاڵتەوگەپ و کاری بێ واتا و بێ سوودی (چەشنی گرامافۆن و کۆتر و تووتی)یـەوە خـۆت خـەریك مەکە، بەڵکو لـە پێنـاوی بەدەستهێنانی گەمە و گاڵتەیەکی یەکجار نیان و خـاوێن‌دا هـەوڵ بدە و، تـامی خۆشـترین و بەلـەزەت‌ترینی جۆرەکـانی "تەسلیە" و دڵارامـی بچێژە و، وەك حـەزرەتی داوود - درووودی لەسەر بێت - چیاکان بکە بە گرامافۆنی دەنگـدەرەوەی ذیکرەکـانت و، بە ئـاوازی ذیکـر و تەسبیحی درەخـت و ڕووەکەکانیش ئـاوی گوێـی خـۆت بـدە، ئەوانـەی کـە هـەر ئـەوەندەی سروەیەکیان بەر دەکەوێت یەکسەر بـە وێنـەی ژێـی ئـامێرە دەنگی‌یـەکان، دەنگـی سـازگار و ئاوازی نەرم و ناسکیان لـێ بەرز دەبێتەوە..

بەم ذیکرە بڵند و بەرزە، چیاکان هەزاران زمانی ذیکرگۆی تەسبیحات‌گوزارت بەرچاو دەخەن و، لە ماهییـەت و نـاوەڕۆکێکی گەلـێ سـەیری نـاو بوونـەوەرە سەرسووڕهێنەکان‌دا دەردەکەون. ئەو کاتە زۆربـەی باڵندەکـان بە وێنەی پەپووی حـەزرەتی سولەیمان، علیـه السلام پۆشاکی هاوڕێی ئازیز و هاودەمی خۆشەویست دەپۆشن و، دەبن بە خزمـەتگوزاری گوێ‌ڕایەڵ بۆت و، دڵارامی و تەسلییەی بێ گەرد و گاڵتـە و گـەپی خـاوێنت پـێ دەبەخشـن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ذیکرە بەرز و بڵندە دەتگەیەنێتە ئەوەی کە تواناو لێهاتن و بەهرە شارراوە و ئەسپەردەکراوەکانی ناو ماهییەتت ببووژێنەوە و، لەم ڕێیەوە نایەڵن لە پلەوپایەی بەرزی ماهییەتی مرۆڤانەت بکەویتە خوارەوە. ئیـتر دوای ئەوە، جۆرەکـانی گەمـە و گاڵتـەی بێ‌کەڵك و بێ‌سوود بەرەو بنکی شیو و دۆڵی پلە نزمەکان کێشت ناکەن)!

○ نموونەیەکی تر: ﴿قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْداً وَسَلاماً عَلَى إبراهيم﴾(الأنبياء:٦٩).

ئەم ئایەتە پیرۆزە موعجیزەی حەزرەتی ئیـبراهیم - درووودی لـەسـەر بێـت - دەردەخـات و سێ ئاماژەی ناسکیشی تێدایە:

یەکەمیان: ئاگر - وەك هەموو هۆکارێکی تر - جڵەوی خۆی بە دەستی خـۆی نی‌یـە و بـە هەرەمـەکی و ئـارەزووی خـۆی کـار ناکـات، بـەڵکو بـەپێی ئـەو فەرمانـەی بەسـەری‌دا

دەسەپێنرێت، ئەرکی ئەستۆی ڕادەپەڕێنێت. ئەوەبوو حەزرەتی ئیبراهیمی نەسووتاند، چونکە فەرمانی نەسووتاندنی ئەوی پێ درا.

دووهەمیان: پلەیەك لە ئاگردا هەیە کە بەهۆی ساردبوونی لەڕادەبەدەری، شتان دەسووتێنێت! واتە کاریگەریی چەشنی سووتانی لێ دەبێتەوە. ئەوەتا خوای گەورە بە وشەی ﴿سَلاماً﴾[1] لەگەڵ پلەی "ساردی"ی ئاگرەکەدا دەدوێت و پێی دەفەرموێت: هەروەك "گەرمی" ئیبراهیمی نەسووتاند، تۆیش مەیسووتێنە. واتە ئاگر لەو پلەی ساردییەدا دارای کاریگەرییەکی چەشنی سووتاندنە. کەواتە لە یەك کاتدا ئاگریشە و ساردیشە!

بەڵێ، وەك لە زانستی "طبيعيات"دا باس کراوە، ئاگر چەند پلەیەکی جیاجیا و جۆراوجۆری هەیە. یەکێك لەو پلانە لە شێوەی ئاگرێکی سپیدایە، گەرمییەکەی بڵاو ناکاتەوە، بەڵکو گەرمی لە دەوروبەری خۆی بەدەست دەهێنێت و بەم حاڵەتە شلەمەنییەکانی دەوروبەری دەخاتە دۆخی بەستنەوە! وەك بڵێی بە ساردییەکەی شتان دەسووتێنێت! "زەمهەریر"یش جۆرێکی ئاگرە و بە ساردییەکەی شت دەسووتێنێت. کەواتە لە دۆزەخدا کە هەموو پلە و جۆرەکانی ئاگری تێدایە، بوونی زەمهەریر کارێکی پێویستە.

سێهەمیان: هەروەك "ئیمان" کە "ماددەیەکی مەعنەوی"یە و ڕێ لە کاریگەریی ئاگری دۆزەخ دەگرێت و موسڵمانانی لێ ڕزگار دەکات.. هەروەها وەك "ئیسلام"یش کە زرێیەکی پارێزەر و قەڵایەکی قایم و مەحکەمە، موسڵمانان لە ئاگر دەپارێزێت.. بە هەمان جۆر، "ماددەیەکی ماددی"ش هەیە کە وەك زرێ ڕێ لە کاریگەریی ئاگری دنیا دەگرێت. چونکە خوای گەورە لەم دنیایەدا، کە خانەی دانستە، لەسەر داخوازی ناوی "الحكيم"ی خۆی و لە ژێر پەردەی هۆکارەکاندا کارەکانی بەڕێ دەکات. لەبەر ئەمە، ئەو ئاگرەی کە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم -دروودی لەسەر بێت- ساز کرا، هەروەك جەستەی حەزرەتی ئیبراهیمی نەسووتاند، بەرگ و پۆشاکەکانیشی نەسووتاند! کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە هێمایە بۆ ئەوەی کە:

(ئەی شوێنکەوتووان و میللەتی ئیبراهیم! چاو لە ئیبراهیم بکەن.. با "تەقوا" پۆشاکتان بێت کە پۆشاکی ئیبراهیم بوو.. لە بەرامبەر دوژمنە مەزنەکەتان، کە ئاگرە لە دنیا و قیامەتدا، تەقوا بکەن بە زرێی پارێزەر و قەڵای مەحکەمتان. جا هەروەك ئەگەر پۆشاکی تەقوا و ئیمانتان بە بالای ڕۆحتان پۆشی لە شەڕی ئاگری دۆزەخ ڕزگارتان دەکات، بە هەمان جۆر، خوای گەورە چەند ماددەیەکی لەناو زەویشدا حەشار داوە کە لە زیانی ئاگر دەتانپارێزن. دەسا خێراکەن ئەو ماددانە بدۆزنەوە کە ڕێ لە گەرمی دەگرن و لەناو زەویدا دەریانبهێنن و لەبەریان بکەن).

---

(١) یەکێك لە تەفسیرەکان دەڵێت: ئەگەر خوای گەورە نەیفەرموایە: ﴿سَلاماً﴾ ئەوا ساردیی ئاگرەکە حەزرەتی ئیبراهیمی دەسووتاند! (دانەر)

بهم جۆره، مرۆڤ له ئهنجامی باس و لێكۆڵینهوه و دۆزینهوهكانیدا، ماددهیهكی دۆزییهوه كه ئاگر نایسووتێنێت، بهڵكو بهرگری له ئاگر دهكات و، مرۆڤ دهتوانێت بهرگ و پۆشاكی بۆ خۆی لێ بدوورێت.

ڕادهی بهرزی و بڵندیی ئهم ئایهته پیرۆزه لهگهڵ دۆزینهوهی ئهم مادده دژ به ئاگرهی كه مرۆڤ دۆزیویهتیهوه بهراورد بكه و، ئنجا بزانه كه چۆن ئهم ئایهته پۆشاكێكی ڕهنگینی دهرخست كه له كارگهی: "حنيفــاً مسـلماً"دا چنراوه و، ههرگیزاوههرگیز نادڕێت و ههتاههتایه پارێزگاریی قهشهنگی و جوانییهكهی خۆی دهكات!

○ نموونهیهكی تر: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾(البقرة:٣١).

ئهم ئایهته پیرۆزه موعجیزهی ههره مهزنی حهزرهتی ئادهم – دروودی لهسهر بێت – له دهعوای "خهلافهتی ههرهمهزن"دا دهردهخات، كه بریتییه له: فێركردنی ناوهكان(تعليم الأسماء)..

جا ههروهك موعجیزاتی پێغهمبهرانی تر – عليهم السلام – هێما بوون بۆ چهند كارێكی دهراسا و تایبهتبوون به ههریهك لهو پێغهمبهرانه، موعجیزهی باوكی پێغهمبهران و فاتیحی دیوانی پێغهمبهرایهتی: حهزرهتی ئادهمیش – دروودی لهسهر بێت – ئاماژهیهكی تهواو نزیك له ڕاشكاوییهوه بۆ ئهوپهڕی كهماڵی بهشهری و پێشكهوتنهكانی و دوا ئامانج و مهبهستهكانی، دهكات. وهك بڵێی خوای گهوره له ڕێی "واتای ئاماژهیی"ی ئهم ئایهته پیرۆزهوه، دهفهرموێت:

(ئهی نهوهی ئادهم! سهركهوتنی باوكه ئادهمتان – له دهعوای خهلافهتدا – بهسهر مهلائیكهتاندا به هۆی فێربوونی ههموو ناوهكانهوه بوو كه من فێرم كردبوو. خۆ ئێوهش نهوهو میراتگری توانا و بههرهكانی ئهون. دهسا ههموو ناوهكان فێر بین، تاكو له بهردهم ههموو بوونهوهراندا شایستهییتان بۆ ههڵگرتنی ئهمانهته ههره مهزنهكه بچهسپێنن.. ئهوهتا ڕێگاتان بۆ تهخت كراوه كه بگهن به بهرزترینی پلهوپایهكانی ناو گهردوون و، ئهم زهوییه بهدیهاتووه زهبهلاحهشتان بۆ ڕام و گوێڕایهڵ كراوه.. دهسا ڕاپهڕن و ههنگاو بنێن.. ڕێگاتان له بهردهمدا كراوهتهوه.. دهست به ههموو یهكێك له ناوه جوانهكانمهوه بگرن با بهرز بینهوه. بهڵام وریا بن! شهیتان یهك جار باوكتانی لهخشتهبرد و لهو پله بهرزهی بهههشتهوه، به شێوهیهكی كاتی، هێنرایه خوار بۆ زهوی. كهواته نهكهن له پێشكهوتن و بهرهوپێشچوونتاندا شوێنپێی شهیتان ههڵگرن. چونكه دهبێت به مایهی پێ ترازان و كهوتنه خوارهوهتان له ئاسمانهكانی حیكمهتی خواوهندهوه بهرهو گومڕایی ماددیی سروشتی.. سهرتان بهرز بكهنهوه و ڕوانین و بیرتان به وردی ئاراستهی ناوه جوانهكانم بكهنو، زانست و پێشكهوتنتان بكهن به چهند پهیژه و پلیكانهیهك بۆ مهبهستی سهركهوتن بهرهو ئهو ئاسمانانه.

تـاكو بگـه‌ن بـه "حه‌قیقـه‌ت"ی كـه‌ماڵ و ڕاسـتی و سـه‌رچاوه ئه‌سـڵی و ڕه‌سـه‌نه‌كانی زانسته‌كانتان كه ناوه جوانه‌كانمن. ئه‌و كاتـه‌ش بـه چاویلكـه‌ی ئـه‌و ناوانـه و بـه‌صیره‌تی دڵه‌كانتان بۆ په‌روه‌ردگارتان بڕوانن).

ڕوونكردنه‌وه‌ی سه‌رنجێكی گرنگ و نهێنی‌یه‌كی گرنگتر

له‌و ڕووه‌وه كه خوای گه‌وره چه‌نده‌ها توانا و لێهاتنی له مرۆڤدا كۆكردووه‌ته‌وه، ئه‌وا هـه‌رچی كـه‌ماڵی زانسـتی و پێشـكه‌وتنی هونـه‌ری و كـاره ده‌راسـاكانی دۆزینـه‌وه و ته‌كنۆلۆژیای مرۆڤ هه‌ن، ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه به ته‌عبیری "ناوفێركردن": ﴿وعَلَّمَ آدَمَ الأَسمـــاءَ كُلَّها﴾ هه‌موویانی ده‌ربڕیوه. ئه‌م ته‌عبیر و شێوه ده‌ربڕینه هێمایه‌كی بـه‌رز و وردی تێدایـه كه بریتی‌یه له‌وه‌ی:

هـه‌موو كـه‌ماڵ و، زانسـت و، پێشـكه‌وتن و، هونـه‌رێك - هه‌رچی‌یـه‌ك بێـت "ڕاستی"یه‌كی به‌رز و بڵندی هه‌یه، ئه‌و ڕاستی‌یه‌ش پاڵی به یه‌كێك له ناوه جوانـه‌كانی خـوای گـه‌وره‌وه داوه، بـه‌م پاڵدانه‌وه‌یه‌شـی بـه‌و نـاوه‌ی كـه دارای چـه‌ندین پـه‌رده‌ی جیـاواز و جۆراوجۆر و بازنه‌ی جیاجیای ده‌ركه‌وتنه، هه‌ر یه‌ك له‌و هونه‌ر و كه‌ماڵ و سنعه‌ته، كه‌ماڵی خۆی ده‌ستده‌كه‌وێت و ده‌بێـت به ڕاستی‌یه‌كی ڕه‌سـه‌ن و ڕاسـته‌قینه. ده‌نـا هه‌ریه‌كـه‌یان سێبه‌رێكی ناته‌واوی، قرتاوی، كزی، تێكه‌ڵوپێكه‌ڵ ده‌رده‌چێت.

بۆ نموونه: ئه‌ندازه(الهندسة) یه‌كێكه لـه زانسته‌كان. "ڕاستی" و "ئه‌وپه‌ڕی ئامانجی" ئه‌م زانسته له گه‌یشتن‌دایه به ناوی جوانی "العدل والمقدر"ی خوای گه‌وره و، بینینی دره‌وشانه‌وه پڕ له دانایی‌یه‌كانی ئه‌و ناوه پیرۆزه - به هـه‌موو مـه‌زنی و سـامێكیه‌وه - لـه ئاوێنـه‌ی زانستی "ئه‌ندازه"دا.

هـه‌روه‌ها - بۆ نموونـه - "پزیشكی"(الطـــب) زانسـت و كارامـه‌یی و پیشـه‌یه لـه هـه‌مان كاتدا. ناوه‌ڕۆك و ڕاستیی ئه‌م زانسته پاڵی به یه‌كێك لـه نـاوه جوانـه‌كانی خـوای گـه‌وره‌وه داوه كه ناوی: "الشافـــي"یه. جا به بینینی دره‌وشانه‌وه میهره‌بانه‌كانی ناوی: "الشافـــــي"ی خوای گه‌وره له ده‌رمانه په‌رش‌وبڵاوه‌كانی ڕووی زه‌وی‌دا - كه ده‌رمانخانه‌یه‌كی مه‌زنه - ئه‌م زانستی پزیشكی‌یه به كه‌ماڵی خۆی ده‌گات و ده‌بێت به ڕاستی‌یه‌كی ڕاسته‌قینه.

هه‌روه‌ها ئه‌و زانستانه‌ی كه له ڕاستی‌یه‌كانی بوونه‌وه‌ران ده‌دوێن، وه‌ك: (فیزیا و كیمیـا و ڕووه‌كزانی و زینده‌وه‌رزانی) كه چه‌ند زانستێكن له ڕاستی‌دا (دانسـتی شتان)ن.. ده‌گونجێ ئه‌مانـه بـبن بـه "زانستی ڕاسته‌قینه". ئه‌مـه‌ش بـه بینینـی دره‌وشـانه‌وه هـه‌ره مه‌زنـه‌كانی نـاوی: "الحكیـم"ی خـوای گـه‌وره لـه شـتاندا، وه‌ك دره‌وشـانه‌وه‌كانی: كارسـازی و، پـه‌روه‌رده و،

چاودێری و، بینینی سوود و بەرژەوەندی‌یەکانی ئەم درەوشانەوانە لە هەموو شتێكدا. واتە: بە پاڵدانەوەی ئەم زانستانە بە ناوی "الحکیم"ی خوای گەورەوە ئەو دانستە دەبێت بە دانایی ڕاستەقینە.. دەنا یان دەبن بە چەند خورافەتێك کە هیچ کەڵك و سوودێکیان نەبێت، یان ڕێ بۆ گومڕایی تەخت دەکەن، وەك ئەوەی لە فەلسەفەی ماددیی سروشتی‌دا بەدی دەکرێت.

وا ئەم سێ نموونەیەمان بۆ باس کردیت. تۆیش بۆ خۆت زانست و هونەر و کەماڵاتەکانی تریان لەسەر قیاس بکە.

بەم جۆرە، قورئانی پیرۆز بەم ئایەتە پیرۆزەی خۆی، دەستی هاندان و تەشویق بەسەر پشتی گرۆی مرۆڤدا دەهێنێت و، ئاماژە بۆ بەرزترین و دوورترین سنوور دەکات کە لە پێشکەوتنی ئێستای‌دا گەلێ کەمتەرخەمیی تێدا نواند و پێیان نەگەیشت. وەك بڵێی قورئانی پیرۆز بە گرۆی مرۆڤ بڵێت: خێراکە.. پێشکەوە.. هەنگاو بنێ!

لێرەدا بەم گەوهەرە بەنرخەی گەنجینە هەرە مەزنەکەی ئەم ئایەتە پیرۆزە، واز دەهێنین و ئەم دەرگایە دادەخەین.

نموونەیەکی تر: کۆتایی‌هێنەر بە دیوانی پێغەمبەرایەتی و پێشەوای پێغەمبەران ﷺ کە سەرجەم موعجیزاتی هەموو پێغەمبەرانی تر بە تەنها یەك موعجیزەی ئەو دادەنرێن و.. کە مایەی شانازیی هەموو جیهانەکانە و.. ئایەتی ئاشکرا و ڕوونکەرەوەی سەرجەم پلە و پایەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورەیە، ئەو ناوانەی کە بە کورتی و پوختی خوای گەورە حەزرەتی ئادەمی لێ فێر کردن.. ئەم محمدە پێغەمبەر و خۆشەویستەی خۆی ﷺ کە بە شکۆمەندی(جلال)ی خوای گەورە، پەنجەی خۆی بەرز کردەوە و مانگی دوولەت کرد و، هەر هەمان پەنجەشی نزم کردەوە و بە جوانی(جمال)ی خوای گەورە، ئاوی کەوسەر ئاسای هەڵقوڵاند و.. گەلێ موعجیزەی تری وەك ئەمانەی کە لە هەزار تێپەڕ دەبن، ئاشکرا کرد.. ئەم پێغەمبەرە ئازیز و گەورەیە ﷺ قورئانی پیرۆزی بە چەشنی موعجیزەی گەورەی خۆی خستووەتە ڕوو، تەحەددای جینی و ئادەمیزادیشی بەم قورئانە کردووە کە دەفەرموێ:

﴿قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى اَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَـٰذَا الْقُرْآنِ لا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيراً﴾(الإسراء:٨٨).

جا ئەم ئایەتە پیرۆزە و ئایەتەکانی تری هاوچەشنی، سەرنجی جینی و ئادەمیزاد بۆ درەوشاوەترین و زەقترینی ڕووەکانی ئیعجاز لەم موعجیزە نەمرە هەمیشەیی‌یەدا ڕادەکێشن و، ئاوڕیان پێ دەدەنەوە بۆ لای ئەو ڕەوانی‌یە حەق و ڕاستەقینەیەی کە لە ڕوونکردنەوەکانی‌دا هەیە و ئەو ڕەوانبێژی‌یە بەرزەی کە لە دەربڕینەکانی‌دا بە ئاشکرا دیارەو، ئەو شموول و هەمەلایەنگیری‌یەی لە واتاکانی‌دان و ئەو بەرزی و سازگاری‌یەش کە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی‌دا دەردەکەون. ئەوەتا قورئانی پیرۆز لە کاتی نازڵبوونیەوە تا ئێستا و تا

دنیاش دنیایە، تەحەددای سەرجەمی جیننی و ئادەمیزاد دەكات و، شەوق و تاسەمەندیی لایەنگرانی دەبزوێنێت و، سەرسەختیی و عینادی نوستووی دوژمنانی بەخەبەر دێنێت و، بە شەوقێكی گەورە و هەڕەشەیەكی توندوتیژ هانی هەموویان دەدات كە لاسایی بكەنەوە و هاووێنەی قورئان پەیدا بكەن. تەنانەت خوای گەورە ئەم موعجیزە هەرە مەزنە لە جێگایەكی بەرزدا دەخاتە پێش‌چاوی خەڵكی. وەك بڵێی تاكە ئامانجی هاتنی مرۆڤ بۆ دنیا ئەوە بێت كە ئەم موعجیزە هەرە مەزنە بكات بە دەستووری ژیان و ئامانجی ئاواتەكانی.

لەمانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە:

هەریەكە لە موعجیزاتی پێغەمبەران - درووودیان لەسەر بێت - ئاماژە بۆ یەكێك لە كارە دەراساكانی تەكنۆلۆژیای مرۆڤ دەكەن. بەڵام موعجیزەكەی حەزرەتی ئادەم - درووودی لەسەر بێت - ئاماژە بۆ پێرستی سەرجەم كارە دەراساكانی كەمالات و هونەر و زانستەكان دەكات و، شەوقی مرۆڤ بۆ هەموویان دەبزوێنێت، جگە لەوەی كە زۆر بە پوختی ئاماژەشی تێدایە بۆ بناغەكانی پیشەسازی.

موعجیزە هەرەمەزنەكەی پێغەمبەری مەزن حەزرەتی محمدیش ﷺ كە قورئانی پیرۆزی خاوەن ڕوونكردنەوەی ئیعجازبەخشە، لەبەر ئەوەی ڕاستیی فێركردنی ناوەكان(تعليم الأسمـــاء)ی بەوپەڕی ڕوونی و درێژەپێدانێكی تەواوەتی تێدا دەركەوتووە، ئەوا ئامانجە ڕاستەكانی هونەر و زانستە ڕاستەقینەكان و كەمالات و بەختەوەریی هەردوو دنیای زۆر بە ئاشكرایی ڕوون كردووەتەوە و، مرۆڤیان بۆ لا ئاراستە دەكات و ڕەغبەت و ئارەزووی توندیان تێدا دەورووژێنێت. بە ڕادەیەك كە بە شێوازی هاندان و تەشویق ڕوونی دەكاتەوە كە:

(ئەی مرۆڤ! ئامانجی هەرەبەرزی بەدیهێنانی گەردوون بریتی‌یە لەوەی كە تۆ لە بەرامبەر دەركەوتنی پەروەردگاریتیی خواوەندەوە، بەندایەتی‌یەكی گشتی و هەمەكی ئەنجام بدەیت.. ئامانجی سەرەكیی بەدیهاتنی تۆش لەوەدایە كە لە ڕێی زانست و كەمالاتەكانەوە بگەیتە پلەوپایەی ئەو بەندایەتی‌یە)!

قورئانی پیرۆز - لەم بوارەدا - گەلێ دەربڕینی جۆراوجۆری ڕەنگین و ئیعجازبەخشی هەیە و، ئاماژەیان پێ دەكات بۆ ئەوەی كە:

گرۆی مرۆڤ، لە دواڕۆژگارەكانی ژیانی سەرزەوی‌دا، ڕوو لە زانستەكان دەكات و ئاوڕ لە هونەرەكان دەداتەوە و هەموو هێزێكی لەو هونەر و زانستانەوە وەردەگرێت و، لەو ڕێیەوە "زانست" جڵەوی هێز و فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست.

ئنجا دەبینیت قورئانی پیرۆز لە پێش‌دا ڕەوانیی "بەیان" و ڕەوانبێژیی "گوفتار" پێش دەخات و زۆر جار دووپاتیان دەكاتەوە، وەك بڵێی بەم كارەی هێما دەكات بۆ ئەوەی كە

ڕەوانبێژی و ڕەوانیی گوفتار - کە درەخشانترینی هونەر و زانستەکانن - لە ئاخر زەماندا جوانترین پۆشاك و ڕەنگینترین شێوەیان دەپۆشن، بە ڕادەیەك کە خەڵکی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە تیژترین چەکی خۆیان لە ڕەوانی و سیحری "بەیان"دا بەدەست دەهێنن و، ساماناکترین هێزیشیان لە ڕەوانبێژیی گوفتار و دەربڕیندا وەردەگرن، کاتێ کە بیر و باوەڕەکانیان ڕوون دەکەنەوە و دەیانەوێت قەناعەتیش بە کەسانی تر ببەخشن، یان کاتێ کە ڕا و بڕیارەکانیان لە زەمینەی واقیعدا پیادە و جێبەجێ دەکەن!

پوختەی ئەمانەی پێشوو:

زۆربەی ئایەتە پیرۆزەکان، کلیلی خەزێنەی کەماڵێکی بەرز و گەنجینەیەکی زانستیی مەزنن. گەر حەز دەکەیت بگەیتە ئاسمانەکانی قورئانی پیرۆز و ئەستێرەی ئایەتەکانی، ئەوا هەر (بیست وتەکانی پێشوو) بکە بە بیست پلەی پلیکانەیەك تاکو بگەیتە ئەوێ[1] ئنجا بەم بیست وتەیە مەودای درەخشانیی خۆری قورئانی پیرۆز ببینە و، سەرنج بدە و بزانە کە چۆن قورئانی پیرۆز ڕووناکیی خۆی بەسەر حەقیقەتەکانی ئولووهییەت و حەقیقەتەکانی بوونەوەراندا پەخش دەکات و، چۆن ڕووناکییە درەخشانەکەی سەرجەمی بوونەوەران دەگرێتەوە.

ئەنجام:

مادەم ئەو ئایەتانەی کە تایبەتن بە موعجیزاتی پێغەمبەرانەوە - درووودیان لەسەر بێت - جۆرە ئاماژەیەکیان بۆ کارە دەراساکانی پێشکەوتن و زانستی و پیشەسازیی ئێستا تێدایە و، جۆرە تەعبیرێکیان بەکار هێناوە دەڵێی دوا سنووری ئەو زانست و پیشەسازییانە دەستنیشان دەکەن.. مادەم بێ هیچ گومانێکیش چەسپاوە، تەنانەت زانایان ڕاوبۆچوونیان لەوەدا یەکانگیر بووە کە هەموو ئایەتێك دارای گەلێ دەلالەتن لەسەر چەندین واتای جۆراوجۆر.. مادەم چەندەها فەرمانی ڕەها بۆ مرۆڤ دەرکراوە کە شوێن پێی پێغەمبەران دروودیان لەسەر بێت هەڵبگرن و چاویان لێ بکەن.. ئەوا دەتوانرێت بوترێت:

هاودەم لەگەڵ ئەو واتا ڕاشکاوانەی کە ئایەتەکانی پێشوو دەیاندەن بە دەستەوە، بە شێوازی "ئاماژە"ش گەلێ دەلالەتی شەوقبەخش و هاندەریشیان تێدایە بۆ گرنگترین زانست و تەکنۆلۆژیای ئادەمیزاد.

---

(١) تەنانەت هەر سیوسێ وتە و سیوسێ مەکتووب و سیویەك بریسکە و سیازدە تیشکەکان، پەیژەیەکی سەدوبیست پلیکانەیی پێك دەهێنن بۆ ئەو بەرزبوونەوەیە. (دانەر)

دوو وەڵامی گرنگ بۆ دوو پرسیاری سەرنج ڕاكێش

❖ **پرسیاری یەكەم:**

ئەگەر دەڵێیت: خۆ قورئانی پیرۆز لەبەر مرۆڤ نازڵ بووە، ئەدی بۆچی بە ڕاشكاوی لە كارە دەراساكانی شارستانێتیی نوێ نادوێت، كە بەلای مرۆڤەوە زۆر گرنگن.. بەڵكو تەنها بە "هێمایەكی سادە" یان "ئاماژەیەكی پەنهان و ناسك" یان "بێداری‌یەكی لاواز" بەسەریان دەكات؟

وەڵام:

كارە دەراساكانی شارستانێتیی مرۆڤ بەلای قورئانەوە شایانی لەوە زیاتر نین. چونكە ئەركی سەرەكیی قورئانی پیرۆز بریتی‌یە لەوەی كاروبار و كەماڵاتی "بازنەی پەروەردگاریتی" و كارمەندی و ئەرك و حاڵەتەكانی "بازنەی بەندایەتی" فێری گرۆی مرۆڤ بكات.

لەبەر ئەوە، ماف و بەشی كارە دەراساكانی مرۆڤ لەو دوو بازنەیەدا، جگە لە هێمایەكی لاواز و ئاماژەیەكی پەنهان چیی تر نی‌یە. دەنا گەر ئەو كارە دەراسایانە داوای مافی خۆیان لە: "بازنەی پەروەردگاریتی" بكەن، تەنها ماف و بەشێكی كەمیان دەكەوێت..

بۆ نموونە: ئەگەر فڕۆكەی دەستكردی مرۆڤ[1] داوا لە قورئانی پیرۆز بكات و بڵێت:

- "مافی باس كردن و جێگایەكم لە نێوان ئایەتەكاندا بدەرێ"..

ئەوا فڕۆكەكانی بازنەی پەروەردگاریتی - كە زەوی و مانگ و سەرجەم هەسارە گەڕۆكەكانن - لێی ڕادەپەڕن و، بە زمانی قورئانی پیرۆزەوە پێی دەڵێن:

- (تۆ تەنها بە ئەندازەی قەبارەكەت دەتوانیت جێگای خۆت لێرەدا بگریت، نەك زیاتر).

هەروەها ئەگەر كەشتیی بندەریایی(غوّاصــة)ی دەستكردی ئادەمیزاد بیەوێت لە نێوان ئایەتە پیرۆزەكاندا جێگایەك بۆ خۆی پەیدا بكات، ئەوا غەوواصەكانی ئەو بازنەیە (كە بریتین لە گۆی زەویی مەلەوانی ناو زەریای هەوا و، ئەو ئەستێرانەش كە سەر دەریای "أثــیر" كەوتوون) لێی دێنە پێش و پێی دەڵێن:

- (جێی تۆ لە نێوان ئێمەدا هێندە بچووكە وەختە هەر بە چاو نەبینرێت)!

هەروەها ئەگەر "كارەبا" بە خۆی و چرا پرشنگدارەكانیەوە، كە وەك ئەستێرەوان، بیەوێت بڕواتە ناو حەرەمی ئایەتەكانی قورئانەوە، ئەوا چراكانی ئەو بازنەیە - كە بریتین لە خۆر و گەلەستێرە و ئەستێرەكانی ڕازێنەری ئاسمان - بەرپەرچی دەدەنەوە و دەڵێن:

---

(١) لەم بازنە و باسە جیددی‌یەدا قەڵەم - بێ ویستی خۆم - بەرەو ئەم گفتگۆ نیانە ملی نا و، منیش وازم لێ هێنا. هیوادارم نیانیی ئەم شێوازە جیددییەتی بابەتەكە نەشێوێنێ. (دانەر)

– (تۆ تەنها بە ئەندازەی ڕووناکیی‌یەکەی خۆت دەتوانیت لەگەڵ ئێمەدا بێیتە ناو باس و لێدوانەکانی قورئانەوە)!!

هەروەها ئەگەر کارە دەراساکانی شارستانێتی، بە زمانی سنعەتە وردەکان، داوای مافی خۆیان بکەن و جێگایەکیان بوێت لە نێوان ئایەتەکاندا، ئەوا تەنها یەك دانە مێش دەچێتە بەگژیاندا و، دەڵێت:

– بێدەنگ بن! ئێوە تەنانەت بە ئەندازەی یەك دانە باڵیشم مافی قسەتان نی‌یە! چونکە ئەگەر سەرجەمی داهێنان و سنعەتەکانتان، کە بەهۆی دەستکەوتی ویستی هەندەکیی مرۆڤەوە دۆزراونەتەوە، هاودەم لەگەڵ هەموو ئامراز و ئامێرە وردەکانتاندا کۆ ببنەوە، هێشتا بە ئەندازەی ناسکیی کۆئەندامەکان و وردەکاریی سنعەتی جەستەی من سەرسووڕهێنەرتر دەرناچن! ئەوەتا ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە هەمووتان بێدەنگ دەکات:

﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَاباً وَلَوِاجْتَمَعُوا لَهُ وَإِن يَسْلُبْهُمُ الذُّبابُ شَيْئاً لا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطالِبُ وَالْمَطْلُوبُ﴾(الحج:٧٣).

ئنجا ئەگەر ئەو کارە دەراسایانە بۆ "بازنەی بەندایەتی" بڕوانن و داوای مافی خۆیانی لێ بکەن، ئەوا وەڵامێکی وەك ئەمەی خوارەوەی لێ وەردەگرن:

– (پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ ئێمەدا زۆر کەم و لاوازە. ئێوە ناتوانن بە ئاسانی بێنە ناو بازنەکەمانەوە، چونکە ڕێبازی ئێمە بریتی‌یە لەوەی کە:

دنیا میوانخانەیە و، مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کەم بە میوانی تیایدا دەمێنێتەوە. لەو ماوە کەمەشدا گەلێ ئەرکی زۆری خراوەتە ئەستۆ و دەبێ لەم تەمەنە کورتەدا سەرجەم پێداویستی‌یەکانی ژیانی هەتاهەتایی ئامادە بکات. لەبەر ئەوە، دەبێ مرۆڤ ئەو شتانە پێش بخات کە لە هەموو شتێکی تر گرنگ‌تر و پێویست‌ترن..

کەچی ڕوخساری زۆربەی ئێوە وا دێتە پێش‌چاو کە لە ژێر پەردەی غەفڵەت و گاڵتەوگەپی بێ‌هوودەدا بە خۆش‌ویستنی دنیا چنرابێت. وەك بڵێی دنیا بەلاتانەوە خانەی مانەوە و مەڵبەندی نەمری بێت. لەبەر ئەوە، بەشی ئێوە لە ناوەندی "بازنەی بەندایەتی"دا – کە لەسەر بناغەی ڕێنمایی حەق و بیرکردنەوە لە ئاسەوارەکانی دوارۆژدا بنیات نراوە – زۆر زۆر کەمە.

بەڵام ئەگەر لەناو ئێوەدا یان لە پشتی ئێوەوە چەند پیشەسازێکی کارامە و چەند داهێنەرێکی خاوەن بەهرە و ئیلهام‌بۆکراو هەبن – کە ئەمانەش زۆر کەمن – و کارەکانیان بە بێ گەردی و بە مەبەستی سوودگەیاندن بە بەندەکانی خوا، ئەنجام بدەن – کە ئەمەش بەندایەتی‌یەکی بەنرخە – و لەبەر حەوانەوە و بەرژەوەندیی خەڵکی و ئامانجی پێشکەوتن و کەماڵی ژیانی کۆمەڵایەتی ماندوو ببن و بۆ کارەکانیان لێ ببڕێن، ئەوا ئەم هێما و ڕێنمایی‌یانەی قورئانی پیرۆز بێ هیچ گومانێك سەروزیادی ئەو مرۆڤە هەستناسکانەیە و بەسە بۆ ئەوەی کە ڕێز لە کارامەیی ئەوان بنێت و بۆ تێکۆشان وماندووبوون لەو بوارانەدا هانیان بدات).

❖ **پرسیاری دووهەم:**

ئەگەر دەڵێیت: (دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە هیچ گومانێکم لە دڵدا نەما. چونکە بە دڵنیاییەوە بۆم چەسپا و بە دڵ تەسدیقی ئەوەم کرد کە: قورئانی پیرۆز سەرجەم پێداویستییەکانی بەختەوەریی دنیا و قیامەتی تێدایە، هەریەکەیان بە گوێرەی نرخ و گرنگیی خۆی. ئەوەتا گەلێ هێما و ئاماژە لە قورئانی پیرۆزدا هەن سەبارەت بە کارە دەراساکانی شارستانێتیی نوێ. تەنانەت سەرباری ڕاستییە گرنگەکانی، ئاماژەشی تێدایە بۆ گەلێ ڕاستیی تری جگە لەوانەش. بەڵام ئایا بۆچی قورئانی پیرۆز بە ڕاشکاویی تەواو لەو کارە دەراسایانە نادوێت، تاکو کافرە سەرسەختەکان ناچاری تەسدیق و باوەڕهێنان بکات و، دڵی ئێمەش دڵنیا ببێت و بحەوێتەوە)؟

وەڵام:

"ئایین" ئیمتیحانە و، داخوازی و تەکلیفەکانی خوای گەورەیش تاقیکردنەوەن، تاکو ڕۆحیانەتە "بەرز" و "نزمەکان" پێشبڕکێ بکەن و لە ئەنجامدا لە یەك جیا ببنەوە!

بەڵێ، هەروەك کانزا بە ئاگر تاقیدەکرێتەوە تاکو "ئەڵماس" لە "خەڵووز" و "زێڕ"یش لە "گڵ" جیا بکرێنەوە، داخوازی و تەکلیفەکانی خواوەندیش لەم خانەی تاقیکردنەوەیەی دنیادا، بە هەمان جۆرن، تاکو ئەم دنیایە ببێت بە بواری تاقیکردنەوە و مەیدانی پێشبڕکێ بۆ ئەوەی گەوهەرە گرانبەهاکانی کانگای فیطرەتی مرۆڤ لە کانزا بێنرخەکان جیا بکرێنەوە!

جا مادەم قورئانی پیرۆز لەم خانەی تاقیکردنەوەیەی دنیادا لە شێوەی ئیمتیحاندا بۆ مرۆڤ نازڵ بووە، تاکو لەم مەیدانی پێشبڕکێیەدا خۆی پێبگەیەنێت، ئەوا دەبێ تەنها بە ئاماژەکردن لەو کاروبارە غەیبییانەی دنیا بدوێت کە لە پاشەڕۆژدا بە ئاشکرا بۆ هەموان دەردەکەون.. دەرگایەکیش بۆ عەقڵ دەکاتەوە کە بە ئەندازەی چەسپاندنی بەڵگەکانی بێت..

دەنا گەر قورئانی پیرۆز ئەو شتانەی بێ پەردە و ڕاستەوخۆ باس بکردایە، ئەوا "حیکمەتی تەکلیف" نەدەما و، ئەو شتانەش دەبوون بە ئاسایی و بەدیهی، وەك ئەوەی بە ئاشکرا لە ئاسماندا بە ئەستێرەکان "لا إله إلاّ الله" بنووسرایە! چونکە ئەو کاتە خەڵکی، بیانویستایە و نەیانویستایە، ناچار دەبوون تەسدیقی بکەن! دیارە ئەو کاتەش هیچ پێشبڕکێ و تاقیکردنەوەیەك و ئنجا هیچ لێکجیاکردنەوەیەك لە گۆڕێدا نەدەبوو، پاشان ئەو ڕۆحە نزمانەی کە چەشنی خەڵووزن، لە ڕۆحیانەتە بەنرخە ئەڵماسئاساکان جیا نەدەکرانەوە[1] !

---

(١) ئەو کاتە ئەبوجەهلی لەعنەتی و ئەبوو بەکری صیددیق - خوای لێ ڕازی بێت - لە یەك ئاستدا دەردەکەوتن و تەکلیف لەگۆڕێدا نەدەما. (دانەر)

بە پوختی:

قورئانی پیرۆز دانایە، هەموو شتێك پلە و پایەی خۆی بۆ دادەنێت و، لە پێش سێ سەد و پەنجا ساڵ و لە پشتی پەردەی غەیبەوە ئەو بەروبوومانەی پێشكەوتنی شارستانێتیی مرۆڤی - كە بە تاریكایی ئایندە داپۆشرابوون - زۆر باشتر و ڕوونتر بینیوە لەوەی كە ئێستا خۆمان دەیانبینین. كەواتە قورئانی پیرۆز گوفتاری كەسێكە كە لە یەك كاتدا سەرجەم زەمانەكان و كاروبار و شتانی ناویشیان پێكەوە دەبینێت.

ئەمە بریسكانەوەی ئیعجازی قورئان بوو، كە بە ڕووی موعجیزاتی پێغەمبەرانەوە دەدرەوشایەوە.

اللهمَ فَهِّمْنا أسرار القرآن ووفقنا لخدمته في كل آن وزمان.

﴿سُبْحانكَ لا عِلْمَ لنا الاّ ما علَّمْتَنا انّكَ اَنتَ العليم الحكيم﴾.

﴿ربَّنا لا تُؤاخِذْنا إنْ نَسينا أو أخطأنا﴾.

اللهم صلِّ وسلِّم وبارك وكرِّم علـى سيدنا ومولانا محمد، عبدك ونبيك ورسولك النبي الأمي وعلـى آله وأصحابه وأزواجه وذرياته، وعلـى النبيين والمرسلين والملائكة المقربين والأولياء والصالحين، أفضل صلاة وأزكى سلام وأنمى بركات، بعدد سور القرآن وآياته وحروفه وكلماته ومعانيه وإشاراته ورموزه ودلالاته، واغفر لنا وارحمنا والطف بنا يا إلهنا يا خالقنا بكل صلاة منها، برحمتك يا أرحم الراحمين.

والحمد لله رب العالمين.

آمين.

پاشکۆی چوارەم

وتەی دوازدەهەمی کتێبی وتەکان

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿ومَنْ يُؤْتَ الحِكمةَ فقد أوتِيَ خيراً كثيراً﴾(البقرة:٢٦٩).

(ئەم وتەیە ئاماژە بۆ بەراوردێکی ورد دەکات، لە نێوان حیکمەتی پیرۆزی قورئان و حیکمەتی فەلسەفەدا، هەروەك ئاماژە بۆ کورتە و پوختەیەکی پەروەردەی حیکمەتی قورئانی پیرۆزیش دەکات، کە چۆن مرۆڤ لە ژیانی خۆیی و کۆمەڵایەتی‌دا، بە پەروەردەی خۆی پێ‌دەگەیەنێت. جگە لەوەی کە ئاماژەشی تێدایە بۆ بەرزی و بلندی و گەورەیی قورئانی پیرۆز بەسەر هەموو فەرمایشتێکی خواوەند و سەرجەم قسە و گوفتارەکاندا. واتە ئەم وتەیە چوار بنچینەی لەخۆ گرتووە).

❑ بنچینەی یەکەم:

لە ڕوانگەی ئەم چیرۆکەی خوارەوە سەیری جیاوازی‌یەکانی نێوان حیکمەتی قورئان و حیکمەتی زانستەکان بکە:

فەرمانڕەوایەکی ناودار و خاوەن تەقوا، ویستی قورئانی پیرۆز بە شێوەیەك بنووسێتەوە کە شایانی پیرۆزیی واتا بەرزەکانی بێت و، لەگەڵ ئیعجازە ناوازەکەی‌دا، کە لە وشەکانی‌دا هەیە، گونجاو بێت. کەواتە ویستی بەرگێکی قەشەنگی بێ‌وێنەی وا بکاتە بەر قورئان کە لەگەڵ ئیعجازەکەی‌دا بگونجێ.

بەم جۆرە، ئەم فەرمانڕەوا هونەرمەند و نەخش و نیگارکێشە لێهاتووە دەستی بە نووسینەوەی قورئان کرد، نووسینێکی تابلێی سەرسووڕهێنەر، بە جۆرێکی وا کە لە هەموو جۆرە گەوهەرە بەنرخەکان و بەردە گرانبەهاکانی تێدا بەکارهێنا، تاکو بەمە ئاماژە بۆ جۆراوجۆریی حەقیقەتە بەرزەکانی قورئان بکات.. ئەوەبوو هەندێ لە پیتە بەرجەستەکانی ئەو قورئانەی بە: ئەڵماس و زمڕووت و، هەندێکی تری بە: مرواری و مەرجان و، بەشێکی تری بە: گەوهەر و یاقووت و، جۆرێکی تری بە: زێڕ و زیو نووسی‌یەوە. تا وای لێ‌هات ئەوەندە جوانیی پێ بەخشی کە سەرنج ڕابکێشێت و هەر کەس بیبینێت چ خوێندەوار و چ نەخوێندەوار، سەری سووڕبمێنێت و، هەموان لە بەردەم ئەم نووسینە بێ‌هاوتایەدا بە سەرسووڕمان و سەرسامی‌یەوە ڕادەوەستان، بە تایبەت عەودالانی "ڕاستی" کە لە هەموان زیاتر بە سەرسووڕمان و سەرسامی‌یەوە سەیریان دەکرد، چونکە دەیانزانی ئەم جوانی‌یە

سەرنجڕاكێشە، جوانیی ناوەڕۆكەكانی دەردەبڕێت كە لەوپەڕی تام و چێژ و درەوشاوەیی‌دایە.

پاشان ئەم فەرمانڕەوا گەورەیە، ئەو قورئانەی - كە تابڵێی جوان نووسراوەتەوە - خستە بەردەست فەیلەسووفێكی بیانی و، زانایەكی موسڵمان. ئنجا فەرمانی پێ‌دان و وتی:

(هەریەكەتان لە بارەی حیكمەتی ئەم قورئانەوە كتێبێك بنووسێت). ئاماژەی بۆ ئەوەش كرد كە ئەمە تاقیكردنەوەیە، لە ئەنجامدا پاداشتی بەرهەمە باشەكەیان دەداتەوە.

فەیلەسووفەكە كتێبێكی نووسی و، زانا موسڵمانەكەش كتێبێك. كتێبی فەیلەسووفەكە تەنها باسی نەخش و نیگار و جوانیی پیتەكان و، پەیوەندی‌یان بە یەكترەوە و، بارودۆخ و، تایبەتكاری و سیفەتی هەریەكەیانی دەكرد. ئیتر لە كتێبەكەی‌دا بە هیچ جۆرێ خۆی لە قەرەی واتاكانی ئەو قورئانە گەورەیە نەدابوو. چونكە دانەرەكەی هیچ شتێكی لە بارەی زمانی عەرەبی‌یەوە نەدەزانی، تەنانەت هەر نەشی‌دەزانی كە ئەو قورئانە بێ‌وێنەیە كتێبێكی گەورەی ئەوتۆیە كە پیتەكانی واتا بەرزەكانی ڕادەگەیەنن. بەڵكو هەموو ڕوانینێكی خۆی تەنها ئاراستەی جوانی‌یە ناوازە و بێ‌وێنەكەی پیتەكان كردبوو. لەگەڵ ئەمەش‌دا، ئەم دانەرە: ئەندازیارێكی لێهاتوو و، وێنەكێشێكی هونەرمەند و، كیمیاگەرێكی لێزان و، زەڕەنگەرێكی ئازا بوو، كتێبەكەشی بەپێی ئەو هونەر و زانستانە دانابوو كە شارەزایی تەواوی تیایاندا هەبوو.

بەڵام زانا موسڵمانەكە، هەركە چاوی بەو نووسینە جوان و ناوازەیە كەوت، یەكسەر زانیی ئەوە قورئانی پیرۆزی پڕ لە گەنجینەی حیكمەتە. ئیتر گوێی بە زرق و برقە ڕواڵەتی‌یەكەی نەدا و بە هیچ جۆرێك خۆی بە نەخش و نیگاری پیتە جوانەكانی سەرقاڵ نەكرد، وەكو فەیلەسووفەكە. بەڵكو ئەم زانا موسڵمانەی كە تامەزرۆی "ڕاستی"یە، یەكسەر ڕووی كردە ئەو شتانەی كە بە ملیۆنان جاریش بەرزتر و بەنرختر و بەسوودتر و جوانترن لەوەی كە فەیلەسووفەكە خۆی پێیانەوە سەرقاڵ كردبوو. ئەوەبوو بە وردی كەوتە لێكۆڵینەوەی ئەو "ڕاستی" و، نهێنی‌یە بەرز و ورد و بێ‌وێنە و جوانانەی كە لە دووتوێی ئەو نەخش و نیگارە جوانانەدان. بەم جۆرە تاكو بڵێی تەفسیرێكی بەنرخی بۆ ئەم قورئانە خاوەن دانایی و پیرۆزە، نووسی.

ئنجا هەریەك لەم دوانە نووسینەكەی خۆی خستە بەردەست فەرمانڕەوا گەورەكە. فەرمانڕەواش لە پێش‌دا دانراوی فەیلەسووفەكەی وەرگرت و بە وردی تەماشای كرد، بینیی ئەم مرۆڤە لەخۆڕازی و سروشت‌پەرستە، تەنانەت یەك حیكمەتی ڕاستەقینەی نەنووسیوە! هەرچەندەش درێغیی نەكردووە و چیی لە تواناڈا بووە بەكاری هێناوە، چونكە هیچ كام لە واتاكانی تێ‌نەگەیشتووە، بەڵكو لەوانەیە سەریشی لێ تێك چووبێت. جا لەبەر ئەوەی ئەو

فەیلەسووفە لای وابوو ئەم قورئانە تەنها بریتی‌یە لەو نەخش و نیگارە جوان و بێوێنانە و، بایەخی بە واتا بەرزەکانی نەدا، ئەوا بەم کارەی ئەوەی دەربڕی کە هیچ ڕێزێکی لەو قورئانە نەناوە و لە ڕاستی‌دا مافی خۆی نەداوەتێ. لەبەر ئەوە، فەرمانڕەوا داناکە دانراوی ئەو فەیلەسووفەی وەرنەگرت و دایەوە بە سەروچاوی‌دا و لە کۆڕەکەی خۆی دەری کرد.

پاشان دانراوی زانا موسڵمانە لێکۆڵەرە وردەکارەکەی هەڵگرت و سەیری کرد. بینیی تەفسیرێکی تابڵێی بەرز و بەنرخە. لەبەر ئەوە پیرۆزبایی لێ کرد و ڕێزی لە کارەکەی نا و، وتی:

حیکمەتی ڕاستەقینە ئەمەیە و، لە ڕاستی‌دا ناوی: "دانا" و "زانا" دەبێ تەنها لە خاوەنی ئەم کتێبە بنرێت، نەك ئەوی تر. چونکە ئەوی تر تەنها هونەرمەندێکی لێزانە و، لە دەرەوەی بازنەی ئەو شتانەی دەیانزانێت هەرچی بڵێت، لە سنووری خۆی دەردەچێت.

لە پاش ئەمە، فەرمانڕەوا پاداشتی باشی زاناکەی دایەوە و، فەرمانی دەرکرد کە لە بەرامبەر هەر پیتێکی ئەو کتێبەی دایناوە "دە" لیرەی زێڕینی خەڵات بکرێت.

* * *

برای بەڕێزم!

ئەگەر لە هەموو لایەنەکانی ئەم چیرۆکە تێ گەیشتوویت، ئەوا فەرموو سەیری ڕووە ڕاستەقینەکەی بکە:

ئەو قورئانە جوان و ڕازاوەیە، ئەم گەردوونە بێوێنە و ناوازەیەیە و، مەبەست لەو فەرمانڕەوا گەورە و بە هەیبەتەش، فەرمانڕەوای ئەزەل و ئەبەدە کە خوای گەورەیە..

ئەو دوو پیاوەیش: بیانی‌یەکەیان بریتی‌یە لە زانستی فەلسەفە و دانایانی ئەو ڕێگایە.. ئەوی تریشیان قورئان و قوتابییانی قورئانن..

بەڵێ، قورئانی پیرۆز (واتە ئەو قورئانەی کە دەخوێندرێتەوە) بەرزترین و گەورەترین تەفسیر و ڕەوانترین و ڕوونترین تەرجومانی ئەم گەردوونە بێوێنەیەیە، کە ئەویش (واتە گەردوون) خۆی لە خۆی‌دا قورئانێکی تری بەرجەستە و (بینراو)ە.

بەڵێ، تەنها ئەو قورئانە پڕ لە حیکمەتەیە کە جینی و ئادەمیزاد ڕێنمایی دەکات بۆ ئەو ئایەتە گەردوونی‌یانەی کە قەڵەمی توانستی خواوەند لەسەر لاپەڕەکانی گەردوونی فراوان و لەسەر پەڕەی کات و سەردەمەکاندا نووسیونی و، هەر تەنها قورئانە کە لە ڕوانگەی "واتای حەرفی"یەوە دەڕوانێتە بوونەوەران، کە هەریەکەیان پیتێکی پڕ لە واتان. واتە: لەو گۆشەیەوە تەماشای بوونەوەران دەکات کە دەری‌دەخات ئەم بوونەوەرانە بەڵگەن لەسەر بەدیهێنەری مەزنی خۆیان، جا کە لەم گۆشەیەوە سەیری کردن، دەڵێت: (چەندە جوان و ڕەنگین بەدی‌هێنراون و، چەندە بە جوانی و ڕوونی دەبن بە بەڵگە لەسەر بەدیهێنەری خۆیان).

بەم جۆرە قورئانی پیرۆز، جوانیی ڕاستەقینەی بوونەوەران دەردەخات.

بەلاّم ئەوەی پێی دەڵێن "زانستی حیكمەت" كە فەلسەفەیە، ئەوا لە سەرنجدانی ئارایشتكاریی پیتەكانی بوونەوەراندا نوقم بووە و، ئەوەندە لە بەردەم پەیوەندییەكانی نێوان ئەم پیتانەدا سەرسام ماوە كە ئاگای لە ناوەرۆك و حەقیقەت نەماوە و لێیان دوور كەوتووەتەوە و ڕێی ون كردووە! چونكە كاتێ كە دەبوو سەیری بوونەوەرانی وا بكردایە كە هەریەكەیان پیتێكن و بەڵگەن لەسەر نووسەرەكەیان، كەچی وای نەكرد، بەڵكو بە "واتای ئیسمی" سەیری كردن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە گوایا: بوونەوەران دارای واتای سەربەخۆن و، لەم ڕوانگەیەوە لە بارەیانەوە دەدوێت و، لە بریی ئەوەی بڵێت: "چەندە جوان بەدیهێنراوە"! دەڵێت: "چەندە جوانە"!. بەم وتەیەش جوانیی ڕاستەقینە لەو شتە دادەماڵێت كە باسی دەكات، بەم كارەشی، كە گێڕانەوەی جوانیی شتانە بۆ خودی خۆیان، لە ڕێزی هەموو بوونەوەران دادەگرێت و، وایان لێ دەكات كە هەر هەموویان لە قیامەتدا سكاڵای لە دەست بكەن.

بەڵێ، ئەو فەلسەفەیەی كە وا بەم چەشنە مولحیدانەیە بیر دەكاتەوە، لە ڕاستیدا چاوبەست(سفسطة)ێكی ئەوتۆیە كە هیچ بناغەیەكی ڕاستیی نییە و، بریتییە لە بێ‌نرخ كردنی هەموو بوونەوەران بە گشتی.

❑ **بنچینەی دووهەم:**

بۆ ئەوەی بگەینە ڕادەی جیاوازییەكانی نێوان ئەو پەروەردە ڕەوشتییانەی كە قورئانی پیرۆز قوتابییەكانی خۆی لەسەر پەروەردە دەكات و، ئەو وانەیەش كە حیكمەتی فەلسەفە بە شوێنكەوتووانی خۆی دەڵێتەوە، وا بەراوردێك لە نێوان هەردووكیاندا دەكەین:

دەبینین:

قوتابییە دڵسۆزەكەی فەلسەفە فیرعەونێكە بۆ خۆی، بەلاّم فیرعەونێكی زەلیلە! چونكە لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا بێ‌نرخترین شت دەپەرستێ و هەر شتێك سوودی پێ بگەیەنێت دەیكات بە پەرستراوی خۆی!

پاشان ئەو قوتابییە سەرسەختەی فەلسەفە هەمیشە لە عینادی و سەرپێچیدایە، بەلاّم سەرپێچی كارێكی هەژارە! چونكە لە پێناوی ئەوەی لەزەتێكی دەست بكەوێت، بەوپەڕی زەلیلی ڕازی دەبێت.. هەروەها تابڵێی عینادی دەكات، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ بێ نرخە! چونكە زەلیلی و ملكەچی بۆ كەسانێك قبوولْ دەكات كە وەك شەیتان وان، تەنانەت قاچیشیان ماچ دەكات!

پاشان ئەو قوتابییە مولحیدەی فەلسەفە، مرۆڤێكی لەخۆبایی و خۆبەزل زانە، بەلاّم خۆبەزل زانێكی وا كە ئەوپەڕی كۆڵەواری لە خۆیدا شك دەبات، چونكە لە دڵی خۆیدا هیچ كەسێك شك نابات پشتی پێ ببەستێت و پاڵی پێوە بدات.

پاشان ئەو قوتابی‌یەی فەلسەفە هەلپەرستە و، تەنها بە دوای بەرژەوەندیی خۆی‌دا دەگەڕێت و، جگە لە خۆی کەس نابینێت و، ئەوپەڕی لێبڕان و ئاواتی ئەوەیە کە ئارەزووەکانی "نەفس و سك و فەرج"ی دابین بکات. ئنجا لەمەش‌دا فێڵبازە، چونکە لەناو بەرژەوەندیی نەتەوەدا بە شوێن بەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەکانی خۆی‌دا دەگەڕێت!

بەڵام قوتابیی دڵسۆزی قورئان: بەندەیە (واتە بەندەی خوا) بەڵام بەندەیەکی تابڵێی سەربەرزە، بۆ گەورەترین بەدیهێنراویش سەری دانانەوێنێت و زەلیلی قبووڵ ناکات.

پاشان قوتابی‌یەکی لەخۆبوردە و نەرمونیانە، بەڵام جگە لە بەدیهێنەری گەورەی خۆی و فەرمانەکانی، هیچ کاتێك بە ویستی خۆی، لە بەردەم هیچ کەس و هیچ شتێك‌دا خۆی زەلیل و ڕسوا ناکات و سەری بۆ دانانەوێنێت.

پاشان قوتابی‌یەکی هەژار و لاوازە و، دڵنیاشە لە هەژاری و لاوازیی خۆی. بەڵام لە بەرامبەر هەموو شتێکەوە - جگە لە خوا - دەوڵەمەندە و، دڵنیایە کە خاوەنە سەخاوەتمەندەکەی لە قیامەت‌دا گەنجینەی هەمیشەیی لەبن‌نەهاتووی بۆ پاشەکەوت کردووە..

ئنجا ئەم قوتابی‌یەی قورئان بەهێزە! چونکە پاڵی بە هێزە ڕەها و بێ‌سنوورەکەی خوای گەورەی خۆیەوە داوە و پشتی پێ بەستووە.

پاشان هەر کارێك ئەنجام بدات، تەنها لە پێناوی ڕەزامەندیی خوادا دەیکات. تەنانەت کاتێ هەوڵ بۆ پێگەیشتن و بڵاوکردنەوەی چاکە و ڕەوشت‌بەرزی دەدات، ئەوا تەنها لە بازنەی ڕەزامەندی‌یەکانی خوادا ئەم هەوڵ و تەقەلایە دەدات.

بەم چەشنە و، لە ئەنجامی بەراوردی نێوان قوتابی‌یانی ئەم دوو حیکمەتەوە، لەو دوو جۆرە پەروەردەیە تێ‌دەگەیت کە ئەم دوو حیکمەتە قوتابییانی خۆیانی لەسەر پەروەردە دەکەن.

☐ **بنچینەی سێ‌هەم:**

ئنجا ئەو پەروەردەیەش کە حیکمەتی فەلسەفە و حیکمەتی قورئان بە کۆمەڵگای مرۆڤی دەبەخشن، بەم جۆرەی خوارەوەیە:

حیکمەتی فەلسەفە لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا "هێز" بە خاڵی پشت‌پێ‌بەستن دادەنێت و.. لە هەموو شتێك‌دا "سوود"ی مەبەستە و.. "مشت‌ومڕ" دەکات بە دەستووری ژیان و.. "ڕەگەز پەرستی" و "قەومییەتی سەلبی" دەکات بە پەیوەست و پەیوەندی‌دەری نێوان کۆمەڵانی مرۆڤ.

ئنجا بەروبوومی ئەم حیکمەتەی فەلسەفەش بریتی‌یە لە: تێرکردنی ئەو ڕەغبەت و خواست وئارەزووە پەنهانانەی کە زیاتر ئارەزووی "دەروون" دەورووژێنن و پەتی پێ دەبچڕن و بە تەواوی بەرەڵای دەکەن.

شتێكی ئاشكرایشە كە "هێز" ئەنجامەكەی: "لەسنووردەرچوون" دەبێت و.. "سوود"یش "پالپالێن"ی لێ پەیدا دەبێت، چونكە بەشی دابین كردنی پێداویستی و ئارەزووەكانی هەموان ناكات و.. "مشتومڕ"یش زۆرانكاریی لێ دەوەشێتەوە و.. "ڕەگەزپەرستی"ش "لەسنووردەرچوون"ی لێ پەیدا دەبێت و، بەم چەشنە ڕەگەزایەتی‌یەكە گەشە دەكات و بە هەڵلووشینی یەكتر پەرە دەسێنێت و لەسەر حسابی ڕەگەزەكانی تر فراوان دەبێت!

ئا لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە بۆچی بەختەوەری لە گرۆی مرۆڤایەتی سەندراوەتەوە و لەبەری داماڵراوە؟ هۆكەی تەنها هەڵپە و ڕاكردنە بە دوای ئەم حیكمەتەی فەلسەفەدا!

بەڵام حیكمەتی قورئانی پیرۆز لە بریی هێز "حەق" دادەنێت بە خاڵی پشت‌پێ‌بەستن و.. لە بریی سوود "ڕەزامەندیی خوای گەورە" دەكات بە ئامانج و مەبەست و.. لە جیاتیی مشتومڕ "یارمەتی و هاوكاری" دەكات بە دەستوور و بناغە لە ژیاندا و.. لە بریی ڕەگەزپەرستی و قەومییەتی سەلبیش دەست بە "ئایین و نیشتمان و پیشە"وە دەگرێت، تاكو بیانكات بە پەیوەندی‌دەری نێوان كۆمەڵان.

ئنجا سنووردانان بۆ دەستدرێژی و لەسنوور دەرچوونەكانی "دەروون" و.. هاندانی "گیان" بۆ ڕۆیشتن و پەرواز بوون بەرەو كار و ئاقار و ئامانجە بڵندەكان و.. دابین كردنی هەستە بەرزەكانی "گیان"، دەكات بە مەبەستی گەورە و ئامانجی گشتیی خۆی، تاكو مرۆڤ بەرەو كەماڵ و ڕەوشتە بەرزەكانی ببات و سەری بخات.

چونكە:

ئەنجامی "حەق"، "یەكگرتن"ە و.. هی "ڕەوشت بەرزی"ش "پشتگیری"یە و.. دەستووری: "یارمەتی و هاوكاری"، "فریاكەوتنی یەكتر"ی لێ دەوەشێتەوە و.. "ئایین"یش "برایەتی و پشتگیریی" یەكتری لێ پەیدا دەبێت و.. ئنجا "لەغاوكردنی نەفس و هەڵپەكاری‌یەكانی" و، "سەربەست كردنی گیان و هاندانی بەرەو كەماڵ"، هەموو ئەمانە دەبن بەهۆی: "بەختەوەریی هەردوو دنیای مرۆڤ"!

❑ بنچینەی چوارەم:

ئەگەر دەتەوێت تێبگەیت لەوەی كە چۆن قورئانی پیرۆز بەسەر هەموو وتە و فەرمایشتەكانی تری خوای گەورە و هەموو گوفتارێكدا بڵندترە و، دەتەوێت بزانیت چۆن لە هەموو وتەیەك بەرزترە، ئەوا بە وردی سەرنجی ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە بدە:

نموونەی یەكەم:

پادشا دوو جۆر گوفتار و فەرمایشتی هەیە:

یەكەمیان: گوفتارێكی تایبەتی‌یە كە بەهۆی تەلەفۆنێكی تایبەتی‌یەوە لەگەڵ یەكێك لە هاووڵاتی‌یاندا سەبارەت بە كارێكی هەندەكی و ئیشێكی تایبەتیی خۆیەوە، دەیكات.

ئەوی تریان: قسەکردنە بە ناوی پادشایەتیی پڕ شکۆی خۆی و بە ناونیشانی خەلافەتی گەورە و بە چۆنێتیی فەرمانڕەوایی گشتی و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی فەرمانە پادشاییەکانی لە هەموو لایەکدا. واتە ئەم یەکەیان گوفتارێکە لەگەڵ کەسێك لە نێرراوانی خۆی یان یەکێك لە فەرمانبەرە گەورەکانیدا. کەواتە ئەم گوفتارە سەبارەت بە شتێکی گەورەیە و، پەیوەندیشی بە هەموانەوەیە.

نموونەی دووهەم:

پیاوێك ئاوێنەیەکی بە دەستەوەیە و ڕووەو "خۆر" ڕای گرتووە. دیارە ئاوێنەکە بە ئەندازەی گەورە و بچووکیی خۆی ڕووناکییەك وەردەگرێت کە هەر حەوت ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆری تێدایە. کەواتە ئەم پیاوە بەپێی ئەندازەی ئەو ئاوێنەیە سوود لە خۆر وەردەگرێت، وەك ئەوەی ڕووناکیی ئاوێنەکەی ئاراستەی ژوورە تاریکەکەی یاخود "شەتڵگا" تایبەتی و بچووکە سەرگیراوەکەی خۆی بکات. ئەوەندە هەیە ئەو سوودەی کە لە خۆرەوە وەریدەگرێت سوودێکی کەمە، چونکە تەنها بەپێی توانای ئاوێنەکەی سوود لە ڕووناکیی خۆر وەردەگرێت، نەك بە ئەندازەی گەورەیی خۆر.

لە هەمان کاتدا پیاوێکی تر واز لە ئاوێنە دەهێنێت و، ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە خۆر و سەیری شێوە و گەورەیی خۆر دەکات، ئنجا دەڕواتە سەر چیایەکی بەرز و بڵند و سەیری درەوشانەوەی دەستەڵاتداریی فراوان و شکۆمەندیی خۆر دەکات و بێپەردە ڕوو بە ڕووی ڕادەوەستێت. پاشان دەگەڕێتەوە لە خانووە بچووك و "شەتڵگا" سەرگیراوە تایبەتییەکەی خۆیدا چەند کلاوڕۆژنەیەکی فراوان ڕووەو خۆر دەکاتەوە و، بەم پێیە ڕێگایەك دەدۆزێتەوە بۆ سوودوەرگرتن لەو خۆرەی کە لەو جێگا بەرز و بڵندەی ئاسماندایە. ئنجا ئەم پیاوە لەگەڵ خۆر و ڕووناکییەکەیدا - بە زمانی حاڵ - ئەم وتووێژە سوپاسگوزارییانەیە دەکات:

(ئەی ئەو خۆرەی کە لەسەر تەختی جوانیی جیهاندا دانیشتوویت! ئەی گوڵی گەشاوەی ڕووی ئاسمان! ئەی ئەو خۆرەی کە جوانی و ڕووناکیت بە زەوی و، خەندە و شادیت بە گوڵان بەخشیوە! هەروەك گەرمی و ڕووناکیت بە گشت لایەکی جیهاندا بڵاو کردووەتەوە، ماڵ و شەتڵگا بچووکەکەی منیشت بەسەر کردووە و لە گەرمی و ڕووناکیی خۆت پێ بەخشیون).

ئەم پیاوە دەتوانێت، بە زمانی حاڵ، ئەم چەشنە گفتوگۆیە لەگەڵ خۆردا بکات، بەڵام خاوەنی ئاوێنەکە ناتوانێت بەم شێوازە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا بکات، چونکە شوێنەواری ڕووناکیی خۆر بەپێی سنووری ئاوێنەکەی دەبێت و بە ئەندازەی توانای ئەو ئاوێنەیە ڕووناکیی دەست دەکەوێت.

ئنجا - دوای ئەمە - وەرە لە ڕوانگەی ئەم دوو نموونەیەوە تەماشای قورئانی پیرۆز بکە، با هەست بە ئیعجازە بڵند و پایەدارەکەی بکەیت. بەڵێ، قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

﴿وَلَوْ اَنَّ ما في الاَرضِ مِنْ شَجَرَةٍ اَقلامٌ والْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ اَبْحُرٍ ما نَفِدَتْ كَلِماتُ الله انَّ الله عزيزٌ حَكيمٌ﴾ (لقمان:٢٧).

بەخشینی پلەی هەرە بەرز بە قورئانی پیرۆز لە نێوان هەموو وتە لەسنووربەدەرەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قورئانی پیرۆز لە عەرشی ئەعزەم و، لە ئیسمی ئەعزەم و، لە پلەی هەرە گەورەی هەموو یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەوە، نازڵ بووە. کەواتە قورئانی پیرۆز بریتی‌یە لە:

"فەرمانی خوای گەورە" بەو سیفەتەی کە خوای گەورە "خوای هەموو بوونەوەرانە" و..

"فەرمایشتی ئەو" بەو سیفەتەی کە "بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکانە" و..

"فەرموودەی بەرزی ئەو" بەو سیفەتەی کە پەروەردگاری ڕەهایە لە بوونەوەردا و..

"فەرمایشتی ئەزەلیی ئەو" کە بە ناوی پادشـایەتی و دەسـتەڵاتداریی هەمەلایەنە و مەزنەوە فەرموویەتی و..

"تۆماری ڕێزلێنانی خواوەندی میهرەبان"ە کە لەو بەزەیی‌یە فراوانەوە هەڵقوڵاوە کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە و..

"کۆمەڵە نامەیەکی پەروەردگاری‌یانە"ی ئەوتۆیە کە مەزنیی خوایەتیی ئەو ڕوون دەکەنەوە، چونکە لە سەرەتای هەندێ لەم نامانەدا چەند هێما و پەرلە(شـــــفرة)یەك بەکارهێنراوە کە ئەمە دەگەیەنن و...

هەروەها ئەو کتێبە پیرۆزەیە کە دانایی لێ دەبارێت.

لەبەر ئەم هەموو نهێنی‌یانەیە کە ناوێکی شایانی خۆی لێ نراوە، ئەوەتا پێی دەوترێت: "کلام الله" واتە: گوفتار و فەرمایشتی خوا!

بەڵام فەرموودەکانی تری خواوەند بەشێکیان بە بایەخپێدانێکی تایبەتی و، بە ناونیشـانێکی هـەندەکی و، دەروشـانەوەیەکی هـەندەکیی نـاوێکی تایبـەتی و، پەروەردگارێتی‌یەکی تایبـەتی و، دەسـتەڵاتێکی تایبـەتی و میهرەبانی‌یـەکی تایبەتی‌یـەوە، هەڵقوڵاون.

کەواتە بەپێی "تایبەتی" و "هەندەکیّتی"ی ئەم فەرموودانـە، پلـەکانیان جیـاواز دەبـن. زۆربەی ئیلهامەکان لەم بەشەن، بەڵام لە نێوان خۆیاندا پلەکانیان تابڵێی جیاجیایە.

بۆ نموونە: ئاسایی‌ترین و هەندەکی‌ترینی ئیلهامەکان هی ئاژەڵ و زیندەوەرانە، پاشان هی خەڵکی عەوام، ئنجا هی زۆربەی مەلائیکەتەکان، ئنجا ئیلهامی ئەولیاکان، پاشان ئیلهامی گەورە مەلائیکەتانی خواوەندە.

لەم نهێنییەوەیە كە هەندێ جار لە وەلی‌یەك دەبیستیت دەڵێت: "حدثنـــي قلبـــي عـــن ربـــي". واتە: (دڵم لە خوای پەروەردگارمەوە بۆی گێڕامەوە...) واتە بەو تەلەفۆنەی كە لە دڵیدا هەیە، بە بێ بوونی هیچ هۆكارێك لە مەلائیكەتان. كەچی لێی نابیستیت بڵێت: "پەروەردگاری جیهانیان بۆی گێڕامەوە". یان دەڵێت: "دڵم عەرش و ئاوێنەیەكە بۆ درەوشانەوەكانی پەروەردگارم"، كەچی ناڵێت: "عەرشی پەروەردگاری جیهانیان". چونكە بەپێی لێهاتوویی و توانای خۆی و بە هەڵدانەوەی نزیكەی حەفتا هەزار پەردە، دەتوانێت بەشێكی لە گوفتارێكی پەروەردگاری خۆی دەست بكەوێت.

بەڵێ، بە ئەندازەی بەرزیی گوفتارێكی پادشا كە لە ڕوانگەی پادشایەتی‌یەكەیەوە كردبێتی، بەسەر گوفتارێكی تری خۆی كە لەگەڵ یەكێك لە هاوولاتی‌یانی‌دا دەیكات و.. بە گوێرەی زۆریی ئەو سوودەی كە ڕاستەوخۆ لە ڕووناكیی خۆری ناوجەرگەی ئاسمان وەردەگیرێت، لە چاو ئەو ڕووناكی‌یەی كە لە ئاوێنەكەدا درەوشایەوە.. بەم ئەندازەیە، دەتوانین تێبگەین لە: بەرزیی قورئان بەسەر هەموو گوفتار و فەرموودەكانی تری خواوەند و كتێبە ئاسمانی‌یەكانی تردا.

كەواتە هەموو كتێب و صوحوفە ئاسمانی‌یەكان لە دوای قورئانەوە دێن و لە پلەی دووهەمدان و، هەریەكەیان پلە و پایەی بڵندی خۆی هەیە و بەشێكی لەو نهێنی و بەرزی‌یە تێدایە. خۆ ئەگەر هەرچی وتەی ڕێكوپێك و جوانی بەرەی جینی و ئادەمیزاد هەن – كە لە قورئان وەرنەگیرابن كۆ ببنەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانن نزیكی ئەو پلەیە ببنەوە و بگەنە ئەو ئاستەی كە ببن بە هاوچەشنی قورئانی پیرۆز.

جا ئەگەر دەتەوێت شتێك تێبگەیت لەوەی كە قورئانی پیرۆز لە "ئیسمی ئەعزەم" و لە پلەی هەرە گەورەی هەموو یەكێك لە ناوە جوانەكانی خوای گەورەوە نازڵ بووە، ئەوا سەرنجی "آية الكرسي" و ئەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە بدە و، بە وردی بیر لە واتا گشتی و بەرزەكانیان بكەرەوە:

﴿وعِنْدَهُ مَفاتِحُ الغَيبِ﴾(الأنعام:٥٩).

﴿قُلِ اللّهُمَّ مالِكَ المُلْكِ﴾(آل عمران:٢٦).

﴿يُغْشي اللَّيْلَ النَّهارَ يَطْلُبُهُ حثيثاً والشمسَ والقَمَرَ والنُّجُومَ مسخَّرات بِأمْرِهِ﴾(الأعراف:٥٤).

﴿يا أرضُ ابلعي ماءَكِ ويا سماءُ أقلعي﴾(هود:٤٤).

﴿تُسَبِّحُ له السموات السَّبْعُ والأرضُ ومَن فيهن﴾(الإسراء:٤٤).

﴿ما خَلْقُكُمْ ولا بَعْثُكُمْ الاّ كَنَفْسٍ واحدةٍ﴾(لقمان:٢٨).

﴿انّا عَرَضْنا الأمانَةَ على السَّمواتِ والأرضِ والجِبالِ﴾(الأحزاب:٧٢).

﴿يومَ نطوي السَّماءَ كَطَيِّ السِّجلِّ للكُتُب﴾(الأنبياء:١٠٤).
﴿وما قدروا الله حق قدره والأَرضُ جـــميعاً قبضَتُهُ يومَ القيامة﴾(الزمر:٦٧).
﴿لو اَنْزَلْنا هذا القرآنَ على جبلٍ لرأيتَهُ...﴾(الحشر:٢١).
هەروەها ئایەتەكانی تری هاوچەشنیان.
پاشان بە وردی سەرنج لەو سوورەتانە بدە كە بە ﴿الحمد لله﴾ و ﴿تسبح ...﴾ دەست پێ دەكەن، تاكو تیشكی ئەم نهێنییە گەورەیە ببینیت. پاشان سەیری ئەو سوورەتانە بكە كە بە: ﴿الم﴾ و ﴿الر﴾ و ﴿حم﴾ دەست پێ دەكەن، تاكو تێبگەیت لە ڕادەی گرنكیی قورئان لە لای خوای گەورەی پەروەردگاری جیهانیان.
جا ئەگەر لەم نهێنییە وردەی ئەم بنچینەی چوارەمە تێ گەیشتیت، ئەوا دەتوانیت لەو نهێنییەش تێبگەیت كە زۆربەی ئەو "وەحی"یانەی بۆ پێغەمبەران دروودیان لەسەر بێت نازڵ بوون، بەهۆی مەلائیكەتەوە بووە، بەڵام "ئیلهام" بە بێ هیچ هۆكارێك ڕوو دەدات..
هەروەها لە نهێنیی ئەوەش تێدەگەیت كە گەورەترین "وەلی" ناگاتە ئاستی هیچ كام لە "پێغەمبەران"..
هەروەها لە مەزنی و پیرۆزیی قورئان و پایەداریی ئیعجازەكەی تێدەگەیت..
هەروەها تێدەگەیت لە نهێنی و حیكمەتی پێویستیی "میعـــــراج". واتە: تێدەگەیت لە نهێنیی ڕۆشتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئاسمانە بەرزەكان و "سدرة المنتــــهى" و، "قـــاب قوســـين أو أدنى"و، گفتوگۆكردنی لەگەڵ خواوەندا، هەرچەندەش خوای گەورە لە ڕەگی لامل لێیەوە نزیكترە و، پاشان گەڕانەوەی بۆ جێی خۆی لە ماوەی چاوتروو كاندنێكدا.
بەڵێ، هەروەك "لەتكردنی مانگ" موعجیزەیەكە بۆ چەسپاندن و ڕوونكردنەوەی پێغەمبەرێتیی ئەو پێغەمبەرە ﷺ بۆ گرۆی جیننی و ئادەمیزاد.. "میعراج"یش موعجیزەی بەندایەتیی پێغەمبەرە ﷺ بۆ خواوەند و خۆشەویستیی ئەوی لای خوای گەورە بۆ ڕۆحانیات و مەلائیكەتان دەرخست.
اللهم صل وسلم عليه وعلى آله كما يليق برحمتك وبحرمته. آمين.

پوختەی چەند لایەنێکی ژیانی دانەر:

بدیع الزمان مامۆستا سەعیدی نوورسی

بسم الله الرحـــمن الرحيم

* لە نێوان چیا بڵندەکان و لە بەرەبەیانی یەکێك لە ڕۆژەکانی ساڵی (١٢٩٤ك - ١٨٧٦ز) لە گوندی "نوورس"ی سەر بە پارێزگەی "بەدلیس"ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی تورکیا "بدیع الزمان مامۆستا سەعیدی نوورسی" لە بنەماڵەیەکی کوردی دیندار لەدایك بووە.

* "صۆفی میرزا"ی باوکی بە خواپەرستی و پیاوچاکی بەناوبانگ بووە و هەر خۆراکێك حەڵاڵ نەبووبێت دەرخواردی منالەکانی نەداوە.. خاتوو "نووریە"ی دایکیشی بە پاك و خاوێنی و دەستنوێژەوە نەبووبێت شیری بە منالەکانی نەداوە!

* هەر لە قۆناغی منالییەوە هەڵکەوتوویی و زیرەکیی پێوە دیار بووە و، لای زانا بەناوبانگەکانی ژینگە و سەردەمی خۆی زانستە ئیسلامییەکانی خوێندووە و، بەشێکی زۆری کاتەکانی بە تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی دەوروبەری بەسەر بردووە و، لەگەڵ زانایاندا کەوتووەتە وتەو وێژ و گفتوگۆی زانستییەوە. تا لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بڕوانامەی "عالمی"ی وەرگرتووە!

* هەر لە تافی لاوی و لە خەونێکی ڕاستدا بە خزمەتی پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - شەرەفمەند بووە و داوای (زانستی قورئان)ی لێ کردووە، حەزرەتیش لەو خەونەدا مژدەی داوەتێ کە: "سیوهبُ لك علمُ القرآن ما لم تسألْ شيئاً من الأمة" واتە زانستی قورئانت پێدەبەخشرێت بە مەرجێك " سوئال"ی هیچ شتێك لە نەتەوە کەم نەکەیت. ئەویش تا لە ژیاندا ما سوئالی لە کەس نەکرد، نە بە واتای "پرسیار" و نە بە واتای "سوالْ"کردن، تەنانەت لە موحتاجترینی کاتەکانی تەمەنیدا دیاری و سەدەقە و زەکاتیشی لە خەڵکی وەرنەگرتووە!

* زیرەکی و زەینڕۆشنی و توانای لەبەرکردنی هێندە کەموێنە و لە ڕادەبەدەر بووە کە توانیویەتی نزیکەی "نەوەد" کتێبی مەتنە سەرەکییەکان لەبەر بکات، لە بابەتەکانی: (نەحوو، صەرف، تەفسیر، حەدیس، مەنتیق، فیقهی ئیسلامی... هتد). جگە لەمانەش هەر لە سەرەتای فەرهەنگی بەناوبانگی "قاموس المحيط"وە تا دەگاتە "باب السين"ی ئەو فەرهەنگەی لەبەر کردووە و، ئنجا بە ماوەی یەك حەفتەش کتێبی "جمع الجوامع"ی سەر بە زانستی ئوصولی فیقهی خوێندووە و لەبەریشی کردووە!

* بۆ مەبەستی موتالاکردن و خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی پێویستی بوون سوودی لە کتێبخانە پڕ لە کتێبەکانی "عمر پاشا"ی والیی "وان" و "تایەر پاشا"ی والیی "بەدلیس" وەرگرتووە کە ڕێزی زۆریان لێ ناوە و بایەخیان پێ داوە.

* لە ئەنجامی مونازەرە و وت و وێژی لەگەڵ هەندێ مامۆستای زانستە نوێکانی سەردەمدا هەستی کردووە کە پێوستیی بەو زانستانە هەیە، بۆیە لە شاری "وان" دەستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی کتێبەکانی ئەو زانستانە کردووە، وەك: (بیرکاری، فەلەك، کیمیا، فیزیا، زەویناسی، فەلسەفە، مێژوو، جوگرافیا... هتد" تەنانەت توانیویەتی لە هەندێکیشیاندا کتێب دابنێت!

* لەبەر ئەم زیرەکی‌یە بێوێنەیەی، ناوبانگی بە: (سەعیدی مەشهوور) و پاشان بە: (بدیع الزمان) بڵاوبووەتەوە.

* لە ساڵی ١٨٩٧زدا مامۆستا "بدیع الزمان" هەواڵێکی لە ڕۆژنامە ناوخۆیی‌یەکاندا خوێندەوە کە بریتی بوو لەوەی: "گلادستۆن"ی وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا لە پەرلەمانی وڵاتەکەیدا نوسخەیەکی قورئانی پیرۆزی بە دەستەوە گرتووە و بە ئەندامانی پەرلەمانی وتووە:

"هەتا ئەم قورئانە لەناو موسوڵمانانداا بمێنێت ئێمە ناتوانین حوکمڕانییان بکەین، کەواتە چار تەنها ئەوەیە کە قورئان لەسەر زەویدا نەهێڵین، یاخود پەیوەندیی موسوڵمانەکانی پێوە بپچڕین"!

ئەم هەواڵە تەزووی بە جەستەی "بدیع الزمان"دا هێنا و حەوانەوە و سرەوتی لێ بڕی و، بۆ هەموو کەسانی دەوروبەری خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاند کە:

"دەبێ بە بەڵگە بۆ هەموو جیهانی بچەسپێنم و پێیان بسەلمێنم کە قورئانی پیرۆز خۆرێکی مەعنەوی‌یە، تیشکی ئەو خۆرە هەرگیز کز نابێت و ڕووناکی‌یەکەشی بە هیچ کەسێك ناکوژێتەوە".

دوای ئەم ڕووداوە ڕۆشت بۆ ئەستەمبووڵ و پڕۆژەی دامەزراندنی زانکۆیەکی ئیسلامیی لە کوردستاندا بە ناوی "زانکۆی زەهرا" - بە وێنەی زانکۆی ئەزهەری پیرۆز - پێشکەشی کاربەدەستان کرد، زانکۆیەك کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕاستی‌یەکانی ئیسلام بگرێتە ئەستۆی و، زانستە ئایینی و زانستە گەردوونی‌یە نوێکانی پێکەوە تێدا بخوێنرێن، بە پێی نەخشە و بۆچوونی ئەو وتە بەناوبانگەی خۆی کە تیایدا دەڵێت:

"ڕووناکیی دڵ: زانستە ئایینی‌یەکانە و، نووری عەقڵیش: زانستە گەردوونی‌یە نوێکانە. بە تێکەڵکردنی ئەم دوانە "ڕاستی" دەردەکەوێت و، بە لێك جیابوونەوەشیان، لەمیاندا فڕوفێڵ و گومان و، لەویشیاندا دەمارگیریی بێکەڵك و نەفرەتلێکراو، سەرهەڵدەدات"!

لەم هەوڵەی ئەم جارەیدا و لە هەوڵێکی تریشدا کە لە ساڵی ١٩٠٧زدا بۆ هەمان مەبەست ڕۆشت بۆ ئەستەمبووڵ و هەوڵ و تەقالای خۆی خستەکار، هیچ سەرکەوتنێکی

بەدەست نەهێنا، بەڵام لە ساڵی ١٩١١زدا توانیی قەناعەت بە سوڵتان ڕەشاد بکات و، سوڵتانیش بڕێك پارەی بۆ ئەو پڕۆژەیە تەرخان کرد و، لەسەر لێواری "دەریاچەی وان" دەست کرا بە کارکردن لە بنیاتنانی ئەو زانکۆیەدا، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی پەکی تەواوکردنی پڕۆژەکەی خست.

* هەر لە ساڵی ١٩١١زدا سەردانی وڵاتی "شام"ی کرد و، لەسەر مینبەری مزگەوتی ئەمەوی وتارێکی گرنگی بە زمانی عەرەبی ئاراستەی زانایانی ئەو وڵاتە کرد کە دوایی بە ناونیشانی "الخطبة الشامية" (واتە وتاری شام) چەند جارێك چاپ کرا و، پاشان هەر خۆی بە درێژە پێدانەوە وەری گێڕا بۆ زمانی تورکی و ئەم دەقەی دواییش سەرلەنوێ چەندین جار کراوەتەوە بە عەرەبی و بۆ چەند زمانێکی تریش وەرگێڕراوە.

* هەرچەند ڕای مامۆستا سەعیدی نوورسی لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا لەگەڵ ئەوە نەبوو کە دەوڵەتی عوسمانی بە جەنگەوە بگلێت، بەڵام هەر ئەوەندەی بەشداریی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگدا ڕاگەیەنرا، یەکسەر خۆی و قوتابییانی هاوبەشییان لەو جەنگەدا کرد دژی ڕوسیای قەیسەری، کە لە بەرەی قەفقاسەوە هێرشی بۆ شارە سنووریەکانی کوردستان دەبرد. فەرماندەی سوپایش سەرکردەیی (هێزە یارمەتیدەرەکان)ی پێ سپارد کە لە قوتابییانی نوورسی و خۆبەخشەران پێك هاتبوون.

* "بديع الزمان" و هێزەکەی لە چەندین جەنگی گرنگدا لە دژی ڕووسەکان بەشداریی ئازا و بەجەرگانەی جیهادیان کرد و، هێندە ئازایەتی و توانا و لێهاتنی لەو جەنگەدا نواند کە سەرنجی فەرماندەی سوپا و تەنانەت چاودێرە بیانییەکانیشی ڕاکێشابوو!

* کاتێك کە سوپای ڕووس بە ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە سوپای بەرگریکەران ڕژانە ناو شاری بەدلیسەوە "بديع الزمان" و قوتابییانی بەرگرییەکی مەردانە و فیداکارانەیان لە شارەکەیان دەکرد، تا لە ئەنجامدا بە سەختی پێکرا و لە هۆشی خۆی چوو، ئنجا ڕووسەکانیش لە ١٩١٦/٣/٢زدا بە برینداری "دیل"یان کرد و بردیان بۆ بەندیخانەی ئەفسەرە دیلەکان لە شاری "کۆسترما"ی سیبیریا.

* لە ماوەی "دیلی"دا بەردەوام وانەی ئیمانیی بە ئەفسەرە دیلەکانی هاوڕێی دەوت، کە ژمارەیان نەوەد دانە بوو.

* هەر لەو ماوەیەدا و لەبەر نواندنی هەڵوێستێکی بەجەرگانەی ئەوی زانا و موجاهید و خاوەن عیززەتی ئیسلام و، هەڵنەسانی لەبەر سەرکردەیەکی گەورەی سوپای ڕووس کە خاڵی قەیسەر و سەرکردەی بەرەی قەفقاس بوو، لە پەتی سێدارە و بەدەستهێنانی "پلەی شەهیدی" نزیك بووەوە، بەڵام خوای گەورە لەبەر ئەوەی بۆ ئەرکێکی گەلێ گرنگ و گەورەتر هەڵی گرتبوو، لەو تاقی کردنەوەیە بەسەریبەرزەوە هێنایەدەر و لە حوکمی ئیعدام ڕزگاری کردا!

* پاشان بە جۆرێکی گەلێ سەرسوورهێنەر و ناوازە و بە چاودێرییەکی ئاشکرای پەروەردگار لە دیلی هەڵهات و، لە رێی (وارشۆ - ئەڵمانیا - ڤیەننا)وە گەڕایەوە وڵات.
* کە لە بەرواری ١٩١٨/٦/١٧زدا گەیشتەوە ئەستەمبووڵ "مەدالیای جەنگ"ی خەڵات کرا و، لە لایەن خەلیفە و شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی و سەرکردەی گشتیی سوپا و قوتابییانی زانستە شەرعییەکانەوە پێشوازییەکی ناوازە و رەنگینی لێ کرا. هەروەها کاربەدەستان داوایان لێ کرد کە هەندێ کارمەندیی بەرز لە دەوڵەتدا بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام مامۆستا هیچیانی نەویست جگە لە ئەندامێتیی (دار الحكمة الإسلامية) کە دەزگایەکی زانستیی ئەوتۆ بوو تەنها گەورە زانایانی تێدا دەکران بە ئەندام.
* لە ماوەی ئەم ئەندامێتییەیدا زۆربەی نووسراوە عەرەبییەکانی خۆی چاپ کرد، وەك: تەفسیرە بەنرخەکەی کە ناوی "إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز"ە و لە گەرمەی جەنگدا دایناببوو (کە ئێستا لە بەشی خوێندنی دوکتۆرای وانەی "تەفسیر" لە زانکۆی ئەزهەر بە دەرس دەخوێنرێت). هەروەها بەو مووچەیەی کە لە لایەن ئەم دەزگایەوە وەریدەگرت، یەك بە یەکی نامیلکەکانی کۆمەڵە پەیامی "المثنوي العربي النوري"ی لەچاپ دا و بە خۆڕایی بەسەر موسوڵماناندا دابەشی کردن!
* ئنجا هەر کە شاری ئەستەمبووڵ لە بەرواری ١٩٢٠/٣/١٨زدا لە لایەن دوژمنانی ئیسلام بە تایبەت ئینگلیزەوە داگیر کرا، مامۆستا نوورسی هەستی کرد کە تیرێکی گەورە و جەرگبڕ ئاراستەی جیهانی ئیسلامی کراوە. لەبەر ئەوە، قۆڵی لێبڕانی لێ هەڵکرد و نامیلکەی "خطوات ستە"ی دانا کە زۆر بە توندی هێرشی تێدا کردبووە سەر داگیرکەران و، هۆکارەکانی نائومێدیی تێدا پووچەڵ کردبووەوە کە زۆر کەس لەو رۆژگارەدا دووچاری بووبوون، ئەم نامیلکەیەشی چەند جارێك بە نهێنی لە چاپ دا و بڵاوی کردەوە و، کاریگەری(تأثیر)ێکی گەلێ گرنگی لە دڵ و دەروونی خەڵکی - لەو بارودۆخەدا - بەجێ هێشت.
* ئنجا لەبەر ناوبانگە فراوان و جیهادە بەردەوامەکەی، دوو جار لە لایەن سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازەوە، بۆ شاری "ئەنقەرە" بانگ کرا. هەرچەندە یەکسەر لەو کاتەدا بەدەم خواستەکەیانەوە نەرۆشت، بەڵام دوایی لە رێی گەڕانەوەیدا بۆ "وان" سەری لێ دان. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢٢زدا رۆشت بۆ ئەوێ و لە لایەن گەورە پیاوانی دەوڵەتەوە لە ئیستگای شەمەندەفەر پێشوازیی لێ کرا. بەڵام هێندەی نەخایاند لەم کاربەدەستانەی "ئەنقەرە"ش نائومێد بوو، چونکە سەرنجی دا زۆربەیان فەرز و ئەرکە ئایینییەکانیان جێبەجێ ناکەن.. لەبەر ئەوە، وتارێکی ئاراستەی ئەنجومەنی پەرلەمان(مجلسِ مبعوثان) کرد، کە بەم دەستەواژەیەی خوارەوە سەرەتای وتارەکەی دارشتبوو:
(يا أيها المبعوثون! "إنكم لمبعوثون ليوم عظيم"...)!

هەر لەوێدا جارێکی تر پرۆژەی دامەزراندنی زانکۆکەی شاری وانی پێشکەش کردن و خستیە پێش چاوی بەرپرسانی نوێ، ئەوانیش بەڵێنیان پێ دا کە بەدەم خواستەکەیەوە بڕۆن، بەڵام چەند باروزۆخێکی رامیاری رێی لە هێنانەدیی پرۆژەکە گرت.

* لە ساڵی ١٩٢٣زدا "بدیع الزمان" لە ئەنقەرەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و ڕۆشت بۆ شاری (وان) و لەسەر چیای "ئەرەك"ی نزیکی شاردا ماوەی دوو ساڵی بە خواپەرستی و بیرکردنەوە و گۆشەگیری و دەرس وتنەوە بە قوتابییانی بردەسەر، کەچی هێشتا هەر لە پریشکی کارەسات و ڕووداوەکان ڕزگاری نەبوو، چونکە لە گەرمەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا، ئەمیش (وەك زانا و کەسایەتی‌یەکی گەورەی کورد) لەگەڵ کەسانێکی تری زۆر لە بەرواری ١٩٢٥/٢/٢٥زدا، ڕەهەندە(نەفی)ی شاری "بوردوور" لە باشووری خۆرئاوای تورکیا کرا و، پاشان بە تەنها خۆی بۆ شارۆچکەیەکی دوور ڕەهەندە کرا کە ناوی "بارلا"یە و لە بەرواری ١٩٢٧/٣/١زدا گەیشتە ئەوێ.

* دوژمنانی "ئیمان" پێیان وابوو کە لە "بارلا"دا مامۆستا نوورسی لەناودەچێت و ناوی کوێر دەبێتەوە و لە بیری خەڵکی دەچێتەوە و ئەم کانی‌یە بەخوڕەمەی زانست و ئیمان وشك دەکات..

بەڵام لەبەر ئەوەی خوای گەورە خاوەنی سۆز و بەزەیی و نەرمونیانی‌یە سەبارەت بە بەندە پاك و دڵسۆزەکانی، ئەوا نیازە چەپەڵەکەی ئەوانی پووچەڵ کردەوە و، ئەم بەندە زانا و پاکەی بە فەزڵ و بەخشایشی خۆی وەها چاودێری کرد کە لەسەر دەستی ئەودا "بارلا"ی کرد بە سەرچاوەی پەخشاندنی تیشکێکی گەورەی نووری قورئانی پیرۆز. چونکە مامۆستا نوورسی زۆربەی "پەیامەکانی نوور"ی لەوێ دانا و، ئنجا بە شێوەی دەستنووس لە سەرانسەری تورکیادا بڵاوبوونەوە! ئەوەبوو هەر کە مامۆستا نوورسی - بە درێژایی چارەکە سەدەیەك - لەم شارەوە بۆ ئەو شار ڕەهەندە دەکرا و لە زیندان و بەندیخانەکانی گەلێ پارێزگای تورکیادا دووچاری بەندی و گرتن دەبوو، خوای گەورە کەسانێکی دڵسۆزی بۆ نووسینەوە و لەبەرگرتنەوەی ئەم پەیامانە دەڕەخساند و ئەم ڕێژنە بەپیت و بەرەکەتانەی ئیمانیان بڵاو دەکردەوە، تاکو گیانی نوستووی ئیمانیان لای ئیمانداران بێدارکردەوە و لەسەر چەندین ستوون و پایەی زانستی و مەنتیقی و، بە ڕەوانبێژی‌یەکی بەرز، دامەزراند. بە چەشنێك کەسانی عەوام لێی تێدەگەن و مرۆڤانی تایبەتمەند و شارەزایش بەهرەمەندی تێشوو لێوەرگرتنی دەبن.

* پاش ئەوەی هەشت ساڵ و نیوی بە ڕەهەندەیی لە بارلادا بردە سەر، لە چەند جێگایەکی تری وەك شاری "ئیسپارتە" و "قەستەمۆنی" و شارۆچکەی "ئەمیرداغ"دا بە "ڕەهەندەیی" و "دەست بەسەری" و، لە شارەکانی: "ئەسکی‌شەهر و ئەفیوون و دەنیزلی"یش‌دا بە "بەندی" ژیانی بەسەر بردووە. کە ئەمانەش چارەکە سەدەیەك لە ژیانی پڕ لە ناسۆر و ئەشکەنجە و جیهادی مەعنەویی تەمەنی ئەم زانا پایەدارە دەگرنەوە.

* بەم جۆرە، مامۆستا نوورسی لە سەرەتای ڕۆشتنیەوە بۆ "بوردوور" (١٩٢٦) و پاشان بۆ "بارلا" (١٩٢٧) هەتا ساڵی ١٩٥٠ز لە نووسینی "پەیامەکانی نوور"دا بەردەوام بوو، تاکو لە (١٣٠) پەیام (کتێب وناميلكە) تێپەڕیان کرد و، هەموویان لە ژێر ناونیشانی "سەرجەمی پەیامەکانی نوور"دا کۆکرانەوە و، بریتین لە چەند کۆمەڵە پەیامێکی سەرەکی کە ئەمانەن:

١- (سۆزلەر) واتە "وتەکان"..
٢- (مەکتووبات) واتە "نامەکان"..
٣- (لەمعەلەر) واتە "بریسکانەوەکان"..
٤- (شوعاعلەر) واتە "تیشکەکان"
٥ - (لاحیقەلەر) واتە "پاشبەندەکان"..

هەروەها کۆمەڵە پەیامەکانی تری جگە لەمانەش، کە هەر هەموویان تا ساڵی ١٩٥٦ز ڕێی چاپخانەکانیان بە سەربەستی بۆ نەگیرایەبەر، بەڵام لەم بەروارەوە، بڕیاری ئازادیی لەچاپدانیان دەرکرا و، مامۆستا نوورسی خۆی سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردن هەتا هەموویانی لە چاپ دا و، پێش ماڵئاوایی کردنی لەم ژیانی دنیایە، بەو شێوەیەی ئێستا و بە ڕەزامەندی و چاودێریی خۆی سەرجەمی پەیامەکانی لە چاپ دان.

* گرنگترین تایبەتکاریی ئەم پەیامانە لەوەدایە کە بە "مەوسووعەیەکی ئیمانی"ی بایەخدار دادەنرێن و، بەدەم خواستە ئیمانی‌یەکانی سەردەمەوە دەڕۆن و، ئیمانی تەحقیقی لە دڵ و دەروون و بیر و ژیریی مرۆڤی هاوچەرخدا دادەمەزرێنن و، بینای کوفر و ئیلحاد لە بنج و بێخدا دەروخێنن و، قەڵای مەحکەمن بۆ ئیماداران و، گرنگترین چەکی پێشکەوتووی "ئیمان"ن لەم سەردەمەدا، کە نوێترین چەکی فرت و فێڵی کوفر و ئیلحادی تێدا بەکار دەهێنرێت.

* لە سەعات سێ و نیوی شەوی قەدری مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٣٧٩ك بەرامبەر ١٩٦٠/٣/٢٣ز بەدەم بانگی پەروەردگاریەوە ڕۆشت و کۆچی ماڵئاوایی لەم دنیا فانی‌یە کرد. خوای گەورە نوقمی میهرەبانیی فراوانی خۆی بکات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات. ئامین.

* چەند مانگێك دوای کۆچی دوایی، کاربەدەستان لە گۆڕەکەی دەریان هێنا و لە شوێنێکی نەزانراودا ناشتیانەوە!

* دوای وەفاتی خۆی، قوتابی‌یە دڵسۆزەکانی "پەیامەکانی نوور"یان بە خەڵکی گەیاند و، بە ئاستە زانستی و فیکری‌یەکانی ناوخۆ و جیهانیان ناساندن و گەورە بیریاران(مفكرين)ی ئیسلامی و جیهانییان پێ ئاشنا کردن.

* تا ئێستا پێنج کۆنگرەی جیهانی لە تورکیا و دەیان کۆڕ و سیمیناری ناوخۆیی لەسەر ژیان و بیری مامۆستا نوورسی گیراوە. هەروەك لە چەندین شوێنی تری جیهاندا وەك

(میسر و مەغریب و ئەردەن و مالیزیا و ئەندۆنیسیا و ئوستورالیا) کۆنگرەی جیهانی و کۆڕ و سیمیناری زانستیی لە ئاستە ئەکادیمی‌یەکاندا لەسەر پێشکەش کراوە. جگە لەو دەیان لێکۆڵینەوە و باس و کتێبانەی کە بە زمانە جیا جیاکان بۆ ئەم مەبەستە نووسراون و، جگە لەو نامە زانکۆیی و ئەکادیمی‌یانەش کە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) لە چەندەها زانکۆی ناوخۆ و جیهانیدا (هەر لە مالیزیاوە تا دەگاتە فەرەنسا) لەسەر ژیانی نوورسی خۆی و لەسەر پەیامەکانی.نووسراون و ئامادە کراون.

* کەسانی دیار و بەناوبانگی گۆڕەپانی زانست و فیکری ئیسلامیی سەردەم چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی عێراق و وڵاتە عەرەبی و ئیسلامی‌یەکان و چ لە ئاستی جیهاندا لە پێشەنگی توێژەر و نووسەر و لێکۆڵەرانی ژیان و نووسینەکانی مامۆستا "نوورسی"دان، کە لێرەدا بۆ نموونە تەنها ناوی هەندێکیان پێش‌چاو دەخەین، وەك:

(د. محسن عبد الحميد ، د. محمد سعيد ڕەمەزان بۆتانی، د. علي محي‌الدين قەرەداغی، د. جلال جلالی زادە، د. عماد الدين خليل و، مامۆستا ئەبولحەسەن نەدوی، د. شریف ماردین و.. جگە لەمانەش دەیان زانا و پرۆفیسۆری تر لە زانکۆی ئەزهەر و زۆربەی زانکۆکانی جیهانی ئیسلامی و تەنانەت خۆرهەڵاتناسانی چەند زانکۆیەکی خۆرئاوایش) خوێنەری بەڕێز بۆ خۆی دەتوانێت لە سەرچاوەکان و لە ڕێی ئەو کتێبانەوە کە لەبارەی ئەو کۆنگرانەوە دەدوێن و ئەو باس و بابەتانەش کە لەم بارەیەوە پێشکەش کراون، بە نووسینەکانی ئەو زانا و بیریارانە و کەسانی تریش ئاشنا ببێت.

* کاری وەرگێڕانی "پەیامەکانی نوور" بۆ زمانەکانی تری جیهان هەر بەردەوامە. ئەوەتا – سوپاس بۆ خوا – وەرگێڕانی سەرجەمی پەیامەکان بۆ (زمانی عەرەبی) تەواو بووە و، لە نۆ دانە بەرگی قەشەنگ و ڕەنگیندا و لە هەردوو شاری ئەستەمبووڵ و قاهیرە بڵاو کرانەوە. بەشێکی زۆریشیان کراون بە زمانی ئینگلیزی و تا ئێستا چوار بەرگی گەورەیان بە چاپی جوان و ڕەنگین بەو زمانە لێ بڵاو کراوەتەوە.

سوپاسی بێ کۆتایی بۆ خواوەندی میهرەبان کە یارمەتی و تەوفیقی نووسەری ئەم چەند دێڕەشی دا کە بەشێکی زۆرمان لەو پەیامانە کرد بە کوردی و تا ئێستا و لە ماوەی شازدە ساڵدا (چل و چوار) پەیامان لەو وەرگێڕراوە کوردی‌یانە لە کوردستانی عێراقدا و لە دووتوێی (بیست و شەش) نامیلکە و کتێبدا بڵاو کردووەتەوە و، دەیان پەیامی تریش ئامادەی چاپن. لە نیازیشدایە – خوا یار بێت – لە شێوەی بەرگی گەورە و نایابیشدا ئەم کوردی‌یانە – وەکو تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی‌یەکان – بڵاو بکرێنەوە.

بەشێکی زۆری ئەم پەیامانە بۆ ئەم زمانانەی خوارەوەش وەرگێڕراون، کە تا ئێستا کاری وەرگێڕان تیایاندا هەر بەردەوامە:

ئەڵمانی، فەرەنسی، ڕووسی، ئۆردی، فارسی، ئیتالی، کۆجاراتی، مەلایا، ڕۆمانی، بۆسنی... هەروەها گەلێ زمانی تریش.

الخامس لە مەغریب و، زانکۆی ئیسلامیی جیهانی لە مالیزیا.

* هیوادارم گەلی کوردمان - بە تایبەت توێژی زانا و خوێنەرانمان - پتر ئاوڕ لەم کەسایەتی‌یە گەورەیەی نەتەوەکەی خۆیان بدەنەوە و زیاتر بە ژیان و نووسینەکانی ئاشنا ببن و، لەم ڕووەوە ئێمەی کورد لە گەلانی تر دوانەکەوین. زۆر بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم: گەورە پیاوانی نەتەوەکانی‌تر هێندەی بەشێکی کەمی زانایی و گەورەیی مامۆستا نوورسی زیرەکی و بلیمەتی و زانست و ئازایەتی و ئیمانداری و دڵسۆزی‌یان نەنواندووە، کەچی نەتەوەکانیان لە شان و باڵی ئەوانیان بەرز کردووەتەوە و بە جیهانیان ناساندوون و لە ئاستی جیهاندا شانازی‌یان پێوە دەکەن، بەڵام هێشتا ئێمە ئاوڕی پێوستمان لەم گەنجینە زێڕ و گەوهەرانەی خۆمان نەداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەش‌دا زۆر هیوادارم کە ڕۆژگارانی ئاییندە بە زیادبوونی سەربەستیی فیکری و بەرز بوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی لای هەموو توێژ و چینەکانی گەلەکەمان، پتر نرخ و بەهای بەخششە فیکری و زانستی و ئیمانی‌یەکانی ئەم کەڵە زانایەی نەتەوەکەمان دەردەکەوێت و، سوودی زیاتری لێ وەردەگیرێت.

* لە خوای گەورە داواکارم کە بە فەزڵ و مەرحەمەتی خۆی ئێمەش لە تەواو کردنی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی سەرجەمی پەیامەکاندا بۆ زمانی کوردی سەرکەوتوو بکات و، نیازی خاوێن و گیرابوونی لای خۆیمان پێ ببەخشێت و، لە خۆم و دایک و باوکم و خێزان و منداڵ و یارمەتی‌دەرانم لەم خزمەتە پیرۆزەدا و لە سەرجەم موسڵمانان خۆش ببێت. إنّه علی ما يشاء قدير.

فاروق رسول يحيى
سلێمانی

* * *

فەرهەنگۆکی چەند زاراوەیەکی پەیامی "موعجیزاتی قورئانی"

روخسار (روخساری پێکهێنەر):	هيئة (الكلام).
ڕۆشنایی:	الشعلة
تیشك:	الشعاع
پاراوی:	الجزالة
قایمی، مەحکەمی، پتەوی:	المَتانة
ناوازەیی:	البداعة
تەواوی:	البراعة
شەوق:	القبس (لە تورکی‌یەکەدا "شوق"ە بەڵام لە عەرەبی‌یەکـەدا کراوە بە: "قبس" من وەك تورکی‌یەکەم کرد)
زمانپاراوی:	الفصاحة.
ڕەوانی:	السلاسة
ڕەوانبێژی:	البلاغة
زمانپاراو:	الفصيح
ڕەوانگۆ:	البليغ
گوزارەکاری:	المعانى (علم)
ڕەوانکاری:	البيان (علم)
جوانکاری:	البديع (علم)
بەرەنگاربوونەوە:	المعارضة (معارضة الناس للقرآن)
ڕووناکی:	الضوء، الضياء
نوور:	النور
جیلوە:	الجِلوة
بریسکە، بریسکانەوە:	اللمعة
جامیعییەت:	الجامعية

تێبینی: بۆ زاراوە بەلاغی‌یەکان سوودم لە زاراوەکانی مامۆستا (علاءالدين سجادي) وەرگرتووە لەو کتێبەیدا کە بۆ ڕەوانبێژیی کوردی دایناوە بە ناوی: "خۆشخوانی".

* * *

پێڕست

* * *

پەیامەکانی نوور بە کوردی

سوپاس بۆ خوای گەورە تا ئێستا لە زنجیرەی پەیامەکانی نوور ئەم پەیامانەی خوارەوە بە زمانی کوردی بلاّوبوونەتەوە:

١ – پەیامی بیماران
٢ – پەیامی پیران
٣ – وتە بچووکەکان
٤ – سروشت هونەرە یان هونەمەند؟!
٥ – مەلائیکەت و ژیانی دوارۆژ
٦ – پەیامی ڕەمەزان
٧ – حیکمەتی خۆپەنادان لە شەیتان
٨ پەیامی ئیخلاس و برایەتی
٩ زلـلەی میهرەبانی
١٠ – چارەسەریی وەسوەسە
١١ – مرۆڤ و ئیمان
١٢ بەری درەختی ئیمان
١٣ موعجیزاتی ئەحمەدی
١٤ ئیجتیهاد
١٥ پەنجەرەکان (لە باسی تەوحید دەدوێت)
١٦ پەیامی حەشر
١٧ (من) خودیی مرۆڤ
١٨ ڕابەری خوشکان
١٩ ڕابەری لاوان
٢٠ ڕابەری خزمەتگوزارانی قورئان
٢١ ڕاستیی تەوحید یان تەحیدی ڕاستەقینە
٢٢ شوکرانەبژێری
٢٣ ڕاستییەکانی ئیمان
٢٤ بینینەکانی گەشتیارێك
٢٥ میعراجی پێغەمبەر ﷺ
٢٦ ئەم پەیامەی بەردەست.

ماموٚستا نورسی

ماموٚستا نورسی و عبدالرحمانی برازای
له دوای جەنگی جیهانی یەکەم

ماموٚستا نورسی له سالّی ١٩٢٦

ماموٚستا نورسی له سالّی ١٩٥٩

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

ت	اسم الكتاب	المؤلف	ناوی کتێب	وەرگێر	ساڵ چاپ
١	معالم في الطريق	سيد قطب	مەشخەڵی ڕێ	کرێکار	١٤٢٠
٢	الله ﷻ	سعيد حوى	خودا	سۆران	١٤٢٠
٣	العقيدة في الله	عمر سليمان الأشقر	بیروباوەڕبون بەخوا	ئارامی گەڵاڵی	١٤٢٠
٤	عالم الملائكة الأبرار	عمر سليمان الأشقر	جیهانی فریشتان	ژیوانی گەڵاڵی	١٤٢٠
٥	عالم الجن والشياطين	عمر سليمان الأشقر	جیهانی جنۆکەو شەیتانان	ژیوانی گەڵاڵی	١٤٢٠
٦	الرسل والرسالات	عمر سليمان الأشقر	پەیام و پەیامبەران	ئارامی گەڵاڵی	١٤٢٠
٧	القيامة الصغرى	عمر سليمان الأشقر	قیامەتی گچکە	ژیوانی گەڵاڵی	١٤٢٢
٨	القيامة الكبرى	عمر سليمان الأشقر	قیامەتی گەورە	ئارامی گەڵاڵی	١٤٢٢
٩	الجنة والنار	عمر سليمان الأشقر	بەهەشت و دۆزەخ	ژیوانی گەڵاڵی	١٤٢٢
١٠	القضاء والقدر	عمر سليمان الأشقر	قەزاو قەدەر	ئارامی گەڵاڵی	١٤٢٢
١١	مع الأنبياء في القرآن	عفيف عبدالفتاح طبارة	لەگەڵ پێغەمبەران لە قورئانی پیرۆزدا(١-٢)	کاوە هاوڕاز	١٤٢١
١٢	منهج التربية النبوية للطفل	محمد نور سويد	بەرنامەی پێغەمبەر بۆ پەروەردەی منداڵان	سهام بەرزنجی ڕێدار احمد	١٤٢٢
١٣	مبادئ الإسلام	أبو الأعلى المودودي	ڕێبازی ئیسلام	عمرڕێشاوی جعفرمصطفی	١٤٢٢

ت	اسم الكتاب	المؤلف	ناوی كتێب	وەرگێر	سالْ چاپ
١٤	الزواج الإسلامي السعيد	محمود مهدي الأستانبولي	ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر (چاپی ٣)	نەوا محمد سعيد	١٤٢٢
١٥	ماذا خسر العالم بأنحطاط المسلمين	ابوالحسن علي الحسني الندوي	بە داروخانی موسلْمانان جیهان چ زیانێكی لێكەوت؟!	ئارامی گەلاْلی	١٤٢٢
١٦	المصطلحات الأربعة في القرآن	ابو الأعلى المودودي	چوار زاراوەكەی قورئان	احمد محمد قەرەنی	١٤٢٢
١٧	الخلفاء الراشدون بين الأستخلاف والأستشهاد	د.صلاح عبدالفتاح الخالدي	خەلیفەكانی راشدین لەنێوان خەلیفایەتی و شەهیدبوندا	فاتح سەنگاوی	لەژێر چاپە
١٨	رجال حول الرسول	خالد محمد خالد		سهام بەرزنجی	لەژێر چاپە
١٩	قصص النبيين للأطفال	أبو الحسن الندوي	بەسەرهاتی پێغەمبەران بۆ مندالاْن	ئارامی گەلاْلی	لەژێر چاپە
٢٠	المال والحكم في الإسلام	عبدالقادر عودة		رێبوار كوێستانی	لەژێر چاپە
٢١	كيف ندعو الناس	محمد قطب	چۆن بانگەوازی خەلْك بكەین	حمەأمین احمد علی	
٢٢	مع قصص السابقين في القرآن (٣ مجلدات)	د.صلاح عبدالفتاح الخالدي	لەگەلْ سەربردەی پێشینەكان لە قورئاندا	كاوە هاوراز	
٢٣	في ظلال القرآن	سيد قطب		لیژنەی وەرگێران	
٢٤	مفردات القرآن باللغة الكردية	محسن جوامير			
٢٥	المفصل في أحكام المرأة	د.عبدالكريم زيدان		لیژنەی وەرگێران	
٢٦	جامع العلوم والحكم	ابن أحمد بن رجب الحنبلي		حمەأمین احمد علی	

ت	اسم الكتاب	المؤلف	ناوى كتێب	وەرگێر	سلۆچپ
٢٧	فتح المجيد شرح كتاب التوحيد			حمەأمين احمد علي	
٢٨	أصول الدعوة	د.عبدالكريم زيدان		رێبوار كوێستانى	
٢٩	المسلمون والعولمة	محمد قطب		يوسف محمد هەولێرى	
٣٠	الإسلام يتحدى	وحيد الدين خان		ياسين احمد زەنگەنە	
٣١	ثقافة الداعية	يوسف القرضاوي		محمد حسين چيا	
٣٢	دعوة الإسلام	سيد سابق		سهام بەرزنجى	
٣٣	العبادة في الإسلام	يوسف القرضاوي		شوان رابەر	
٣٤	الإسلام بين الشرق والغرب	علي عزت بيگۆڤيچ		محمد حسين چيا	
٣٥	السنن الإلهية	د.عبدالكريم زيدان		حمەأمين احمد علي	
٣٧	مفاهيم ينبغي أن تصحح	محمد قطب		ژيوانى گەلاڵى	
٣٨	معركة التقاليد	محمد قطب		اسماعيل مەلا نجم	
٣٩	الإسلام حقيقته وموجباته	د. محمد عقله		عبدالله مەلا احمدئاوا	
٤٠	رحلتي من الشك الى الإيمان	د.مصطفى محمود		محمد صالح شارەزورى	

هەروەها لە چاپكراوەكانى داهاتوومان:

	ناوى كتێب	دانەر	
١	قاموس أوكسفورد	سلام ناوخۆش	لەژێر چاپە
٢	احتلال وتقسيم كوردستان	سلام ناوخۆش	لەژێر چاپە
٣	سيستەمى ويندۆز ٩٨	ئاراس مولود	لەژێر چاپە

لەوتە بە نرخەکانی مامۆستا نورسی

* مرۆڤایەتی لە دوا رۆژی لە سەر زەویدا خۆی بە زانست هەڵدەداو، روو لە هونەر دەکات، گشت هێزەکانیشی لە زانست و هونەر وەردەگرێ، جا زانست جڵەوی حوکم و هێز دەگرێتە دەست.

((المكتوبات ص٧١_٧٣، اللمعان ص١٥١، الكلمات ص٤٦٨_٤٧١، الشعاعات ص١٩٣.)

* ئەو ئایندەیەی تەنها عەقل و زانستی تێدا زاڵە، ئەوا حوکمی ئەو قورئانە باڵ دەکێشی بەسەریدا کە یاساکانی پشت بە عەقل و ژیربێژی بەڵگەوە دەبەستێت.

(الشعاعات ص٣٧٣، المكتوبات ص٥٣_٥٥، ملحق قسطموني ص٤٩.)

* زانست ئەو زانستەیە کە لە دڵدا جێگیر ببێت، ئەو زانستەش کە لە عەقل دا جێگیر دەبێت، نابێتە موڵکی مرۆڤ. (المكتوبات/٥٩٩.)

زانستەکانی ئاینی رۆشنایی دڵە، زانستەکانی نوێش روناکی دڵە، جا بە ئاوێتە کردنیان راستیی دەدرەوشێتەوەو ویست وعەزمی قوتابی بە هەردوو باڵ گەشە دەکات و بەرز دەبێتەوە، بەلەیەک جیاکردنەوەشیان دەمارگیریی بۆ یەکەم و فێڵ و دوو دڵی و بەدگومانی بۆ دووەم دروست دەبێت. (صقيل الاسلام المناظرات ص٤٢٨).

ئادەمیزاد بۆیە هێنراوەتە ئەم جیهانە تا بە زانین و نزاوە تەواو مەند (کامل) بێت، چونکە هەموو شتێکی تێدا بەرەو زانست ئاراستە کراوەو بە گوێرەی ماهیەت و ساز و ئامادەیی، بە زانینەوە پەیوەستە. کەواتە بنەرەتی هەموو راستی و روناکی و گیانی راستی بریتەیە لە (ناسینی خوای گەورە) هەروەها بنەرەترین شت (بڕوا بە خوا بوونە). (الكلمات ٢٥٥٣).

* حیکمەت و دانایی قورئان، بریتیە لەوەی کە لە بری (هێز)، (هەق) بە خاڵی سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنی.. (رەزامەندی خوای گەورە)و بە دەست هێنانی چاکە لە بری (سودبەخشین) بە تاکە مەبەست دادەنێت.. یاساو دەستوری (هاوکاری) لە بری یاساو دەستوری (ململانێ) بە بنەمای ژیان دادەنێ...

(الكلمات ١٤٥.)

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانی کوردستان (٦٩) ساڵی ٢٠٠٢

چاپ: چاپخانەی نۆ... ... کاری هونەری: نووسینگەی دارا